ESC
ERBIL STEEL COMPANY
ئێمە دواڕۆژتان بنیات دەنێین
info@erbilsteel.com
www.erbilsteel.com



bareaz
COMPANY


## لەپەنجەرەی ئەمنییەوە تەماشای هەرێمی کوردستان ناکەین



**ڕووداو - هەولێر**

ئایدن سەلجەن کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەولێر، ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی وەک ساڵانی ڕابردوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان تەنیا لەپەنجەرەی ئەمنییەوە تەماشا ناکات و گوتی " لە ساڵانی نێوان 2003 تا 2007 ئەم تێڕوانینە هەبووە، بەڵام تێڕوانینی ئێستامان ئەوەیە کە لە هەموو بوارەکاندا پەیوەندییەکان بەرەوپێش ببەین". کونسوڵی تورکیا لەبارەی پێشڤەچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان بۆ (ڕووداو)و دواو گوتی "ڕاستە یەکێک لەو دۆسیانەی کاری لەسەر دەکەین دۆسیەی ئەمنییە، بەڵام ئێمە نە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و نە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق تەنها لە پەنجەرەی ئەمنییەوە سەیر ناکەین. ئێمە پەیڕەوی سیاسەتێک دەکەین کە هەموو بوارەکان پێکەوە لەخۆدەگرێ".

4


Rûdaw
ڕووداو
ژمارە (137)
دووشەممە 2010/11/8
17ی گەڵاڕێزان 2710
(750) دینار
چاپی کوردستان
www.rudaw.net
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت


### فریاد ڕواندزی، بەرپرسی نزیکی مام جەلال:

# ئەمریکییەکان گوشارمان لێدەکەن واز لە پۆستی سەرۆک کۆمار بێنین

**تایبەت بە ڕووداو**

فریاد ڕواندزی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئاشکرایکرد کە ئەمریکییەکان گوشاری زۆریان خستووەتە سەر کورد بۆ ئەوەی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بێت، بەڵام کورد نە بۆ عێراقییە و نە بۆ هیچ لایەنێکی دیکەش ئامادە نییە دەستبەرداری ئەو پۆستە بێت. لەلایەکی دیکەوە، جەمال بەتیخ کە یەکێکە لەسەرکردەکانی ئیئتیلافی عێراقییە، ڕایگەیاند کە سەرکردەکانی لیستەکەیان لە دوایین کۆبوونەوەیاندا بڕیاریانداوە لەبەرامبەر وەرگرتنی هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی بەشداری حکومەت بکەن.

فریاد ڕواندزی لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، سەبارەت بەوەڵامدانەوەیان بە گوشارەکانی ئەمریکا، ڕایگەیاند "ئامادەنین نە لەگەڵ عێراقییە لەسەر ئەو پۆستە گفتوگۆ بکەین، نە سازشی لەسەر بکەین". فریاد ڕواندزی کە بەرپرسێکی یەکێتی نزیک لە مام جەلالە لە کۆشکی کۆماری لە بەغدا گوتیشی "هاوپەیمانی نیشتمانی یەکلایی بوونەتەوە کە دەنگ بە کاندیدی کورد بدەن بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری"، لەبارەی ئەوەش کە ئایا کورد دەکەوێتە ژێر کاریگەریی گوشارەکانی ئەمریکا، گوتی "کورد ئەو گوشارانەی ئەمریکییەکانی فەرامۆشکردووە، بە بەرپرسە ئەمریکییەکانمان گوتووە نە گوشار و نە سازش قبوڵ ناکەین، قبووڵی ئەوەش ناکەین ئێستا کێشەکان لە پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتەوە ئاڕاستەی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بکرێت، کە هەر لە سەرەتاوە بۆ کورد دیاریکراوە".

ڕواندزی ئەوەشی ئاشکراکرد کە ئەمریکییەکان پێشنیازی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی سیاسییان بۆ مام جەلال کردووە لەجیاتی سەرۆکایەتی کۆمار. لە درێژەی ئەو لێدوانەدا گوتی "گوشارەکانی ئەمریکا بە پلەی یەکەم لەلایەن باڵیۆزی ئەمریکاوە دێت لە عێراق، جگە لەو داوایانەی کە جۆ بایدن لە سەرۆک مام جەلالی کردبوو بۆ دەستبەرداربوون لەو پۆستە".

سامی عەسکەری، یەکێک لەسەرکردەکانی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، لەلێدوانێکدا بۆ ڕادیۆ سەوا، ڕایگەیاند "ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەژێر گوشارێکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدایە بۆئەوەی دەستبەرداری سەرۆکایەتی کۆمار بێت و ئەو پۆستە بداتە ئیئتیلافی عێراقییە".

لەلایەکی دیکەوە، جەمال بەتیخ، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی" لە کۆبوونەوەی سەرکردەکانی عێراقییە گەیشتینە ئەوەی لەبەرامبەر بەشداریکردنمان لە حکومەتی داهاتوو هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانیمان دەوێت، ئەگەر نا بەشداری حکومەت ناکەین".

هەموو ئەمانە لەکاتێکدایە کە بڕیارە ئەمڕۆ 2010/11/8 سەرۆکی فراکسیۆنە سیاسییەکان، چوار لە پڕ کێشەترین و ئاڵۆزترین گرێکوێرەی بەردەم پێکهێنانی حکومەت یەکلایی بکەنەوە. بەرپرسانی کورد وا ڕادەگەیێنن کە پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کورد، سەرۆکایەتی وەزیران بۆ مالیکی بڕاوەتەوەو ئەگەر عێراقییە نەیەوێت بەشداری بکات، ئەوا بەهەردوولایان لە ماوەیەکی کورتدا حکومەتی زۆرینە پێکدێنن.

دارا محەممەدئەمین، ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەبارەی گرنگترین ئەو پرسانەی لە کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراوی سەرۆک لیستەکاندا لە هەولێر باسدەکرێ لە چوارچێوەی دەستپێشخەری سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا گوتی "دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، ماددەی 140 و چەند مەسەلەیەکی دیکەی گرنگن".

بەهۆی دانانی ڕۆژی پێنجشەممە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان، کە دەبێ سەرۆکی پەرلەمان و کۆماری تێدا هەڵبژێردێ، کۆبوونەوەی هەولێر بە کۆبوونەوەیەکی یەکلاکەرەوە دادەنرێ.

دارا محەممەدئەمین، ڕەتیکردەوە کە هیچ گوشارێک لەئارادابێت و گوتی "مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت بەزۆرینە یەکلایی بووەتەوە، سەرۆکایەتی کۆمار بۆ کورد و سەرۆکایەتی حکومەتیش بۆ مالیکی بڕاوەتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە ویستی هەریەک لە کورد و هاوپەیمانیی نیشتمانییە بۆ پێکهێنانی حکومەتی شەراکەت بەبەشداری عێراقییە، بەڵام ئەگەر عێراقییە نەیەوێ بەشداری بکات، ئەوا ئەو دوو لایەنە حکومەتی زۆرینە پێکدەهێنن".

هەر لەوبارەوە فوئاد مەعسوم، بەشداریکردنی کوردی لە حکومەتێک کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی بکات بە نزیک زانی و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەشداری حکومەت دەکەین، تەنانەت ئەگەر لیستی عێراقییەش بەشداری نەکات".

3

### پارێزگاری کەرکووک دەڵێ عەرەب بە لێشاو نەهاتووەو ئێمەش نەنووستووین

# ڕۆژانە 6 ماڵە عەرەب لە کەرکووک دەڕۆن



**ڕووداو- کەرکووک**

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووک ڕەتیکردەوە کە بەلێشاو عەرەب هاتبن بۆ کەرکووک و ئەوان نووستبن ، وەک ئەوەی هەندێک لەبەرپرسانی سیاسی دەڵێن و گوتی کە "بەداخەوە شت زۆر گەورە دەکرێت". هاوکات گوتیشی کە ڕۆژانە 5 هەتا 6 نووسراوی گەڕانەوە بۆ ئەو ماڵە عەرەبانە دەکات کە کەرکووک بەجێدەهێڵن.

پارێزگاری کەرکووک لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لە نووسینگەکەی خۆی، وەڵامی ئەو ڕەخنانەی دایەوە کە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان و لەزاری بەرپرسانی سیاسی باڵای کوردستانەوە سەبارەت بە خەمساردیی لەبەرامبەر هاتنی بەلێشاوی عەرەب بۆ شارەکە بەرەوڕووی کرانەوە.

پارێزگاری کەرکووک گوتی "پاش تەقینەوەکانی سامەڕا، خەڵکێکی زۆر هاتنە ناو کەرکووک و هەر ئەوکات لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لیژنەیەک دروستکرا کە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک سەرپەرشتی دەکرد. ئەوانەی لەوکاتەوە هاتوون، فایلیان لای من نییە و پەیوەندییان بە منەوە نییە". گوتیشی "ڕەخنە دەگیرێت و هەر دەگوترێت عەرەب نارۆنەوە، من سەیرم لێدێت وادەڵێن، هەموو ڕۆژێک لێرە نووسراوی گەڕانەوە بۆ ئەو خێزانانە دەکەم کە دەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانیان، ئەو فایلەی بەردەستم پڕ لەو نووسراوانەیە. ڕۆژانە 5 تاوەکو 6 نووسراوی گەڕانەوە دەکەم بۆ ئەو خێزانە عەرەبانە". هەروەها گوتیشی هاتنی عەرەب بۆ کەرکووک ڕەتناکەنەوە "بەڵام عەرەب بەلێشاو نەهاتوون و ئەوەی هاتووە ئیجرائات وەرگیراوە لەبەرامبەری و زۆر لەوانەی هاتوون دەڕۆنەوە. ئێمە نەنووستوین و ئیجرائات بەردەوامە".

مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، یەکێک بوو لەوانەی ڕەخنەی توندی ئاراستەی پارێزگاری کەرکووک کرد کە لەهاتنی عەرەب بۆ پارێزگاکە بێدەنگە و ڕێگەیان لێناگرێ، عەبدولڕەحمان مستەفا گوتی کە مەلا بەختیار دوای ئەو قسانە پەیوەندیی پێوە نەکردووە، هەروەها گوتی "بەڵام من پەیوەندیم پێوەکرد و وەڵامی نەدامەوە، نازانم بۆچی".

پارێزگاری کەرکووک ئاشکراشیکرد کە چەندین جار داوای دەست لەکارکێشانەوەی کردووە، بەڵام سەرکردەکانی کورد نەیانهێشتووە.

9

### 3 فراکسیۆنەکەی ئۆپۆزیسیۆن:

# بارزانی یاسای خۆپیشاندان ئیمزا ناکات

**ڕووداو- سلێمانی**

فراکسیۆنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان ئیمزا نەکات، کە بە 54 دەنگی (بەڵێ)ی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی کوردستانی لە بەرامبەر 35 (نەخێر)ی ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەماندا پەسەند کرا و بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێردرا.

هەرسێ فراکسیۆنەکەی ئۆپۆزیسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو ، کۆمەڵ) لە پەرلەمانی کوردستان پێیانوایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یاساکە دەنێرێتەوە پەرلەمان و ئیمزای ناکات. کاروان ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان لەوبارەوە گوتی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەموومانە و فراوانتر لە فراکسیۆنی کوردستانی بیردەکاتەوەو ئیمزای ناکات". بە بڕوای بیلال سلێمانیش لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر واقیع بینە و سەرۆکی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنیشەو یاساکە دەنێرێتەوە پەرلەمان". هەرسێ فراکسیۆن داوایان لە بارزانی کردووە یاساکە ئیمزا نەکات و بینێرێتەوە پەرلەمان.

هەرسێ فراکسیۆنەکەی ئۆپۆزیسیۆن ڕەخنە لە پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان دەگرن، چونکە دەڵێن لەجیاتی مۆڵەت وەرگرتن ، ئاگادارکردنەوە هەبێت، هەروەها حیساب بۆ خۆپیشاندانە لەناکاوەکانیش بکرێت، کە خۆپیشاندانەکانی کوردستان زۆربەیان لەو جۆرەن. کاروان ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان پێیوایە ئەو یاسایە دەبێتە یاسای "ڕێگری" نەک "ڕێکخستنی" خۆپیشاندان لەکوردستان و گوتی "زۆر پێداگیریمان کرد کە خۆپیشاندان مۆڵەتی نەوێت وتەنها ئاگادارکردنەوەی لایەنی حکومی پێوەندیداری پێویست بێ، بەڵام بەداخەوە زۆرینە مۆڵەتی پەسەند کرد".

بەڵام شێروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان کە سەر بە فراکسیۆنی کوردستانییە، لەبارەی پرۆژە یاساکە گوتی "من بۆخۆم زۆر لە پرۆژە یاساکانی وڵاتانی دەرەوەم بینیوەو ئەو پرۆژە یاسایەی ئێمە پەسەندمان کردووە یاسایەکی زۆر باشە". هەروەها گوتیشی " خۆپیشاندانی لەناکاو چۆن تەفسیر دەکەی؟ نازانم بۆچی ناوی دەنێن لەناکاو،تۆ کە خۆپیشاندانێک ڕێکبخەی، ئیتر لەناکاوی چی".

6

# مالیکی داوای لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی ڕفاندنی کچە کاکەییەکان دەکات...

8



کچەکانی وەلید ئاغای کاکەیی دەڵێن چەکدارەکانی قاعیدە پێیانگوتوون "هەر ژنێکی ئێمە بگیرێ، ئێمەش ژنی کورد دەبەین. (فۆتۆ : ڕووداو)

### مەریوان وریا قانیع:

# من و هاوڕێکانم ڕازینەبووین بچینە ناو گۆڕان

**ڕووداو- هەولێر**

مەریوان وریا قانیع، نووسەر و ڕۆشنبیرو یەکێک لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری ڕەهەند، کاریگەریی پرۆژەی ڕەهەندی لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان بە "زۆر گەورە" وەسفکردو گوتیشی لەکاتی دروستبوونی بزووتنەوەکەدا چەند جارێک داوایان لەخۆی و هاوڕێکانی کردووە بچنە ریزی بزووتنەوەی گۆڕان و خۆیان بۆ پەرلەمان کاندید بکەن، بەڵام دەڵێت "هیچ یەکێک لەئێمە ئەو کارەمان نەکرد".



مەریوان وریا قانیع لەهەڤپەیڤینێکی درێژدا لەگەڵ (ڕووداو) لەپەیوەندی نێوان پرۆژەی ڕەهەند وەک بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی دەکات و دەڵێ کە ئەوە "بابەتێکی گرنگە و دەکرێت باس و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر و تەنانەت چەندان تێزی ماستەر و دکتۆرای لەسەر بنووسرێت".

هەروەها گوتیشی "نازانم کاریگەری پرۆژەی ڕەهەند لەسەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان چەند بووە، بەڵام ئاشکرایە کاریگەریی ڕەهەند لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان زۆر گەورەیە. ئەم کاریگەرییەش کاریگەری شەخسی نووسەرەکانی ڕەهەند نەبووەو نییە لەسەر بزووتنەوەکە، بەڵکو کاریگەری ئەو دونیابینی و ڕەخنە و بەرخوردانەیە کە ئەم ڕۆشنبیرانە لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا بەرگرییان لێکردووە".

مەریوان وریا قانیع هەر لەدرێژەی ئەو باسەدا دەڵێت "پەیوەندییەکی فیکری قووڵ لەنێوان ئەم بزووتنەوەیە و بۆچوونەکانی نووسەرانی گۆڤاری ڕەهەنددا هەیە. بەڵام ئەم پەیوەندییە پەیوەندی شەخسی نەبوو و بە هیچ یەکێک لە سەرکردە و کادرە سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەکەوە".

مەریوان هەرچەندە دەڵێ ئەو بە شانازیەوە دەنگی داوە بە گۆڕان، بەڵام گوتیشی "لەکاتی دروستبوونی بزووتنەوەکەدا چەند جارێک داوایان لە هاوڕێکانم و لە منیش کرد بچینە ریزی بزووتنەوەکەوە و خۆمان بۆ پەرلەمان کاندید بکەین. بەڵام هیچ یەکێک لە ئێمە ئەم کارەمان نەکرد، نە لەبەرئەوەی کاری پەرلەمان بە گرنگ نازانین و نە لەبەر ئەوەش بەلامانەوە گرنگ نەبوویێت گۆڕان ببێتە بزووتنەوەیەکی سیاسی نوێی بەهێز، بەڵکو لەبەرئەوەی ڕامان وایە ڕۆڵی ئێمە وەک ڕۆشنبیر گرنگتر و کاریگەرترە لە ڕۆڵی ئێمە لەهەر بوارێکی دیکەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا".

15

# ئەوروپی و ئەمریکی بە جوملە زەوی لە هەولێر دەکڕن

**ڕووداو- هەولێر**

نووسینگەکانی فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە لەشاری هەولێر باس لەوە دەکەن، کە هاووڵاتیانی ئەوروپی و ئەمریکی دەیان پارچە زەوی پێکەوە لە هەولێر دەکڕن و، بە ناوی کوردی دەکەن، چونکە ناتوانن زیاتر لەیەک زەوی لە هەرێمی کوردستان بکڕن.

بەختیار عەبدوڵلا، خاوەنی نووسینگەی پێندرۆ بۆ فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هاووڵاتییەکی ئەمریکی و یەکێکی ڕووسی کە هەر یەکەیان هاووڵاتییەکی کوردیان لەگەڵ دابوو، هاتنە نووسینگەکەم وبە جوملە هەندێک لە زەوییەکانی نزیک فرۆکەخانەی هەولێریان کڕی و بە ناوی کوردەکەیان دەکرد"، هەروەها گوتی "ڕووسەکە 20 پارچەی زەوی کڕی و ئەمریکییەکەش 30 پارچە زەوی کڕی، بەڵام نازانم بۆ چ مەبەسێک کڕیویانە، تەنیا ئەوە دەزانم کە ئەمریکییەکە و ڕووسەکە پارەکەیاندا". لوقمان عومەر، بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە لە هەولێر، دەڵێ یاسای ژمارە 43ی خانووبەرە کە لە ساڵی 1971 دەرچووە، ڕێگە دەدات هەر بیانییەک تەنیا یەک خانوو یان یەک پارچە زەوی بەناوی خۆی بکات.

4

## لێکۆڵینەوە لە بڕوانامەی فەرمانبەرانی کارەبای ڕانیە دەکرێت



**ڕووداو- ڕانیە**

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای ڕانیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بە گومانی ساختەبوونی بڕوانامەکانیان لێکۆڵینەوە لە بڕوانامەی 17 فەرمانبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەکرێت. ئەندازیار عەلی محەممەد، بەڕێوەبەری کارەبای ڕانیە، لەوبارەوە گوتی "زانیاری وردمان لەسەر ئەوە نییە و کارێکی ناوخۆیی فەرمانگەیە و جارێ لیژنە هەیە هەر شتێک هەبێ، بەرزی دەکەینەوە بۆ سەرووی خۆمان". ناوبراو گوتیشی "500 فەرمانبەرمان هەیە و ساڵانە چاودێری دارایی سەیری دۆسیەکانیان دەکات و ئەوەی گومانمان لێبێت بڕوانامەی پێ تازە دەکەینەوە و بە تەسدیقکراوی پێیدێنینەوە".

### 18 ملیۆن دۆلارەکەی وێستگەی تەقتەق دەگەڕێندرێتەوەو داواکەی بەردەوامە لە دادگا

# پرۆژەی وێستگەی تەقتەق جێبەجێ ناکرێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-هەولێر**

ئەو 18 ملیۆن و 750 هەزار دۆلارەی لەبەرامبەر دانانی وێستگەیەکی کارەبا لە تەقتەق درابووە کۆمپانیای ئەلنبۆرۆ ئینێرجی کۆرپۆرەیشن، دوای سکاڵایەکی داواکاری گشتی سلێمانی، گەڕێندراوەتەوە. بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار دەڵێت "چاودێری دارایی سلێمانی تەنیا بە گەڕاندنەوەی پارەکە ڕازی نییە و داوایکردووە فایدەی ئەو ماوەیەش وەربگیرێ کە پارەکە لەلای کۆمپانیاکە بووە".

بەپێی گرێبەستێکی نێوان وەزارەتی کارەباو کۆمپانیای allenborough energy corporation کە لە 2006/11/26 واژۆ کراوە، دەبووایە کۆمپانیای ناوبراو وێستگەیەکی کارەبای 488 مێگاواتی لە ناحیەی تەقتەق دروست بکات، بەڵام کۆمپانیاکە وێستگەکەی دانەنا، لەکاتێکدا بڕی 18 ملیۆن و 750 هەزار دۆلاری بەبێ (خیتاب زەمان) پێدرابوو لە 2007/2/10 کە 10%ی تێچووی پرۆژەکە بوو.

دوای ئاشکرابوونی دانی ئەو پارەیە و جێبەجێنەکردنی پرۆژەکە لەساڵی ڕابردوودا لە ڕاگەیاندنی کوردستاندا، دەستەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە ڕۆژی 2009/8/27 داوایکرد هەریەک لە عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی حکومەت لە کابینەی پێنجەم، وشیار سیوەیلی، وەزیری پێشووی کارەبا و شەونم محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی ڕوونکردنەوە بدەن لەسەر پێدانی ئەو پارەیە.

وشیار سیوەیلی، تێبینی لەسەر پرۆژەکە هەبووە، هەر بۆیەش سەرەتا گرێبەستەکەی واژۆ نەکردووە، بەڵام دوای ئەوەی چەند جارێک لەلایەن عومەر فەتاحەوە داوای لێکراوە گرێبەستەکەی واژۆ کردووە. وشیار سیوەیلی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەکاتی ئاشکرابوونی درانی ئەو پارەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵێک تێبینی تەکنیکیمان لەسەر پرۆژەکە هەبوو، بۆیە پێمان باش نەبوو ئەو گرێبەستە واژۆ بکرێ".

هەر بەپێی زانیاری (ڕووداو) ئەو کاتەی شێخ بایز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی لە عومەرە بووە، عومەر فەتاح کە لە شوێنی ئەو بووە بەوەکالەت نووسراوی ڕەزامەندی واژۆ کردووە بۆ خەرجکردنی هەموو پارەکە (18.750ملیۆن دۆلار) بۆ کۆمپانیاکە. بەڵام دواتر شێخ بایزیش بە نووسراوێک لە ڕۆژی 2007/5/8 ڕەزامەندنی نیشانداوە کە بە فەرمانی جێگری سەرۆکی حکومەت پارەکە بدرێتە کۆمپانیاکە و بەدەریش بکرێ لە مەرجی (خطاب ضمان).

شێخ یاسین ئەبوبەکر ماوەتی، وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، پشتڕاستیکردەوە پارەکە لەکۆمپانیای ئەلنبۆرو وەرگیراوەتەوەو گوتی "بەڵێ پارەکە گەڕاوەتەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری بەنووسراوی ژمارەی 57 لە 2010/2/11 ئەنجوومەنی وەزیران و ئێمەی ئاگادار کردووەتەوە، تەواوی پارەکە کە بڕەکەی 18 ملیۆن و 750 هەزار دۆلارە، گەڕێنراوەتەوە خەزێنەی حکومەت". سەبارەت بەچۆنیەتی گەڕانەوەی پارەکەش، وەزیری کارەبا گوتی"ئێمە تەنیا ئاگادار کراوینەتەوە کە پارەکە گەڕێنراوەتەوە، بەڵام لەبارەی چۆنیەتی گەڕانەوەکە هیچی لێ نازانین".

وەزیری کارەبا ڕەتیکردەوە وەزارەتەکەی پەیوەندی بەو کێشەیەوە مابێ و گوتی "ئێمە لایەن نین لەو کێشەیە، چونکە لەسەر بڕیاری جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەت پارەکە دراوەتە کۆمپانیاکە، تەنانەت وەزیری پێشووش بەنووسراوی فەرمی لەکێشەکە هاتووەتەدەرەوە، بۆیە کێشەکە پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیران و کۆمپانیا ناوبراوەوە هەیە".

وەزیری کارەبا هۆکاری ڕوودانی کێشەکەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە لەسەر داوای عومەر فەتاح، چاوپۆشی لەبڕگەیەکی یاسایی گرێبەستەکە کراوە "لەکاتی گرێبەستەکەدا خیتاب زەمان لەو کۆمپانیا وەرنەگیراوە، چونکە بە نووسراوی فەرمی کە واژۆی جێگری سەرۆکی حکومەتی لەسەرە داوا کراوە کە ئەو پێشەکییە بەبێ خیتاب زەمان بدرێتە کۆمپانیاکە، بۆیە دوای جێبەجێنەکردنی پرۆژەکە و نەگەڕانەوەی پارەکە لەلایەن کۆمپانیای ناوبراو، خودی جێگری سەرۆکی حکومەت خۆی بەدوای کێشەکەوەبووەو داوای لە کۆمپانیاکە کردبوو پارەکە بگەڕێننەوە".

بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کێشەکە بەڕوێوەبەرایەتی چاودێری دارایی لە سلێمانی هاتووەتە نێو کێشەکە و تەنیا بە گەڕاندنەوەی پارەکە ڕازی نییە و داوای سوودی ئەو چەند ساڵەش لەکۆمپانیاکە دەکات "دوای گەڕانەوەی پارەکە چاودێری دارایی سلێمانی بە نووسراوی فەرمی وەزارەتی کارەبای ئاگادار کردووەتەوە کە ڕێوشوێنی یاسایی بۆ وەرگرتنەوەی سوودی پارەکەش لەو کۆمپانیایە بگرنەبەر".

وەزیری کارەبا لەو بارەیەوە گوتی "دوای گەڕاندنەوەی پارەکە، چاودێری دارایی بەنووسراوێک ئێمەی ئاگادار کردووەتەوە کە دەبێ فایدەی ئەو چەند ساڵەش لەکۆمپانیاکە وەربگیرێت، کە پارەکەی لەلا بووە، ئێمەش بە نووسراوی فەرمی ئەم داواییەمان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار کردووە". دەربارەی بڕی فایدەکەش، وەزیری کارەبا، گوتی "لەنووسراوەکەدا بڕی فایدەکە دیارینەکراوە، تەنیا داواکراوە ڕێوشوێنی یاسایی بۆ ئەم مەبەستە بگیرێتەبەر، دەبووایە چاودێری دارایی بڕی فایدەکە دیاری بکات".

سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی پرۆژەکە وەزیری کارەبا گوتی ئێستا پێویستیان بەجێبەجێکردنی پرۆژەی وێستگەی تەقتەق نەماوە، بۆیە بەیەکجار وازیان لەجێبەجێکردنی وێستگەکە هێناوە، گوتیشی " ئێستا گرێبەستەکان بەپێی سیستەمی BOO لەگەڵ کۆمپانیاکان جێبەجێدەکەین،کە بەپێی ئەو سیستەمە وەبەرهێنەکە خۆی وێستگەکان دروستدەکات و ئەرکی بەکارخستن و چاککردنەوەش لەئەستۆ دەگرێ".

وشیار سیوەیلی وەزیری پێشووی کارەبا، ئامادەنەبوو هیچ قسەیەک لەسەر ئەو کێشەیە بکات، تەنیا گوتی "ئاگادارم پارەکە گەڕاوەتەوە وەزارەتی دارایی، بەڵام ئەو کێشەیە پەیوەندی بە منەوە نەماوە". سەبارەت بەو داوایەی لەسەریان تۆمارکرابوو گوتی"داواکەم هێشتا بەردەوامەو کۆتایی پێنەهاتووە، بۆیە جارێ هیچ قسەیەکم لەسەر ئەوە نییە".



> **ئێمە تەنیا ئاگادار کراوینەتەوە کە پارەکە گەڕێنراوەتەوە، بەڵام لەبارەی چۆنیەتی گەڕانەوەکە هیچی لێ نازانین**
>
> **شێخ یاسین ئەبوبەکر ماوەتی، وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان**

### فەهمی مەتی سۆلاقا، بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە:

# 3 هەزار خێزانی مەسیحی هاتوونەتە عەنکاوە




## لەهەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ژمارەی مەسیحییەکان کەم بووە تەنیا لە کوردستان زۆر بووە

**ڕووداو- عەنکاوە**

بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە دەڵێت ئەو ڕێزگرتنەی لەلایەن کوردەوە هەیە بۆ مەسیحییەکان لەلایەن نەتەوەکانی دیکەی عێراق نییە بۆیان و ئاماژە بەوەش دەدات مەسیحییە ئاوارەکان دوای ژیانیان لە کوردستان تێڕوانینیان بەرامبەر کورد گۆڕاوە.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە مەسیحییەکان لە بەسرا و بەغدا و موسڵ بوونە ئامانجی قاعیدە و ڕێکخراوە چەکدارەکانی دیکە، بەوهۆیەوە کۆچ مەسیحییەکان بەرەو هەرێمی کوردستان و دەرەوە دەستی پێکرد. هەروەک فەهمی مەتی سۆلاقا، بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەو حەوت ساڵەدا 3 هەزار خێزانی هاتوونەتە عەینکاوە و گوتی "ئێستا بۆ مەسیحییەکانی کوردستان، سەردەمێکی زێڕینە".

بەڕێوەبەری ئەو ناحیە مەسیحی نشینە، کە جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی مەسیحییەکانی تێدا بەکردەوە چەسپاوە، دەڵێ "پیلانێک هەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ کەمکردنەوەی مەسیحییەکان، لە لوبنان ژمارەی مەسیحیان کەمبووەتەوە لە 60% بووەتە 40%، لە عێراقیش زیاتر، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ژمارەی مەسیحییەکان زیادیکردووە. ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کورد حەزی لە پێکەوە ژیانە و بەداخەوە عەرەب حەزی لە پێکەوە ژیان نییە، جیاواز لەکورد دیارە ئەوان بڕوایان بەتووندوتیژی و تایفەگەرییە".

بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە نموونەی پێکەوە ژیانی نەتەوەکان لە کوردستان بە "نموونەیەکی سەرکەوتوو" دانا کەبووەتە جێگەی پێزانینی پاپای ڤاتیکانیش "وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و خودی پاپای ڤاتیکان ئاماژەیان بە پێکەوە ژیان داوە لەکوردستان، کە بووەتە نموونەیەکی تایبەت لەجیهاندا". گوتیشی "پێش دوو مانگ لەمەوبەر پاپای ڤاتیکان نامەیەکی نارد بۆ سەرۆک بارزانی و سوپاسیکردووە لەسەر ئەو پێکەوە ژیانەی کە لەکوردستان دروستبووە".

### 90%ی مەسیحییەکانی عەنکاوە سوودمەندبوون لە حکومەت

سەبارەت بە ڕەوشی مەسیحییەکان لە شارۆچکەی عەنکاوە، بەتایبەتیش ئاوارەکان، بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە دوای ئەوەی پەسنی هەردوو کابینەی چوارەم و پێنجەمی دا، کە "عەنکاوەی لە گوندێکەوە کردە شارێکی بازرگانی و دیپلۆماسی"، گوتیشی "زۆربەی ئەو مەسیحیانەی هاتوونەتە کوردستان لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێندراون، هەندێکیشیان لەبواری وەبەرهێنان و کەرتی تایبەتدا کار دەکەن. هەروەها هەموو ماڵە ئاوارە مەسیحییەکان بە سەرپەرشتی لیژنەیەک مانگانە بەپێی ژمارەی ئەندامانی خێزانەکانیان، لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاوکاری دەکرێن".

بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە دەڵێ عەنکاوە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس دا وەک سەربازگەیەک لە دەوروبەری "قوفلدرابوو و دووڕەڕێز کرابوو، بەڵام بەتایبەتی لەسەردەمی هەردوو کابینەی چوارەم و پێنجەم دا بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی عەینکاوە تەواوگەشەی پێدرا. ئاوەدانکرا و سنوورەکەیشی فراوانکرا".

پێنج گەڕەکی نوێ لە عەینکاوە دروستکراون. " پێش ئەوەی هاوڵاتی خانوو دروست بکات، حکوومەت خزمەتگوزاری بۆ بردووە، بۆیە دەتوانم بڵێم 90%ی دانیشتووانی عەنکاوە سوودمەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستانن لەڕووی نیشتەجێبوونەوە، هەروەها دەتوانم بڵێم بەهۆی ئەو بایەخپێدان و سەقامگیریە لە کوردستان مەسیحی هەژار نەماوە".

هەروەها گوتیشی لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا 54 کڵێسە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە دروستکراون.

هەفتەی ڕابردوو کڵێسەی سەیدە نەجات لە شەقامی کەڕاددەی شاری بەغدا بووە ئامانجی ڕێکخراوی قاعیدە و دەیان کەسیان لەنێو کڵێساکەدا کوژران. پاشان ڕێکخراوی قاعیدە لە بەیاننامەیەکدا نەفیر عامی بۆ مەسیحییەکان دەرکرد و ڕایگەیاند هەموو مەسیحییەک لەمەودوا ئامانجی ئەوانە. چونکە وەک قاعیدە دەڵێ دوو ئافرەت کە لە میسر بوونەتە موسڵمان لەلایەن کڵێسای قیبتییەکانەوە گیراون.

فەهمی مەتی ڕایگەیاند ئەو هەڕەشەیە "بەڕاستی مەسیحییەکانی ترساندووەو مەسیحی دیکە بەنیازن بێنە عەینکاوە، چونکە لەسووریا و وڵاتانی دیکەی عەرەبیش ناتوانن بژین".

گوتی ئەوان لە عەینکاوەش ئامادەکاری زیاتریان وەرگرتوون "لەم چەند ڕۆژەدا، چاودێرییەکەمان زۆر توندتر کردووە، لەپێش کڵێسەکان، پاسەوانی زیاترمان داناوە".

### بیرکردنەوەی مەسیحییە ئاوارەکان بەرامبەر کورد گۆڕاوە

فەهمی مەتی سولاقا دەڵێت ئەو مەسیحیانەی لە نێوەڕاست و باشووری عێراق هاتوونەتە کوردستان پێشتر بیرکردنەوەیەکی ڕاستیان بەرامبەر بەکورد نەبوو "بەڵام کە هاتنە ئێرەو بینیان سەرکردایەتی کورد و میللەتی کورد چۆنە لەگەڵیان، بیرکردنەوەیان بەرامبەر بەکورد بەیەکجاری گۆڕا. بەهۆی تێکەڵاویان لەگەڵ عەرەب و زاڵبوونی فیکری عروبی بەسەریاندا، هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد کە میللەتی کورد بەو شێوەیە مرۆیی و شارستانییە، مامەڵەیان لەگەڵ بکات".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا ئەو مەسیحیانە کە هاتوونەتە کوردستا باری داراییان زۆر خراپ بووە "هەموویان باری ئابووریان باش بووە و پێشتر کە هاتنە عەینکاوە هیچیان نەبوو، ئێستاکە زۆربەیان خانوویان کڕیووەو جێگیربوون و کاری خۆیان دەکەن".

لەساڵی 2006 شارەوانی عەینکاوە، بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران، خراوەتە سەر ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام یەکە ئیدارییەکانی دیکەی وەک هەر ناحیەیەکی دیکە سەر بە داوودەزگاکانی پارێزگای هەولێرن. فەهمی دەڵێت "ئەوەش ڕێزلێنانێک بوو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ".

بەڵام ناوبراو گلەیی لە شارەوانی شارۆچکەکەی هەیە و دەڵێت "بەڕێوەبەری یەکەی ئیداری عەینکاوە، دەبێ ئاگاداری هەموو شتێکی عەینکاوە بێت، بەڵام هەندێ جار سەرۆکی شارەوانی، سەربەخۆ و بەبێ پرسکردن بە ئێمە بڕیار دەردەکات و من لە هەموو شتێکی شارەوانی ئاگادار نیم. لەبەرئەوە بڕیارەکە خراپ بەکارهێنراوە لەلایەن شارەوانییەوە".

### لە قۆناخی 6 و 9 بنەڕەتی قوتابی لە کۆتایی ساڵ تاقیکردنەوەیەکی نیشتمانی لەسەر 100 دەکات

# دوو ساڵی دیکە تاقیکردنەوەی بەکالۆریی پۆلی 12ی ئامادەیی نامێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی دوایین گۆرانکاریکردنەکانی وەزارەتی پەروەدە لەسیستەمی تاقیکردنەوەکان، تەنیا ئەمساڵ و ساڵی ئایندە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا بۆ قۆناخی 12ی ئامادەیی دەمێنێ.

باپیر بەکر، بەڕێوەبەی گشتی ئەزموونەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەمساڵ و ساڵێکی دیکەش لەقۆناخی دوانزەی ئامادەیی تاقیکردنەوەی بەکالۆری دەمێنێ، دوای ئەم دوو ساڵە، واتە لە ساڵی خوێندنی 2012-2013 دا سیستەمی وەرزی لەقۆناخی 12 ئامادەیش پەیڕەو دەکرێت، لەوبارەوە ڕوونیکردەوە کە "قۆناخی ئامادەیی کە قۆناخەکانی (11،10، 12) دەگرێتەوە، دابەشی سەر شەش وەرز دەکرێت، کە هەر ساڵێکی خوێندن لە دوو وەرز پێکدێت، دابەشکردنی نمرەکانی وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام نمرەی وەرزەکان بەیەکەوە کۆناکرێتەوە، بۆیە دەبێ قوتابی نمرەی دەرچوون لەهەردوو وەرز بەدەستبێنێ، بەدەرچوونی لەهەرسێ قۆناخەکەش کە شەش وەرز لەخۆدەگرێت، بڕوانامەی ئامادەیی پێدەدرێت".

سەبارەت بە چۆنیەتی حیسابکردنی نمرەی کۆتایی باپیر بەکر گوتی "لەئێستاوە لەقۆناخی 10ی ئامادەیی سیستەمی پۆینت پەیڕەو دەکەین، هەر بابەتێک بەگوێرەی خوێندنی وانەکانی لەهەفتەیەکدا پۆینتەکان زیادو کەم دەبێت، واتە ئەو نمرەی قوتابی لەکۆتایی وەرز لەهەر وانەیەک بەدەستی دەهێنێ، جارانی ژمارەی ئەو وانانە دەکرێت کە هەفتەیەک دەخوێندرێ، دواتر ئەنجامەکەی دابەشی وانەکانی هەفتە دەکرێت کە 35یان 36 وانەیە، بەوهۆیەوە ئەنجامی پۆینتەکان بۆ هەر وانەیەک دەردەچێت، بەم شێوەیە پۆینتی هەموو وانەکان دیاریدەکرێت لەهەر وەرزێکدا، دواتر پۆینتەکانی هەر شەش وەرز کۆدەکرێتەوەو نمرەیەک بۆ قوتابی دەردەچێت، ئەو نمرەیەش 30%ی نمرەی کێبرکێی قوتابی دەبێت بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان".

بەپێی سیستەمە تازەکە قوتابی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئامادەیی بەهۆی دەرچوونی لەشەش وەرزەکە، دەبێت بۆ وەرگرتنی لە زانکۆ و پەیمانگاکان، تاقیکردنەوەیەکیش لەسەر ئەو 70%یەی کە ماوە ئەنجامبدات، بەم شێوەیە قوتابی نمرەی کێبرکێ لەزانکۆ و پەیمانگاکان بەدەستدێنێ.

بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکان ئاماژەی بەوەدا "خولی دووەم لەم تاقیکردنەوەیە نییە، بەڵام قوتابی دەتوانێ بۆ بەرزکردنەوەی نمرەکەی، بۆ ماوەی 3 ساڵ بەشداری تێدا بکات".

سەبارەت بەگۆرانکاییەکان لەقۆناخی بنەڕەتی، بەڕێوەبەری گشتی ئەزمونەکانی هەرێمی کوردستان،گوتی "تاقیکردنەوەکانی قۆناخی بنەڕەتی وەک خۆی ماوە تەنیا لە قۆناخی 6 و 9 بنەڕەتی قوتابی لە کۆتایی ساڵ تاقیکردنەوەیەکی نیشتمانی لەسەر 100 دەکات، نمرەکەی لەگەڵ نمرەی هەردوو وەرز کۆدەکرێتەوەو دابەشی 2 دەکرێت، کە سەرکەوتنی قوتابی لەو قۆناخەی پێ دیاریدەکرێت".

### بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی هەولێر:

# یەک ملیار دینار لەلای ئێمە و بانکی قەڵا ون نەبووە

**فەیسەل شێخانی**
**ڕووداو-هەولێر**

بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی هەولێر ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە باس لە دیارنەمانی بڕی یەک ملیار دینار دەکەن لەنێوان هەردوو بانکی خانووبەرەو بانکی قەڵات لە هەولێر.

سەباحەت حەمە تاهیر، بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی هەولێر، لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاد کە هیچ بڕە پارەیەک لە بانکەکەیان ون نەبووەو نەدرزاوە "ئەو قسانەی کە دەکرێن گوایە پارە لەبانکی ئێمە دیار نییە، هیچ بنەمایەکی نییە".

ناوبراو ڕەتیشیکردەوە کە بانکەکانی هەرێمی کوردستان یەک ملیار دیناریان تێدابێ و گوتی "بانکەکەمان کار بە پارە ناکەن، مامەڵەکردنمان تەنیا لەسەر کاخەزە بەشێوەی چەک و حەواڵە لەگەڵ بانکی قەڵا"، هەروەها ئامادەیی خۆشی نیشاندا بۆ دروستکردنی هەر لێژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە کارەکانیان و گوتی "هیچ کەموکورتییەک لە حیساباتی بانکەکەماندا نییە و هەر کەسێک یان لایەنێک بیەوێ لێکۆڵینەوە و پشکنین بکات هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دەکەین".

هەروەها سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دارایی بە هەمانشێوە ئەو هەواڵەی ڕەتکردەوەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "ئەو هەواڵە هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە ئەو بانکانە ڕەسیدیان ناگاتە یەک ملیار دینار و نەسرییەی مانگانەشیان تەنیا 5 ملیۆن دۆلارە".

سەبارەت بە پێکهێنانی لێژنەش سەرچاوەکە گوتی "لیژنە بۆ شتێک پێکدەهێندرێ کە هەبێ و ڕوویدابێ، بەڵام هیچ شتێک نییە تاوەکو لێژنەی بۆ پێکبهێندرێ".

# راپۆرت

## خۆزگە لە قوربانیانی کڵێسای سەیدە نەجات بوومایە



رووداو-السومریەنیوز

لەکاتی ئامادەبوونی لە پرسەی قوربانیانی کڵێسەی سەیدە نەجات لە بەغدا، عادل عەبدولمەهدی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لەلێدوانێکدا گوتی"زۆر شـــەرمەزار و دڵتەنگم کە لە حکومەتێکدام ناتوانێ هاووڵاتیانی بپارێزێت"، گوتیشـــی "خۆزگەم دەخواست لەنێو قوربانیانی کڵێسەکەدا بوومایە و هەستم بە کەرامەت و شەرەفمەندی کردبا نەوەک بەرپرس بوومایە، زۆر شەرم لەو دۆخە خراپە دەکەم". عەبدولمەهدی لەبارەی پاساوەکانی حکومەتیشەوە سەبارەت بەو هێرشە کەبووە هۆی کوژرانی 47 کەس، گوتی "ئەو قسانە هیچ سوود و راستییەکیان تێدا نەماوە، دەبێ دۆخەکە باشتر بکرێت".

### کۆبوونەوەی هەولێر یەکلاییەکەرەوە دەبێت

# پۆستەکانی سەرۆک کۆمار، سەرۆکی پەرلەمان و حکومەت ماددەی 140 گەرمترین خاڵی وتووێژەکانن

هێمن بابان رەحیم
رووداو-هەولێر

بڕیارە ئەمڕۆ 2010/11/8 سەرۆکی فراکسیۆنە براوەکانی ئەنجوومەنـــی نوێنەرانی عێراق، چوار لە پڕ کێشـــەترین و ئاڵۆزترین خاڵی گرێکوێرەی بەردەم پێکهێنانی حکومەت یەکلایی بکەنەوە. دارا محەممەد ئەمین، ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری کوردی دەڵێ "پۆســـتی سەرۆک کۆمار بۆ کورد، سەرۆکایەتی وەزیران بۆ مالیکی بڕاوەتەوە، ئەگەر عێراقییە نەیەوێت بەشـــداری بکات، ئەوا ئەو دوو لایەنـــەی دیکە لە ماوەیەکـــی کورتدا حکومەتی زۆرینە پێکدێنن".

د.فوئـــاد مەعســـوم، ئەندامـــی شـــاندی دانوســـتاندنکاری ئیئتیلافـــی فراکســـیۆنە کوردســـتانییەکان، کۆبوونـــەوەی چەنـــد رۆژی رابردووی فراکســـیۆنە براوەکانـــی ئەنجوومەنی نوێنەرانـــی عێراقی بـــە "زۆر پۆزەتیڤ" هەژمار کردو بـــە (رووداو)ی راگەیاند کە دەرئەنجامەکان لەبەرژەوەندی هەوڵەکانی خێراکردنی پێکهێنانی حکومەتدابـــوون، مەعســـوم گوتـــی "هەنگاوی زۆر بـــاش هاوێژراون و ئەنجامـــەکان باش بوون، لەســـەر زۆر خاڵ رێککەوتووین". لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی قســـەکانی د.فوئاد مەعســـوم ئەندامانی شاندە دانوســـتاندنکارەکان لەسەر چەند خاڵێک بۆچوونیان یەک نەبووە لەبەرئەوە چەند خاڵێک بە هەڵپەسێردراوی بۆ کۆبوونەوەی گشتیی سەرۆکی فراکســـیۆنە براوەکان بەجێهێڵراوە کە"وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە لەشاری هەولێر ئەنجامبدرێت".

مەعسوم لەبارەی نەگەیشتن بە چارەسەر لەسەر ئەو خاڵانە دەڵێ "چەند مەسەلەیەک هەیە تەنانەت لەنێو کوتلەکانی یەک لیســـت و ئیئتیلافیشـــدا بۆچوونـــی جیاوازیان لەبـــارەوە هەیە، بۆ نمونە پۆستی ســـەرۆک کۆمار، یان ماددەی 140، بۆیە دەبێ ئەو لیســـتانە لەنێو خۆیاندا ئەو مەسەلانە چارەســـەر بکەن، ئەوکات ســـەرۆکی لیستەکان دەسەڵاتی زیاتریان هەیە بۆ رێککەوتن".

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لـــە 2010/9/16 دەستپێشـــخەرییەکی بـــۆ کۆکردنەوەی لایەنە عێراقییەکان لەسەر مێزێکی گفتوگۆ خســـتەڕوو. هاوکات رۆژی 30ی مانگی رابردوو شای ســـعودییە دەستپێشخەرییەکی بۆ هەمان مەبەست خستەڕوو، بەڵام زۆرینەی لایەنە عێراقییەکان لەگەڵ دەستپێشخەریی یەکەمدابوون و ئەوەی شـــای ســـعودیە لەلایەن شیعەکانەوە رەتکرایەوە.



مالیکی زۆرترین شانسی بوونەوە بە سەرۆک وەزیرانی هەیە

(فۆتۆ : AFP)

دارا محەممەدئەمیـــن، ئەندامـــی شـــاندی دانوســـتاندنکاری ئیئتیلافـــی فراکســـیۆنە کوردســـتانییەکان لەســـەر لیســـتی کۆمـــەڵ، لەبارەی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەڵێت" ئەو دەستپێشخەرییە دەبێتە بنچینەیەک بۆ پێکهێنانـــی حکومەتی داهاتوو، جگـــە لەوەی کـــورد بۆ مێژووش دەیســـەلمێنێ بەشـــێکە لە بونیادنانەوە و چاکســـازی لەعێراق نەک پێچەوانە، هۆکارێکە بۆ بەیەکتربەســـتنەوە نەک پەرتەوازەبـــوون". ئەو ئەندامەی شـــاندی دانوســـتاندنکاری کـــوردی لەبـــارەی گرنگترین تەوەرەکانی ئـــەو دەستپێشـــخەریەی بارزانیش دەڵێت "چەند خـــاڵ و بنچینەیەکی گرنگ لەخۆ دەگرێت لەوانە: دابەشـــکردنەوەی دەسەڵاتەکان، کەمکردنـــەوەی دەســـەڵاتی ســـەرۆک وەزیران، یەکلاییکردنەوەی پۆستی ســـەرۆکایەتی کۆمار، مـــاددەی 140"، هەروەها گوتی "چەند خاڵێکی دیکـــەش بەخـــۆوە دەگـــرێ، بـــە رەچاوکردنی تەوافـــوق و پێکهێنانی حکومەت لەســـەر بنەما دەستوورییەکان".

لەبـــارەی گرنگتریـــن ئەو پرســـانەش کە لە کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراوی سەرۆک لیستەکاندا قســـەی لێوەدەکـــرێ، کـــە بڕیارە لـــە هەولێر ببەسترێ، دارا گوتی "دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، ماددەی 140 و چەند مەسەلەیەکی دیکەی گرنگن".

بەهـــۆی دانانـــی رۆژی پێنـــج شـــەممە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان، کە دەبێ سەرۆکی پەرلەمان و کۆماری تێدا هەڵبژێردێ، کۆبوونەوەی هەولێر بە کۆبوونەوەیەکی یەکلاییکەرەوە دادەنرێ.

د.مەحمـــود عوســـمان، ئەندامـــی لیســـتی هاوپەیمانیی کوردستان، کە ئاگاداری کۆبوونەوە و وتوێژەکانی لیستەکانە، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەستپێشـــخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زیاتر مەبەست لێی "کۆکردنەوەی لیســـتە براوەکان و سەرۆکەکانی ئەو لیســـتانەیە لە دەوری یەک مێـــز، کە ئەمە تائێستا نەبووە لەبەر نەبوونی ئەوەش پێکهێنانی حکومـــەت دواکـــەوت". لەبـــارەی کاریگەریـــی دەستپێشـــخەرییەکەش دەڵێـــت "کۆتایـــی ئەم هەفتەیـــە کاریگەرییەکـــەی دەردەکەوێـــت، یان کۆتایـــی بە قەیرانەکە دێـــت و هەموو لایەنەکان بەشداری حکومەت دەکەن، یان ئەوەتا دوو لایەن بـــە زۆرینەی دەنگ حکومـــەت پێکدەهێنن، ئەم هەفتەیە یەکلاییکەرەوە دەبێ".

بەپێـــی راگەیاندنە رۆژنامەڤانییـــەکان، کورد لەژێـــر گوشـــارێکی زۆری ئەمریکییەکاندایە بۆ دەســـتبەرداربوون لە پۆستی ســـەرۆک کۆمار. بەڵام دارا محەممەدئەمین، بە دڵنیاییەوە دەڵێت "مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت بەزۆرینە یەکلایی بووەتەوە، پۆستەکانی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ کورد و سەرۆکایەتی وەزیرانیش بۆ مالیکی بڕاوەتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ویستی هەریەک لە کورد و هاوپەیمانیی نیشـــتمانییە بۆ پێکهێنانی حکومەتی شەراکەت بەبەشداری عێراقییە، بەڵام ئەگەر عێراقییە نەیەوێ بەشداری بکات، ئەوا ئەو دوو لایەنە حکومەتی زۆرینە پێکدەهێنن".

فوئاد مەعســـوم، بەشـــداریکردنی کوردی لە حکومەتێک کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی بکات بە نزیک زانی و گوتیشـــی "بەشـــداری حکومەت دەکەیـــن، تەنانەت ئەگەر لیســـتی عێراقییەش بەشداری نەکات".

### گرنگترین خاڵەکانی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

- پێکهێنانی لێژنەیەکی 8 بۆ 12 کەسی لە هەر لیستێکی براوەی گەورە بۆ وتوێژکردن و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەت. (کە ئەوە دوو هەفتەیە کاری پێکراوە).
- پێکهێنانـــی حکومەتـــی شـــەراکەت، بە بەشـــداری هەرســـێ لایەنی هاوپەیمانی نیشتمانی، عێراقییە، کورد.
- دووبارە دابەشـــکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانی عێراق.
- یەکلاییکردنـــەوەی ســـێ پۆســـتە ســـەرەکییەکە لەنێـــوان پێکهاتەکان پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان.
- رەچاوکردنی بنچینەی تەوافوق لە نێوان لایەنە براوەکان لە پێکهێنانی حکومەت.

### پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە عێراقییەی بەهێز راگرتووە

# عێراقییە: بەکەمتر لە سەرۆک کۆمار و 50%ی پۆستەکان رازینابین



رووداو- هەولێر

سەرکەوتن و هەڵوەشانەوەی لیستی عێراقییە وەک دەڵێـــن لە تاڵـــە موویێک باریکتـــرە. ئەگەر بەشـــداری حکومەت نەکات لەوانەیە ژمارەیەک لە پەرلەمانتارەکانی بچنە پاڵ حکومەت و لیســـتەکە هەڵبوەشێتەوە، ئەگەر توانیشی کورد رازیبکات بە پشت بەستن بە گوشارەکانی ئەمریکا، کە دەست لە پۆستی سەرۆک کۆماری هەڵگرێت، ئەوا بەشداری دەکات لە دەسەڵاتدا و سەردەکەوێ.

جەمال بەتیخ، یەکێک لەسەرکردەکانی لیستی عێراقییە لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (رووداو) سەبارەت بە هەڵوێستیان لەبارەی دەستگرتنی کورد بە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمارەوە، گوتی "لـــە کۆبوونەوەی ســـەرکردەکانی عێراقییەدا گەیشتووینەتە ئەوەی لەبەرامبەر بەشداریکردنمان لە حکومەتی داهاتوودا، هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانیمان دەوێن، ئەگەرنا بەشداری لەو حکومەتەدا ناکەین". هەروەها جەختی لەســـەر ئەوەکرد کـــە " ئەگەر بە ڕێژەی 50% بەشـــداریمان لە بڕیاری سیاســـی هەبێت، بەشداری حکومەت دەکەین".

بەتیخ ئـــەوەی رەتکردەوە کە ســـەرکردەکانی لیســـتەکەیان، دوێنێ لە ئـــوردن کۆبووبنەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی هەڵوێســـتی لیستەکەیان لەمەڕ بەشداریکردن یان بەشدارینەکردن لە حکومەتداو، گوتیشی "بەڕێزئەیاد عەللاوی وسەرکردەکانی دیکەی لیستی عێراقییە هەفتەیەک دەبێت نەچوونەتە هیچ وڵاتێک و هەر لە عێراقن ، ئەوەی دەگوترێ گوایە لە ئوردن کۆبووینەتەوە پروپاگەندەی راگەیاندنەکانە".

بەتیـــخ لـــە درێـــژەی لێدوانەکەیدا ئامـــاژەی بۆ ئەوەکرد کە "ئەیاد عەللاوی ســـبەینێ بەشداری لە کۆبوونەوەی سەرۆکی لیستەکان دەکات لە هەولێر". بڕیارە ئەمڕۆ یان ســـبەی کۆبوونەوەی سەرکردەی لیستەکان لە هەولێر ببەسترێ کە کۆبوونەوەیەکی یەکلایی کەرەوە دەبێت.

ئەرشەد ساڵحی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە ئیئتیلافی عێراقییـــە رایگەیاند، پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوەی داهاتـــووی پەرلەمان کە بڕیارە پێنج شەممە ببەسترێ "بڕیاری خۆمان یەکلایی دەکەینەوە بە تەوافوقی هەمـــوو لایەنەکانی عێراقییە". بەڵام لەهەمانکاتدا ســـاڵحی کە لەسەر بەرەی تورکمانی ئەندامـــی پەرلەمانی عێراقە ئـــەوەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد کە "بەشێک لە پەرلەمانتارانی عێراقییە دژی بایکۆتکردنی حکومەتن و پێیانباشە بەشداری بکەین".

ئیئتیلافـــی عێراقییـــە کـــە ئەیـــاد عەللاوی سەرۆکایەتی دەکات، لە 7 کوتلەی سەرەکی پێکدێت کە لـــە هەڵبژاردنەکانـــی 2010/3/7 توانیان 91 کورسی بەدەست بێنن، کە بەمشێوەیە دابەشبووە: بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی 24 کورســـی. بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشـــتمانی بەســـەرۆکایەتی ســـاڵح موتڵەگ 20 کورسی. گردبوونەوەی (العراقیون) بەسەرۆکایەتی ئوسامە نوجێفی 19 کورسی. بزووتنەوەی چارەسەر بەســـەرۆکایەتی جەمـــال کەربولی 12 کورســـی. بزووتنەوەی تەجدید بەسەرۆکایەتی تارق هاشمی 6 کورسی. رەوتی ئایندە بەسەرۆکایەتی رافع عیساوی 6 کورسی. رۆڵەکانی رافیدەین بەسەرۆکایەتی سەلام زەوبەیعی 4 کورسی.

جەمـــال بەتیـــخ، گوتی "هەمـــوو کوتلەکانی نێـــو عێراقییـــە بۆچوونیـــان یەک نییە لەســـەر بەشـــداریکردن لـــە حکومەتی داهاتـــوودا، بەڵام ئەوانـــەی داوای بەشـــداریکردن دەکەن کەمتر نین لەوانەی کە دەیانەوێ بەشداری نەکەین". گوتیشی زۆرینـــەی کوتلەکانی نێو عێراقییە لەگەڵ ئەوەدان کە ئەگەر "عێراقییـــە بەکردەیی بە ڕێژەی 50% بەشـــداری لە بڕیاری سیاســـی بکات، ئەوا لەگەڵ بەشداریکردندان".

پـــاش تێپەڕبوونی زیاتر لە 210 رۆژ بەســـەر ئەنجامدانـــی هەڵبژاردنـــەکان لەعێراق، هێشـــتا تەنگـــژەی پێکهێنانی حکومەت مـــاوە. نیگاکان لەســـەر کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراوی هەولێرن کە لەچوارچێوەی دەستپێشـــخەری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا دەبەسترێ.

شـــاکر کەتاب، وتەبێژی لیســـتی تەجدید کە تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆمار سەرۆکایەتی دەکات، جەختی لەسەر قسەکانی بەتیخ کردەوەو گوتی"هێشتا ئیئتیلافی عێراقییە چاوی لە پۆستی ســـەرۆکایەتی کۆمارە". لەبارەی بەشـــداریکردنی عێراقییە بەرامبەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان گوتی "ئەمەش یەکێک دەبێ لەو بژارانەی کە رۆژی سێشـــەممە یان چوارشـــەممە یەکلایی دەکەینەوە کە ئاخۆ بەو پۆستە رازی بین یان نا"، لەگەڵ ئەوەشـــدا کەتاب روونیکردەوە کە عێراقییە مەبەســـتی ئەوەیە "بەشـــداری لە بڕیاری سیاسی بکات و رەنگە هەموو بەشداریکردنی بە پۆستێکەوە نەبەســـتێتەوە، بەڵام بەلایـــەوە گرنگە بە کردەیی بەشداربێت لە پرۆسەی سیاسیدا".

## ڕیپۆرتاژ

**کۆمپانیایەکی ئەمریکی بەدوای نەوتدا دەگەڕێ لە کوردستان**



**ڕووداو- الاخبار**

کۆمپانیای مێرڤی ئۆیڵی ئەمریکی، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند بەو نزیکانە گرێبەستێکی بۆ بەدۆزینەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئیمزا دەکات. دوو هەفتە پێشتریش کۆمپانیای ماراسۆن کە ڕکابەری ئەو دەکات، ڕایگەیاندبوو دەچێتە هەرێمی کوردستان. دیڤید ود، سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای مێرڤی ڕایگەیاند"کۆمپانیاکەمان بەنیازە لە ساڵی 2012 بیری دۆزینەوە نەوت لێ بدات"، میرڤی لە کۆتاییەکانی مۆرکردنی گرێبەستەکەیدایە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی 50%ی پشکی بەریکەوێت لە ناوچەیەک لە پارێزگای دهۆک کە ڕووبەڕەکەی 619 کیلۆمەتر دووجایە.

# ئەوروپی و ئەمریکی بە جوملە زەوی لە هەولێر دەکڕن

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو – هەولێر**

نووسینگەکانی فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە لەشاری هەولێر باس لەوە دەکەن، کە هاووڵاتیانی ئەوروپی و ئەمریکی بە جوملە زەوی لە هەولێر دەکڕن و، بە ناوی کوردی دەکەن، چونکە ناتوانن زیاتر لەیەک زەوی لە هەرێمی کوردستان بکڕن.

بەختیار عەبدوللا، خاوەنی نووسینگەی پێندرۆ بۆ فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هاووڵاتییەکی ئەمریکی و یەکێکی ڕووسی کە هەر یەکەیان هاووڵاتییەکی کوردیان لەگەڵ دابوو، هاتنە نووسینگەکەم و بە جوملە هەندێک لە زەوییەکانی نزیک فڕۆکەخانەی هەولێریان کڕی و بە ناوی کوردەکەیان دەکرد"، هەروەها گوتی "ڕووسەکە 20 پارچەی زەوی کڕی و ئەمریکییەکەش 30 پارچە زەوی کڕی، بەڵام نازانم بۆ چ مەبەستێک کڕیویانە، تەنیا ئەوە دەزانم کە ئەمریکییەکە و ڕووسەکە پارەکەیاندا".

بەپێی ئەو نرخەی لە نووسینگەکانی فرۆشتنی زەوی و خانوو خەملێنراوە بۆ زەوییەکانی نزیک فڕۆکەخانە، کەمترین نرخی پارچە زەویەک 60 هەزار دۆلارەو باشترین شوێنیش بە 80 هەزار دۆلارە.

لوقمان عومەر، بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە لە هەولێر، دەڵێ یاسای ژمارە 43ی یاسای خانووبەرە کە لە ساڵی 1971 دەرچووە لەگەڵ هەمووارکراوەکانی ڕێگەیداوە بیانی لە عێراق زەوی بکڕن، بەڵام بە چەند مەرجێک. لەبارەی مەرجەکان ناوبراو گوتی "دەبێ (مقابلە بالمثل) بنەمای هاوبەرامبەر جێبەجێبکرێت، واتە ئەو هاووڵاتییەی دێتە ئێرە موڵک دەکڕێ دەبێ وڵاتەکەیشی ڕێگە بە عێراقییەک بدات موڵک لەوێ بکڕێ، هەروەها دەبێ ئەو زەویەی کە کەسێکی غەیرە عێراقی دەیکڕێ 30 کیلۆمەتر لە سنووری وڵات دووربێ و نابێ هیچ ڕێگرێکی ئیداری و عەسکەریشی هەبێت، دەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و دەرەوەش وەربگرێ، بەڵام ئێمە لە کوردستان وەزارەتی دەرەوەمان نییە، بۆیە پەیوەندی بە فەرمانگەی کاروباری دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە دەکەین".

زیاد ئەحمەد، خاوەنی یەکێک لە نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی لە گەڕەکی کورانی عەنکاوە باسی لەوەکرد، هاووڵاتییەکی ئەمریکی لەگەڵ کوردێک 5 پارچە زەویان لە نووسینگەکەی کڕیوە و کوردەکە بە ناوی خۆی نووسی، "من نازانم زەوییەکان بۆ ئەمریکییەکە بوون یان کوردەکە، بەڵام کوردەکە قسەی لەگەڵ ئەمریکییەکە دەکرد و دواتر زەوییەکانیان کڕین"، هەروەها گوتی "زۆربەی ئەو زەویانەی کە دەیکڕن لە عەنکاواو نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرن".

بەپێی یاسا هاووڵاتی بیانی تەنیا دەتوانێ یەک خانوو بکڕێت لە هەرێمی کوردستان و بەناوی خۆی بکات. سەبارەت بە تۆمارکردنی موڵک بەناوی بیانییەکانەوە بەڕێوەبەری گشتی تۆماری خانووبەرە دەڵێ "هاووڵاتی بیانی هەیە دێتە لای فەرمانگەکانی ئێمەو داوای بەناوکردنی خانوو دەکات، بەڵام یاسا ڕێگە نادات لە یەک خانووی زیاتر بکڕێت و لەگەڵ شوێنێکی کارکردن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی پێنادرێ زەوی کشتوکاڵی بکڕێ، چونکە موڵکی دەوڵەتە".

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ئاماژەی بەوەدا ئەو بیانیەی کە زەوی دەکڕێت و لەسەر ناوی کوردێکی تاپۆ دەکات و یان دەیکاتە هاوبەش بەپێی یاسا ئەو کوردە دەبێتە خاوەنی زەویەکان یان خانووەکان. گوتیشی هیچ لێپێچینەوەیەک لەگەڵ ئەو کوردانە ناکەن کە موڵکی خەڵکی بیانی لەسەر خۆیان تاپۆ دەکەن "چونکە یاسا مامەڵە لەگەڵ کوردێک دەکات کە زەویەکانی بەناو تۆمار کراوە، نەک بیانییەک کە هیچی بە ناو نییە".

### کونسولی گشتی تورکیا لە هەولێر:

# تێڕوانینمان گۆڕاوە و تەنیا لە پەنجەرەی ئەمنییەوە تەماشای هەرێمی کوردستان ناکەین

**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی 29ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ هاوکات بوو لەگەڵ 87ەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری تورکیا. بەم بۆنەیەوە بۆیەکەمجار بە بەشداریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی حکومی و حیزبی لە هەولێر، کۆنسولخانەی تورکیا ئەو ڕۆژەیان بە فەرمی یاد کردەوە و بەشداریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە بووە جێگەی بایەخی میدیاکانی تورکیا. ئایدن سەلجەن کونسولی گشتی کۆماری تورکیا لە هەولێر دەڵێ:" لانیکەم ئەوەندە دەزانم کە لە ساڵی 1992 بەو لاوە ئەوە یەکەمجارە کە بەرەسمی یادی دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە هەولێر دەکرێتەوە، لەو ڕووەوە مایەی دڵخۆشیمانە. سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین کە لوتفیان کرد و بەشدارییان کرد. بەشداریی ئەو بووە مایەی ئەوەی ڕێورەسمەکە مانایەکی دیکەی هەبێت. دانانی ئاڵاکانی عێراق، کوردستان و تورکیا لە تەنیشت یەکتریدا پەیامێکی جوان بوو".

### "داوای لێبووردن لە بەشدارنەبووان دەکەم"

یەکەم مەراسیمی یادکردنەوەی دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە هەولێر لەگەڵ ئەوەی دەنگدانەوەیەکی زۆری لە میدیای تورکیدا دروستکرد، لە هەمانکاتدا بەشدارنەبوونی حیزبەکان و هەندێ کونسولخانەش جێگەی سەرنج بوو، لەوانەش بەشدارنەبوونی بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کونسولخانەی ئێران. ئایدن سەلجەن لەگەڵ ئەوەیدا کە داوای لێبووردن لە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە پێیوایە دەبووایە بانگهێشت بکرێن، یان ئەوەتا داوەتنامەیان درەنگ پێنەگەیشتبوو، دەڵێ: "یادکردنەوەی 29ی تشرینی یەکەم پیرۆز ڕاگرتن و ئاهەنگە بە نسبەت ئێمەوە و، ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ هەموو کەس بەیەکەوە ئەو ئاهەنگە بگێڕین. ئێمە لەسەر بنەمای بەشداری هەموو چین و توێژەکان، هەموو پارتە سیاسییەکان، نوێنەرانی کۆڕ و کۆمەڵ و میدیاکان و زانکۆکان، نوێنەرایەتیی هەرسێ پارێزگا و کۆمپانیا تورکییەکان لیستێکمان ئامادە کرد و داوەتنامەمان بۆ ناردن. لێرەدا بە هیچ شێوەیەک ئێمە جیاوازی لە نێوان پارتی، یەکێتی و گۆڕان ناکەین. هەروەها جیاوازی لە نێوان پارتە ئیسلامییەکان واتە یەکگرتوو، کۆمەڵ و بزووتنەوە یان پارتە تورکمانییەکان ناکەین جا لە کوێ دامەزرابن. ئێمە سەرۆکی پەرلەمان و یاریدەدەرەکەی و سەرۆک وەزیران و یاریدەدەرەکەی و تێکڕای وەزیرەکانمان یەک یەک داوەت کردبوو، لە وەزارەتەکان دۆست و برادەرمان زۆرە ئەوانەمان هەموو بانگهێشت کردبوو. بە هیچ شێوەیەک ئێمە جیاوازیمان دانەناوە و لیستی داخراومان نەبووە بۆ بانگهێشتکردن. چونکە هیچ سەرکونسوڵێکی تورکیا لە هەر شوێنێکی دونیا بێت ناتوانێ بە لیستی داخراو بۆ ئەم یادە خەڵک بانگهێشت بکات. ئەگەر کارێکی وام کردبێت، کە نەمکردووە، بە توندی لە لایەن باڵیۆزمان لە بەغدا هۆشداریم دەدرێتێ. شتی وا نەبووە. ڕەنگبێ هەندێک هەبن داوەتنامەکەیان بەدەست نەگەیشتبێت یان ئەوەتا درەنگ گەیشتبێتە دەستیان، ئەمە کەموکوڕیی ئێمە بووە و ئەوە یەکەمجارمان بوو، تکادەکەم بە لێبووردەیی سەیری بکەن. بەشێکی زۆری بانگهێشتکراوان تەنانەت بە ئێمەیلیش داوەتمان کردوون. ئەوانەی بەشدار نەبوونە داوای لێبووردنیان لێدەکەم و من ئۆباڵی ئەو کەموکوڕییە لە ئەستۆ دەگرم".

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە نوێنەرایەتیی تێکڕای وڵاتانی بیانی جگە لە ئێران ئامادەی ئەو مەراسیمە ببوون. ئێران و تورکیا لەهەرێمی کوردستاندا، ڕکابەرییەکی توند لەنێوانیاندا ڕەچاو دەکرێ لەلایەن هەندێ چاودێرەوە لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە. کونسولی گشتی تورکیا دەڵێ ئەوان ڕکابەری ئێران ناکەن و شتێکی لەو بابەتە لە نێوانیادا نییە و لەوبارەیەوە دەڵێ:" من هاوپیشە ئێرانییەکەی خۆم بانگهێشت کرد. دواتر لەم ڕۆژانە لەگەڵ یاریدەدەرەکەیان قسەم کرد، ئەوان گوتیان جەنابی کونسول لە ئێران بووە. بەکار هێنانی وشەی ڕکابەر بۆ ئێمە و ئێران دەستەواژەیەکی ڕاست نییە، چونکە هەردووکمان دوو وڵاتی دراوسێی گرنگین. هەرێمی کوردستان هەروەک چۆن سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆک وەزیران و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە فەلاح مستەفا ئاماژەی پێدەدەن ناتوانێ بێ ئێران و بێ تورکیا بێت. ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا زۆر دەروازەی سنووری هەن و بەرەسمی و نارەسمییەکانەوە 6 دەروازەی سنووری هەیە. لەگەڵ تورکیاشدا یەک دەروازە".

### " لێک تێگەیشتنمان و شەراکەتمان شتێکی سرووشتییە"

بە لەبەرچاوگرتنی ساڵانی ڕابردوو کە گرژییەکی لەرادەبەدەر لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیادا هەبووە، پەرەسەندنێکی یەکجار خێرا لە پەیوەندییەکانی هەردوولادا ڕوویداوە و ئەو پەیوەندییە تا دەڕوات قووڵتر و بەرفراوانتر دەبێت. ئایدن سەلجەن کونسولی گشتی کۆماری تورکیا لە هەولێر دەڵێ: " ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین کە بە تەواوی گونجان و ئێنتێگراسیۆن لەنێوان هەردوو وڵاتی عێراق و تورکیا درووست بکەین، ئەمە چۆن ڕوودەدات؟ هێڵی بۆڕیی نەوت و غاز، ڕێگەکان، ئاڵوگۆڕی فیکر و زانیارییەکان جا چ بەڕێگەی هێڵی فایبەر ئۆپتیکەوە بێت یانیش بە تەلەفۆن و میدیاکانەوە بێت. هاتووچۆی تاکەکان و شتومەک بە سەربەستی بێت، بازرگانی و کردنەوەی پتر لە دەروازەیەکی سنووری کە بەیەکەوە بەسترابنەوە. هەروەک بەڕێز سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاندووە ئامانج ئەوەیە کە دوو ناوچەی هاوسنوور کە بەتەواوەتی لەڕووی ئابوورییەوە ئینتێگراسیۆنیان لە نێواندا درووست بووبێت و یانیش بە تێڕوانینی خۆم خەون بە هاوبەشییەکی ئابووری، گەشەکردن و خۆشگوزەرانی و سەقامگیرییەکی هاوبەش لەنێوان دوو وڵاتدا دەبینین". کونسولی گشتیی تورکیا لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) وێڕای ئەوەی باس لە گرنگی ئەو پەیوەندییانە دەکات، ئەوەش بیر دەخاتەوە کە هاوبەشییەکی مێژوویی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێکەوەیان دەبەستێتەوە و زەمینەی لێکحاڵیبوونی زیاتر دەڕەخسێنێ و دەڵێ:" ئێمە لە یەک هەویر درووستکراوین و زۆر لێک دەچین، لێک تێگەیشتنمان و شەراکەتمان شتێکی سرووشتییە. ڕاستە ئەو قسانە بیروبۆچوونێکن کە خۆشن، بەڵام ئێمە بەرژەوەندی هاوبەشیشمان هەیە. ئابووری عێراق و تورکیا تەواوکەری یەکترین. بەڵام ئابوری ناوچەی کوردیی عێراقیش بە هەمانشێوە تەواوکەری ئابووری تورکیایە. د. بەرهەم ساڵح کوردستان وەک Busenis friendly gatway to iraq پێناسە دەکات لە پەیوەندیی نێوان عێراق و تورکیادا. ئێمەش هاوسنووری یەکترین".

### "دەبێ دەروازەی ڕووبارۆک و کانیماسیش بکەینەوە"

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو، بە تایبەتیش پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003 مەسەلەی کردنەوەی دەروازەیەکی سنووریی نوێ هەمیشە وەکو کارتی گوشار لە لایەن تورکیاوە لە دژی هەرێمی کوردستان بەکار دەهات، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل کە شادەمارێکی ئابووری هەرێمی پێکدەهێنا پشتگوێ بخرێت و هەرێمی کوردستانیش هەمیشە دژایەتی ئەم هەنگاوەی دەکرد. بەڵام ئێستا بارودۆخ پێچەوانە بووەو کردنەوەی دەروازەی نوێ بووەتە داوایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش. سەرەڕای پەرەسەندنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بەرزبوونەوەی بۆ نزیکەی 6 ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نزیکەی 350 کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە، تەنها پشت بە یەک دەروازەی سنووری دەبەستێ. کونسولی گشتی کۆماری تورکیا لە هەولێر دەڵێ:" 15%ی ئەو کۆنتێنەرانەی کە دێنە بەندەری مێرسین لە تورکیا، دێنە عێراق. 99%ی ئەو کۆنتێنەرانەش بە ئادرێسی ئێرە (واتە هەرێمی کوردستان) دێن و لێرە بارەکان دادەگیرێن و دەکرێنەوە. جا دوایی دەچێتە بەشەکانی دیکەی عێراق یان ناچێ ئەوە بابەتێکی دیکەیە،بەڵام مامەڵەی ئێرە لەگەڵ بەندەری مێرسینە. غازی عەنتابیش ناوەندی بەرهەمهێنانی پیشەسازییە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. پەیوەندی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ عەنتابیش دیارە. لەوێشەوە بۆ دەروازەی خابوور".

هەروەک کونسولی گشتیی تورکیا دەڵێ دەروازەی ئیبراهیم خەلیل 26 شریتی هاتووچۆی هەیە. لەماوەی 24 سەعاتدا، 1500 لۆری و 700 ئۆتۆمبێلی بچووک لەوبەر و لەمبەر پێیدا تێدەپەڕن. "بەڵام ئەوەی ئێستا تێکڕای توانای بەکارهێنانی دەروازەکە نییە، چونکە تائێستا سوود لە 60%ی توانای دەروازەکە وەرگیراوە. بۆیە ئەگەر بتوانرێ ستافەکەی باشتر و زیاتر بکرێ، سەرمایەگوزاری زیاتر لە ژێرخانەکەیدا بکەین، بۆ نموونە ئەوە تەنها بۆچوونی شەخسیی خۆمە، پردێکی جووتسایدی دیکە بە تەنیشت پردەکەی ئێستاوە بنیادبنرێت، یان ئەوەتا لەو شوێنەی کە سنووری سوریا درێژ دەبێتەوە و تەختاییە و درێژییەکەی سی کیلۆمەترە بەلای ڕۆژئاوادا دەروازەیەکی دیکەی سنووری بکرێتەوە، قەرەباڵخی لەسەر زاخۆ کەم دەکاتەوە و ئەو دەروازەیە ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی سەرەکیی نێوان دهۆک-موسڵ دەبەسترێتەوە کە ئێستا ئەو ڕێگەیە بەکار دەهێندرێت".

کونسولی گشتیی تورکیا لەهەولێر دەڵێ "ڕەنگە دەروازەمان کەم بن، بەڵام قەبارەی ئاڵوگۆڕ و هاتووچۆ زۆرە، بەڵام پێموایە پێویستە هەندێک دەروازەی دیکەش بۆ هاتووچۆی ئاسایی خەڵک بکرێتەوە لە ناوچە سنوورییەکانی وەک ناوچەکانی دەرەجیک (ڕووبارۆک) لە قەزای شەمزینان و لای کانیماسی و سەرزەریش هەروەها ئێستا ڕێگەی هاتووچۆ هەیە، بەڵام دەکرێ بۆ داهاتوو و بۆ زیاتر ئاسانکردنی هاتووچۆ ئەوانەش بکرێنە دەروازە".



**هیچ جیاوازییەک لەنێوان لایەنەکانی هەرێمی کوردستاندا ناکەین**

### بەستنەوەی کوردستان بە دەریای ڕەشەوە

کونسوڵی گشتی تورکیا پەرەسەندنی بازرگانی و ئابووری بەیەکێک لە خاڵە گرنگەکانی دروستبوونی پێشکەوتن و لێک تێگەیشتن دادەنێ لەناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و دەڵێ:" ئەمە تەنها خەونی خۆمە و بیرۆکەیە، دەکرێ ئێرە بە دەریای ڕەشەوە ببەسترێتەوە. بەندەری ترابزۆن لەسەر دەریای ڕەش، بۆ ئێران بەندەرێکی گرنگە و ئێران ئەو بەندەرە بەکاردێنێت. هەکاریش لەناو تورکیا هاوسنووری ئێرە و ئێرانە. دەکرێ هێڵێکی دیکەی بازرگانی هاوشێوەی هێڵی مێرسین-خابور دروستبکرێت بەناوی هێڵی باکوور-باشوور کە لە ترابزۆنەوە بێتە وان و لەوێشەوە بۆ هەکاری و بۆ ئێران. ئێمە هەمیشە بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن بتوانین قەبارەی هاتووچۆ زیاتر بکەین".

### "تەنها لە پەنجەرەی ئەمنییەوە سەیری پەیوەندییەکانمان ناکەین"

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو لەگەڵ ئەوەی هەڵبەز و دابەزی زۆری تێکەوتووە، زۆربەی کاتیش لە پەنجەرەی ئەمنییەوە سەیرکراوە و پەیوەندییەکان مەرجدار کراون بەوەی کورد ڕووبەڕووی پارتی کرێکارانی کوردستان ببێتەوە، لەو چوارچێوەیەدا مامەڵەی لەگەڵ کراوە. هەروەک فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی کوردستاندا، گوتی تورکیا دەیویست پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەبێت و لەگەڵ حیزبەکان بێت، بەڵام دوای داوەتکردنی فەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا ئەو داوایەی هەرێمی کوردستان بەدیهات کە پەیوەندییەکە لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا بێت. ئێستا هەولێر بووەتە وێستگەیەکی گرنگ تەنانەت لە چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیاش. کونسولی گشتی تورکیا لەگەڵ ئەوەدا کە پێیوایە پێویستە پەیوەندییەکان تەنها پەیوەست نەبن بە بواری بازرگانی و ئابوورییەوە و لە سەر ئاستی مرۆیی و کولتووری و بوارەکانی دیکەش پێشڤەبچن، ڕایدەگەیێنێ کە ئێستا لە پەنجەرەی ئەمنییەوە ناڕواندرێتە پەرەپێدانی پەیوەندییەکان " ڕاستە یەکێک لەو دۆسیانەی ئێمە کاری لەسەر دەکەین دۆسیەی ئەمنییە، بەڵام ئێمە نە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق لە گەڵ تورکیا و نە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراقدا تەنها لە پەنجەرەی ئەمنییەوە سەیر ناکەین. ئێمە پەیڕەوی سیاسەتێک دەکەین کە هەموو بوارەکان بەیەکەوە بەخۆوە دەگرێ. دەمانەوێ پەیوەندییەکان قوڵتر و فراوانتر بن. دیارە نابێ هیچ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە خاکی وڵاتێکەوە پەلاماری دراوسێیەکەی بدات و دەرفەتی حەوانەوەی لە وڵاتی دراوسێدا هەبێ. لەو بارەیەوە پێموایە بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ دەزانن ئەولەویاتی ئێمە چییە و چ شتێک بە لای ئێمەوە قەبوڵ ناکرێت. بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئێمە موحاسەبەی نیەتی هیچ کەسێک ناکەین، تواناکان دیارن و دەزانین کە هەر کەسە چی لە توانادایە".

هاوکات کونسولی گشتیی تورکیا جەخت لەوە دەکاتەوە کە مەسەلەی ئەمنی یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی هاوکاری دوولایەنە و دەڵێ:" بێگومان مەسەلەی سەقامگیری یەکێکە لە کۆڵەگەکانی هاوکاری نێوان ئێمە و هەولێر. بەڵام دیسانیش تاکە ڕەهەند نییە ، ئینجا دیسانیش ناتوانین بڵێین دەی ئەوە لەو بابەتەدا نەمانتوانی هیچ بکەین با وەلاوە بنێین و خەریکی بوارەکانی دیکە بین. بەڵام هاوکات ناتوانین لیستێک ئامادە بکەین و بڵێین تا ئەوانە نەکرێن هیچ ناکەین. پێموایە لە ساڵانی نێوان 2003 تا 2007 ئەم تێڕوانینە هەبووە. واتە ئەگەر لە دۆسیەی ئەمنیدا هەندێک هەنگاو بهاوێژرێن، دەتوانین لە بوارەکانی دیکەدا بە خێرایی بەرەوپێش بچین. بەڵام تێڕوانینی ئێستامان ئەوەیە کە لە هەموو بوارەکاندا پەیوەندییەکانمان بەرەو پێش ببەین و، پەیوەندییەکانمان لەسەر متمانە بەیەکتریکردن بنیات بنێین. سەردانەکان و بە تایبەتیش سەردانی بەڕێز مەسعود بارزانی لە مانگی حوزەیران بناخەی ئەوەی داناوە و پەیوەندی و سەردانی بەردەوام و دیداری ڕووبەڕوو دەبێتە هۆی کرانەوە و بەرەوپێشچوون. لە جیاتی ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو با لە داهاتوو و لە ئایندەیەکی هاوبەش بڕوانین".

### "دەرگامان بۆ پەرلەمانتارانی BDP کراوەیە"

ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا و بەتایبەتیش پەرلەمانتارانی کوردی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP سەردانی هەولێر و ناوچەکانی دیکە دەکەن. بەڵام سەردانی کونسولخانەی تورکیا لە هەولێر ناکەن، ئایدن سەلجەن کونسولی گشتی تورکیا لەگەڵ ئەوەدا کە ڕایدەگەیێنێ کە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵیاندا نەبووە، دەڵێ " لە بەغدا باڵیۆزخانەمان هەیە و لە موسڵ، هەولێر و بەسراش کۆنسولخانە، ئەرکی یەکەمی ئەم شوێنانە بە پلەی یەکەم خزمەتکردنی هاووڵاتیانی تورکیایە. کە ئەندامانی پەرلەمان دێنە ئێرە جا سەربە هەر حیزبێکی سیاسی بن، چونکە من وەک کونسول سەر بە هیچ حیزبێکی سیاسی نیم و ناتوانم لەبەر ئەو کارەم لایەنگری سیاسیم بخەمە پێش ئیشەکەمەوە، ئەگەر بەشێوەی فەرمی داوامان لێبکەن، ئامادەین ئاسانکاریان بۆ بکەین بۆ ڕێکخستنی دیدار و چاوپێکەوتنەکانیان. تائێستا لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارانەدا دەرفەتی دیدارمان نەبووە، بەڵام هیوادارم لەمەودوا هەبێت. ئێمە دەرگامان کراوەیە".

### " لەهەولێر بەیەک ڕۆژ ڤیزا دەدەین"

پتر لە مانگێکە کۆنسولخانەی تورکیا لە هەولێر بە شێوەیەکی بێ پارە ڤیزای تورکیا دەداتە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژانە خەڵکێکی یەکجار زۆر سەردانی کۆنسولخانەی تورکیا لە باڵەخانەی ستێر گرووپ دەکەن لە شەقامی گوڵان لە هەولێر بۆ وەرگرتنی ڤیزا. ئایدن سەلجەن دەڵێت:" کارێکی دیکەی سەرەکی ئێمە پێدانی ڤیزایە بە هاووڵاتیانی عێراق. من بە هاووڵاتیانی عێراق دەڵێم وەرگرتنی ڤیزای تورکیا زۆر ئاسانە، کە شەخسەکە خۆی ئەمڕۆ بێت داوای ڤیزا بکات لەماوەی یەک ڕۆژدا ڤیزاکەی پێدەدرێ. زۆر ئاسانمان کردووە".

### پرۆژەی نابووکۆ

مانگی ڕابردوو نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی کتوپڕ سەردانی ئەنقەرەی کرد و چاوی بە هەریەک لە وەزیری دەرەوە و سەرۆک وەزیران کەوت. ئەگەرچی ڕاگەیێندرا کە مەبەستی سەرەکی لە سەردانەکە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بووە، بەڵام بەشێکی گرنگی دانوستاندنەکان کە وەزیری وزەی تورکیا تانەر یڵدز و ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستانیش ، تێیدا بەشدار بوون، بریتی بوو لە پرۆژەی نابووکۆ کە بریتییە لە گواستنەوەی غازی سرووشتی بۆ ئەوروپا کە هەرێمی کوردستانیش یەکێک دەبێ لە دابینکەرانی ئەو غازە سرووشتییە. ئایدن سەلجەن لەگەڵ ئەوەیدا کە دەڵێ سەردانەکە لەسەر بانگهێشتی تورکیا بوو، پشتڕاستیشی دەکاتەوە کە بەشێکی گفتوگۆکان پەیوەست بوون بە مەسەلەی نابووکۆوە، دەڵێ:" پرۆژەی نابووکۆ لەم چەند مانگەی داهاتوودا پێویستە بەرەوپێشڤەچوونی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ. کە سەیری نەخشە و ژمارەکان دەکەی ڕاستییەک هەیە کە ئەویش ئەوەیە بۆ جێبەجێبوونی نابووکۆ غازی عێراق پێویستە کە دەڵێین غازی عێراق مەبەست کوردستانی عێراقە کە لەڕووی جوگرافییەوە لەهەمووان نزیکترە لە تورکیا. بۆیە سەرچاوەکانی غازی ئەم ناوچەیە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێ. ئەم غازە گرنگە کە بێ دواکەوتن لە ڕێگەی بۆڕییەوە ببەسترێتەوە بە بۆڕییەکانی دیکەی گواستنەوەی غازەوە. ئەمە هەم بۆ نابووکۆ گرنگە و هەم دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەبەکارهێنانی ناوخۆیی تورکیا سوودی لێوەربگیرێ و هەمیش بەرێگای تورکیاوە هەناردە دەکرێت".

# کوردستانی

## KCK هەڕەشە لە TAK دەکات



رووداو- قەندیل

کۆنسەی سەرۆکایەتی KCK کە موراد قەرەیلان سەرۆکایەتی دەکات، لە راگەیێندراوێکدا چالاکییە خۆکوژییەکەی ئیستەمبولی دووبارە پرۆتستۆکرد، کە رۆژی 2010/10/31 لە مەیدانی تەقسیم لە ئیستەنبول لەلایەن (وەدادت ئاجار) کە خەڵکی شاری (وان)ە و یەکێکبوو لە خۆکوژەکانی ڕێکخراوی هەڵۆکانی ئازادی کوردستان TAK ئەنجامدرا، کە لە ئەنجامدا 32 کەس کوژران و بریندار بوون کە 15 یان پۆلیس بوون. کۆنسەی سەرۆکایەتی KCKهەرەشەی لە رێکخراوی هەڵۆکانی ئازادی کوردستان TAK کرد کە "ئەگەر کۆتایی بەو چالاکیانە نەهێنن و بەردەوام بن، پێویستە بزانن کە تەقگەرەکەمان لەدژی ئەو هەوڵدانانە بە ئاشکرا حساب دەخوازێت".

# دوای ئاگربەست BDP بەدوای ڕێگەکاندا دەگەڕێت

**فرات کەلەهکی**
**تایبەت بە رووداو**

بۆ جارێکی دیکە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ئاگربەستی یەکلایەنەی درێژکردەوە تاوەکو حوزەیرانی ساڵی داهاتوو بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، عەبدوڵڵا ئۆجەلانی رێبەری زیندانیکراوی PKKش لە دیداری خۆی لەگەڵ ئایسەل توگلوک هاوسەرۆکی کۆما کۆمەڵگەی دیموکراتی KCDدا رایگەیاند کە دانیشتنی جیدی لەنێوان دەوڵەت و ئۆجەلاندا هەیە، بەبێ ئەوەی باسی ئەو ناوەندەی دەوڵەت بکات کە دانیشتنەکان دەکات.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەو ئاگربەستە دەرفەتێکی باشە بۆ درێژەدان بەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، ئەوەی لێرەدا دەگوترێ ئەوەیە کە ئایا پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP دەتوانێ ببێتە پردی گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی تورکیا و قەندیل و ئیمرالی؟ بەڵام گومان دەکرێ دەوڵەت و حکومەتی تورکیا رۆڵێکی وای پێ بدەن.

د.عەبدولرەحیم ئۆزمەن، سەرۆکی بەشی ئەنترۆپۆلۆژی لە زانکۆی دیجلەی دیاربەکر پێیوایە BDP ناتوانێ ببێتە پردی گفتوگۆکان چونکە "لە تورکیا هەموو پێکهاتەیەکی سیاسی بەرهەمی هێزێکی دەستنیشانکراو یان دەسەڵاتێکی بەرز وەک سوپا یان ئایینن. بۆ نمونە پارتی گەلی کۆماری CHP بەرهەمی کەمالیزمە، پارتی دادو گەشەپێدان AKP لە کۆنەپارێزی ئیسلام دێت و دەیەوێت باڵادەستی خۆی بسەپێنێ، BDPش منداڵێکە PKK دروستیکردووە و ئەو دەسەڵاتەی نییە دژایەتییان لەگەڵ بکات. بۆیە ناتوانێ رۆڵێکی وای هەبێت".

بەڵام د.بەریل دەدە ئۆگو، سەرۆکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی گالاتەسەرای لە لێدوانەکانیدا بۆ (رووداو) دەڵێت BDP دەیەوێ رۆڵ بگێرێ "وا دەردەکەوێت هاوپەیمانییەک لە دژی توند وتیژی هەیە و BDPش خۆی بۆ گێڕانی ئەم رۆڵە کاندید کردووە. واتە دەوڵەت دەتوانێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەو بکاتە موخاتەب. لە هەمانکاتدا لە بەرچاوی رای گشتی و بەناوبژیوانی ئەحمەد تورک و ئایسەل توگلوک دیالۆگ هەیە".

بەرپرسانی BDP جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەوان بۆ هەر هەوڵێکی ئاشتی ئامادەن و پێشوازی لە هەموو هەوڵێکی ئاشتیخوازانە دەکەن.

شاندێکی BDP کە پێکهاتبوو لە سەلاحەدین دەمیرتاش و گولتان کیشاناک و ئەندامانی پەرلەمان و هاوسەرۆکی BDP و، بەنگی یلدز پەرلەمانتاری BDP سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دانیشتن. دوای ئەوەی BDP لە کۆبوونەوەیەکیدا بڕیاریدا داوا لە هەرێمی کوردستان بکات رۆڵ بگێڕێ لە دروستکردنی ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان.

گوڵتان کیشاناک هاوسەرۆکی BDP دەڵێت "ئێمە یەک داواکاریمان هەیە ئەویش چارەسەری کێشەی کوردە بە رێگەی ئاشتیخوازانە پێشتریش گوتوومانە بۆ چارەسەری ئامادەیین". ئەو بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان وای دەبینن کە درێژکردنەوەی ئاگربەست هەلێکی دیکەیە و پێویستە بە باشی لێکبدرێتەوەو بێ وەڵامدانەوە نەمێنێتەوە "لەو نێوەشدا هەر بەرپرسایێتییەک بکەوێتە ئەستۆی ئێمە، خۆمانی لێ ناشارینەوە، بەڵام پێویستە هەموو حیزبەکانی تورکیاش هاوکاریمان بکەن".

### ئۆجەلان لە دانیشتنەکانی لەگەڵ دەوڵەت رازییە

بەرپرسانی BDP و PKK زۆرجار جەخت لەوە دەکەنەوە کە چارەسەری کێشەی کورد بە بێ دیالۆگ لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان زەحمەتە، بۆ ئەو مەبەستەش تائێستا دەوڵەتی تورکیا بە ئاشکراو بە نهێنی چەندان جار لەگەڵ ئۆجەلان دانیشتووە. PKKیش لە راگەیاندنی درێژکردنەوەی ئاگربەستدا رایگەیاند کە دەیەوێ دەرفەتێک بداتە ئەو دانیشتنانەی لەگەڵ رێبەرەکەیدا دەکرێن. رەجەب تەیب ئەردۆغانیش رایگەیاند کە دەزگاکانی دەوڵەت لەگەڵ ئۆجەلان دانیشتوون.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رۆژی 2010/11/1 لەکاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئایسەل توگلوک و پارێزەرانی دیکەیدا گوتی "چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ دەوڵەتدا بەردەوامن، بەشێوەیەکی جیدی بەرێوە دەچن. تا ئێستا دانیشتنەکان وەرنەچەرخاونەتە سەر دانوستاندن، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کە بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن. ئەو کاربەدەستانەی هاتن بۆ لام، جیدی و راستگۆ بوون. ئێمە لە دژی رۆڵی چەتر ئاسای دەوڵەت نین، دەبێ دەوڵەت لە ئەرکەکانی پێکهاتن، یەکگرتن و رۆڵی خۆی بگێڕێ". دەگوترێ چاوپێکەوتنەکان لەرێگەی دەزگای میتەوە دەکرێن، بەڵام لە قسەکانی ئۆجەلان دا ناوی ئەو لایەنە دیارینەکراوە کە لەگەڵی دادەنیشێ، بەڵام گوتی "لەبەرامبەر هەڵوێستی ئەرێنیانەی دەوڵەت، حکومەت، CHP و MHP رێگرن لەبەرامبەر چارەسەریدا".

ئایسەل توگلوک، کە ئەوە جاری دووەمە لەو ماوەیەدا دەچێتە دوورگەی ئیمرالی رایگەیاند " بەڕێز ئۆجەلان گوتی دەوڵەت دەیەوێ کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام سیاسەت بووەتە کۆسپ و، ئۆجەلان داوای کرد لە پەرلەمان کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە لە راستییەکان پێکبهێنرێ و رازیدەبێ بە هەر بڕیارێک کە ئەو کۆمسیۆنە دەری بکات".

بەڵام حکومەت و سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان دانیشتن لەگەڵ ئۆجەلان رەتدەکەنەوە، لە هەمانکاتدا دان بەوە دادەنێن کە هەندێک دەزگای دەوڵەت دانیشتنیان لەگەڵ ئۆجەلان هەیە.

بەبڕوای د.بەریل دەدە ئۆغلو، ناکرێت AKP ئاگای لە دانیشتنی دەزگاکانی دەوڵەت لەگەڵ ئۆجەلان نەبێت و دەڵێت "کاتێک وەزیری حکومەت و گرووپی ئەردۆگان دەڵێن ئێمە دانیشتن ئەنجام نادەین، بەبڕوای من مەبەستیان AKPیە، واتە لە نێو AKPدا هیچ کەس دانیشتنی لەگەڵ ئۆجەلان نەبووە، لێدوانی وا لەڕووی زانستییەوە بێ واتان، هەروا بۆ رای گشتین. هەروەها AKP لە لەدەستدانی دەنگەکان دەترسێ، بۆیە دەیەوێت هەموو شتێک لە رای گشتی بشارێتەوە".

### قۆناخەکە لە تورکیاش روون نییە

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە شتی شاراوە لە پشت ئاگربەستەکەی ئەمجارەی PKKدا هەیە و نازانن ئایا بڕیاری ئاگربەست چۆن بووەو لە قەندیل بووە یان لە ئیمرالی.

عەبدولرەحیم ئۆزمەن، سەرۆکی بەشی ئەنترۆپۆلۆژی لە زانکۆی دیجلەی دیاربەکر بە (رووداو)ی راگەیاند کە "سەرەکیترین کێشە ئەوەیە کێ لەگەڵ کێ ببێتە موخاتەب. تاوەکو ئێستاش دیارنییە کێ لەگەڵ کێ ئاگربەستی ئەنجامداوە، بەڵام ئەگەر ئێمە وادابنێن کە لەنێوان PKK و دەوڵەتدا ئەنجامدراوە، ئایا BDP دەتوانێ لەنێوان قەندیل، ئیمرالی و دەوڵەت کە لەڕاستیدا نە PKK لەو سێ لایەنە پێکدێت و نە دەوڵەتیش یەک دەوڵەتە! رۆڵی پردی هەبێت؟ ئایا BDP توانا و ئیرادەیەکی ئەوتۆی هەیە؟ ئایا تورکیا لەم پێوەندییەدا رۆڵێکی وا دەداتە BDP. ئەمانە هەموویان جێگەی گومانن، بۆیە کەمێک ئەستەمە BDP بتوانێ رۆڵ بگێرێت".

ئۆزمەن درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت "بە هۆی ئەوەی دەوڵەت، یەک دەوڵەت نییە، بۆیە روون نییە دەیانەوێ چی بکەن، ئەمەش باردوخێکی زۆر ئاڵۆزە. کوردیش نەیتوانیوە خۆی ساخ بکاتەوە کە چ کەس یان لایەنێک بکاتە موخاتەبی کێشەی کورد لەبەرامبەر دەوڵەتدا و نەگەیشتوونەتە بڕیارێکی هاوبەش"، گوتیشی "پێویستە هەم دەوڵەت و هەم PKKەش سازش بکەن، بەڵام هەردووکیان بە دڵ کار ناکەن".

پرۆفیسۆر دەدە ئۆغلو پرسیارەکانی، لەبارەی رۆڵ گێڕانیBDP نیشانەی ئەوەن لەنێو تورکیادا بەگشتی بەرچاو روونییەک لەسەر قۆناخی داهاتوو نییە"ئەوانەی رۆڵی پرد دەگێڕن، بڕیاردەران چۆن لێیان دەڕوانن، ئایا بڕوایان پێدەکەن، ئایا بەڕاستی سیاسەتی چارەسەرکردن بەکاردەهێنن، هەروەها BDP ئەو رۆڵەی هەیە کە رێگە نەدات توند وتیژی بەکاربهێنرێت یان یان نا؟ ئەگەر ئەو رۆڵەی هەبێت و لایەنەکانی دیکەش بەنیاز بن هەنگاوی باش هەڵێنن، ئەوکات رۆڵەکەیان لەبەرچاو دەگیرێ".



سەلاحەدین دەمیرتاش و گولتان کیشاناک هەردوو هاوسەرۆکی BDP لە کاتی بەڕێکەوتنیان بەرەو باشووری کوردستان (فۆتۆ : DIHA)

**گوڵتان کیشاناک هاوسەرۆکی BDP: ئێمە ئامادەین و پێویستە حیزبەکانی دیکەی تورکیاش هاوکاریمان بکەن**

**پرۆفیسۆر دەدە ئۆغلو: AKP لەترسی لەدەستدانی دەنگ دەڵێت لەگەڵ ئۆجەلان دانانیشین**

**پرۆفیسۆر ئۆزمەن: دەوڵەت یەک دەوڵەت نییە و کوردیش خۆی ساخ نەکردووەتەوە**

# بێدەنگبوونی چەکەکانی PKK کۆشکی سپی بەدەنگ ناهێنێ

## پۆڵ کیوبیک پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی ئۆکلاهۆما: پێویستە حکوومەتی تورکیا ئەم ئاگربەستە بقۆزێتەوە

**هاوار عەبدولرەزاق**
**رووداو- هەولێر**

چاودێرانی رۆژئاوایی پێیانوایە کە ئەمریکا ناتوانێ رۆڵێکی کاریگەری لەچارەسەرکردنی کێشەی نێوان تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان PKK دا هەبێت، سەرباری ئەوەی کە خۆی لەدەستوەردان لەکاروباری نێوخۆی تورکیا بەدوور دەگرێ، گوشارێکی ئەوتۆش ناخاتە سەر تورکیا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ PKK، کە ئیدارەی ئەمریکا ئەو پارتەی لەلیستی رێکخراوە تیرۆریستەکاندا داناوە.

هەفتەی رابردوو، PKK ئاگربەستی یەکلایەنەی لەگەڵ تورکیا تا پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا درێژکردەوە کە بڕیارە مانگی حوزەیرانی داهاتوو ئەنجامبدرێ. عەبدوڵڵا گیول سەرۆک کۆماری تورکیا وەک یەکەمین هەنگاوی لەوجۆرە لەلایەن تورکیاوە پێشوازی لە بڕیارەکە کرد، بەدرێژایی 9 ئاگربەستی رابردووی یەکلایەنەی PKK لە ساڵی 1993وە، ئەگەرچی گیول وەبیریشی هێنایەوە کە وڵاتەکەی درێژە بە رووبەڕووبوونەوەی"تیرۆریزم" دەدات، وەک ئاماژەیەکی بێ ناوهێنان بۆ PKK.

پۆڵ کیوبیک پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی ئۆکلاهۆما لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شارەزا لەکاروباری تورکیا، لەگەڵ ئەوەی کە بڕیارەکەی PKK بە "هەنگاوێکی پۆزەتیڤ" ناوبرد، هیواشی خواست کە "حکوومەتی AKP هەنگاوی سیاسی بهاوێژێ هەتا هەڵبژاردنەکانی 2011 و پێویستە حکوومەتی تورکیا ئەم هەلە بقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، هەروەها بۆ راکێشانی دەنگدەری کوردیش بۆ لای خۆی پێش هەڵبژاردنەکان".

بەشێوەیەکی گشتی، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ هەوڵێکی بەرچاوی نەداوە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا، ئەگەرچی سەرۆک باراک ئۆباما لەدوایین سەردانیدا بۆ تورکیا و لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمانی تورکیادا، ماوەیەکی زیاتری دایە ئەحمەد تورک سەرۆکی پێشووی پارتی داخراوی کۆمەڵگای دیموکرات DTP و سەرۆکی فراکسیۆنی ئەو پارتە ، و زۆر لەچاودێران وایان لێکدایەوە کە ئیدارەی نوێی ئەمریکا لەچوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ بەدیهێنانی سەقامگیریی لەناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشدارییەکی چالاکانەتر لەچارەسەرکردنی ئەو پرسەدا دەکات. هەروەها هەر ئەوکاتیش ئەحمەد تورک بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئۆباما لەگەڵ چارەسەری ئاشتیانەیە و داواشی لێکردووە بۆ هەر بابەتێکی پێویست پەیوەندی بە بالیۆزی وڵاتەکەیەوە بکات لە ئەنقەرە.

سڤێنتی کۆرنێل پرۆفیسۆر لەپەیمانگای ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاس Central Asia-Caucasus Institute-ی سوێدی لە لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) ئەوە روونیدەکاتەوە کە هۆکاری سەرەکی خۆ بەدوورگرتنی ئەمریکا لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەتایبەتی لەسایەی درێژکردنەوەی یەک لەدوای یەکی ئاگربەستی یەکلایەنەی PKK ئەوەیە کە "PKK رێکخراوێکی تیرۆرستییە و ئەمریکاش نایەوێت هانی هاوپەیمانەکانی بدات گفتوگۆ لەگەڵ رێکخراوی تیرۆریستیدا بکەن".

مایکڵ گونتەر پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی تێنەسی ئەمریکی و زانکۆی نێودەوڵەتی لە ڤییەننای پایتەختی نەمسا، پێیوایە کە درێژکردنەوەی ئاگربەست هیچ هیوایەک نابەخشێتە دانوستاندن بەهۆی ئەوەی "تورکیا هەمیشە ئەم ئاگربەستانەی PKKی بەهێمای لاوازبوونی PKK تەماشا کردووە و هیچی دیکە".

گونتەر لەوباوەڕەشدایە کە خۆ دوورەپەرێزگرتنی واشنتن لەو مەسەلەیە، بەهۆی ئەوەیە کە نایەوێ تورکیا لەخۆی تووڕە بکات بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەمریکا ترسی ئەوەی هەیە کە بینینی رۆڵێکی گەورە لەم مەسەلەیەدا، رەنگە تورکیای هاوپەیمانی تووڕە بکات".

لەدوای هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق لە ساڵی 2003وە، تورکیا بەشێوەیەکی بەردەوام رەخنەی ئەوە لە ولایەتە یەکگرتووەکان دەگرێ کە چاوپۆشیی لە بوونی بنکەو بارەگاکانی PKK دەکات لەناو خاکی عێراقدا. ئەگەرچی لەژێر گوشاری تورکیادا لیژنەیەکی ئەمنیی چوارقۆڵی لەنێوان تورکیا، ئەمریکا، عێراق و هەرێمی کوردستاندا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو حیزبە پێکهاتووە، بەڵام تائێستا کاری ئەو لیژنەیە ئەنجامێکی دڵخۆشکەری بۆ تورکیا پێ نەبووە.

# زیندانیانی سیاسی لەئێران بە بێ پارێزەر دەمێننەوە

**حەمید موختاری**
**تایبەت بە رووداو**

ژمارەیەکی زۆر لە پارێزەران لە ئێران دەستگیرکراون، هەندێکیشیان بەهۆی گوشارەکانەوە ئێرانیان بەجێهێشتووە، نووسەر و سیاسەتمەدارێکی ئێرانیش دەڵێت "ئامانجی ئەو کارەی ئێران کپکردنی دەنگەکانەو تاوەکو کەس نەوێرێ بەرگری لە زیندانیانی سیاسی بکات".

لە ئێراندا زۆر کەمن ئەو پارێزەرانەی دۆسیەی زیندانیانی سیاسی وەردەگرن، چونکە رووبەڕووی گوشاری هێزە ئەمنییەکانی ئێران دەبنەوەو ناچار دەکرێن دەستبەرداری ئەو جۆرە دۆسیانە ببن.

محەممەد ساڵح نیکبەخت، پارێزەری کوردی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) دەڵێ "پارێزەران لەوە دەترسن بەوشێوەیە دوایی خۆیان تووشی تەنگ و چەڵەمە ببن و رووبەڕووی لێپرسینەوە ببنەوە، بۆیە کەمتر دۆسیەی سیاسی وەردەگرن".

عەلی مێهرپەروەر، چالاکڤانی سیاسی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو)، هۆکاری ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئازادنەبوونی کاری سیاسی و دەڵێ "کەسێک لە ئێران رەخنە لە حکومەت بگرێت یان خوازیاری گۆڕانگاری بێت، بە کەسانێکی سیاسی ناودەبرێن و کاری سیاسیش لەم وڵاتەدا نرخی دەوێت و پارێزەرکانیشیان تووشی گیروگرفت دەبن".

لەم چەند ساڵەی دواییدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە پارێزەرکان بەپێی مادەی500 یاسای سزادانی ئیسلامی کە دەڵێت "هەرکەسێک دژی ئێران پروپاگەندە بکات سزاکەی یەک ساڵ زیندانە"، بە تۆمەتی پروپاگەندە دژی حکومەت و هاندانی رای گشتی، زیندانیکراون وەک ناسری زەرەفشان، پارێزەری زنجیرە کوشتنەکان، شیرین عیبادی وەرگری خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ، محەممەد عەلی داد خواە، عەبدولفەتاح سوڵتانی، محەممەد ئولیایی، خەلیل بەهرامیان، پارێزەری فەرزاد کەمانگەر، نەسرین ستوودە، پارێزەری چەند چالاکڤانێکی مافی مرۆڤ، محەممەد مستەفایی.

عەلی میهرپەروەر چالاکڤانی سیاسی کورد پێیوایە حکومەتی ئێران بە پەسەندکردنی ئەم مادەیە دەستی ئاوەڵا کردووە بۆ ئەوەی دادگا دژی ئەوانە بکاتەوە کە ئێران بە جودابیریان دەزانێ.

بە بڕوای عەلیڕەزا نووریزادەش، نووسەر و شرۆڤەکاری ئێرانی دانیشتووی بەریتانیا ، ئێران بازنەی تاوانەکانی ئەوەندە فراوان کردووە "تەنانەت ئەگەر کەسێک کتێبێک بخوێنێتەوە یان لە شوێنێک هەڵبەستێک بخوێنێتەوە، بە دژە حکومەت و ویلایەتی فەقیە و تەنانەت ئیسلامیش تاوانباری دەکەن واتە تۆمەتێکی مەزهەبیش دەخەنە تەنیشت تۆمەتەکەی دیکەی".

ئەرکی دەسەڵاتی دادوەری هەروەک بە ناوەکەیەوە دیارە، جێبەجێکردنی دادوەری و یەکسانییە لە کۆمەڵگەدا، لە وڵاتانی دیموکراتیدا هیچ لایەنێک بۆی نییە دەست لە کاروباری دادوەری وەربدات. بەڵام عەلیڕەزا نووری زادە دەڵێت "سیاسیترین دەزگای دادوەری جیهان دەزگای دادوەری حکومەتی ئێرانە، کە لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی ئایەتوڵڵا خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێراندایە".


عەلی میهرپەروەر پێیوایە سەربەخۆیی دەزگای دادوەریش کێشەکە چارەسەر ناکات "چونکە خودی دەزگاکەش وەکو کاربەدەستانی دیکەی حکومەت بیر دەکاتەوە"، ناوبراو گوتیشی "کاتێک حکومەتی ئێران بۆ خۆی دیکتاتورە، ناکرێت بەشێکی دادپەوەر بێت و بەشێکی نادادپەروەر، ئەمە ناتەبایە لەگەڵ لۆژیکدا".

رۆژی 2010/10/9 پارێزەری کورد نەسروڵڵا نەسری لە رووداوێکی هاتووچۆدا گیانی لە دەستدا. ناوبراو پارێزەری ئیحسان فەتاحیان، چالاکڤانی سیاسی کورد بوو، کە ئێران لەسێدارەیدا. بەڵام گومانی ئەوە دەکرێ کە رووداوەکە پلانداربێ کوژرابێ بۆ چاوترسێنکردنی پارێزەرانی دیکە، بەڵام ئەوە هەر تەنیا گومانە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە.

عەلیڕەزا نوریزادە بە دووری نازانێت ئێران دەستی لە رووداوەکەدا هەبێ و دەڵێت "ئێران لەو جۆرە کارانەی زۆر کردووەو دوور نییە ئەم کارەش خودی حکومەتی ئێران ئەنجامیدابێت، وەک زنجیرە کوشتنەکانی ساڵی 1997 و کوشتنی دکتۆر بەرازەندە سانعی، دکتۆر ئەحمەد میرئەڵلایی، حاجی زادە کە حکومەت خۆی و منداڵەکەی سەربڕی"، گوتیشی "دەسەڵاتدارانی ئێران بە کوشتنی چەند پارێزەرێک یان کەسایەتییەکی سیاسی دەیانەوێ ئەوانیدیکە بێدەنگ بکەن".

لە هەموو جیهاندا ئەرکی پارێزەر بەرگریکردنە لەو تۆمەتبارەی دەبێتە پارێزەری و بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدات لە چوارچێوەی یاسای ئەو وڵاتەدا بەرگری لە تۆمەتبار بکات و بێ تاوانی بسەلمێنێ. بەڵام زۆربەی پسپۆڕانی کاروباری سیاسی لە ئێران و چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ، ئەو کارە بۆ زیندانیانی سیاسی بەزەحمەت دەبینن و پێیانوایە هەموو پارێزەرێک ناتوانێ دۆسیەی زیندانی سیاسی بگرێتە ئەستۆ.

عەلی میهرپەروەر دەڵێت "حکومەت گوشار دەخاتە سەر پارێزەران بۆ ئەوەی دۆسیەی زیندانیانی سیاسی نەگرنە ئەستۆ، تاوەکو لە دواییدا خۆیان پارێزەر بۆ گیراوە سیاسییەکان دیاری بکەن".



**پارێزەر محەممەد ساڵح نیکبەخت: پارێزەران بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبن کەمتر دۆسیەی سیاسی وەردەگرن**



**چالاکڤانی سیاسی عەلی میهرپەروەر: حکومەت دەیەوێ کەس نەبێتە پارێزەری گیراوانی سیاسی بۆ ئەوەی بەخۆی پارێزەریان بۆ بگرێ**



**عەلیڕەزا نووریزادە: ئەگەر کەسێک کتێبێک بخوێنێتەوە یان لە شوێنێک هەڵبەستێک بخوێنێتەوە، بە دژە حکومەت و ویلایەتی فەقیە و تەنانەت ئیسلامیش تاوانباری دەکەن**


# کاروباری سیاسی

## عێراق لە بودجەدا یەکێکە لە ناشەفافترین وڵاتانی دونیا



**ڕووداو – بابنیوز**

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی هاوبەشیی بودجە، عێراقی بە وڵاتێکی شکستخواردوو لە بەدیهێنانی پێوەرە سەرەکییەکانی شەفافییەت و لێپرسینەوەی تایبەت بە بودجەی نیشتمانی دادەنێ. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی 2010ی ڕێکخراوەکە لەسەر بودجەی وڵاتان، 74 وڵات لەنێو 94 وڵات کە دەخرێنە نێو هەڵسەنگاندنەوە شکستخواردووبوون لە بەدیهێنانی پێوەرە سەرەکییەکانی شەفافیەت و لێپرسینەوەی پەیوەست بە بودجەی نیشتمانی، بەپێی ڕاپۆرتەکە وڵاتەکانی "چین، سعودیە، کینیا، سەنیگال، عێراق لەڕیزبەندی ئەو وڵاتانەن کە لەڕووی بودجەوە لە هەرە خراپەکانن".



دەسەڵات دەڵێ مۆڵەت و ئۆپۆزیسیۆن دەڵێ ئاگادارکردنەوە

# 3 فراکسیۆنەکەی ئۆپۆزیسیۆن:
# سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیمزای ناکات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

بە 54 دەنگی (بەڵێ)ی پەرلەمانتارانی فراکسۆنی کوردستانی لە بەرامبەر 35 (نەخێر)ی ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەماندا، پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەکوردستان پەسەند کرا بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێردرا. بەڵام فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن داوادەکەن کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیمزای نەکات.

شێروان حەیدەری ، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان کە سەر بە فراکسیۆنی کوردستانییە دەڵێ، "من بۆخۆم زۆر لە پرۆژە یاساکانی وڵاتانی دەرەوەم بینیوەو ئەو پرۆژە یاسایەی ئێمە پەسەندمان کردووە یاسایەکی زۆر باشە".

نارەزایی سێ فراکسیۆنەکەی ئۆپۆزیسیۆن بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر دوو خاڵە کە ئەوانیش مەسەلەی وەرگرتنی مۆڵەت و خۆپیشاندانی لەناکاوە. شێروان حەیدەری دەڵێ "کاتێک داوای مۆڵەتی خۆپیشاندان لەلایەنێکی ڕەسمی حکومەت بکرێ و مۆڵەتەکە نەدات، بەمانای بڕیاری کۆتایی نییە و لایەنی خۆپیشاندەر دەتوانێ تانە لەو بڕیارە بدات و سووربێت لەسەر داواکردنی". لەبارەی خۆپیشاندانی لەناکاویشەوە گوتی "خۆپیشاندانی لەناکاو چۆن تەفسیر دەکەی؟ نازانم بۆچی ناوی دەنێن لەناکاو، لەهیچ وڵاتێکی ئەورووپیشدا لەناکاوم نەبیستووە، تۆ کە خۆپیشاندانێک ڕێکبخەی، ئیتر لەناکاوی چی".

بەڵام کاروان ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان کە پێیوایە ئەو یاسایە دەبێتە یاسای "ڕێگری" نەک "ڕێکخستنی" خۆپیشاندانەکان لە کوردستان. ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە لە هەرێمی کوردستان تاڕاددەیەکی باش ئازادی و دیموکراسی چوونەتە پێشەوەو ئەم یاسایە دەیەوێ پاشەکشەی پێ بکاتەوە "زۆر پێداگیریمان کرد کە خۆپیشاندان مۆڵەتی نەوێت و تەنها ئاگادارکردنەوەی لایەنی حکومی پێوەندیداری پێویست بێ، بەڵام بەداخەوە زۆرینە مۆڵەتی پەسەند کرد".

لەبارەی خۆپیشاندانی لەناکاویشەوە، کاروان ساڵح پێیوایە 70%ی خۆپیشاندانەکانی کوردستان لەناکاون، بۆیە بەوهۆیەوە ناتوانرێ ئەو یاسایە جێبەجێبکرێ کەپەسەند کراوە، لەبەرئەوە دەپرسێ "ئەگەر بە ڕووداوێکی کتوپڕ 2000کەس ڕژانە سەرجادە، ئەوکات حکومەت دەتوانێ 2000 کەس دەستگیربکات".

ڕزگار محەممەد ئەمین، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی کوردستانی هاوڕای ئۆپۆزیسیۆنە لەوەدا کە "پێویستە لەجیاتی مۆڵەت ئاگادارکردنەوە هەبێت"، بەڵام گوتی "من ئەوە ڕای خۆمە و دەبێ 24 کاژێر پێش خۆپیشاندانەکە دەسەڵات ئاگاداربکرێتەوەو ئەگەر خۆپیشاندانەکەش ئاراستەی خۆی گۆڕی لایەنی ئەمنی کۆنترۆڵی بکات".

نمونەیەک کە هەموو پەرلەمانتارانی ئۆپۆزیسیۆن مۆڵەتی پێ ڕەتدەکەنەوە ئەوەیە : تۆ دەتەوێ خۆپیشاندانێک دژی پارێزگار یان قایمقامێک، ئەگەر داوای مۆڵەتی لێبکەیت نایدات. بەیان ئەحمەد، پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ "بەبۆچوونی ئێمە ئەمە گەڕانەوەیە بۆ دواوە، خۆپیشاندان مۆڵەتی ناوێت و زۆربەی خۆپیشاندانەکانیش لەناکاون، ئەوە سروشتییە و لە هەرێمی کوردستان ئەمە هەربووە".

بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی جگە لەو دووخاڵە، پێ لەسەر خاڵێکی دیکە دادەگرێت کە ئەویش مەسەلەی بۆنە و چالاکی و خۆپیشاندانی حیزبەکانە. بیلال سلێمان پێیوایە یاساکە دژی یاسای حیزبەکانە کە بە ژمارە 13 لە ساڵی 1993 دەرچووەو دەڵێ "لە ماددەی 13دا خاڵی3 و4 خۆپیشاندان و یادکردنەوەو مانگرتن بەمافێکی حیزبەکان دانراوە و ڕێگەی پێدراوە، بەڵام ئەم یاسایە ئەو مافانەش لە حیزبەکان وەرگرتووەتەوە".

هەرسێ فراکسیۆنەکەی ئۆپۆزیسیۆن پێیانوایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یاساکە دەنێرێتەوە پەرلەمان و ئیمزای ناکات، کاروان ساڵح دەڵێ "سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەموومانە و فراوانتر لە فراکسیۆنی کوردستانی بیردەکاتەوەو ئیمزای ناکات". بەیان ئەحمەدیش لە یەکگرتوو گوتی "زۆر پێشبینی ئەوە لە کاک مەسعود دەکرێ کە ئیمزای نەکات ". بەبڕوای پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵیش "سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر واقیع بینە و سەرۆکی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنیشەو یاساکە دەنێرێتەوە". لەبارەی ئەگەری ناردنەوەی پرۆژە یاساکە بۆ پەرلەمانی کوردستان، شێروان حەیدەری لە فراکسیۆنی کوردستانی گوتی "ئەگەر جەنابی سەرۆکی هەرێم بینێرێتەوە، بێگومان پێیدا دەچینەوە".

بەبڕوای ئاکۆ حەمە کەریم مامۆستا لە کۆلیژی یاساو رامیاری زانکۆی سلێمانی، پرۆژە یاساکە "جوان" و "دروستە"، بەڵام گوتی " تێبینیمان لەسەر مۆڵەت و خۆپیشاندانی لەناکاو هەیە"، گوتیشی "پێویستە مۆڵەت بگۆڕدرێ بە ئاگادارکردنەوە و زانیاری لەسەر ئامانجی خۆپیشاندانەکە و ماوەکەی بدرێتە لایەنی پەیوەندیدار، بۆ حاڵەتی لەناکاویش مۆڵەت وەرناگیرێت و ناتوانی وەریبگری،لەهەموو وڵاتانی دونیاش وایە".

# پسپۆڕانی ڕۆژئاوایی کشانەوەی گۆڕان شیدەکەنەوە



**د.برێندن ئۆلیری، کە لەکاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا ڕاوێژکاری حکوومەتی کوردستان بوو : کشانەوەکەی گۆڕان هەڵەیە و ستراتیژێکی زیرەکانەتر هەبوو هەڵیبژێرێ**



**ولیەم پارک، مامۆستای زانستە سیاسیەکانی لە کۆلێژی کینگ لە لەندەن : کشانەوەکەی گۆڕان ئەوەندە ناخایێنێ و دەگەڕێنەوە**



**یوست هیلتەرمان، جێگری سەرۆکی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی:کەس پەنا بۆ گۆڕان نابات و ناتوانرێ حکوومەت بێ پارتی و یەکێتی پێکبهێنرێ**



**دانیال سێروار، جێگری سەرۆکی پەیمانگای ئاشتی ئەمریکی:کشانەوەی گۆڕان بە تەنیا هیچ کاریگەری نابێ، بەڵام کشانەوەی لایەنی دیکە پێگەی کورد لاوازتر دەکات**

**هاوار عەبدولڕەزاق**
**ڕووداو– هەولێر**

پسپۆڕانی بیانی پێیانوایە کە کشانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەوەندە کاریگەری نابێت، بەڵام هوشداری دەدەنە هاوپەیمانی کوردستان کە کشانەوەی لایەنەکانی دیکە پێگە و بەرژەوەندییەکانی کورد لەبەغدا دەخاتە مەترسییەوە.

ڕۆژی 2010/10/29، گۆڕان کشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ لایەنە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەسەر پرۆژەی چاکسازی و دروستکردنی دەستەی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان لە کوردستان.

پسپۆڕانی ڕۆژئاوایی لەوبڕوایەدان کە ئەم هەڵوێستەی گۆڕان کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر پێگەی کورد لەبەغدا نابێت، لەبەرئەوەی گۆڕان بەشێکی بچووکی بلۆکی کوردییە.

برێندن ئۆلێری، پسپۆڕی زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی پێنسلڤێنیای ئەمریکا، کە لەسەردەمی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا ڕاوێژکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو لە ساڵی 2005دا، لەوبارەوە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) دەڵێ" کشانەوەی گۆڕان کە تەنیا هەشت کورسی هەیە گرنگ نییە. ئەوە تەنیا لەکاتێکدا زەرەرمەندە بۆ کورد، ئەگەر لایەنێکی عێراق حکومەت لەگەڵ گۆڕاندا پێکبێنێ و بلۆکی کوردی دووربخەنەوە، کە ئەمەش زۆر زەحمەتە ڕووبدات. ئەگەر ئەوەش ڕووبدات، ئەوا پێشبینی دەکەم پێگە بەهێزەکەی گۆڕان لەهەرێمی کوردستان، نەمێنێ".

ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی کشانەوەی گۆڕان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی پێکهێنا بۆ گەڕاندنەوەی گۆڕان. تائێستا لەکۆبوونەوەیدا لەگەڵ گۆڕان نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ گەڕانەوە.

نێچیرڤان بارزانی، لەکاتی هەڕەشەکردنی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ بەکشانەوە لە ئیئتیلافی کوردی، لەکاتی گفتوگۆکردن لە پەرلەمان لەسەر پرۆژەی یاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان لە کوردستان، لەگەڵ هەرسێ لایەکەدا دانیشت. بەڵام گۆڕان دواتر کشانەوەکەی خۆی ڕاگەیاند و دوو لایەنەکەی دیکە مانەوە.

پرۆفیسۆر ولیەم پارک، مامۆستای زانستە سیاسیەکانی لە کۆلێژی کینگ لە لەندەن، پێیوایە کە ئەم بڕیارەی گۆڕان ئەوەندە درێژە ناکێشێ و دەگەڕێنەوە نێو بلۆکی کوردی " بەڕای من کشانەوەکەی گۆڕان ئەوەندە ناخایێنێ و ڕەنگە ئەوە تەنیا شێوازێک بێت بۆ گوشارخستنە سەر پارتی و یەکێتی بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی "عادیلانە" مامەڵە لەگەڵ گۆڕان بکەن، لەبەرئەوە تووشی شۆک نابم ئەگەر ببینم گۆڕان بگەڕێتەوە پاڵ هاوپەیمانییەکە".

بەڵام تۆماس ئەمبرۆسیۆی پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی نۆرت داکۆتای ئەمریکی پێیوایە ئەم هەڵوێستەی گۆڕان، ڕەنگە زیانی بۆ پێگەی کورد هەبێت لەبەغدا و لەوبارەیەوە گوتی" ئەم بڕیارە کاریگەری لەسەر ئەوە دەبێت کە لەمەولا کورد یەک دەنگ نابن و ئەمەش ڕەنگە زیان بە تواناکانیان بگەیێنێ".

ئەگەری ئەوەی کە گۆڕان لەلایەن لایەنێکی عێراقییەوە بکرێتە جێگرەوەی ئیئتیلافی کوردی بۆ ڕێککەوتن بەناوی کوردەوە بەلای چاودێرانەوە زۆر لاوازە. یوست هیلتەرمان، جێگری سەرۆکی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی (International Crisis Group)، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) لەوبارەوە گوتی " پێموایە کە ناتوانرێ حکوومەت بێ پارتی و یەکێتی پێکبهێنرێ. هەشت پەرلەمانتاری گۆڕان ئەوەندە زۆر نین بۆ ڕازیکردنی مالیکی یاخود هەر کەسێکی دیکە پەنایان بۆ ببات".

لەلایەکی دیکەوە، برێندن ئۆلێری ڕەخنەی لەم هەڵوێستەی گۆڕان گرت و ڕایگەیاند کە بە کشانەوەیان سیاسەتێکی "هەڵە"یان هەڵبژاردووە و گوتی " ستراتیژێکی زیرەکانە بۆ گۆڕان لەبەغدا ئەوەبوو کە بڵێن مانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار بەدەست کوردەوە ئەوەندە گرنگ نییە، لەچاو بەدەستهێنانی مافەکانی کورد و بەدەستهێنانی چەند وەزارەتێکی وەک نەوت و دارایی".

بەڵام پرۆفیسۆر دانیال سێروار، جێگری سەرۆکی پەیمانگای ئاشتی ئەمریکی هۆشداری دەدات ئەگەر لایەنەکانی دیکە هەمان ڕێگەی گۆڕان هەڵبژێرن، ئەوکات بارودۆخەکە مەترسیدار دەبێت بۆ کورد و لەوبارەیەوە گوتی" بێگومان ئێستا تەنیا گۆڕانە و باوەڕناکەم بەتەنیا هیچ کاریگەری هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ جیابوونەوەی پارت و لایەنی دیکە لە بلۆکی کوردی، ئەوا بارودۆخێکی جیاواز دێنێتە ئاراوە و ڕێگەی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ ئاسانتر دەکات، بەڵام پێگەی کورد لەبەغدا لاوازتر دەکات".

بەڵام پرۆفیسۆر سێروار هیچ دەرفەتێک بۆ ئێران و سعودیە نابینێ لە کشانەوەی گۆڕاندا کە بەهۆیەوە کاریگەری لەسەر پێگەی کورد بکەن" ئەمە کشانەوەیەکی بچووکە، لەو باوەڕەدام کە کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر بۆچوونەکانی ئێران و سعودیە نابێت لەبارەی بارودۆخی عێراقەوە"

## سەرۆکایەتی کۆمار
## بۆ کوردە یان بۆ کەسی شیاوە



**هیوا مەحمود عوسمان**

جارێکی دیکە باسی سەرۆکایەتی کۆمار هاتەوە ئارا، بەڵام ئەمجارەیان وەک کارتێکی سەوداگەری بەکارهاتووە بۆ ڕازیکردنی لایەنێک دژی لایەنێکی دیکە. دەستوور ئەو خاڵەی دەستنیشان کردووە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بریتییە لە سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران.

حەوت ساڵی ڕابردوو ئەوەی سەلماندووە کە پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو دامەزراوە کلیلی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانە بەشێوەیەکی خێراتر، لە وڵاتێکی خاوی وەک عێراق.

لە ماوەکانی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو سەلمێندراوە کە ئەو دوو دامەزراوە زۆربەی کاتەکان وەک یەک دامەزراوەن، لەبەرئەوە هاودەنگی نێوان سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران زۆر گرنگە. ئەمەش لەبەرئەوەی هەتا ئێستا دوو سەرۆک کۆمار و سێ سەرۆک وەزیرانمان گۆڕیوە و پەندی گرنگمان وەرگرتووە لەسەر پەیوەندی نێوان ئەو دوو بەرپرسە.

ڕاستە دەسەڵاتی دەستووری سەرۆک کۆمار سنووردارە، بەڵام ئەگەر بتەوێ سەرۆکێکی سەرکەوتووبیت لە عێراقی ئەمڕۆدا، پێویستە پەیوەندییەکی پتەوت لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەبێت، لەگەڵ ئەوەش بلۆکێکی بەهێزیشت لەپشت بێت و پێویستە خۆت زلهێزێکی سیاسی بیت و کاریزمای سروشتی سەرکردەت هەبێت و هەروەها تاقەتی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەکانت هەبێت. ئەو کێشانەش زۆربەیان لەنێو پارتەکاندان و لەکۆتاییدا لەسەر مێزەکەی تۆ کۆدەبنەوە.

سەرۆکێکی سەرکەوتوو پێویستی بە دەسەڵاتی سیاسی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەک کە بتوانێ بە ئاسایی تەلەفۆن بۆ سەرۆک وەزیران یان هەر سەرکردە و وەزیرێکیتر بکات بۆ چارەسەری کێشەکان.

هەمیشە قسەیەکی سەرۆک مام جەلالم وەبیر دێتەوە کە لە ماوەی کارکردنم وەک ڕاوێژکاری میدیایی لەگەڵی، زوو زوو لێم گوێ لێدەبوو. لە کاتی قەیراندا دەسەڵاتی دەستووریم نییە، بەڵام دەسەڵاتی مام جەلالیم هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

هەرچەندە ڕۆڵ و دەسەڵاتی سەرۆک وەزیران لەدەستووردا ڕوونترە، بەڵام لە عێراقی ئەمڕۆدا ئەوە بەس نییە. بۆ ئەوەی سەرۆک وەزیرانێکی سەرکەوتوو بیت، جگە لە توانای سەرکردایەتیکردن و ئیدارەکردنی باش، پێویستت بەوەیە کە سەرۆک کۆمار پشتوانیت بکات، بەتایبەتی ئەگەر سەرۆکێکی سەرکەوتوو بێت بەو ستانداردەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

بێگوێدانە ئەوەی ئەو پۆستانە بدرێتە چ نەتەوە و تایفەیەک، ئەو دوو کەسە پێویستە یەکدەنگ و تەبا بن و هەر یەکەشیان هەوڵ بۆ سەرکەوتنی ئەویتریان بدات.

ئەزموونی ڕابردوو، ئەوەمان پیشاندەدات کە کاتێک سەرۆکی حکوومەت و سەرۆک کۆمار، ناکۆکبن، هیچ کارێکی وڵات بەرەو پێشەوە ناڕوات و ئەو ناکۆکییەش دەڕژێتە نێو دامەزراوەکانی خوارەوەیان.

ئەگەر سەرۆک کۆمارێکت هەبوو کە پێشتر ویستوویەتی ببێتە سەرۆکی حکوومەت، بەڵام لەناچاریدا بووەتە سەرۆک کۆمار، ئەوا هەرچی لەتوانایدا بێت دەیکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ئەو سەرۆک حکوومەتێکی باشتر دەبوو، ئەمەش کار دەکاتە سەر خاوی پرۆسەی بڕیاردان و بەڕێوەبردن لە وڵاتەکەدا.

ئەم خاڵە و زۆر خاڵی دیکە هەن کە دەتوانرێ بەکاربهێنرێن بۆ دۆزینەوەی کەسی شیاو بۆ پۆستە جیاجیاکانی بەغدا.

دانانی کەسێکی شیاو لەپۆستی سەرۆک کۆمار، مەرجێکی گرنگە، بۆ سەقامگیری سیاسی و ئیداری وڵاتەکە.

بەوەی بڵێیت کە ئەو پاڵێوراوە دەبێ ببێتە سەرۆک کۆمار یاخود سەرۆکی حکوومەت لەبەرئەوەی کورد، یان عەرەب، یا سوننە، یاخود شیعە، تەنیا هەلی پاڵێوراوەکە خراپتر دەکەی. ئەوەش دەسەلمێنی کە لەدوای حەوت ساڵ، هێشتا بەدەوری بازنەی دیموگرافیا و جوگرافیای خۆماندا دەخولێینەوە.

پێکهێنانی حکومەتی نوێ ئەو هەلەمان دەداتێ کە بیسەلمێنن، بەوەی دوای حەوت ساڵ لەنیمچە دیموکراسی، بۆ دواجار هەنگاو نراوە بۆ دوورکەوتنەوە لە سیستەمی کۆتا (محاصصة) و خاڵی دانانی کەسی شیاو لە پۆستی شیاویش نزیکتر بووەتەوە.

hiwaosman@yahoo.com
twitter: hiwaosman
facebook: hiwa osman



عەبدولڕەحمان سدیق *

prdcenter@yahoo.com



# د.ڕۆژ : هەندێک لایەن 100% داواکارییەکانی کوردییان قەبووڵە


**ڕووداو–اصوات العراق**

د.ڕۆژ نوری شاوێس، سەرۆکی شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕایگەیاند هەندێک لایەنی عێراقی 100% داواکارییەکانی کوردیان پەسەندکردووەو هەندێکیشیان تێبینیان لەسەر چەند خاڵێک هەیە. د.ڕۆژ لەلێدوانێکدا لەدوای کۆبوونەوەی هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کە لە تەلاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێوەچوو، گوتی "ژمارەیەک لیژنە لە لایەنەکان پێکهێنراون بۆ چەند دۆسیەیەکی جیا جیا، هاوکات چەندین دۆسیەش ئامادەکراون بەرەزامەندی سەرجەم لایەنەکانی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبونەوەی سبەی نێوان سەرۆکی لیستە براوەکانی عێراق".

# حیزبە بچووکەکان ئامادەنین بپێچنەوە

## سکرتێری پارتی نەتەوەیی کوردستان : ئەگەر بودجە نەدرێتە حیزبەکان لەوانەیە پەنا بۆ کاری خراپ و مەترسیدار ببەن

## ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان: ئەگەر مینحەکە بێ مەرج بێت ئەوا هەموو کەسێک ڕاست دەبێتەوە وەک کاری خۆژیێنی حیزب دروستدەکات



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو–سلێمانی**

هێشتا شێوەی بودجەی حیزبەکان لە پەرلەمانی کوردستان یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام زۆرینەی دەنگەکانی نێو پەرلەمان لەسەر بە پێوەرکردنی کورسی کۆکن، کە ئێستا تەنها 7حیزب لە پەرلەمانی کوردستان کورسییان هەیە. حیزبە بچووکەکانی دەرەوەی پەرلەمان داوا لە پەرلەمان دەکەن لە پرۆژە یاساکەدا گۆشەیەکیش بۆ ئەوان لەبەرچاو بگرن، تاقووتیان نەبڕێت.

شوکروڵڵا حەمەدەمین، سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان دڵخۆشە بەوەی کە لەمەودوا بودجەی حیزبەکان بەیاسایی دەکرێ، هەرچەندە لەوانەیە حیزبەکەی خۆ ی لەو یاسایەدا جێگەشی نەبێتەوە "کە بودجە بەیاسایی کرا، ئیتر بودجە نابێتە کارتی گوشار بەسەر حیزبە بچووکەکانەوە و هەموو حیزبێک دەتوانێ قسەی خۆی بکات لەسەر دیاردەکان". شوکروڵڵا حەمەدەمین، گوتیشی "لە ساڵی 2000 لەسەر یەک بەیاننامە یەکێتی بودجەی 8 مانگی حیزبەکەمانی ڕاگرت".

سکرتێری دیموکراسیخوازان، پێوەری کورسی ڕەتناکاتەوە، بەڵام داواشدەکات کە مینحەیەکی دیاریکراویش بدرێتە ئەو حیزبانەی کورسیان نییە و ماوەی دووخولی پەرلەمانیان بۆ دیاری بکرێ "ئەگەر لە ماوەی ئەو دوو خولەی پەرلەمان توانی بگاتە پەرلەمان باشە، بەڵام ئەگەر نەیتوانی ئەوکات با مینحەکەی ببڕن". بەپێی گفتوگۆکانی نێو پەرلەمان لەوبارەوە، ئێستا پێشنیازکراوە کە هەر حیزبێک کورسی لە پەرلەمان نییە، مانگانە بڕی 10 ملیۆن دیناری وەک مینحە پێبدرێت.

پرۆژە یاسای بودجەی حیزبەکان ماوەیەکی زۆرە لەپەرلەمانی کوردستانە. لە خولی ڕابردووی پەرلەماندا 50 پەرلەمانتار داوایانکرد شێوەیەکی یاسایی وەربگرێت، لەو خولەشدا دوو پرۆژە لەلایەن فراکسیۆنی کوردستانی و گۆڕانەوە پێشکەشکران، کە هەردووکیان ئێستا کراونەتە یەک.

بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لەگەڵ ئەوەن کورسی بکرێتە پێوەر، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئایا بۆ هەر کورسییەک چەند دیاری بکرێت و ئەو مینحەیە چەند بێت کە دەدرێتە حیزبە بێ کورسییەکان.

گۆران ئازاد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە فراکسیۆنی کوردستانی دەڵێ دوو حاڵەت هەیە

### سکرتێری حیزبی ڕزگاری کوردستان: ئیتر حیزبۆچکە دروستکردن نامێنێ

بۆ ئەوانەی نەگەیشتوونەتە پەرلەمان "مینحەیەکی دیاریکراو بدرێتە هەر حیزبێ ئیدارەی خۆی پێ بکات تا دەگاتە پەرلەمان، کە لەنێوان 15–25 ملیۆن دیناردا بێت و ڕای دووەم دەڵێ لەسەر ژمارەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردندا مینحەیان بۆ دیاری بکرێت". ئەو پەرلەمانتارەی کوردستانی گوتیشی "بەڕای من سەرەنجام ئەوە پەسەند دەکرێت کە پێوەر کورسی بێت و مینحەیەکیش بۆ بێ کورسییەکان دیاریبکرێت".

زۆر لەو حیزبە بچووکانەی لە پەرلەمان نین، پێشتر لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە بودجەیان پێدەدرا، یان لەلایەن ئیدارەی هەولێر و سلێمانییەوە. ئەمساڵ حکومەت 90 ملیار دیناری بۆ بودجەی حیزبەکان تەرخانکرد، بەڵام بەشی نەکرد.

ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری حیزبی ڕزگاری کوردستان پێیوایە بەپەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی حیزبەکان "بودجەی مەیلداری" کۆتایی دێت و ئیتر حکومەت بەپێی یاسا بودجە دەداتە حیزبەکان نەک حیزب پارە بداتە حکومەت "ئیتر حیزبۆچکە دروستکردنیش نامێنێ و هەر حیزبە و خاوەنی بڕیار و قسەی خۆی دەبێت".

ڕێکار ئەحمەد، پێیوایە لەبەرئەوەی کە کورسییان نییە، ناکرێت لە گۆڕەپانەکە وەدەربنرێن و حسابێک بۆ ئەوانیش نەکرێت "لە هەموو دونیا کە حیزب مۆڵەت وەردەگرێت، یارمەتیش دەدرێت". ڕێکار ڕەتیکردەوە ئەگەر بودجە نەیگرتنەوە وازبێنن و کۆتایی بەژیانی پارتەکەیان بێنن "بەردەوام دەبین و ئێستاش بەبێ بودجە بەردەوامین".

محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە دیدارێکی پێشتری (ڕووداو)دا گوتی "پێم باشە چەند پێوەرێک هەبن بۆ دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان و تەنها کورسی نەبێت، چونکە هەندێک حیزب هەن ئەگەر قوتیان ببڕدرێت ناچارن پەیوەندی بە شەیتانیشەوە بکەن".

جەبار میرزارۆستەمی، سکرتێری پارتی نەتەوەیی کوردستان لەو بارەیەوە دەڵێ "من ناڵێم پەیوەندی بەملاو ئەولاوە دەکەن، بەڵام لەوانەیە پەنا بۆ کاری خراپ و مەترسیدار ببەن". سکرتێری پارتی نەتەوەیی کوردستان پێوەری کورسی بە"ناعەدالەتی" دەزانێ و دەڵێ "خۆ حیزب هەیە حیزبی نوخبەیە و نایەوێت بەشداری هەڵبژاردنیش بکات، مەرج نییە هەموو حیزبێک هەوڵی چوونە ناو پەرلەمان بدات"، ئەو بەرپرسە هەروەها دەڵێ "ئەگەر کورسی کرایە تاکە پێوەر، ئەوکاتە ئێمە مافی خۆمان لە پارتی و یەکێتی دەوێ، چونکە لە هەڵبژاردندا لەچوارچێوەی لیستی کوردستانیدا بووین".

ئەندامێکی پەرلەمان لە فراکسیۆنی گۆڕان، لەو بڕوایەدایە ڕەچاوی پارتە بچووکەکانیش دەکرێ و، دەڵێ "پرۆژەی کۆتایی کە لیژنەی یاسایی ئامادەیکردووە، ڕەچاوی مینحەیەکی تایبەتی کردووە بۆ حیزبە بێ کورسییەکان"، ئیسماعیل گەڵاڵی لەگەڵ ئەوەدایە مینحەکەش مەرجی تێدابێت و دەڵێ "خۆ ئەگەر مینحەکەش بەشێوەیەک بێت کە هەر حیزبێک مۆڵەتی هەبێت مینحەی پێبدرێت، ئەوا هەموو کەسێک ڕاست دەبێتەوە وەک کاری خۆژیێنی حیزب دروستدەکات و مۆڵەت وەردەگرێت".

## پێشنیازێک بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان

# ڕێنماییەکانتان سەوز بکەنەوە

ئەوە ڕاستە کە بەپێی پێوەرەکانی نیشتەجێکردن، پێویستە لە دیزاینی شاردا چەند مەرجێکی ژینگەیی لەبەرچاو بگیرێن، لەوانە:

– دەبێ هەر کەسێک دووەمەتر دووجای لە گۆڕەپانی یاری بەربکەوێت لە سنووری گەڕەکەکەی خۆیدا.

– دەبێ هەر کەسێک لە نێوان (1.5 – 2.5) مەتر دووجای لە باخچەو ڕووبەری سەوزایی بەربکەوێت لە گەڕەکەکەیدا .

–بە پێی پێوەری جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، دەبێ هەرکەسێک لە شارەکەی خۆیدا لە نێوان (15 – 20) مەتر دووجای لە باخچەو ڕووبەری سەوزایی بەربکەوێت .

ئەم مەرجە ژینگەییانە کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر چاکترکردنی ژینگەو ژیانی مرۆڤەکان لە شاردا، لەوانە :

1- ڕەوبەری سەوزایی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە هەڵمژینی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و، بەرهەمهێنانی ئۆکسجین .

2-ڕۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی تینی تیشکی خۆر .

3- ڕۆڵی هەیە لە بەرگرتن لە ڕەشەباو گەردەلوول .

4- ڕۆڵی هەیە لە بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی کۆبوونەوەو دانیشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە پارکێکدا یان لە سەیرانگەیەکدا .

5- ڕۆڵی هەیە لە ئارامکردنەوەو چاکترکردنی باری دەروونی مرۆڤ، کە ڕەنگی سەوز کاریگەری پۆزەتیڤی هەیە لەسەر کەمکردنەوەی هۆرمۆنی بەرپرس لە گرژبوونی باری دەروونی، هەر لەبەر ئەمەشە کە دەوڵەتانی جیهان هەوڵدەدەن زیاتر لەو پێوەرە نێودەوڵەتیانەش، ڕووبەری سەوزایی لە شارەکاندا زیاد بکەن، بۆ نموونە لە شاری (پەکین)ی پایتەختی چین، هەر تاکێک ڕووبەری 45 مەتر دووجای لە سەوزایی بەردەکەوێت و، لە (تاران)ی پایتەختی ئێرانیش هەر تاکێک زیاتر لە 20مەتر دووجای بەردەکەوێت!

بۆیە گرنگە کە شارەوانی لە کوردستاندا چەند هەنگاوێک بگرێتەبەر لەوانە :

1-لەکاتی پێدانی مۆڵەتی بیناکردندا بە مەرجی بگرێت کە ڕوبەرێکی دیاریکراوی زەوی خانووەکان بکرێنە باخچە ئەگەر کەمیش بێت، چونکە دەرکەوتووە کە تەنها یەک درەخت لە ڕۆژێکدا بەشی 3 کەس ئۆکسجین بەرهەم دەهێنێت !

2- زیادکردنی باخچەو پارکی گشتی لە نێو شارەکانداو، ڕێگەگرتن لە کردنە خانوو و کارگەی ئەو زەویانەی کە لە ماستەر پلان و دیزانی بنەڕەتی شاردا بۆ باخچە دانراون .

3- لەبەر کەم ئاوی، ئەو درەخت و دارانە بچێنرێن کە ئاوی کەمیان دەوێت و، ئاودانی بەدڵۆپەش پەیڕەو بکرێت و ، درەختەکانیش لە جۆری هەمیشە سەوز بن لە هەر چوار وەرزەکاندا .

4- بەردەوام ئاگای لە پێوەری جیهانی بێت بۆ ڕووبەری سەوزایی چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دانیشتوانی شارەکان لە زیادبووندان و ڕووبەری سەوزاییش لە کەم بووندایە، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی مەرجە ژینگەییەکانە لە دیزاینکردنی شاردا .

5- لەپاڵ پرۆسەی نەمام چاندندا، پێویستە وەزارەتەکانی حکومەت لەهەوڵی تەکنەلۆژیای سەوزدابن و، بەکارهێنانی وزەی جێگرەوەی وەک ئاو و تیشکی خۆر و هێزی ڕەشەبا بەمەرج دابنێن لە بینا نوێیەکاندا، ئەگەر نا، ئەوا تەنها نەمام چاندن لەتوانایدا نییە شەڕی ئەم هەموو سەرچاوانەی پیسبوونی ژینگە بکات.

*** سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پرد و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام.**

# بۆچی پەرلەمان لەدانە دادگای موستەشارەکان بێدەنگە؟



## بێدەنگی پەرلەمان سیاسییە

**بورهان ڕەشید***

مەسەلەی جاشەکان مەسەلەیەکی دوور و درێژە، دادگای باڵای تاوانەکان لەسەرەتای دەستپێکردنی کارەکانیەوە ناوی نزیکەی 300 خەڵکی تۆمەتباری ئامادە کرد کە دەبێ بچنە بەردەم دادگا، بەڵام ئەم مەسەلە لەڕووی ئیعلامییەوە پەردەپۆشکرا و هەڵوێستی سیاسیش لەسەر ئەو مەسەلەیە لە چەند ساڵی ڕابردوو نەبووە، پەرلەمانیش بێدەنگە، بەڵام ڕەنگە خەڵک و شەقام گوشار بخەنە سەر پەرلەمان. بەڕاستی مایەی شەرمە هەندێ خەڵک دەستیان سوورە بە خوێنی خەڵک، کەچی وەک هەندێ لایەن باسیدەکەن شاردوویاننەتەوە، هەندێ لایەن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشانازیەوە باسیدەکەن کە شاردوویاننەتەوە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا ئەوەی بیانشارێتەوە دەبێ وەک ئەوان دادگایی بکرێن، بۆیە بێدەنگی پەرلەمان بێدەنگییەکی سیاسییە.

ئێمە لەگەڵ دادگاییکردنی ئەو جاش و تۆمەتبارانەین، ئەوەی زۆر پەیوەندیدارە بەم مەسەلەیە لیژنەی مافی مرۆڤە لە پەرلەمان، هەقوایە ئەوانەی لە هەڵسوکەوتی ئەو تۆمەتبارانە زەرەرمەندبوون یاداشتنامە بدەنە لیژنەی مافی مرۆڤ بۆ ئەوەی بخرێتە ئەجێندای کاری کۆبوونەوەی پەرلەمانەوە .

بێدەنگی لایەنە سەرەکییەکان لە کوردستان بەتایبەت یەکێتی و پارتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەوڵدەدەن زۆرترین خەڵک لە خۆبگرن، ئەمەش هەر لە شەڕی ناوخۆوە کە زۆرترین کەسیان لە خۆیان کۆکردەوە، کە تەنانەت بکوژی سەرکردەکانیشیان تێدابوو، ئێستا چەندین لەو کەسانەیان بۆ کێبرکێی یەکتر لە خۆگرتوون، هیچ حسابێک بۆ ئەو ڕابردووە ناکەن کە خۆیان لەپێناوی خەباتیان کردووە و میللەت قوربانی داوە و زەویمان سوتاوە، بەشێک لە پلاندانەرانی ئەو سیاسەتەی زەوی سووتاندن، کە بەعس گرتییە بەر، ئەو جاش و موستەشارانە بوون.

هەندێ لە جاش و موستەشارەکان ئەگەر دادگایی بکرێن ڕەنگە دۆسیەی دیکە ئاشکرابێ، بەڵام زیاتر مونافەسەی حیزبی نێوان یەکێتی و پارتی دادگاییکردنی ئەوانی دواخست. لێبووردنی بەرەی کوردستانیش تەنها پاساوێکە وەک ئیمزانەکردنی حوکمی لەسێدارەدانی سەدام حوسێن و عەلی حەسەن مەجید، کە دەیانگوت گوایە ئیمزایان لەسەر هەڵمەتی نەهێشتنی لەسێدارەدان کردووە. مونافەسەی یەکێتی و پارتی دادگایی نەکردنی ئەو جاش و موستەشارانە و دڵدەدانیانی هێشتووەتەوە.

***پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.**



## نازانم بۆچی پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی بۆ نەکردووە

**سالار مەحمود***

لەڕاستیدا وەکو سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمان و، وەک فراکسیۆنی کوردستانیش تەواو لەگەڵ بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقین بەهەموو وردەکاریەکانیەوەو لەگەڵ جێبەجێکردنی دەقاودەقیداین، بەتایبەت ئەوەی تایبەتە بە دادگاییکردنی تۆمەتباران، ئەوانەی پێیاندەگوترێ موستەشارەکان. بۆ ئەوەی ئەم مەسەلە ببێتە بنەمایەک لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا بەیاسا ماکی جاشێتی ببڕێتەوە .

ئەوانەی لە ساڵی 1988 موستەشار بوون و لە تاوانەکانی ئەنفالدا بێ تاوانن، با دادگا بێ گوناهییان بسەلمێنێ، بۆیە ئەم مەسەلەیە دوو لایەنیە، هەندێکی خزمەت بەو کەسانە دەکات کە لە سوپای عێراق و لە چوارچێوەی فەوجە خەفیفەکاندابوون و تێوەنەگلاون، خزمەت بەو کەسانەش ناکات کە لە چوارچێوەی پرۆسەی ئەنفالدا بە تاوانەکانەوە تێوەگلاون.

ئێمە لە فراکسیۆنی کوردستانی ڕۆژی 2010/10/10، بەیاننامەیەکی فەرمیمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی هەم بە دواداچوون بۆ مەسەلەی قاسم ئاغای کۆیە و هەم هاوشێوەکانی بکات. بۆیە هیواداریین مەسەلەی ئەو جاشانە نە بە سیاسی بکرێت، نە بە کەسەکی و شەخسی بکرێت، واتە نە هەندێک لایەن لەدژی هەندێ لایەنی دیکە بەکاری بێنن و هەندێک لایەنی پێ تۆمەتبار بکرێن، هەم تەنها ناوەکان یان چەند ناوێک نەبێت وەک قاسم ئاغا، بەڵکو هەمووان بگرێتەوە. بۆیە بۆ قاسم ئاغا و ئەوانیدیکەش دەبێت دادگا ئەوە بسەلمێنێ کە ئەمانە تاوانبارن یان نا، بۆیە پشتیوانی لەو پرۆسەیە دەکەین.

ئەو لێبووردنەی کاتی خۆی بەرەی کوردستانی لێبووردنی سیاسی بوو، دەبێ ئیعتیبار بۆ کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال دابنرێ و چیتر ئەم مەسەلەیە درێژە نەکێشێ و چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە .

ئەوەی جێگەی پرسیارە تائێستا پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەو مەسەلەیە نەبەستووە، پێویستە لایەنی جێبەجێکردن بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکات . چونکە ئەگەر تاوەکو 1988 چوار هەزار پێشمەرگە هەبووبێت، 400 هەزار جاش هەبووە، ئەمە مەسەلەیەکی ئاسان نییە .

***پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانی لەسەر لیستی یەکێتی.**



## مەسەلەیەکی گرنگە بەڵام دۆسیەکەیمان نییە

**عومەر عەبدولعەزیز***

بەنیسبەت ئەو جۆرە دۆسیانەوە عادەتەن دەبێ ئەوەلییات ئامادەبکرێ، هەروەها لایەنێک کە وەک داواکاری گشتی یان لایەنێک یان حیزبێک یان کۆمەڵە ڕێکخراوێک یان لێژنەکانی پەرلەمان بیانخاتەڕوو بۆ ئەوەی ئەو دۆسیانە بخەنەڕوو و بیدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان، چونکە عادەتن بەپێی پەیڕەوی پەرلەمان، لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمانە ئەجێندای کاری پەرلەمان و کۆبوونەوەکانی و خولەکانی دیاری بکات، تەنانەت بۆ فراکسیۆنێکیش نییە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بڵێ فڵانە مەسەلە بخەرە نێو کۆبوونەوەکانەوە .

بۆیە دۆسیەیەک بۆ ئەو مەسەلە دانەنراوە کە کۆدەنگی لەسەربێت و بخرێتە نێو ئەجێندای کۆبوونەوەکانەوە، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە، هەندێکیان بۆ کەمی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەولەویاتی پەرلەمان. بەگشتی گرنگی و ئەولەویات بە وەزارەتەکان و لایەنە جێبەجێکارەکان دەدرێ. فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمان دەیان پرۆژە یاسایان پێشکەشکردووە، هەمووی خراونەتە پاش ئەوانەی حکومەتەوە، بۆیە تاوەکو بۆشاییەک دروست نەبێ، ئەو باسە کە هیچ دۆسییەکی بۆ نەکراوەتەوە ئاسان نییە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەگەرنا کەس نکوڵی لەسەر ئەوە نییە کە ئەو مەسەلەیە گرنگە .

دەبێ ناو و زانیاری و دۆسیەکە هەبێت، داواکاری گشتی هەبێت، تائێستا دۆسییەکە خالییە، هیچ کەس نەهاتووە وەک بنەماڵە یان کەسوکاری قوربانیان یان خەڵکیتر نەهاتوون بۆ ئەو مەسەلەیە، بۆیە ئەگەر دۆسییەکە تەواو هەبێت کەسی شکاتکار و شکات لێکراو هەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئێمە دەیکەین بە دۆسییە، ئێمە قسەمان کردووە وەک فراکسیۆنی یەکگرتوو، بەڵام ئەم مەسەلەیە گشتییە، چونکە حیزبە گەورەکانی تێدایە و نایانەوێ ئەو مەسەلەیە ببێتە دۆسییە. ئەگەر دۆسییەیەک بە زانیاری تەواوەوە هەبێت، ئێمە گوشار دەخەینە سەر سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی بیکەین بە مەسەلە .

*** سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.**



## ئەگەر حکومەت نەیناردن با کەسوکاری قوربانیان بێنە پەرلەمان

**فازل بەشارەتی***

ئەو تۆمەتبارە داواکراوانەی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داواکراون، ئەگەر یاخی ببن لە دادگا، یان نەیانەوێ بچنە دادگا، یان مەسەلەکەیان بهێنرێتە پەرلەمان، ئەوکات پەرلەمان قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکات. بەڵام تائێستا هیچ شتێک بەناوی مەسەلەی ئەوانەی دەستیان لە ئەنفالدا هەبووە نەهاتووەتە پەرلەمان تاوەکو پەرلەمان گفتوگۆی لەسەربکات و بڕیاری لەبارەوە بدات.

ئەمە کاری حکومەت و دادگایە کە ئەو تۆمەتبارانە بباتە بەردەم لێپرسینەوە، ئەوکاتیش دادگا بڕیار دەدات کێ تاوانبارە و کێ بێ تاوانەو سزای ڕاستەقینەی خۆیان وەردەگرن. ئەگەر حکومەت و دادگا بەو کارە هەڵنەستان، ئەوکاتە کەسوکاری قوربانیان دەتوانن سکاڵایان بێننە پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی بۆ بکات .

ئەوە پرسێک نییە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەتەنها بڕیاری لێبدات، ڕاستە سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەموو هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەمە پەیوەستە بە بڕیاری سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە، چونکە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لەساڵی 1991پێش ڕاپەڕین، کۆبونەوەی بۆ ئەنجامداوە و بڕیاری لێبووردنی گشتی دراوە بۆیان. بەڵام کە تەنیا ناوی یەک دوو کەس لەوانە دەهێنرێ لەلایەن هەندێ کەسەوە لەم کاتەدا، بەڕای شەخسی خۆم ئەم ماستە بێ موو نییە و هەندێک هۆکاری لەپشتەوەیە .

خەڵکانێک لەپێناو بردنە پێشەوەی خۆیان لەبەردەم کەسوکاری قوربانیان و بۆ خۆشەویستکردنی خۆیان ئەم مەسەلەیە دەوروژێنن، بەڵام ناگەڕێنەوە بۆ بنچینەی مەسەلەکە کە لەساڵی 1991 بڕیارێکی لێبووردن هەبووە، ئێستا هەندێک لەو خەڵکانەی کە کاتی خۆی چەکدار و موستەشاری ڕژێم بوون، بوونەتە شەهیدی شۆڕش و پێشمەرگایەتی، هەیە پلەی بەرپرسیارێتی هەیە، هەیە کوڕی شەهید بووە .

کاتی خۆی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کە ئەو لێبووردنە گشتییەی دەرکرد هەر لەخۆوە نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوەبوو کە شەڕی ناوخۆ و ئەهلی دروستنەبێ و ڕاپەڕینی 1991ی کوردستان، بە دەردی ڕاپەڕینی باشووری عێراق نەچێت، سەرکردایەتی کورد زۆر وریایانە و ژیرانە بیریان لەو مەسەلەیە کردەوە، هەرچەندە من بەشبەحاڵی خۆم زۆر زووخاو و داخم چەشتووە لەدەست جاش و خۆفرۆشانی سەردەمی ڕژێم وەک پێشمەرگەیەک.

*** ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانی لە سەر لیستی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان.**

# ڕاپۆرت

## زاوایەکی ئوسامە بن لادن لە کڵێسای سەیدە نەجاتدا کوژرا




**رووداو-النخیل**

بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتی نزیک لە ڕێکخراوی قاعیدە، زاوایەکی ئوسامە بن لادنی سەرۆکی قاعیدە لەنێو چەکدارە هێرشبەرەکانی سەر کڵێسای سەیدە نەجاتدابووەو لەلایەن هێزی تایبەتی بەرنگاربوونەوەی تیرۆری عێراقییەوە کوژراوە. ئەو سەرچاوانە دەڵێن "زاواکەی بن لادن بەڕەچەڵەک یەمەنییە"، پێشتر سەرچاوەیەک لە هێزی بەرنگاربوونەوەی تیرۆری عێراقی ڕایگەیاندبوو "سەرجەم کوژراوەکانی کردەوە تیرۆریستییەکەی کڵێسای سەیدە نەجات ڕەگەزنامەی عەرەبیان هەبووەو عێراقی نەبوون".

### ڕووداوی ڕفاندنی دوو کچە کاکەییەکە لەلایەن قاعیدەوە لە زمانی خۆیانەوە

# "پێیانگوتین جارێکی دیکە هەر کەسێکی ئێمە بگیرێت ئێمەش ژن و کچی کورد دەگرین"

**نەوزاد و کاوە**
**رووداو-کەرکووک**

دوای ڕووداوی ڕفاندنی دوو کچەکەی، چەند چەکدارێک دەوروبەری ماڵی وەلید ئاغایان تەنیوەو بە وردی چاودێری هاتووچۆی کۆڵانەکە دەکەن، ئەو شوێنەی ماڵی وەلید ئاغای لێیە، زۆربەی شوفێری تاکسیەکانی کورد ناوێرن بەکرێیەکی زۆریش بۆی بڕۆن، ئەوێ گەڕەکی (واستی)یە.

کاژێر 4ی بەرەبەیانی ڕۆژی 2010/10/28 چەند چەکدارێک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی وەلید ئاغا کاکەیی و دوو کچی ناوبراویان ڕفاند. کاژێرێک دواتر چەکدارەکان بەتەلەفۆن مەرجی ئازادکردنی کچەکانیان بە وەلید ئاغا ڕاگەیاند "ئەگەر ئەو 5ژنەی ئێمە ئازاد نەکرێن کە لای پۆلیسن، کچەکانت دەکوژین". بەبڕیاری دادوەر ژنەکان ئازاد کران و کچەکانی وەلید ئاغاش لەڕێگەی دۆستێکی خۆیەوە گەڕێندرانەوە ماڵی خۆیان. ئەم ڕووداوە هێشتا تەمومژاوییە و بەپێی ئەو زانیاری و بەڵگەنامەیەی کە دەست (رووداو) کەوتووە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق داوای لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە دەکات.

"وەک بڵێی بایەک لە چینکۆ دەدات و دەیخات، دەنگی خشەخشێک هات، ئێمە لەخەودابووین، چەند چەکدارێک بە جلی سەربازییەوە هاتنە ژوورەوەو یەکێکیان بەکوردی گوتی سەگباب ئیرهابی لە ماڵت دایە"، وەلید جەلال ئاغا کاکەیی، ڕەتیکردەوە ئاگای لە هیچ بێت، بەڵام یەکێک لە چەکدارەکان پاڵی پێوەناوەو خستوویانە "ڕایانکردە قاتی سەرەوەو کچەکانیان هێنا، کچەکان هەر بابە بابە هاواریان دەکرد".

لە گێڕانەوەی ڕووداوەکەدا، وەلید ئاغا دەڵێ، یەکێک لە چەکدارەکان ویستی بمکوژێت "بەڵام یەکێکیان گوتی وازی لێبێنە، ئیشمان پێیەتی". لەڕاستیدا ئەو ئیشە دواتر دەرکەوت، کە ئامانج دەستکەوتنەوەی ئەو 5 ژنەی خۆیان بوو کە ماوەیەک لەمەوبەر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران، بەتۆمەتی پەیوەندی هەبوون بە ڕێکخراوی قاعیدەوە، کە بەپێی سەرچاوەکانی پۆلیس یەکێکیان هاوسەری بەرپرسی سەربازیی ڕێکخراوی قاعیدەبوو لە کەرکوک.

ڕفێنەرەکان دوو ئۆتۆمبێلی جۆری BMW و ڤیکتریایان پێبووە، پێش ئەوەی سێ کچەکەی وەلید ئاغا ببەن، دەستی خۆی و خێزانەکەشیان کەلەپچەکردووە "بەکەلەپچەکراوی چووم بۆ کڵاشینکۆفەکەم و کە میلیم هێنایەوە کەلەپچەکەم کرایەوە، فریای ئۆتۆمبێلی یەکەم نەکەوتم و ڕۆیی، بەڵام تەقەم لە ڤیکتراکە کردو ئەوانیش تەقەیان کرد، یەکێکم لەوان بریندار کرد و یەکێکیشیان لێ کوژرا"، وەلید ئاغا توانیویەتی یەکێک لە کچەکانی ڕزگار بکات، بەڵام دوو کچەکەی دیکەی بەناوی (لوما) و (زەینەب) بە BMW ڕفێنران.

گەڕەکی واستی حوزەیران، گەڕەکێکە دانیشتوانی تێکەڵن لە عەرەب و تورکمان، ژمارەی ماڵە کوردەکانی زۆر کەمن، ئەمەش وایکردووە کە جموجوڵی گرووپە چەکدارەکان لەو ناوچەیە ئاسانتر بێت.

وەک وەلید ئاغا باسیدەکات، کاتێک هاتوون، دراوسێکانی ئەویان ئاگادارکردووەتەوە کەس نەیێتە دەرەوە "پێیان گوتبوون مواهەمەمان هەیە".

سەرچاوەیەکی ئەمنی شاری کەرکووک تائێستاش بە گومانەوە لەو ڕووداوە دەڕوانێ و دەڵێ "پێشتر ئەو تیرۆریستانە داوایان لە وەلید ئاغا کردووە لە ماوەی 10ڕۆژ و لەبەرامبەر 7دەفتەر دۆلار ژنەکانیان بۆ ئازاد بکات، بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانیوە لەو ماوەیە بەڵێنەکەی بەجێبگەیێنێ، چوونەتە سەری و کچەکانیان ڕفاندووە تاوەکو وەک کارتێک بەکاربیێنن بۆ ئازادکردنی پێنج ژنەکەی خۆیان".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "لیوا تورهان عەبدولڕەحمان، جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک کە تورکمانە، هاوڕێی وەلید ئاغایە و دوای دەوام ژنەکەی ئازاد کردووەو دواتر گوتراوە کە ژنەکان بەکەفالەت بەردراون، بەڵام هیچ کەفالەت نەبووە بۆ ئەو ژنانە". ئەو سەرچاوەیە ڕەخنەی لەوەشگرت و گوتی "دەبووایە لە کاتی بەردانی ژنەکان چاودێری بکرانایە تاوەکو بزانن شوێنیان لە کوێیە و بیانگرن"، هەروەها وەک ئەو سەرچاوەیە بۆ (رووداو) ئاشکرای کرد "نوری مالیکی سەرۆک وەزیران نووسراوی ناردووە بۆ کەرکووک و داوای لێکۆڵینەوەی بەپەلە لەو ڕووداوە دەکات".

بەڵام لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی کەرکووک لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی کوردساتدا گوتی، لەبەر نەبوونی بەڵگە لەسەر ئەو پێنج ژنە ئەگەر ئەو ڕووداوەش نەهاتبووایە پێشەوە هەر ئازاد دەکران.

لیوا تورهان عەبدولڕەحمان، جێگری بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکووک لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ڕەتیکردەوە ئەو ژنانە بەبێ کەفالەت بەردرابن "ئێستا کەفالەتی ئەو ژنانە ئامادەیە و بەبڕیاری دادوەر ئازادکراون"، لەبارەی ئەو لیژنەیەش کە مالیکی داوای کردووە دروستبکرێ، لیوا تورهان گوتی "شتێکی ئاساییە و هیچ کێشەیەکی تێدا نییە".

کاتێک ئێمە چووینە ماڵی وەلید ئاغا، ژووری میوانەکەی پڕبوون لە میوانی عەرەب و تورکمان و کاکەیی، کە بەبۆنەی ئەو ڕووداوەوە سەردانیان کردبوو.

وەلید ئاغا ڕەتیکردەوە پێشتر ئەو چەکدارانە پەیوەندییان بەوەوە کردبێ و دەڵێ "ئەسڵەن ڕاست نییە و هیچ پەیوەندیمان نەبووە و ناشیانناسم". هەروەها گوتیشی "ڕاستە ئەو کابرایەی واستەی کردووە و چووەتە لای ئەوان کابرایەکە ناوی حاجی سەیاحە و خەڵکی کلیسەی سەر بە داقوقە، ئەو کابرایە بە ئەژداد و لە کۆنەوە تێکەڵی ئێمەبوون ڕاستە عەرەبن، بەڵام ئەو کابرایە لەڕووی خێرخوازییەوە ئەوەی کردووە".

ئەو خێرا بەردانەی ئەو پێنج ژنە لەدوای داوای چەکدارەکانی سەر بە ڕێکخراوی قاعیدە، گومانی لای زۆر لە شارەزایانی ئەمنی دروستکردووە، بەڵام وەلید ئاغا دەڵێ "حاجی سەیاح لەنێواندا بووە و ئەو چووە بۆ لایان و کچەکانی منیشی هێناوەتەوە". وەلید ئاغا گوتیشی "لای منیش جێگەی پرسیارە کە حاجی سەیاح چۆن گەیشتە لای ئەوان، بەڵام یەکێک لە تیرۆریستەکان خزمی خۆیەتی".

زەینەب وەلید ئاغا، کە تەمەنی 12 ساڵە، دەڵێ ئەوکاتەی لەلایەن ئەو چەکدارانەی قاعیدەوە ڕفێنراوبوو "ئازاریان نەداین و قسەشیان لەگەڵ نەدەکردین، بەڵام گوتیان ئێوەمان بۆیە هێناوە تاوەکو ژنەکانمان بدەنەوە". وەک زەینەب باسیکرد، ئەوانیان بەچاوبەستراوی بردووەتە ماڵێک و لەوێ تەسلیمی هەندێکی دیکەیان کردوون "کە حاجی سەیاح هات، دواتر ئێمەیان تەسلیمی ئەو کرد".

لەو ماڵەدا پسکویت و شەربەتیان داوەتە زەینەب و لوما و تەنها یەک ژن هاتووەتە لایان. زەینەب دەڵێ "پێیگوتین مەترسن، بەس ژنەکانمان بدەنەوە ئێوە دەنێرینەوە".

زەینەب وەلید ئاغا کە هێشتا تارماییەکانی ترس ڕووخساری جێنەهێشتووە ئەوەشی بۆ (رووداو) ئاشکراکرد کە "بەر لەوەی بێینەوە یەکێکیان بەمنی گوت بە باوکت بڵێ با چیتر پشتگیری کەس نەکات بۆ دامەزراندن، ئێمە کێشەی زەویمان هەیە با باوکت تەدەخولی تێدا نەکات و جارێکی دیکە هەر کەسێکی ئێمە بگیرێت، ئێمە ژن و کچی کورد دەگرین".

زەینەب دەڵێ، لە وانی پرسیوە باوکی چ تاوانێکی هەیە و چ پەیوەندییەکی بەو پێنج ژنەی ئەوانەوە هەیە "گوتی نا، ئێوە کوردن و کاکەیین و ئێمە کورد دەگرین و ژنەکانی ئێمە لەلایەن کوردەوە گیراون".

وەلید ئاغا، کوردێکی ناسراوی شارەکەیە، ئەو پێیوایە بۆیە کراوەتە ئامانج و هاتوونەتە سەر ماڵەکەی، چونکە گەڕەکەکەیان شوێنێکی ئاسانترە بۆ ئەوان و لەهەمانکاتیشدا کەسایەتییەکی ناسراوە "لەوە زیاتر من هیچ پەیوەندیم پێیانەوە نییە و نایانناسم".

لوما وەلید، تەمەن 18ساڵ، کە ئەویش لەگەڵ زەینەبدا ڕفێندرابوو، دەڵێ، "لەو ماڵەی ئێمەیان تێدا حەشاردابوو پێیان دەگوتین ئێوە کافرن، ئێوە کاکەیین و دەبێ مسوڵمان ببن. هیچ ئازاریان نەداین و قسەیان پێنەگوتین، نەشیاندەترساندین". لوما گوتیشی "بەڵام من گووتم ئێمە گوناهمان چییە، پێیانگوتین: چۆن ئێوە کوردن و کوردیش ژنەکانی ئێمەی گرتووە".

وەلید ئاغا دەڵێ کاژێرێک دوای ئەوەی کچەکانیان ڕفاند تەلەفۆنیان بۆ کرد و داوای بریندارەکەیان کرد "گوتم ئەبەد ئەو بریندارە تەسلیم ناکرێتەوە، بریندارەکە لای پۆلیسە و تەسلیم نەکراوەتەوە".

لوما لەبارەی هاتنی حاجی سەیاحەوە بۆ ئەو ماڵەی ئەوانی تێدا دەستگیرکراون دەڵێ "نەمان بینی تاهاتە ژوورەوە بۆلامان، ئەو ئێمەی دەناسی، دڵخۆشی داینەوە و دواتریش ئێمەی هێنایەوە بۆ ماڵ". وەلید ئاغا هەرچەندە بۆخۆشی سەیرە بەلایەوە کە چۆن وا زوو حاجی سەیاح بووەتە پردی پەیوەندی نێوان ئەو و ڕفێنەران، هاوکات دەڵێ زۆر تێکەڵین "ئاژداد و ئابادمان تێکەڵ بووە، کاتی خۆی لەزەمانی زوودا کەباوباپیرانم شەڕیان بووە لەگەڵ هەندێک عەرەب لەسەر زەوی، ماڵی حاجی سەیاح لەسەر ئێمە شەڕیان کردووە".



**زەینەبی تەمەن 12 ساڵ: ئێمەیان تەسلیمی حاجی سەیاح کرد**

**لومای تەمەن 18 ساڵ: پێیانگوتین ئێوە کافرن دەبێ ببنە موسڵمان**

**مالیکی داوای لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی ڕفاندنی کچە کاکەییەکان و ئازادکردنی 5 ژنەکەی قاعیدە دەکات**

### تەقینەوەی هەولێر خرابووە پێش 16 تەقینەوەکەی بەغدا

# محەممەد حوسێن لە (پردێ)وە لەژێر چاودێری ئاسایشدابوو



ئەو گیایەی محەممەد حوسێن عەلوان دەیویست بە 200 کیلۆگرام TNT لەبەردەم بازاڕی نیشتیمان بیتەقێنێتەوە

**سەلام سەعدی**
**رووداو- هەولێر**

سەرئەنجام هۆشداری و ئاگادارینامەی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان لەبارەی زیادبوونی هەڕەشە تیرۆریستییەکان و جموجوڵە گوماناوییەکان دژ بەئاسایشی هەرێمی کوردستان کە سەرەتای مانگی ڕابردوو بەگوێی هاووڵاتیاندا درا، ڕاستییان پێکا. زانیاری دەزگا ئەمنییەکان هەروەک ڕایانگەیاند پشتئەستوور بوو بە سەرچاوەی تەواو باوەڕپێکراو، هەرئەوەش بوو کە نەیهێشت گرووپە توندڕەوەکان فیستیڤاڵی تەقینەوەی هەولێر و بەغدا پێکەوە سازبکەن. لەکاتێکدا توانییان بەغدا بەزنجیرەیەک تەقینەوە بهەژێنن، هەوڵەکانیان لەهەولێر تووشی شکست بوو.

ڕۆژی 2010/11/2، بەگشتی 16 تەقینەوەی یەک لە دوای یەک چەندین ناوچەی شاری بەغدایان لەرزاند کە 198 قوربانیی لێکەوتەوە. دیمەنەکانی ئەو ڕۆژەی شاری بەغدا، ساڵانی 2005و 2006یان بیرهێنایەوە کە گرووپە چەکدارەکان هەژموونی خۆیان بەسەر بەشێکی فراوانی ناوچەکانی نێوەڕاستی عێراقدا سەپاندبوو. پاش هێوربوونەوەی ڕەوشی ئەمنیی عێراق لەم دوو ساڵەی دواییدا، تەقینەوەکانی سەرەتای ئەم مانگە، یەکێکبوو لەو هێرشە دەگمەنانەی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا ڕوویانداوە. گرژبوونەوەی ئەم ڕەوشە ئەمنییە تەنیا بە بەغداوە نەوەستاو لە کەرکووکیش دۆخەکە بەشێوەیەکی مەترسیدار لەبەرەوپاشچووندایە پاش تۆمارکردنی چەندین تەقینەوەو کردەوەی توندوتیژ.

نێوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو، دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان لەهەولێر و سلێمانی، لەبارەی ئەگەری جموجوڵێک بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تەقینەوەو خۆکوژی لەنێو هەرێمی کوردستاندا هۆشدارییان دا.

ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 10ی تشرینی یەکەم، لە ئاگادارینامەیەکی دەگمەندا، هاووڵاتیانی لەزیادبوونی هەڕەشە ئەمنییەکان ئاگادار کردەوەو داوای لێکردن کە چاوکراوەبن و هێزەکانی ئاسایش لەهەر جموجوڵێکی گوماناوی ئاگادار بکەنەوە. ئەم زانیارییانە ڕاست دەرچوون و تەنانەت لەم پلانی قەتلوعامەدا هەولێر پێش بەغداش کەوتبوو.

دوای کردەوە خۆکوژییەکەی شارۆچکەی قەڵادزێش، حاکم قادر حەمەجان بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی لەسلێمانی ڕایگەیاند کە کەتیبەکانی قاعیدە لە کوردستان وئەنسارولئیسلام کەوتوونەتە جموجوڵ و دەیانەوێ ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێکبدەن. هەروەها گوتیشی کە بەپێی زانیارییەکانی ئەوان، بەنیازن چەند تەقینەوەیەک ئەنجامبدەن و هەندێ لەبەرپرسانی حیزبی و حکومی و لایەنە سیاسییەکان تیرۆر بکەن.

حاکم قادر لەبارەی پلانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانە، بۆ (رووداو) گوتی "بێگومان بەرنامەمان هەیە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەمان هەیە بە پشتیوانی خەڵک و چاوکراوەیی هێزەکانی ئاسایش کە ڕۆڵی گرنگیان لەم بوارەدا هەیە".

ڕۆژی 2010/11/1، بارهەڵگرێکی بۆمبڕێژکراو پێش ئەوەی بگاتە بازگەی گردەڕەشە لەدەروازەی شاری هەولێر، لەلایەن هێزەکانی هۆبەی دژەتیرۆری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر درایە بەر ڕێژنەی گوللەو بەوەش ناوچەرگەی شاری هەولێر کە دەبووایە 20 خولەک دواتر لەسەر مەوعیدی تەقینەوەیەکی گەورە بێت، لەو کارەساتە دەرباز کرا.

شۆفێری بارهەڵگرەکە کەسێکی سەر بە (دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق)ی ڕێکخراوی قاعیدە بووەو هەروەک بەرپرسی هۆبەی دژە تیرۆر لە ئاسایشی هەولێر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ماوەی چەند ڕۆژێک بوو لەژێر چاودێرییەکی ورددا بوو". بەپێی زانیاری پێش وەختە، ئەو ڕۆژەی لەگوندێکی نزیک حەمرین بە بارهەڵگرێکی جۆری (کیا)ی ڕەنگی سپی بە بۆمبڕێژکراوی دەکەوێتەڕێ، هۆبەی دژەتیرۆر لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش لەهەولێر دەکەونە حاڵەتی ئامادەباشی. لە کاژێر 1:10 خولەکی دوای نیوەڕۆ بارهەڵگرەکە دەگاتە گوندی (گردە ڕەشە)و دەستبەجێ دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللەو شۆفێرەکەی دەکوژرێ کە دەبووایە ئۆتۆمبێلەکە تا بەردەم بازاڕی نیشتمانی ناوچەرگەی شاری هەولێر ببات. بارهەڵگرەکە بڕی 200 کیلۆگرام ماددەی TNTی تێدا حەشاردرابوو کە دەستبەجێ لەلایەن پسپۆڕانی بواری تەقەمەنی پووچەڵکرایەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەم بارهەڵگرە بەنێو پێنج بازگەی فەرمی و چەندین بازگەی لاوەکیدا لەحەمرینەوە گەیشتووەتە هەولێر بێ ئەوەی لەهیچ کام لەو بازگانەدا بەرەوڕووی پشکنینێکی ڕاستەقینە ببێتەوە.

هەرچەندە هێشتا ناسنامەی ئەو خۆکوژە بەتەواوی دیارنییەو بڕیارە بەپشکنینی DNO بدۆزرێتەوە، بەڵام بەگوێرەی ئەو ناسنامە عێراقییەی لەگیرفانیدا بووە، ناوی (محەممەد حوسێن عەلوان)ەو لەدایکبووی 1985/5/1ی بەغدایە. هەروەها ساڵنامەیەکی ئۆتۆمبێلەکەی پێبووە کە بەناوی خۆیەتی و ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەش ( 8940 — فحص . صلاح الدین)ە.

سەرچاوەیەک لە ئاسایش کە نەیویست ناوی بهێندرێ، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە پلانی ئەم تەقینەوەیە زۆربەوردی داڕێژرابوو. ئەوبارهەڵگرەی بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردراوە، بەتاڵ بووەو هێندە گەورەش نەبووە کە بازگە ڕێگەی نەدات بێتە نێو شارەوە. خۆکوژەکەش لەبەرئەوەی شارەزای ناو شاری هەولێر نەبووە، ئامانجێکیان بۆ دەستنیشان کردووە کە هیچ لادان و بەدواداگەڕانی ناوێت. لە کەرکووکەوە کە دێت بێ هیچ لادانێک دەڕوات تا دەگاتە ئامانجەکەی کە گۆڕەپانی نیشتمانە. لەبارەی وردەکاریی چالاکییەکەش گوتی "9 ڕۆژ بوو زانیاریمان هەبوو کە دەیانەوێ تەقینەوەیەک لەهەولێر بکەن. بەڵام 2 ڕۆژ پێش ئەنجامدانی کارەکەیان بەتەواوی دڵنیابووین کە تەقینەوەکە چۆن دەکرێ. ئاگادارکراینەوە کە بارهەڵگرەکە لەدیالەوە هاتووەتە سنووری کەرکووک". هەروەها گوتی "لەحەمرینەوە تا گەیشتە پردێ، ئۆتۆمبێلێک چاودێریی دەکردو بەردەوام بەتەلەفۆن ئاگاداری دەکردینەوە، لەپردێ بەملاوە ئینجا خۆمان دوایکەوتین و چەند جارێک هەوڵمان دا دەستگیری بکەین، بەڵام کارەکە ئاسان نەبوو، دوایی لەنزیک گوندی گردەڕەشە ئۆتۆمبێلێکمان چووە تەنیشتی و پێش ئەوەی فریابکەوێ دەست بگەیێنێتە چۆکی ساعیقەکە کە لای دەستی چەپی خۆیەوە بوو، لەجامەکەی لای تەنیشتییەوە درایە بەر گوللە".

ئەمە جاری یەکەم نییە کە دەزگاکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی دەزگای ئاسایشی هەولێر بەر بەهەوڵی لەوجۆرە دەگرن.

لە 2008/7/13یش، هەر لەنزیک گوندی گردەڕەشە، هۆبەی دژەتیرۆر پاش وەرگرتنی زانیاری بازگەیەکی کاتی لەشێوەی بازگەی گومرگ دادەنێن و هێندە نابات ژنێکی عەرەب بەناوی (دوعا حەمید ئیبراهیم) لەپێشی ئۆتۆمبێلێکدا دەستگیر دەکەن کە پشتێنێکی بۆمبڕێژکراوی لەخۆی بەستبوو و ئەرکی تەقاندنەوەی هوتێل (شیراتۆن)ی پێ سپێردرابوو.

دوعا لەدانپێدانانی خۆیدا باس لەوەدەکات کە لەلایەن (دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق)ەوە پێیگوتراوە ئەو هوتێلە ئەمریکی و ئیسرائیلی تێدایە.

دواتریش دەرکەوت کە خێزانی دوعا بەتووندی لە گرووپە تیرۆریستەکانەوە ئاڵاون و مێردەکەی بە ناوی (عیاد سلمان صطب) بەرپرسی ناوچەی (بێجی) بووە لەنێو گرووپی (جیش المجاهدین) و هەرلەوێ کوژراوە. برایەکی دوعا بەناوی عومەر حەمید ئیبراهیم لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا بە بریندارى دەستگیرکراوە و مێردی خوشکی بەناوی فەلاح ئیسماعیل ئەمیری گرووپی (جیش المجاهدین) بووە لە ناوچەی تارمیەی بەغداو لەلایەن (سوپای مەهدی)یەوە کوژراوە.

دوعا نزیکەی 6 کیلۆ ماددەی C4ی لەخۆی بەستبوو، چۆکی پشتێنە بۆمبڕێژکراوەکەش لەسەر لای چەپی سینگی بوو، لەوکاتەدا کە بەبیانووی پشکنینی ژێر کوشنەکەی لەئۆتۆمبێلەکە دەهێنرێتە خوارەوەو توند هەردوو دەستی دەگیرێ، هەوڵدەدات چەناگەی بگەیێنێتە چۆکەکەو خۆی بەکارمەندەکانی هۆبەی دژەتیرۆردا بتەقێنێتەوە.

لە 1ی نیسانی 2009یش، هەمان گرووپ واتە (دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق)، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی جۆری (هۆندا) لەگەڵ خۆکوژێک بەناوی (ئەبو حوزەیفە) ڕەوانەی بازگەی مەخموور-هەولێر دەکات. ئەبو حوزەیفەو ئۆتۆمبێلەکەی بەوردی دەکەونە ژێر چاودێریی دەزگای ئاسایش. کاژێر 6:20ی خولەکی ئێوارەی هەمان ڕۆژ دوای تێپەڕبوونی بە بازگەکانی پۆلیس و سوپای عێراقیدا و 20 مەتر نزیک بازگەی زورگەزراو دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللەو دەکوژرێ.


ئەو ئۆتۆمبێلەش بڕی زیاتر لە 60 کیلۆ ماددەی TNT تێدابوو.

### توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنسارولئیسلامان هەیە بە پشتیوانی خەڵک

حاکم قادر حەمەجان بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی لەسلێمانی

## عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکووک:

# عەرەب بەلێشاو نەهاتوون و ئێمەش نەنووستووین



سێ دیواری چیمەنتۆ و سێ خاڵی پشکنین دەبڕیت تا دەگەیە لای پارێزگاری کەرکووک، بەڵام پارێزگاری کەرکووک بە متمانەیەکی زۆرەوە پێیوایە کەرکووک لەڕووی ئەمنییەوە لە 14پارێزگاکەی دیکەی عێراق باشترە، هەروەها پێشوایە هاتنی عەرەب بۆ کەرکووکیش لە قەبارەی خۆی گەورەتر کراوە. بەڵام لە دەرەوەی ژوورەکەی پارێزگار هەر بەرپرسێکی ئەمنی و سیاسی کورد بدوێنی، ئاماژە بە هاتنی بە لێشاوی عەرەب و نەڕۆیشتنی ئەو عەرەبانەی تەعریبیش دەکات کە پارەی قەرەبوویان لە لیژنەی مادەی 140 وەرگرتووە.

لەبەرامبەر ئەو رەخنە زۆرانەی کە لێی دەگیرێن لەلایەن سیاسییەکانی کوردەوە، عەبدولڕەحمان مستەفا دەڵێ سەرکردەکانی کورد زۆر لێی رازین. هەموو ئەمانە و کێشەکانی دیکەی کەرکووکیشمان کردنە پرسیار بۆ پارێزگاری ئەو شارەی هەندێک بە "بەرمیلی باڕووت" هەندێک بە " شاری پێکەوە ژیان" ناوی دێنن:

**نەوزاد مەحمود و کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- کەرکووک**

**ڕووداو: ئەو شۆفێری تاکسییەی ئێمەی گەیاندە ئێرە گوتی ئەو پرسیارەی من بکەیێننە پارێزگار: من دەرچووی زانکۆم، بەڵام لەبەر بێکاری تاکسی لێدەخوڕم، بۆچی دامنامەزرێنی؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** دامەزراندن بەدەست پارێزگار نییە، بەدەست وەزارەتەکانە. وەزارەتەکان دەبێ دەرەجەی وەزیفی بدۆزنەوە و رەزامەندی وەزارەتی دارایی عێراق وەربگرن بۆ دامەزراندن. ئێمە لە ماوەی رابردوودا هەزاران کەسمان دامەزراندووە و کێشەی دامەزراندن ئێستا کێشەی هەموو عێراقە. ئەمڕۆ دەزگاکانی حکوومەت ناتوانن هەمو خەڵک دابمەزرێنن. دەبێ کەرتی تایبەت ببنە رێگایەک بۆ دروستکردنی هەلی کار. باخەڵک وانەزانێ ئێمە بێ خەمین، من لەسەر کێشەی دامەزراندن لەگەڵ زۆربەی وەزارەتەکان شەڕم کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی غەیرە کەرکووکی نەهێننە فەرمانگەکانی کەرکووک تاوەکو کەرکووکییەکان دابمەزرێنین.

**ڕووداو: کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانی ناو کەرکووکیش بوونەتە گرفت لەبەردەم دامەزراندنی خەڵکدا؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** دڵنیات دەکەم لەڕووی دامەزراندنەوە، کەرکووک لە هەموو پارێزگاکانی عێراق باشترە. ئێمە قاچمان لەزەوی توند کردووە و ناهێڵین خەڵکی غەیرە کەرکووکی بێنرنە کەرکووک. چەند ساڵێکە هەوڵی دروستکردنی پاڵاوگەیەکی نەوت دەدەین لە کەرکووک، خۆ ئێمە ئەو پاڵاوگەیەمان بۆ نەوت ء غاز ناوێت، ئامانجمان دروستکردنی هەلی کارە بۆ کەرکووکییەکان، رەزامەندیمان بۆ وەرگرت و دوایی وەزارەتی نەوتی عێراق ویستی بیگوازێتەوە بۆ سەلاحەدین، ئێمە رازی نەبووین.

### "وەزیری نەوت 2 جار شکایەتی لێکردووم"

**ڕووداو: بەڵام لە کۆمپانیای نەوتی باکوور کورد دەردەکرێن و کرێکاری عەرەبی بۆ زیاتر دەکرێن، لەکاتێکدا لە بنەڕەتدا کوردی تێدا کەمە؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** ئەمە زۆر گەورە دەکرێ، ئێمە دەرگامان واڵایە بۆ هەر کەسێک لە کۆمپانیای نەوتی باکوور دەرکرابێ، با سکاڵا تۆمار بکات. دەرکردن نییە و چۆن دەتوانن دەریان بکەن، تائێستا دووجار وەزیری نەوت شکاتی لەمن کردووەو دەڵێ پارێزگاری کەرکووک ناهێڵێ خەڵکی غەیرە کەرکووک لەکۆمپانیاکانی نەوت کاربکەن. من بەهەڵبژاردن هاتووم و لەبەغداوە دانەمەزراوم، بۆیە قبوڵ ناکەم خەڵکی غەیرە کەرکووکی بێتە کەرکووک. ساڵی 2007یش بۆ ئەو مەبەستە چوومە لای بەڕێز نوری مالیکی و پێمگووت قبوڵ ناکەم غەیرە کەرکووکی بهێنرێتە کەرکووک.

**ڕووداو: تەعریبێکی زۆر لە کەرکووک هەیە و هەندێک لەبەرپرسانی کورد دەڵێن لە ماوەی**

> **سەیرم پێدێت کە دەڵێن عەرەب ناڕۆنەوە ڕۆژانە 5 نووسراوی گەڕانەوە بۆ خێزانە عەرەبەکان دەکەم**

**35 ساڵی بەعسدا ئەوەندەی ئەو 7ساڵە عەرەب نەهاتوونەتە ناو کەرکووک. ئێوە چ دەڵێن کە بەرپرسیارێتی هەرە گەورە لەسەر شانی تۆیە؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** بەداخەوە شت زۆر گەورە دەکرێت. لە زەمانی بەعسدا بەهەزاران خێزانی عەرەبە هاتنە ناو کەرکووک. ئێمە بەردەوامین لەوەی خەڵکی کەرکووک نەبێت نەیێتە ناو کەرکووکەوە، مەگەر رەزامەندی هەبێت. دوای تەقینەوەکانی سامەڕا، خەڵکێکی زۆر هاتنە ناو کەرکووک هەر ئەوکات لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لیژنەیەک دروستکرا کە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک سەرپەرشتی دەکرد. ئەوانەی لەوکاتەوە لەو چوارچێوەیەدا هاتوون، فایلیان لای من نییە و پەیوەندییان بە منەوە نییە. رەخنە دەگیرێت و هەر دەگوترێت عەرەب ناڕۆنەوە، من سەیرم لێدێت وادەڵێن، هەموو رۆژێک من لێرە نووسراوی گەڕانەوە بۆ ئەو خێزانانە دەکەم کە دەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانیان، ئەو فایلەی بەردەستم پڕ لەو نووسراوانەیە. رۆژانە 5 تاوەکو 6 نووسراوی گەڕانەوە دەکەم بۆ ئەو خێزانە عەرەبانە. کاکە من بەدیکۆمێنت قسە دەکەم، نەک وەک خەڵک هەر لەخۆمەوە شت بڵێم. زۆر موبالەغە دەکرێت، ئێمە ناڵێین عەرەب نەهاتوون، بەڵام رێگریان لێدەکرێ و ئەوەی بێ مۆڵەت هاتووە دەریاندەکەین. ئێمە بێدەنگ نین، بەڵام دەمانەوێ شتەکان بە واقیعی باس بکەین و شەڕەکەش هەروا ئاسان نییە.

**ڕووداو: کەواتە عەرەب بەو رێژە زۆرە نەهاتوون کە باس دەکرێ؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** بەڵێ، من وا دەڵێم.

**ڕووداو: کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ لە دوای رووخانی رژێمی سەددامەوە 8530 خێزانی عەرەب هاتوونەتە کەرکووک و بەپێی هەندێ ئامار 14هەزار خێزانی عەرەبی تەعریب قەرەبوویان وەرگرتووەو نەگەڕاونەتەوە؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** لە نووسینگەی ماددەی 140 نووسراوێکمان بەسیدی بۆ هات لەبارەی ئەوانەی قەرەبوویان وەگرتووە و ناگەڕێنەوە، ئێمە ناوەکانمان دایە پۆلیس تاوەکو دەریان بکات، پۆلیس داوای ناونیشانی ئەو ماڵانەی لە ئێمە کرد، دیسان ئێمە بەنووسراو داوامان لە نووسینگەی ماددەی 140کردەوە ناونیشانیان بۆ ئێمە بنێرن، بەڵام ئەوان گوتیان ناونیشانیان لای ئێمە نییە. باشە کە ناونیشانت لەلانییە چۆن دەزانی نەگەڕاونەتەوە؟ ئەی ئێمە چۆن بیاندۆزینەوە؟ دووبارە نووسراوم بۆ کردن و داوای ناونیشانمان کردووەتەوە. وەک گوتم بەشێکی زۆری ئەو عەرەبانەی هاتوونەتە کەرکووک دوای رووداوەکەی سامەڕا هاتوون و ئەوەش پەیوەندی بە منەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە لیژنەکەوەیە کە سەرۆکی ئەنجوومەن سەرۆکی بوو. بەڵام هەر دەبێ بارودۆخەکە چاک بکرێ و بگەڕێنەوە، بەشێکیشیان گەڕاونەتەوە.

### "پێش ئەوەی لە راگەیاندن قسەبکەن بابێنە لای من"

**ڕووداو: زۆر لە بەرپرسانی کورد گلەیی لەتۆ دەکەن لە هاتنی ئەو هەموو ژمارەی عەرەبە بۆ کەرکووک لەوانەش مەلا بەختیار، رزگار عەلی، نەرمین عوسمان، جێگری بەرپرسی لقی پارتی، دەڵێن پارێزگار دەسەڵاتی خۆی بەکارناهێنێ بۆ رێگرتن لە هاتن و دەرکردنی ئەو ماڵە عەرەبانە، ئێوە چ دەڵێن؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** حەزم دەکرد ئەوان بەر لەوەی لە راگەیاندن قسە بکەن، بێنە لای خۆم تاوەکو شتەکانیان تێبگەیێنم و لەکارەکانی خۆم بکۆڵنەوە. ئەگەر هاتبان بۆم روون دەکردنەوە، قسەکردن بەبێ بەدواداچوون زۆر ناخۆش و نادروستە. سەد بارەی دەکەمەوە و دەڵێم راست نییە و کارمان کردووە، ماوەیەکی دیکە بەئامار دەیدەمە (ڕووداو) کە من چیم کردووە، من ئەو قسانە هیچ بەڕاست نازانم.

**ڕووداو: دوای ئەو قسانەی کردی، مەلا بەختیار پەیوەندی پێوە نەکردی؟**

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** نەخێر، بەڵام من پەیوەندیم پێوەکرد و وەڵامی نەدامەوە، نازانم بۆچی.

**ڕووداو: مەلا بەختیار دەناسی، چۆن هەڵیدەسەنگێنی؟**

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەیناسم و رێزم هەیە بۆی.

### "دەیانەوێ چی بکەم"

**ڕووداو: هەندێک بەرپرسی کورد دەڵێن عەبدولڕەحمان مستەفا هیچی نەکردووە بۆ کورد لە کەرکووک؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** ئەو بەرپرسانە کێن؟ دەیانەوێ من چی بکەم و چیم نەکردووە بۆ کورد؟ هەموو لایەنەکان شایەتیم بۆ دەدەن کە لە شارێکی ئاوا قورسدا من نەبم کەس تەحەمولی کێشەکانی ناکات. حەقوایە قسە لەگەڵ خۆم بکەن. چەندین جار داوام کردووە لە ئیشەکانم بکۆڵنەوە. سەرکردایەتی سیاسی کورد منیان داناوە و چەندین جار بە ئیجابی کارەکانی منیان هەڵسەنگاندووە، هەرکەس ئەو قسەیەی کردبێ غەدر دەکات.

**ڕووداو: سەرکردەکانی کورد رووبەروو گلەییان لێت نەکردوو و لێت رازین؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** زۆر لێم رازین، نەیانهێشتووە دەست لەکاربکێشمەوە، چونکە زۆر لە ئیشەکانم رازین.

**ڕووداو: هیچ جارێک داوای دەست لە کارکێشانەوەت کردووە؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** بەڵێ چەند جارێک، بەڵام هیچ لایەک قبوڵی نەکردووە.

**ڕووداو: سەرکردایەتی کورد و بەغداش؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** دەبێ پێش ئەوەی

> **بەشێکی زۆری ئەو عەرەبانەی هاتوونەتە کەرکووک دوای رووداوەکەی سامەڕا هاتوون و ئەوەش پەیوەندی بە منەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە لیژنەکەوەیە کە سەرۆکی ئەنجوومەن سەرۆکی بوو**



> **حەزم دەکرد ئەوانەی رەخنەیان لێگرتم بەر لەوەی لە راگەیاندن قسە بکەن، بێنە لای خۆم تاوەکو شتەکانیان تێبگەیێنم و لەکارەکانم بکۆڵنەوە**

هەر شتێکی وابکەم پرس بە سەرکردایەتی کورد بکەم، چونکە ئەوان منیان داناوە و چۆن دەتوانم بێ پرسی ئەوان شارێکی ئاوا قورس و پڕ مەسئولیەت بەجێبێڵم.

**ڕووداو: لە کەرکووک باری ئەمنی زۆر شڵۆق بووەتەوە، دەگوترێ بەهۆی هاتنی ئەو لێشاوەی عەرەبە بۆ کەرکووک کە زەمینەیەکی باش بۆ جوڵانەوەکانی قاعیدە و رێکخراوەکانی دیکە دروست دەکەن؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** دۆخی ئەمنی کەرکووک بۆ بەوشێوەیە نییە کە باسی دەکەن، باشە ئەی بۆ باسی بەغدا ناکەن، ئێستاش کەرکووک لە شوێنەکانی دیکە باشترە. پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان زۆر بەباشی کاری خۆیان دەکەن و بەخێرایی تیرۆریستان دەستگیر دەکەن. بەڵام وەزیری ناوخۆ بەهەموو شێوەیەک بەربەستە لەبەردەم دەسەڵاتەکانی ئێمەدا، سەرەڕای ئەوەش ئێمە کاری خۆمان هەر دەکەین. بە شایەتی هەموو ئەوانەی سەردانیان کردووە، کەرکووک لە 14 پارێزگاکەی دیکەی عێراق باشترە لەڕووی ئەمنییەوە، بەڵام بەداخەوە هەندێک هەر بە خراپ باسی کەرکووک دەکەن.

**ڕووداو: هەڵوێستی ئەمریکییەکان لەبەرامبەر هاتنی بە لێشاوی عەرەب چۆنە؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** باشە تۆ بۆ هەر دەڵێی هاتنی بە لێشاوی عەرەب، ئینکاری هاتنیان ناکەین و خەڵک هاتووە، بەڵام عەرەب بەلێشاو نەهاتوون کاکە. ئەوەی هاتووە ئیجرائات وەرگیراوە لەبەرامبەری و زۆر لەوانەی هاتوون دەڕۆنەوە. کاکە ئێمە نەنووستوین و ئیجرائات بەردەوامە. ناتوانی بڵێی بە لێشاو عەرەب دێتە کەرکووک. ئەمریکییەکانیش هەقی ئەوەیان نییە و بەکێشەی خۆیانی نازانن و تەدەخول ناکەن.

**ڕووداو: هەواڵ پرسینی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەرکووک چۆنە لەگەڵ ئێوەدا؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** ئەوان باشن، خەمخۆری کەرکووکن و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەدەن.

**ڕووداو: هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەهەردوو کابینەی نێچیرڤان بارزانی و د بەرهەم تاچ ئاستێک بووە؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەر 6 کابینەکەدا زۆر باش بووە و سوپاسیان دەکەم.

**ڕووداو: قوتابخانەی کوردی و مامۆستای کورد لەکەرکووک بەردەوام کێشەیان هەیە و دژایەتی دەکرێن، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکووک بەردەوام دژایەتی کورد و خوێندنی کوردی دەکات، ئەو هەموو ساڵە بەڕێوەبەری گشتییە، بۆ نایگۆڕن؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** موبالەغەی زۆر لەمەشدا هەیە، چەندین جار قسەم لەگەڵ کردووە و ئەو پیاوە بەوشێوەیە نییە، بەڵام گۆڕین لای ئێمە نییەو ئەوە لە دەسەڵاتی وەزارەتدایە.

**ڕووداو: لەوانەیە تۆ تاکە بەرپرسی کورد بیت لە کەرکووک کە کێشەکان بشاریتەوەو گەشبینانە قسە بکەی، پێتناوایە کەرکووک هێندە بێ کێشە بێت؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** من راستییەکان باس دەکەم. کێشەکان دێنە لای من. بەو شێوەیەش نییە. کەرکووک بەسیاسەتی بەعس ئاوای لێکراوە و مەحاڵە بە 20 ساڵی دیکەش بتوانین بیگێڕینەوە دۆخی جارانی.

**ڕووداو: لەماوەی ئەمساڵدا پارێزگای بەسرا 24 ملیار دیناری بەرکەوتووە لە دۆلاری هەر بەرمیلێکی نەوتەکەی. کەرکووک چەندی لە نەوتەکەی بەرکەوتووە؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** پێش هەموو شتێک ئەو دەستکەوتە پرۆژەی من بوو، من پێشنیازی ئەوەم کرد و هەموو لایەنەکان شایەتی دەدەن. د.فوئاد مەعسوم و کاک عارف تەیفوریش گوتیان ئەوە پرۆژەی پارێزگاری کەرکووکە. لەسەر ئاستی عێراق گەورەترین بەرهەم هێنانی نەوت لە بەسرایەو دواتر ئێمەین، بۆیە ئێمە مانگانە 26 ملیار دیناری عێراقی وەردەگرین، واتە ساڵی 312 ملیار دیناری عێراقی وەردەگرین. ئێستا خەریکی گفتوگۆین لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی عێراق و دەبێ ئەوان پەسەندی بکەن و دواتر پارەکەمان بۆ بێت. پێش ئەوەی ئێوە بێنە ژوورەوە من لەگەڵ جەنابی بریکاری وەزارەتی دارایی لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەم دەکرد. ئەوە زۆرباشە بۆ ئێمە و دەتوانین کاری باشی پێ بکەین. چونکە پارەکە سێ ئەوەندەی ئەو بودجەیە کە لە بەغداوە بۆ کەرکووک تەرخاندەکرێ لە بودجەی پارێزگاکاندا.

**ڕووداو: کەرکووک زۆر پیسە، مەلا بەختیاریش گوتی کەرکووک بۆگەن بووە، پارەی زۆر لەبەردەستیاندایە و نازانم بۆچی ئەو شارە پاک ناکەنەوەو پارەکە دەگێڕنەوە بۆ بەغدا. بۆچی وایە؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** ئێمە یەکەم شارین بەوپەڕی پاکی 96%ی بودجەی ساڵی 2009 مان خەرجکردووە، من بۆخۆم دیکۆمێنتەکەم لەشاشەی کوردساتەوە نیشاندا کە لە دەزگای چاودێری داراییەوە بۆمان هاتووە کە بەرزترین دەزگای چاودێرییە. باشە بۆ لێکۆڵینەوە ناکرێ و هەر قسە دەکرێ. راستە کێشەی زبڵمان هەبووە، بەڵام تەنها سێ مانگ بووە. ئێمە بەجیدی ئیش دەکەین، ئەو کۆمپانیایانەی تەندەریان بۆ دەرچووبوو، مەرجەکانیان تێدا نەبوو.

**ڕووداو: سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ لە بودجەی چوارساڵی رابردووی کەرکووک 170 ملیار دینار ماوەتەوە، هەروەها دەڵێ ئێمە داوای شێوازی خەرجکردنیمان بۆ پرۆژەکان کردووە و پارێزگار بۆی نەناردین تاوەکو لە وەزارەتی دارایی هێنامان؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** من زۆر بە توندی ئەوە رەتدەکەمەوە. با من پێت بڵێم چۆن بووە، ئەوان گوتیان ساڵی رابردوو ئێمە 40 ملیار دینارمان گەڕاندووەتەوە، بەڵام دوایی خۆیان بۆیان دەرکەوت کە تەنیا 2 ملیارمان ماوەتەوە. بەڵام ئەی بۆچی باسی بودجەی ساڵی 2006 ناکەن کە بودجەکە لای ئەوان بوو. دەی من پێت دەڵێم بە دۆکومێنت کە لە کۆتایی 2008دا ئەوان 2 ملیار و 880ملیۆن و 900هەزار دیناریان بۆ ئێمە گەڕاندەوە و نەیانتوانی بە 3 ساڵ بودجەکە خەرج بکەن. باشە خۆ ئێستا ساڵی 2010 تەواو نەبووە چۆن دەزانن پارەمان گەڕاندووەتەوە. خۆ ئەوان بە 3 ساڵ نەیانتوانی تەواوی بکەن. ئێمە 2007مان بەکاملی تەواو کردووە و 2008یش کێشەمان هەبووەو 40%ی بوودجەکەمان پێگەیشت و بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت کێشەمان بۆ دروستبوو. پارە خەرج بکرێت بەرێکوپێکی یان بەناڕێکی و گەندەڵی، کامیان باشە؟ ئێمە دەمانەوێ پارەکەمان بە رێکوپێکی خەرج بکەین. ئەو برادەرانەی کە بەردەوام خەریکی رەخنەگرتنن، بابچن سەر لە پرۆژەکان بدەن و ئیشی خۆیان بکەن و بزانن کەموکورییەکان چین. ئێمە مانگانە بودجەی خەرجکراو بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا دەنێرین. کاکە من بە 2 رۆژ 2 ملیارم بۆ پرۆژە خەرج کردووە، خۆ بە قسەی ئەوان نابێت. من داوا لەو برادەرانە دەکەم بابێن لەجیاتی رەخنەگرتن بەیەکەوە دانیشین و قسە بکەین و هاوکاری یەک بین. نازانم ئەوان ئیشیان چییە، خۆ هەر من بە تەنیا بەرپرسی ئیداری نیم لەو شارە.

### "زەوی رووکن قسەی خەڵکانێک بوو دیاربوو ئامانجیان چییە"

**ڕووداو: زۆر باس لەوەدەکرێ کە تۆ کەوتوویەتە دوای بەرژەوەندی خۆت و زەوی روکن و ئەو شتانە بۆخۆت هەڵدەگریتەوە، وەڵامی بەڕێزتان چییە؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** ئەوە سەردەمێک خەڵکانێک ئەو قسانەیان دەکرد کە دیاربوو ئامانجیان چییە، فەرموو وەرە میوانی ماڵی من بە بزانە ماڵی من لەکوێیە و چۆنە؟ هەر لەو گەڕەکە دادەنیشم کە لێی لەدایکبووم و ئەوانە هەمووی پروپاگەندەی پووچن و هەموو کەس شایەتی چاکی من دەدا. من لە رۆژێکدا دەستم بۆ پارەی حەرام درێژ نەدەکرد کە کوڕێکی گەنج بووم و پارێزەرێک بووم بۆیە ئێستا دەست بۆ پارەی حەرام درێژ ناکەم و هەتا ماوم حەرام ناخۆم و ئەو قسانە رەتدەکەمەوە، تەنانەت ئەو پارچە زەویەشم رەتکردووە کە لەگەڵ بەرپرسە ئیدارییەکان بۆ منیش دانرابوو.

**ڕووداو: زیادەڕۆیی لەسەر زەوی شارەوانی یەکێکە لە گرفتە هەرە گەورەکانی کەرکووک، ئایا زێدەڕۆیی زیاتر لەلایەن کێوە دەکرێت؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** زیادەڕۆیی لەناو کەرکووک زیاتر لەلایەن عەرەب و کوردەوە کراوە، ئێمە کۆنترۆڵمان نەکردووە، بەڵام کەممان کردووە. بەڕاستی کێشەیەکی زۆر زۆر گەورەیە و سیمای شارەکەی تێکداوە و دەبوو رێگەی پێنەدرێ.

**ڕووداو: ئەی کێ رێگەی پێداوە؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** هەموو لایەک رێگەی پێدا، تەنانەت بەغداش. زیادەڕۆییش تەنها کێشەی ئێمە نییە، کێشەی هەموو عێراقە.

**ڕووداو: زۆر بەڕاشکاوی پێتوایە کەرکووک دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** بڕیارێکی زۆر زۆر قورسە، دەبێ خەڵکی کەرکووک ئەو بڕیارە بدات و ریفراندۆم بکرێ، ئەوە ماددەی 140هەیە و شتەکان بەدەست کەرکووکییەکانە.

**ڕووداو: بەڵام پرسیارەکە لە تۆ دەکەین؟**

**پارێزگاری کەرکووک:** ئاخر تۆ پرسیارێکی وام لێدەپرسی کە ئەوە بڕیاری من نییە، ئێمە لەوانەیە هەوڵبدەین و ئێمە لە لیستی برایەتی کەمن سەرۆکایەتیم دەکرد یەکەم خاڵمان ئەوەیە، بەڵام دەبێ بەپێی دەستوور چاوەڕێی ریفراندۆم بکەین، ریفراندۆم ئەوە دەردەخات.

> **پەیوەندیم بە مەلا بەختیارەوە کرد بەڵام وەڵامی نەدامەوە**

> **دەست بۆ پارەی حەرام نابەم**

> **چەند جارێک داوای دەست لەکارکێشانەوەم کردووە**

> **ماوەیەکی دیکە بەئامار دەیدەمە (ڕووداو) کە من چیم کردووە**

> **ئەو عەرەبانەی قەرەبویان وەرگرتووە و ناڕۆنەوە، لێژنەی 140ناونیشانی ئەوانی لەلانییە تا دەریان بکەین**

> **من نەبم کەس تەحەمولی کێشەکانی کەرکووک ناکات**

> **ساڵانە 312 ملیار دینار لە بەرامبەر نەوتی کەرکووک وەردەگرین**

> **مەحالە بە 20ساڵی دیکەش بتوانین کەرکووک بگێڕینەوە دۆخی جارانی**

> **داوا لەوانە دەکەم کە رەخنە دەگرن بابێن هاوکاری یەکتر بکەین**

> **ئەنجوومەنی پارێزگا بۆ باسی بودجەی 2006 ناکات کە لای ئەوان بوو**



**عەبدولڕەحمان مستەفا فەتاح**

1951 لەگەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکووک لەدایکبووە.
1974 کۆلێژی یاسای لە بەغدا تەواو کردووە.
تاوەکو ساڵی 1974پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە.
لەساڵی 2003 ەوە پارێزگاری کەرکووکە.

## عەزیز وەیسی گۆرانی بۆ هەولێر دەڵێ



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند عەزیز وەیسی بەنیازی تۆمارکردنی گۆرانییەکە لەسەر شاری هەولێر، وەک خۆی دەڵێ بەشێوەیەکی زۆر باش کاری بۆ کردووە. عەزیز وەیسی کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەنیازی تۆمارکردنی گۆرانییەکی جوان و شازم لەسەر شاری ئازیز و سەربڵندی هەولێر، ئەو هەولێرەی پایتەختی کوردانە و سیمایەکی جوانی بەخشیووەتە کوردستان و بووەتە جێگەی بایەخی هەموو دونیا".

# حەمەجەزا.. داینەمۆیەکی خەباتی شاخ



**ڕووداو – سلێمانی**

"حەمە جەزا هونەرمەندی گەورەی کوردە، ڕووحی ڕاستەقینەی کوردایەتی بوو، هەرچی کرد بۆ کوردبوو". جەوهەر نامیق، کە یەکێکە لە دیارترین سەرکردەکانی دوای هەرەسی 1975 و شۆڕشی گوڵان لەساڵی 1976دا لە قیادەی موەقەتەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەو جۆرە پەسنی حەمە جەزا دەدا.

جەوهەر نامیق دەڵێ سروود و گۆرانییە شۆڕشگێڕییەکانی حەمەجەزا و شڤان پەروەر زۆر یارمەتیدەری ئەوان بوون بۆ دروستکردنەوەی گیانی هەستانەوەو بەرخۆدان لەنێو ڕێکخستنەکانیاندا لە کوردستان ، لەو بارەوە دەڵێ "بۆ هۆشیارکردنەوەو دروستکردنەوەی گیانی بەرەنگاربوونەوە لەنێو گەل دا لە دوای نسکۆی 1975، لەچیاکانەوە سروودو بەستەکانی حەمە جەزا و شڤان پەروەرمان دەنارد بۆ خەڵک و ڕێکخستنەکانمان لە شارەکان".

ڕۆژی 2010/10/1 هونەرمەند حەمەجەزا

### جەوهەر نامیق: بۆ خەباتی شاخ دەنگی حەمەجەزا دەنگی هەستانەوەو جۆشدان بوو

### ئاوات عەبدولغەفوور: لەپرسەکەیدا لێکتۆراوەکانی کۆکردەوە

لە سلێمانی بە نەخۆشی شێرپەنجەی جگەر، کۆچی دواییکرد. خێزانی ئەو هونەرمەندە دەڵێن، خەڵکی کورد بەڕاستی ڕێزیان لە حەمە جەزا نا. ئەوەی بۆ مەرگی حەمە جەزا کرا، هەرگیز لەبیری ناکەن.

چلەی ماتەمینی حەمەجەزا، لە هۆلی تەلاری هونەر لە شاری سلێمانی ڕێکخرا. (هونەر)ی کوڕی حەمەجەزا بە (ڕووداو)ی گوت " هاوڕێیانی حەمەجەزا لە تیپی مۆسیقای سلێمانی مەراسیمەکەیان سازداو هیچ حیزب و لایەنێک دەستی تێوەرنەدا".

### حەمەجەزا و شڤان پەروەر بەر نەدەکەون

جەوهەر نامیق سالم، یەکێک لە پێشمەرگە و کادیرەکانی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان، ئەوەش بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە کە لەدوای نسکۆی شۆڕش لەساڵی 1975 بۆ جۆشدانەوەی بەرەنگاریی و هەستانەوە، دەنگی حەمەجەزا، دەنگێکی زوڵاڵ و دلێربوو "لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕش، ئێمە لەچیا هیچ ئێزگەیەکمان نەبوو بۆ هاندان و ئامادەسازی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە، لەڕێگەی کاسێتەوە سروود و گۆرانی و بەستەکانی شڤان پەروەر و حەمەجەزامان دەنارد بۆ شارەکان، بەتایبەت بەستەی بووکی ئازادی حەمەجەزا، ڕۆڵێکی باڵای هەبوو".

جەوهەر نامیق دەڵێت بۆ هەرجارێک کە بە ڕێکخستنەکانی خۆیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان کاسێتی حەمەجەزا و شڤان پەروەریان ناردبێتەوە بۆ شارەکان، هەر زوو تەواو بووەو بەخێرایی داوای هی دیکە کراوە "هەموو جار 200 تا 300 کاسێتمان دەنارد بۆ ڕێکخستنەکان لە شارەکانی کوردستان و ئەوانەی کە بۆ شارەکانی خواروو و نێوەڕاستی عێراق دوورخرابوونەوە، هەر زوو داوای کاسێتی دیکەیان دەکرد و نەدەمایەوە، ئەوە هێزێکی زۆری دەدا بە جەماوەری دوای نسکۆ".

### "تەسلیمبوونەوەی پێشمەرگەی کەمکردەوە"

ئاوات عەبدولغەفوور، یەکێک لەسەرکردەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی ئەوساو ئەندامی ئێستای ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەڵێ حەمەجەزا لەسەر وەختێک ورەو ئازایەتی بە خەڵک دەبەخشی کە لەوپەڕی ورە ڕووخاویدا بوون. عەبدولغەفوور چیرۆکێک بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە کە بۆخۆی لە نزیکەوە بینیویەتی "ساڵی 1989 لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین، بەهۆی تەواوبوونی شەڕی عێراق-ئێران و کارەساتی ئەنفالەوە، بەتەواوی شۆڕش ماندوو و ورە ڕووخاوبوو، بە دەستە و تاک تاک پێشمەرگە تەسلیمی حکومەتی بەعس دەبوونەوە، هیچ شتێک نەبوو لێشاوی تەسلیمبوونەوە بگرێ، ڕۆژێک لە سەقز کۆمەڵێک هونەرمەند کە لەنێویاندا حەمەجەزاش هەبوو، کۆبوونەوەیەکیان سازکرد کە شانۆو گۆرانیان تێدا گوت".

ئاوات عەبدولغەفوور ئاماژە بەگرنگی ئەو گۆرانییەی حەمەجەزا دەدا کە لەکۆبوونەوەکەدا گوتی و چەندە ڕۆڵی هەبوو بۆ هەستاندنەوەی ورەی ڕووخاو و بێ ئومێدی پێشمەرگە "هەر دوای ئەو گۆرانیە، بۆ مێژوو دەیڵێم، پێشمەرگەکان وزەیەکیان تێهاتەوەو تەسلیمبوونەوە زۆر کەم بوو، گۆرانییەکە گۆرانی بەرەنگاری و هەستانەوەبوو، کاری خۆی کرد، پێشمەرگە بە ورەیەکی دیکەوە دەستی پێکردەوە".


### "پێویستە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بخوێندرێ"

ئەنوەر قەرەداخی، مۆزیکژەنی دێرینی سلێمانی هەڵسەنگاندن بۆ دەنگ و هونەری حەمەجەزا بەو شێوەیە دەکات کە "تەواو کوردانەیە و میلۆدی خۆشی کوردی لە گۆرانییەکانی دا هەن"، قەرەداخی جگە لەپەسنی دەنگ و هونەرەکەی هونەرمەندی کۆچکردوو بۆ (ڕووداو) گوتی "حەمە جەزا فیداکارییەکەی لە شۆڕشدا و خاکی بوون و پەیوەندییە زۆرەکانی لەبواری کۆمەڵایەتیدا، وایکردووە نێوبانگی بەگەورەیی بمێنێتەوە، ئەوانە خەسڵەتی ئەو کەسانەن کە بە نەمری دەمێننەوە".

قەرەداخی پێشنیاز دەکات کە لەجیاتی یادکردنەوەی چلەو ساڵانەی کۆچی دوایی حەمەجەزا بە کۆبوونەوەیەکی بچووک، ژیاننامە و بەرهەمەکانی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکاندا بخوێنرێ و ساڵانە فیستیڤاڵێکی بۆ سازبکرێ بۆ ئەوەی وەک نەریتێک ڕێچکەی هونەری ئەو دەنگە ڕەسەنە خەڵکی دیکە لەسەر پێ بگەیێنرێ.



### کوڕی حەمەجەزا: خەڵکی کورد ڕێزێکی شایستەیان لە حەمەجەزا نا



### لەسەرووی حیزبایەتییەوەیە

حەمەجەزا دوای ماوەیەک لە دەستپێکردنەوەی شۆڕش چووە شاخ، ئەو لە شاخ لەگەڵ یەکێتیدا بوو، بەڵام توانیبووی جیاواز لە هەندێ هونەرمەندی خەباتگێڕ پێگەی خۆی لای هەموو لایەنەکان ڕابگرێ، گۆرانی بۆ هیچ حیزبێک نەگوت جگە لەپێشمەرگەی کورد، کە ئەمەش لەلای زۆرینەوە ڕێزی لێدەنرێ.

جەوهەر نامیق دەڵێ "گەورەیی حەمەجەزا لەوەدایە کە هەرچی پێی کرا بۆ کوردبوون کردی، هەمیشە لەگەڵ پرسی کوردبوو نەک حیزبایەتی، دەبێ ئەو هونەرمەندە لەسەرووی حیزبایەتییەوە سەیر بکرێ".

ئاوات عەبدولغەفوور کە لەساڵانی پێشمەرگایەتی لەچیا چەند جار لەگەڵ هونەرمەند پێکەوەبوون دەڵێ، "چونکە بەپاکی خەباتی دەکرد، لەپرسەکەیدا هەموو لێکتۆراو و زیزبووەکانی پێکەوە کۆکردەوە". مەبەستی عەبدولغەفوور سەرکردەکانی ئێستای گۆڕان و یەکێتییە.

لەچلەی ماتەمینی حەمەجەزادا کە ڕۆژی 2010/11/6 لە سلێمانی بەڕێوەچوو لە پەیامی ماتەمینی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جەخت لەسەر ڕۆڵی حەمەجەزا لە بواری هونەر و هونەری شۆڕشگێڕیدا کرابووەوە، بەڵام لە پەیامی ماتەمینی سەرۆک کۆماری عێراقدا کە لەلایەن ئازاد جوندیانی بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتییەوە خوێندرایەوە، جگە لەوە ئەوەشی گوت کە " کوردێکی سەر ڕاست و یەکێتییەکی سەر ڕاست بوو".

### "دەیگوت من هەر جەزای حاجی عەلی نیم"

هونەری کوڕی حەمە جەزا کە ئێستا لە وڵاتی دانیمارک دەژی، بۆ (ڕووداو) قسەی کرد و ستایشی ئەو ڕێزلێنانە دەکات کە خەڵکی کوردستان بەبێ جیاوازی بۆ مەرگی باوکی نواندیان، هونەر گوتی "کاتێک مرد تێگەیشتم حەمەجەزا بۆ ئەوەندە پەرۆشی ئەوەیە لە کوردستان بژی، من هەمیشە لۆمەی ئەوم دەکرد کە بۆچی ئەوەندە دەچێتەوە کوردستان و زۆر کەم دێتە لای منداڵەکانی من، دەمگوت خۆ سی ساڵە ئێمە نەمانتوانی لەبینینی تۆ تێر ببین، کەچی ئەو هەر دەیگوت ئاخر من موڵکی هەموو خەڵکم، هەر ئەوە نیم کە جەزای حاجی عەلیم دەبێ بچمەوە لای ئەوانیش".

# گوڵەکانی کەرکووک گەیشتنە ڕۆما



دەربەست دارا، ئەکتەری فیلمی گوڵەکانی کەرکووک

**ڕووداو-ئاژانسەکان**

چیرۆکێکی تراژیدی خۆشەویستی کوردی لە ساڵانی هەشتاکانی شاری کەرکووک، لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا.

فیلمی (گوڵەکانی کەرکووک) لەدەرهێنانی فەریبورز کامکار، باس لە ژیانی کچێکی کورد دەکات بەناوی نەجلا کە سەر بەچینی دەوڵەمەندی شاری کەرکووکە و ناچار دەبێت لەنێوان خۆشەویستی پزیشکێکی کوردی چەوساوە و داوونەریتی بنەماڵەکەی یەکێکیان هەڵبژێرێت. هەروەها باس لە شاڵاوەکانی ئەنفالیش دەکات. باس لە یاخیبوونی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئیسلامی دەکات.

هەروەک ئاژانسە ئەوروپاییەکان دەڵێن ، ئەو فیلمە، یەکەم بەرهەمی نێودەوڵەتییە کە لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدامەوە بەتەواوی لە عێراق وێنەی گیراوە.

کامکاری کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ڕایگەیاند، بەسەرهاتی نەجلا باس لە مافەکانی ئافرەت دەکات لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها چیرۆکێکە لە بارەی کۆمەڵگەی ئیسلامی.

ناوبراو لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە فیستیڤاڵی سینەمای ڕۆما لەبارەی بەرهەمەکەیەوە گوتی " زۆر لە ئافرەتی جیهانی ئیسلامیم بینیوە کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەو داوونەریتانەی کۆمەڵگە دەبنەوە کە سنووردارییان دەکات".

مەرجانە عەللاوی کە هونەرمەندێکی فەرەنسی بە ئەسڵ مەغریبییە و لەو فیلمەدا ڕۆڵی نەجلا دەبینێ، ڕایگەیاند کە ئەو فیلمە ڕەنگە ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لەپیشاندانی وێنەیەکی بەهێزی ئافرەتی موسڵمان. لەوبارەوە گوتی" ئەو فیلمە ئافرەت بە مۆدێرن و پێشکەوتوو پیشاندەدات، لەکاتێکدا ئافرەتی کۆمەڵگەی ئیسلامی هەمیشە بەمرۆڤێکی چەوساوە پیشاندراوە".

جگە لە نەجلا هونەرمەندی تورکی ئەرتیم ئیسیر و هونەرمەندی فەرەنسی بە ئەسڵ تونسی محەممەد زەواویش بەشداری تێدا دەکات.

هەروەها کامکاری پێیوایە کە چیرۆکی نەجلا لێکچوونێکی لەگەڵ چیرۆکی سەکینە هەیە کە ئافرەتێکی ئێرانییە و بەهۆی ئەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا هەبووە، سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە و لەوبارەیەوە کامکاری دەڵێ" لێکچوونێک لەبەسەرهاتی نەجلا و سەکینە دەبینم و فیلمەکە دەربارەی ئەو ئافرەتانەیە کە شەریعەتی ئیسلامی پەیڕەو ناکەن و هەوڵدەدەن بیگۆڕن و لەکۆتاییشدا گیانی خۆیان لەپێناو خۆشەویستیدا بەخت دەکەن". ئەو فیلمە لەلایەن کۆمپانیایەکی سویسری و ئیتاڵییەوە بەرهەم هێنراوە.

# دهۆک و زاخۆ لەسەر ( ڕێکا ستێران ) دەستیان لە یەکتر دایە چەک



**فرات کەلەهکی**

**ڕووداو-زاخۆ**

گۆرانیبێژی لاو عەبدوڵڵا زاخۆیی ئاشکرایکرد بەهۆی ئەو هەستیارییەی لەنێوان هەندێک لە خەڵکی زاخۆ و دهۆکدا هەیە، بەرنامەی (ڕێکا ستێرا)، کە لە کەناڵی ڤین تیڤی پێشکەشدەکرا وەستاوە، گوتی "کەناڵەکە نامەکانی خەڵکی زاخۆی پەخش نەدەکرد بۆیە زاخۆییەکان بەوە دڵگران بوون و هەر لەبەر ئەوەش بەرنامەکە وەستاوە".

عەبدوڵڵا زاخۆیی، 20 ساڵ، کە ئەستێرەیەکی بەرنامەکەیە و ماوەیەکە گۆرانی دەڵێ و سەرەتا بە لاساییکردنەوەی هونەرمەندان تەحسین تەها، حەسەن جەزیری، ئەردەوان و ئەیاز زاخۆیی دەستیپێکردووە، ئێستا دەیەوێ ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوەو سەرقاڵی بەرهەمهێنانی گۆرانییەکە. زاخۆیی گوتی "ئێستا خەریکی تۆمارکردنی گۆرانی (چەند ساڵە چاوەڕوانی تۆم)م، کە دەبێتە یەکەم گۆرانیم و دەمەوێ کلیپیشی بۆ دروست بکەم".

بەرنامەی ( ڕێکا ستێرا) کە لە ڤین تیڤی پێشکەشدەکرا، چەندین منداڵ و لاو دەنگی خۆیان لەو بەرنامەیە تاقیکردووەتەوە، بەڵام ئێستا بەرنامەکە وەستاوە. عەبدوڵڵا زاخۆیی، کە یەکێکبوو لە ئەستێرەکانی ئەو بەرنامەیە لەوبارەوە دەڵێت "یەکەمجار بەرنامەکان بە SMS بەڕێوە دەچوون، پاشان لە زاخۆ و دهۆک زۆر SMS دەهاتن، کێبڕکێییەکی توند لەنێوان ئێمە و ئەوان دروستبوو، بەڵام SMSی زاخۆییەکان پیشان نەدەدران ، بۆیە زاخۆییەکان ئەوەیان قبوڵ نەکرد و بەم شێوەیە بەرنامەکە وەستا". عەبدوڵڵا زاخۆیی گوتیشی "ئەمە یەکەم جار نییە شتی وا ڕوودەدات، چەند جارێکی دیکەش کێشەی وا ڕوویداوە. تەنانەت جارێک لە کەناڵی ڤین تیڤیدا کێشە لەنێوان حەسەن شەریف و عەبدولقادر زاخۆیشدا دروستبوو".ئەستێرەکان بە چەند قۆناخێکدا تێپەڕین، کە دواجار 10 ئەستێرە مانەوە، لەوانەش چواریان بۆ قۆناخێکی دیکە ڕۆیشتن و دوو ئەستێرەش لەڕێگەی SMSەکانەوە سەرکەوتن بۆ قۆناخی داهاتوو، بەڵام بەهۆی کێشەی SMSی دهۆکی و زاخۆییەکان بەرنامەکە ڕاگیرا. سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی بەرنامەکە عەبدوڵڵا زاخۆیی دەڵێت "ئەوە بەستراوەتەوە بە ڤین تیڤی، بەڵام ئەوان هیچ وەڵامێکیان نییە. زۆر کەس لێمان دەپرسێ کەی بەرنامەکە دەست پێ دەکاتەوە؟".

عەبدوڵڵا ئامادەیە ئەگەر ئەو بەرنامەیە دەست پێ بکاتەوە دیسان بەشداری بکاتەوە، " بەڵام ئەگەر مافی کەس پێشێڵ نەکرێت و بەشێوەیەکی یەکسان بێ. بەڵام ئەگەر ڕێگە نەدەن SMSەکان لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەربکەون، ئێمە بەشداری ناکەین. چونکە کێشەکە هەر لەسەر ئەم مەسەلەیە بوو".

عەبدوڵڵا زاخۆیی، کە ئێستا وەک گۆرانیبێژێکی لاو لە دەڤەری بادینان ناسراوە، پتر لە بۆنەکانی وەک نەورۆز و سەری ساڵ دەردەکەوێ و زۆرجاریش داوەتی بەرنامە هونەرییەکان دەکرێ لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکان.

ئەو پتر لاسایی هونەرمەندانی ڕەسەن دەکاتەوە، بەڵام ئەوە ئامانجی ئەو نییە، بەڵکو دەیەوێ ببێتە خاوەن ستایلێکی تایبەت بە خۆی "ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی کلیپێکم و پاشان ئەگەر دەرفەت هەبوو دەمەوێ CD یەک دەربکەم و بەم شێوەیە هەوڵبدەم خۆم پێش بخەم".

شەعبان سلێمان ، سەرۆکی لیژنەی دادوەری لە بەرنامەی (ڕێکا ستێرا)، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە لەو بەرنامەیەدا کێشە لەنیوان زاخۆییەکان و نێروەییەکاندا دروستبوو، چونکە ڕکابەری عەبدوڵلا زاخۆیی، کارزان نێروەیی بوو، کە خەلکی شارۆچکەی باگێڕایە کە دەکەوێتە 15 کیلۆمەتریی ڕۆژهەلاتی شاری دهۆکەوە .

سەرۆکی لیژنەی دادوەری لەو بەرنامەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" لە قۆناخی پێش کوتاییدا، 4 ئەستێرە سەرکەوتن، ئەوی پێنجەم بڕیاربوو لە ڕێگەی SMS هەڵبببژێردرێ، بەڵام لە شەوی کۆتایی کێبرکێیەکی زۆر لەنێوان عەبدوڵڵا زاخۆیی و کارزان نێروەیی دا دروستبوو، هەر لەو شەوەدا دەیان ترومبێلی عەشیرەتی نێروەییان بە چەکەوە هاتنە سەر بارەگای تەلەڤزیۆنی ڤین، پاشان بە ڕێگەی تەلەفون وەک ڤین تیڤی زانیمان لە زاخۆش دەیان ترومبێل بە چەکەوە بۆ دهۆک بەڕێکەوتوون، بەڵام ئاسایش و پۆلیس لە زاخۆ ڕێگەیان پێنەدان بێنە دهۆک بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت، هەر یەکسەر بەڕێوەبەرانی کەنالی ڤین بڕیاریاندا هەردووکیان، عەبدوڵڵا و کارزان بۆ قۆناغی دیکە سەربکەون".

شەعبان سلێمان کە شاعیرێکی نێوداری دەڤەری بادینانە تائێستا دوو سیدی و چەندین هۆزانی خۆی بەشێوەی کلیب بلاوکردوونەتەوە دەڵێ " پاش دروستبوونی ئەو کێشەیە، ئێمە وەک لیژنەی دادوەری کە من سەرۆکی ئەو لیژنەیەم بڕیارماندا کە ئەوانەی سەرکەوتوونە ببەینە تورکیا و لەوێ بەرنامەی کۆتایی دروست بکەین، بەڵام بەڕێوەبەرانی کەنالی ڤین پێیان باش بوو بەرنامەکە کۆتایی پێ بێنین، بەبێ لیژنەی دادوەری بڕیاریاندا شەش ئەستێرە لەو بەرنامەیەدا کە عەبدوڵڵا زاخۆیی و کارزانیشیان تێدایە سەربکەون و کۆتایی بەو بەرنامەیە بێنن".

شەعبان ئاماژەی بەوەشدا کە پێش سالێکیش لە بەرنامەی (تۆپ 10 )ی کەنالی ڤین تیڤی کێبرکێی نێوان هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆیی و حەسەن شەریف دروستبوو، لەسەر ئەوە کێشە لەنێوان زاخۆیی و دهۆکییەکاندا دروست بوو، لەو کێشەیەشدا بەڕێوەبەرانی کەنالی ڤین هەردووکیان بەسەرکەوتوو دانان. کاوین جیهاد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی ڤین پرودێکشن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەبەر ئەو کێشەیەی نێوان عەبدوڵڵا زاخۆیی و کارزان نێروەیی " ئێمە بەرنامەکەمان کۆتایی پێ هێنا و شەش کەس سەرکەوتن".

بەڵام گوتی بە نیازن جارێکی دیکەش دەست بەو بەرنامەیە بکەنەوە هەروەها گوتی" بەڵام ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین کە ستۆدیۆی باش و پێشکەوتوو لە هەولێر دروست بکەین، بەرنامەکە لە هەولێر دروست بکەین، نەک لە دهۆک".

## تاراوگە

### کوردێک وەزیری ناخۆی ئەڵمانیا بە قسە دێنێ



**ڕووداو-ئەڵمانیا**

پاش ئەوەی کوردێکی تەمەن 30 ساڵەی خەڵکی باشووری کوردستان و دانیشتووی ئەڵمانیا سکاڵایەکی لە دادگای باڵای دەستووری ئەو وڵاتە تۆمارکرد، دژی بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی بۆ وڵاتی یۆنان، تۆماس دی میزێر وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە هاتە وەڵام و رەتیکردەوە کە گۆڕانکاری بەسەر بڕیاری دیپۆرتکردنەکەیدا بێت. ئەڵمانیا ئەمساڵ 47 پەناخوازی رەوانەی یۆنان کردووەتەوە، چونکە دەرکەوتووە کە پێشتر لەو وڵاتەش داوای مافی پەنابەرییان کردووە. بەپێی یاساکانی یەکێتی ئەورووپا هەر پەناخوازێک لە یەکێک لە وڵاتەکانی ناو یەکێتی ئەورووپا داوای مافی پەنابەری بکات، مافی ئەوەی لە وڵاتێکی دیکەی نامێنێ.

---

د. مۆرداخای زاکین، ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل بنیامین نەتانیاهۆ :

# "کوردی جولەکە ڕاست نییە جولەکەی کوردستان ڕاستە"




**مستەفا چوارتایی وعەلی گوڵەر**
**ڕووداو-ئەڵمانیا**

ئەکادیمی ئیسرائیلی بەرەچەڵەک کورد د.مۆرداخای زاکین، ژمارەی کورد لەئیسرائیل بە 150-200 هەزار کەس مەزندە دەکات و، پێیوایە هاوسۆزی ئیسرائیلییەکان بۆ کورد زۆر زیاترە لە هاوسۆزی کورد بۆ ئیسرائیلی.

کورد لە ئەورووپا زۆر کۆڕ و سەمینار سازدەکەن، بەڵام بۆنە کوردییەکان بەوە ناسراون کە ئامادەبووانی کورد هەمیشە کەمێک درەنگتر دێن، کەچی ئەمجارە نیو کاژێر بەر لەوادەی سەمینارەکە، ژمارەیەکی بەرچاو کورد و هەندێک ئەڵمان لە هۆڵی ژمارە 376ی پەرلەمانی ئەڵمانیا بۆ سەمینارەکەی د.مۆرداخای هاتبوون. لەنێو ئامادەبووانda ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد ئامادەبیبوون، لەوانەش د.جەمال نەبەز.

مۆرداخای لە بەشی یەکەمی باسەکەیدا، ئاماژەی بە جیاوازییەکانی نێوان گەلی کورد و گەلی فەلەستینی کرد، پەنجەی لەسەر ئەوە دانا کە گەلی فەلەستینی چەندە پشتگیری عەرەبی و ئیسلامی هەیە و کورد چەندە بێکەسن. هەروەها باسی لە پلانی سیاسی فەلەستینییەکان کرد و رەخنەی لە بێ پلانی کورد گرت.

د.مۆرداخای، دوای کۆتایی هاتنی سەمینارەکەی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی " من لە باوک و دایکێکی کورد لەدایکبووم". ئەو دەڵێت باوکی کوردی زاخۆیە و لەوێوە چووەتە ئیسرائیل، دایکیشی کە لە ئیسرائیل لەدایکبووە، باوکی دایکی لە نسێبینی باکووری کوردستانەوە چووەتە ئیسرائیل. ئێستا ئەوان لە ئیسرائیل گوندێکیان دامەزراندووە. مۆرداخای دەستەواژەیەکی زۆر بەربڵاو لەنێو کورددا بە هەڵە دادەنێ و دەڵێ " (کوردی جولەکە) دەستەواژەیەکی ڕاست نییە. دەستەواژەی ڕاست ئەوەیە : (جولەکەی کوردستان). چونکە جولەکە کورد نین. ئەوان بە هەزاران ساڵ لە کوردستان و لەنێو کورددا ژیاون. کاتێک دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، ئەوانیش گەڕانەوە ئەوێ. لەبەرئەوەی هەزاران ساڵ لە کوردستان ژیاون، لەبەرئەوە کوردستانیان خۆشدەوێت". ئەو لە هەمانکاتدا دەڵێ " ئەز جولەکەیەکی ئیسرائیلیم، باوکم و بنەماڵەکەم لە کوردستانەوە هاتوون. من خاوەن بنەماڵەیەکی کوردستانیم".

جولەکەکانی کوردستان و عێراق لەساڵی 1951 بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد. مۆرداخای مەزندە دەکات کە "ژمارەی جولەکەکانی کوردستان لە ئیسرائیل ئێستا 150-200 هەزار کەس دەبن ".

مورداخای سەبارەت بە سەرەتاکانی هاتنی جولەکەش بۆ کوردستان دەڵێ " پێش هەزاران ساڵ هاتوونەتە میزۆپۆتامیا. دوای ئەوەی وڵاتەکەیان لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆژهەڵات و ئاشوورییەکانەوە داگیرکرا، ئەوکات جولەکەکان هاتنە کوردستان. لە تەوراتدا باسی ئاوی خابوور (خاقوور) کراوە. تەورات دەڵێ : جولەکە هاتنە دەوروبەری ئەو ئاوە".

مورداخای کتێبێکی لەبارەی مێژووی جولەکەکانی کوردستان بە زمانی عیبری نووسیوە بەناوی (جولەکەکانی کوردستان)، مۆرداخای چۆنییەتی خەریکبوونی بەو بابەتەوە بەوشێوەیە ڕووندەکاتەوە "- کاتێک لە زانکۆ دەمخوێند ، دەبووایە نامەکەم لەسەر تێزێک ئامادە بکەم. مامۆستاکەم پێشنیازی بابەتێکی ئابووری بۆ کردم، بەڵام من بابەتی مێژووی جولەکەکانی کوردستانم هەڵبژارد. لەبەرئەوەی بنەماڵەکەم لە کوردستانەوە هاتبوو دیدارم لەگەڵ زۆر کەس کرد، ئەوەش بووە بنچینەی کتێبەکەم (جولەکەکانی کوردستان)، لەوکاتیشەوە لێکۆڵینەوەکانم بەردەوامن".

> **هاوسۆزی ئیسرائیلییەکان بۆ کورد زۆر زیاترە لە هاوسۆزی کورد بۆ ئیسرائیل**
>
> **نەوت دەرهێنانی کورد کاریگەری سیاسی دەبێ بۆ کورد**

### "لە ئیسرائیل بە محەممەد عارف و حەسەن جزیری دەڵێن حەمۆ و حەسۆ"

د.مورداخای لەساڵی 1993 کۆمەڵەی دۆستایەتی ئیسرائیلی — کوردی دامەزراند کە تائێستا بەردەوامە و هەر خۆیشی سەرۆکیەتی " لە ڕێگەی ئەو کۆمەڵەیەوە زۆر چالاکیمان بۆ ناساندنی کورد بە رای گشتی سازکردن".

ئەو دەڵێ جولەکەکانی کوردستان لە ئیسرائیل ڕێپێوان دەکەن، بۆ ئەوەی کێشە و داواکانی کورد بە ئیسرائیلییەکان ئاشنا بکەن. "ئەوەش زۆر کاریگەری دەبێ بەسەر سیاسەتی ئیسرائیلەوە". هەروەها دەڵێ "جولەکەکانی کوردستان لە ئیسرائیل کولتووری کوردییان لەبیر نەکردووە، گوێ لە موزیکی کوردی دەگرن. وەک گۆرانییەکانی محەممەد عارف جزیری، حەسەن جزیری ، هەموویان گوێی لێدەگرن و زۆر حەزی لێدەکەن. بەو هەردوو هونەرمەندە دەڵێن حەمۆ و حەسۆ".

جوولەکە فەلەستین بە خاکی مێژوویی خۆیان دادەنێن، بەڵام لەوێ نەمابوون، لەدوای بەڵێنی بەلفۆر لە 1961ەوە بۆی گەڕانەوە و بەپشتیوانی ڕۆژئاوا دەوڵەتێکیان لەنێوان 22 دەوڵەتی عەرەبیدا دروستکرد، کە ئێستا هەموو عەرەب لێی دەترسن ، بەڵام کورد لەسەر خاکی خۆیشی تائێستا نەبووەتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی . د.مۆرداخای باس لە هۆکارەکانی بێدەوڵەتی کورد دەکات و دەڵێ "بەداخێکی زۆرەوە ڕەگەزپەرستی بەرامبەر کورد کراوەو دەکرێ. ڕژێمەکانی ناوچەکە هەمووی دژی کورد بوون. پێشنیازی من ئەوەیە کورد هاوکاری یەکتر بکەن و یەکبگرن و هەوڵبدەن لەو ڕەوشە بێنە دەرەوە کە تێیدان.

بیرکردنەوە لە دامەزراندنی دەوڵەت و درووستکردنی لۆبی پێویستە. هەروەها پێویستە کورد پلانی خۆی هەبێت". هەروەها دەڵێ پێویستە کوردانی تاراوگە هاوکاری یەکتر بکەن "لێرە لە یەکتر کۆببنەوەو زمان و کولتووری خۆیان بپارێزن. هاوکاری تێکۆشانی نەتەوەیی خۆیان بکەن لە کوردستان".

سەرەڕای ئاستەنگ دروستکردنە بەردەوامەکانی حکومەتی عێراق، بەڵام هەرێمی کوردستان سوورە لەسەر سیاسەتە نەوتییەکەی کە ئێستا خەریکە هەرێمی کوردستان زۆر بە فراوانی دەخاتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی. هەروەها بە ڕێگەی هێڵی نابووکۆ خەریکە رایەلەیەکی بەهێز لەگەڵ ئەورووپا دروستدەکات. د.مۆرداخای لەو بارەیەوە دەڵێت "بێگومان نەوت کاریگەری سیاسی دەبێ بۆ کورد، بەڵام ئێمە مێژوونووسین، مێژوونووسی رابردوو نەک داهاتوو، بەڵام دەبێ کورد کۆنتڕۆڵی سامان و کانزای سرووشتی کوردستان بکەن، وەک نەوت و ئاو".

مۆرداخای کە دامەزرێنەری (کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردی —ئیسرائیلی)یە. جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە نەک تەنیا ئەو جولەکانەی لە کوردستانەوە چوونە ئیسرائیل، بەڵکو ئیسرائیلییەکان بەگشتی ئاشنای کوردن"گەلی ئیسرائیل تەواو ئاشنای مێژووی کوردن و ئاگاداری ئەو ستەمەن کە لە کورد کراوە، هاوسۆزییەک لەگەڵ کورد هەیە بەجۆرێک هاوسۆزی ئەوان بۆ کورد زیاترە لە هاوسۆزی کورد بۆ ئیسرائیل".

ئەو مێژوونووسە پێشبینییە بۆ ئایندەی هەردوولا پێویستە ئیسرائیل و کوردستان پەیوەندییان هەبێت، وەک دوو نەتەوەی کەمتر لە نەتەوە سەرەکییەکانی ناوچەکە، وەک عەرەب و فارس و تورک و ئەوانیدیکە. لەوبارەوە دەڵێ "کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەگەر بیانەوێ شتێکبن، دەبێ هاوکاری یەکتر بکەن و ئیرادە و هێز و پلانیان هەبێت. نابێ ئەوەیان لەبیربچێ کێ دۆستیانە و کێ دووژمنیانە".

هەرچەندە نزیکەی 200 هەزار جولەکەی کوردستان لە ئیسرائیل هەن و وەک مورداخای دەڵێ " هەموویان گوێ دەدەنە موزیکی کوردی"، بەڵام هیچ پرۆگرامێکی کوردی لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئیسرائیل نییە بەکوردی، لەکاتێکدا دەنگی ئیسرائیل بە زۆر زمان پرۆگرامی هەیە. د.مۆرداخای لەو بارەوە گوتی " جولەکەکانی کوردستان بە کوردی نادوێن و ئەوان بە عیبری دەدوێن، خۆزگە هەبێت، ئینشاڵڵا".

د.مۆرداخای، لەبارەی ئایندەی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت " خوا دەیزانێ. ئێستا قەیرانێکی سیاسی لە عێراقدا هەیە، کورد ئێستا لە باشووری کوردستان ئۆتۆنۆمییان هەیە و ئەوە شتێکی باشە، لە دەوڵەتەکانی دیکەدا نە دانپێدانان و نە هیچ شتێک هەیە بۆ کورد، نە کەس خۆشیدەوێن، نە کەس ئامادەیە گفتوگۆیان لەگەڵ بکات ، ئەمە سەرەتایە".

حەسەن زەند، کە ئامادەبوویێکی سەمینارەکەی مۆرداخای بوو بە باشی دەزانێ کە نزیکبوونەوە لەنێوان گەلی کوردو گەلی ئیسرائیلیدا هەبێ، بەڵام دەڵێت"د. مۆرداخای بۆی روون نەکردینەوە رای ئیسرائیل بەرامبەر کورد چییە".

هەڵۆ بەرزنجی،کە یەکێکی دیکە بوو لە ئامادەبووانی سەمینارەکە گوتی "دوای ئەو هێرش و پەلامارانەی لە تورکیاوە کرانە سەر ئیسرائیل، ئیسرائیل خۆی بە تەنیا دەبینێ، بەشوێن دۆستێکی تازەدا دەگەڕێ کە ئەویش کوردە. حەتمەن دۆستایەتی لەگەڵ ئیسرائیلدا بە سوودی کوردە، بەڵام دەبێ بزانین چۆن سوود لەو پەیوەندییە وەربگرین".

لەبارەی ساردبوونەوەی پەیوەندی نێوان ئیسرائیل و تورکیا، دوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و ، هەروەها زیاتریش دوای ڕێگرتنی ئیسرائیل لە کاروانی کەشتییەکانی ئازادی کە لە تورکیاوە دەچوونە غەززە. د.مۆرداخای زاکین دەڵێ ئەو لەو بڕوایەدایە دوای ئەو خاوەنداریێتی کردنەی تورکیا لە کێشەی فەلەستین پەیوەندی نێوان هەردوولا دەگۆڕێن " چونکە تورکیا دەیەوێ سیاسەتی بنچینەیی خۆی بگۆڕێت". لە هەمانکاتیشدا دەڵێ " ئەمریکا نایەوێ تورکیا سیاسەتەکەی بگۆڕێ. ئەوان پێویستییان بە تورکیایە. ئیسرائیلیش لەوبارەوەدا ناتوانێ هیچ ڕۆڵێک بگێڕێ ئێستا، چونکە ئەمڕۆ پەیوەندی نێوان هەردوولایان زۆر هەستیارە".

**د.مۆرداخای زاکین**

- لە باوکێکی زاخۆیی و دایکێکی نسێبینی لەساڵی 1958 لە ئیسرائیل لەدایکبووە.
- مامۆستای توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە زانکۆی عیبری لە ئورشەلیم.
- پسپۆڕە لە مێژووی کورد و جوولەکەکانی ڕۆژهەڵات و کەمینە نامو‌سڵمانەکان.
- لە1997-1999 ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرنی ئیسرائیل بنیامین نەتانیاهۆ بووە بۆ کاروباری عەرەب.
- کتێبێکی نووسیوە بەناوی ( جوولەکەکانی کوردستان).

---



**نازم زەهاوی***

# پەنابەری و گەڕانەوە

## مەسەلەیەک کە لە هەرێمی کوردستان بە خراپی لێی تێگەیشتوون لەبارەی سیاسەتی بەریتانیاوە

سەردانی کوردستان هەمیشە تایبەتە، بەڵام مانگی ڕابردوو هەستم بەشانازییەکی زۆر کرد کاتێک وەک یەکەم کوردی عێراقی ئەندام لە پەرلەمانی بەریتانی سەردانی کوردستانم کرد. شانازی و هەروەها بێ فیزیش.

قەبارەی ئەو تاقیکردنەوانەی دووچاری هاووڵاتیانی شاری ستافۆرد ئۆن ئایڤۆن دەبن ، کە شاری شکسپیرە، زۆر جیاوازن لەوانەی کە سیاسەتمەدارانی کوردی ململانێی لەگەڵ دەکەن، بەڵام بابەتە سیاسییەکان بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لێکدەچن، ئەویش: چۆن سیاسەتمەداران بارودۆخێک دروست بکەن کە بتوانرێ کارکردن بەرهەمی هەبێت و چۆن دەوڵەت ئەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش بە خەڵک بکات کە پێویستن و سەروەری یاسا لەژیانی ڕۆژانەدا بچەسپێ.

چەسپاندنی سەروەری یاسا یەکێکە لەو خەسڵەتانەی کە من حەزم لێیەتی لەبارەی بەریتانیا و ژیانی بەریتانییەکان. ئەوەش درێژکراوەی هەموو شتێکە کە ئێمە لەنێو پەرلەمان و کۆمەڵگە دەیکەین، بناخەیەکی ڕاستەقینەی ژیانێکی نیشتمانییە. هەر لەبەرئەمەش ویستم وتارێک دەربارەی مەسەلەیەک بنووسم کە نزیکە لەئەزموونی تایبەتی خۆمەوە، ئەویش: پەنابەرییە.

کاتێک دایک و باوکم لەدەست سەددام هەڵاتن، بەریتانیا باوەشی بۆکردینەوە، بۆچی؟ بەشێکی لەبەرئەوەی گیانێکی هاوکاری لەبەریتانیا هەیە و بەزەییەکی ڕاستەقینەش بەرامبەر بەوانە هەیە کە دەچەوسێنرێنەوە. ئەمە ڕاستییەک بوو کە تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە. بەڵام ئەوەی زیاتر ئێمەی پاراست، هەستی بەزەیی و خۆشەویستی نەبوو، بەڵکو یاسای بەریتانیا بوو.

یاسا ڕێگەی بەخێزانەکەماندا لەبەریتانیا بمێنینەوە، لەبەرئەوەی بەپێی یاسا پێویست بوو لەسەر دەوڵەت ئەو کارە بکات. ئێمە ئامادەبووین بیسەلمێنین کە لەعێراق دووچاری چەوساندنەوە هاتووین، لەبەرئەوە دادوەرێک نەک سیاسەتمەدارێک ڕێگەی پێدەاین بمێنینەوە، ئینجاش ببینە هاووڵاتی بەریتانی. لەبەرامبەردا و بۆ پیشاندانی سوپاسگوزاریمان، ئێمە یەکەمجار وەک میوان و دواتر وەک هاووڵاتییەک، بەڵێنماندا بەپێی ئەو یاسایە بژین کە هەتا ئێستاش بەباشترین بەرگریکارمان ماوەتەوە.

ئەمەش دەمباتە سەر مەسەلەیەک کە دەزانم لە هەرێمی کوردستان بە خراپی لێیتێگەیشتوون: ئەویش سیاسەتی بەریتانیایە، چونکە ئەو کوردانەی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کردوونەتەوە کە بەشێوەیەکی نایاسایی لەنێو بەریتانیادا دەژیان. لەهەرێمی کوردستان هەمیشە ئەو پرسیارەم ئاراستە دەکەن کە بۆچی بەریتانیا ئەم کارە دەکات؟ لەبەریتانیش ئەو کارە یەکلایی بووەتەوە. ژیان بەسەربردن لە بەریتانیا بەشێوەیەکی نایاسایی چارەسەر نییە.

یەکەم خاڵ دەربارەی ئەم مەسەلەیە، ئەوەیە کە ئەمە تەنیا بەرامبەر عێراق نییە. بەریتانیا و ئەم حکوومەتە، کە دەکاتە حکوومەتەکەم و حکومەتەکانی ڕابردووش سووربوون لەسەر ئەوەی کەسانی بیانی بگەڕێننەوە وڵاتەکەیان کە بەشێوەیەکی نایاسایی لە بەریتانیا دەژین و بەتایبەتی ئەگەر ئەوانە تاوانیان ئەنجامدابێ و زیندانی کرابن . ئەمەش ئەفغانی، چینی، بولگاری و تورکیش دەگرێتەوە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە کەیسی هەموو کەسێک لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و چاودێری دەکرێت، پاشان بڕیارەکە دەدەرێ، ئەمەش نەک لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە بەڵکو لەلایەن یاساوە. عێراقیش گۆڕاوە و بەخۆشحاڵیەوە هەرێمی کوردستانیش دەتوانێ ئاسایش بۆ ئەو کەسانە دابین بکات کە لەنێو هەرێمی کوردستان دەژین.

ئەو کوردانەی کە ئێستا لە بەریتانیا دەژین و لەگەڵ ئەو ڕستەیەی سەرەوەدا نین، دەتوانن داواکاری بەرامبەر بڕیاری دادگا بەرز بکەنەوە و دەتوانن بڵێن کە کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان دەچەوسێنرێنەوە. کاتێکیش ئەو کەسە هەموو ڕێگایەکی یاسایی بەکارهێنا، دواتر دادوەر بڕیاردەدات کە ئەو کەسە پێویستی بە وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی یە یان نا کە لێرە بە نایاسایی ژیاون. ئەوکات پرسیارێک سەرهەڵدەدات: چی بکرێت؟ بەشێوەیەکی لۆژیکی بەریتانیا تەنیا یەک ڕێگەی لەبەردەمدایە، ئەمەش بەپێی ئەو یاسایەی کە لەسەرەتادا باسمکرد، دەبێ داوا لەو کەسە بکات کە ئەو وڵاتە بەجێ بێڵێت و بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. ئەگەر ئەوە نەکات، ئەوە گاڵتەکردنە بەسیستەمی یاساییمان و لەبەرئەوە داوا لەو کەسانە دەکات کە لەسەر خواستی خۆیان بگەڕێنەوە، ئەگەر ڕازی بوون ئێمە بەڕێزەوە یارمەتیان دەدەین و زۆر کەسیش هەن ئەو کارەیان کردووە، بەڵام ئەی ئەگەر ڕەتیانکردەوە؟ بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون ببێتەوە ئەم جۆرە کەسانە، ئەو کەسانەن کە بەشێوەیەکی نایاسایی لەبەریتانیا دەژین و دادوەر ئەوەی ڕەتکردووەتەوە مافی پەنابەریان بداتێ، چونکە ئەوانە دەتوانن بەشێوەیەکی ئارام لە هەرێمی کوردستان بژین و ڕەتیشیان کردووەتەوە بەخواستی خۆیان بگەڕێنەوە. هیچ هۆکارێکی جێگەی سەرنج نابینم لە دیپۆرتنەکردنەوەی ئەوانە لەلایەن بەریتانیاوە و سەرسامیش دەبم ئەگەر هەر وڵاتێکی دیکە هەمان کار نەکات.

دەتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم بەریتانیا تەنیا ئەو کەسانە بەناچاری ڕەوانە دەکاتەوە کە دادگا بڕیاری لەسەر داون و یاساش هیچ ڕێگایەکی دیکە شک نابات. پێی ڕازیت یان پێی ڕازی نەبیت، بەڵام ئەمە سەروەری یاسایە و ئێمەش لەبەریتانیا، بە میوان و هاووڵاتیانەوە هەموومان پەیڕەوی دەکەین.

بیهێنە پێش چاوی خۆت ئەگەر کەسێک ڕازی نەبوو ماڵەکەت بەجێبێڵێ و پرسیار لەخۆت بکە، لەوکاتەدا چی دەکەی؟ بێگومان تۆ دان بە خۆدا دەگری، بەڵام ئەو دان بەخۆ داگرتنەش سنووری هەیە. ئەمەش بەو مانایە نییە کە بڵێی ئەوانەی بەناچاری ڕەوانە دەکرێنەوە کارێکی ئاسانە و هەندێکیان لە بەریتانیا ژیانیان دامەزراندووە، بەڵام ئەگەر ئەوانە ژیانی خۆیان لەسەر بنچینەیەکی نایاسایی دامەزراندووە، ئەوا دەبێ دڵنیا بن کە لەکۆتاییدا یاسا هەر پێیاندەگاتەوە و دەیانگرێت.

با لە ڕوانگەیەکی دیکەوە تەماشای ئەم مەسەلەیە بکەین. بیهێنە پێش چاوی خۆت، بەریتانیا ڕێگەی دا هەموو کەس لە وڵاتەکەی بمێنێتەوە و دەرگای خۆی واڵا کرد بەڕووی هەموو جیهاندا و هەموو مەرجە یاساییەکانیشی لابرد. بادڵنیاتان بکەمەوە ئەوکات هیچ حکومەتێک لەو بارودۆخە ڕزگار نابێت.

با بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانەش تەماشای ئەم مەسەلەیە بکەین. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوای هەلی زیاتردا دەگەڕێت بۆ کەرتی تایبەت و باری ئابووری بەرەو گەشبوون دەڕوات و کاربەدەستانیش هەوڵدەدەن سەروەری یاسا بچەسپێنن، کە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ کاری بازرگانی.

بێگومان تاقیکردنەوەکان هەر ماون و هەندێکیشیان زۆر زەحمەتن، بەڵام ئێستا کاتێکی خراپ نییە بۆ ئەوەی بگەڕێیەوە بۆ هەرێمی کوردستان و یارمەتیدەر بی لە بنیاتنانی ئەو سەقامگیرییەی کە هەرێمەکە شایەنیەتی.

***ئەم وتارەی نازم (نەدیم) زەهاوی، ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا لەلایەن کونسولخانەی بەریتانیا لە هەولێر بۆ (ڕووداو) نێردراوە.**

---

هۆڵەندا بڕیاریداوە ڕایبگرێ و سوێد و بەریتانیاش هێشتا بڕیاریان نەداوە

# دیپۆرتکردنەوەی پەناخوازانی عێراقی بە ئیمەیلێک ڕادەگیرێت

**کاوە ئەمین، ڕێبوار عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-سوێد، هۆڵەندا، بەریتانیا**

ناردنی ئیمەیلێک وای لە حکومەتی هۆڵەندا کرد لە بڕیارێکی چەند کاژێر پێشتری خۆی سەبارەت بە بەزۆر ناردنەوەی پەناخوازانی عێراقی پەشیمان ببێتەوە. ئەو ئیمەیلە کە هەفتەی ڕابردوو لەلایەن دادگای ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاراستەی وەزارەتی کۆچبەری و خۆگونجاندنی هۆڵەندا کراوە، فەرمان دەدات کە دیپۆرتکردنەوەی عێراقییەکان بەشێوەیەکی کاتی ڕابگرێ. نێوەڕۆکی ئیمەیلەکە پێوەندی بە نامەیەکی فەرمییەوە هەیە کە ئەو دادگایە لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا بۆ حکومەتە ئەورووپاییەکانی ناردووە و هەمان نێوەڕۆکی هەیە. لە سوێد و بەریتانیا چەند پەناخوازێک سوودیان لەو نامەیە وەرگرتووە تا دیپۆرتکردنەوەیان بوەستێنن، بەڵام حکومەتەکانی بەریتانیا و سوێد هێشتا بەفەرمی پابەندبوونی خۆیان بەو بڕیارەوە ڕانەگەیاندووە.

### هۆڵەندا
### 3 کۆبوونەوە لە یەک هەفتەدا

لە هەفتەی یەکەمی دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەتی هۆڵەندیدا، پەرلەمانی ئەو وڵاتە سێ جاری یەک بە دوای یەکدا کۆبوونەوەی بەپەلەی بۆ لێپرسینەوە لە (خیرت لیرس)ی وەزیری کۆچبەری و خۆگونجاندن ئەنجامدا. یەکەمین کۆبوونەوەی ڕۆژی 2010/11/2، کە لەسەر داواکاریی پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن سازکرا، بۆ پەشیمانکردنەوەی وەزیری ناوبراو بوو لە جێبەجێکردنی بڕیارێکی سەبارەت بە دیپۆرتکردنەوەی ئەو پەناخوازە عێراقییانەی کە لەو وڵاتەدا داواکاریی پەنابەرییەکانیان ڕەتکراوەتەوە. وا بڕیاربوو ئەو پەناخوازانە ڕۆژی 2010/11/3 لەڕێگەی فڕۆکەخانەی ئەمستەردامەوە ڕەوانەی بەغدا بکرێنەوە. پارتە چەپەکان و یەکێک لە پارتە ڕاستڕەوەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەو داواکارییەیان خستە دەنگدانەوە، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا و زۆرینەی پارتە ڕاستڕەوەکانی نێو حکومەتی نوێ لەدژی داواکە دەنگیاندا.

وەزیری کۆچبەرانی هۆڵەندا لەو دانیشتنەی پەرلەماندا وەک لایەنی براوە هۆڵی کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت. بەڵام چەند کاژێرێک دواتر، لەڕێگەی نامەیەکەوە پەرلەمانی وڵاتەکەی ئاگادار کردەوە کە بڕیارەکەی گۆڕیوە و عێراقییەکان لەڕۆژی 2010/11/3دا دیپۆرت ناکرێنەوە. هۆکاری گۆڕینی بڕیارەکەش، وەک لە نامەی ئەو وەزیرەدا هاتبوو، بەدەستگەیشتنی ئیمەیلێک بووە لەلایەن دادگای ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ کە بە پشتبەستن بە ڕێسای ژمارە 39ی دادگاکە فەرمان بە حکومەتی هۆڵەندا دەدات تا ڕۆژی 2010/11/24 بەهیچ شێوەیەک هیچ پەناخوازێکی عێراقی بۆ وڵاتەکەی دیپۆرت نەکاتەوە. بڕیاروایە لەو ڕۆژەدا دادگا ئەورووپییەکە بڕیاری کۆتایی لەبارەی ڕەوشی تەناهی عێراق بدەن و حکومەتە ئەورووپییەکان لەوە ئاگادار بکاتەوە کە ئایا بۆیان هەیە پەناخوازە عێراقییەکان دیپۆرت بکەنەوە یان نا.

### سوێد
### 7 عێراقی سوودیان لە بڕیارە نوێیەکە بینیوە

وەزیری کۆچبەرانی هۆڵەندا لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەیدا گوتی: "هەریەکە لە حکومەتەکانی سوێد و بەریتانیا تەنانەت پاش چوونی نامەی دادگای ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤیش درێژەیان بە دیپۆرتکردنەوەی عێراقییەکان داوە"، ئەوەیشی وەک بەڵگەیەک دەهێنایەوە تا بیسەلمێنێ کە نامەی دادگاکە هیچ فەرمانێکی وەستاندنی دیپۆرتکردنەوەی بۆ ئەو حکومەتانە تێدا نەبووە.

لە سوێد لە هەفتەی ڕابردووەوە 7 پەناخوازی عێراقی سوودیان لەو خاڵە وەرگرتووە و داواکارییەکانیان بۆ ڕاگرتنی دیپۆرتکردنەوەیان قبوڵکراوە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە حکومەتی سوێد تا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بەفەرمی هیچ بڕیارێکی هاوشێوەی حکومەتی هۆڵەندای بۆ ڕاگرتنی بەزۆرناردنەوەی ئەو پەناخوازانە نەداوە. یەکێک لە بەرپرسانی ئەو وڵاتەش جەخت دەکاتەوە کە دیپۆرتکردنەوەکان بەردەوام دەبن تا بڕیاری کۆتایی لەلایەن حکومەتەوە دەردەچێت. سۆرێن کلێرتۆن، سەرۆکی بەشی چاودێری سنوورەکان لە پۆلیسی سوێدی، لەوبارەوە گوتی: "جارێ ناردنەوەی عێراقییەکان بەردەوام دەبێت، تا ئەوکاتەی ئۆفیسی پەنابەران و کۆچبەرانی سوێد بڕیارێکی گشتگیر لەسەر عێراقییەکان دەدات".

### بەریتانیا
### دیپۆرتکردنەوە بەردەوام دەبێت، بەڵام...

بەریتانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەماوەی ڕابردوودا زیادتر لە جارێک بووەتە سەردێڕی هەواڵەکانی میدیای جیهانی و کوردی بەهۆی بەزۆر ناردنەوەی پەناخوازان. پێدەچێ ناردنی نامەکەی ڕۆژی 2010/10/22 ی دادگای ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ "فریادڕەسێک" بێت بۆ ئەو پەناخوازە عێراقییانەی "یاسای بەریتانیا" نایانپارێزێ و بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی داون. چونکە لە یەکەمین ڕاگەیێندراویدا، وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا، سەرەڕای جەختکردنەوە لە بەردەوامبوون لەسەر بەزۆرناردنەوەی پەناخوازە عێراقییەکان، ئەوەیشی ئاشکرا کرد کە ئەگەر دادگا ئەورووپاییەکە پشتیوانیی لە داواکاریی پەناخوازێک بکات بۆ دیپۆرت نەکردنەوەی، ئەوە "دیپۆرت ناکرێتەوە."

پەناخوازانی خەڵکی هەرێمی کوردستان یەکێکبوون لەو گرووپانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا حکومەتی بەریتانیا هەوڵی زۆریدا بۆ دیپۆرتکردنەوەیان. کاربەدەستانی بەریتانیا پێیانوایە حکومەتی کوردستان هاوکار نییە لە وەرگرتنەوەی ئەو پەناخوازانەدا. بەڵام بە گوتەی وتەبێژێکی (ئاژانسی سنوور)ی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بۆ ڕۆژنامەی (گاردیەن) "ڕۆژی 2010/9/20 دادگای بەریتانی ئەوەیان پشتڕاست کردەوە کە ئێمە بۆمان هەیە خەڵک بنێرینەوە بۆ عێراق، هەروەها ئەوەشیان پشتڕاستکردەوە کە ئەگەر کوردە عێراقییەکان بنێرینەوە بۆ بەغدا ئەوە ژیانیان ناخەینەوە مەترسییەوە"، بەڵام ئەو وتەبێژە ئەوەشی بۆ ڕۆژنامەکە ڕوونکردەوە کە ئەگەر کەسێک ڕێسای ژمارە 39ی دادگای ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ بیگرێتەوە، "ئەوە دیپۆرتکردنەوەی ڕادەوەستێندرێت."

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو) ژمارەیەک هاووڵاتیی خەڵکی هەرێمی کوردستان کە بڕیاربوو ڕۆژی 2010/11/4 لە بەریتانیاوە دیپۆرت بکرێنەوە، بەهۆی ڕێسای ژمارە 39وە گەشتە ئاسمانییەکەیان هەڵوەشێندراوەتەوە و لە سەنتەرێکی تایبەت بە دیپۆرتکردنەوەدا لە بەریتانیا هێڵدراونەتەوە. هەروەها حکومەتی بەریتانیا لە بەرنامەیدایە ڕۆژی 2010/11/11 ژمارەیەک پەناخوازی عێراقی دیپۆرت بکاتەوە، بەڵام هێشتا دیار نییە کە ئەوانیش گەشتە ئاسمانییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە یان نا.



## ڕووناک بە سکپڕی سووتا

**ڕووداو- هەولێر**

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە کۆمەڵگەی شاخۆلانی سەر بە ناحیەی بەحرکە، ژنێک بەناوی ڕووناک بەهجەت، 20ساڵ، بەهۆی سووتانەوە گیانی لەدەستدا. ڕووناک کە سکپڕبوو بەهۆی ڕێژەی زۆری سووتانەکەی بەر لەوەی بگەیێنرێتە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، بۆیە نەتوانرا ئیفادەی وەربگیرێت. نەقیب ژیلەمۆ گوتی "بێ ئەوەی پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن ڕووناکیان ناشتبوو، ئێستا لێکۆڵینەوە بەردەوامە لەسەر چۆنیەتی سووتانەکەی".

# کچانی کوردستان دەکەونە داوی دزێکی مۆدێل نوێ

## کچە مامۆستایەکی زانکۆ 35 مسقاڵ زێڕ و 20 مسقاڵ زیو و لاپتۆپێک دەداتە هەندرێن تاوەکو بیخوازێت



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

گەنجێک لە شاری هەولێر بەناوی هاوسەرگیرییەوە پارە لە چەند کچێک وەردەگرێ و دواتر خۆیان لێ دەشارێتەوە، هەموو ئەو کچانەی فێڵیان لێکراوە دەوڵەمەند بوون، تەنانەت یەکێک لەو کچانەی فێڵی لێکراوە مامۆستایەکی زانکۆ بووەو 35 مسقاڵ زێڕ و 20 میسقاڵ زیو و لاپتۆپێکی داوەتە کوڕەکە.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لە گرتنی چەند تۆمەتبارێک کرد لەسەر کاری کوشتن و دزین و فێڵکردن لە خەڵک. یەکێک لەوانە بۆ پۆلیس دانی بەوەداناوە کە چەند کچێکی بەناوی خواستنەوە هەڵخەڵەتاندووە، عەمید عەبدولخالق لەو بارەوە گوتی "ئەو تاوانبارە لە ڕێگەی مۆبایل پەیوەندی لەگەڵ چەند ئافرەتێک بەستووە، وای پیشانداوە کە دەچێتە داخوازییان، ژمارەی مۆبایلی باوک و برای کچەکەیشی وەرگرتووە، لەگەڵ چەند ئافرەتێک وای پیشانداوە کە ئیمکانیەتی نییە، ئەگینا ئامادەیە بیانخوازێ و زێڕیان بۆ بکرێت".




ئەو گەنجە کە ناوی (هەندرێن. ع.م)ە، پەیوەندی لەگەڵ هەر کچێک هەبووە، بە جیدی قسەی کردووە، نەیهێشتووە کچەکە هیچ گومانێکی لێ بکات. وەک عەمید عەبدولخالق باسیکرد، دوای ئەوەی کچەکانی بۆ ماوەیەک هەڵخەڵەتاندووە، داوای لێکردوون کە برە پارەیەکی بدەنێ، تا خۆی ئامادە بکات بۆ داخوازی "چەندین ئافرەتی وا هەڵخەڵەتاندووە و ئینجا پارەو زێڕەکەی بردوون، نەچووەتە داخوازی کەسیشیان". هەروەها گوتی "بەخۆی لەگەڵ ئافرەتەکان و کەسوکاریان دانیشتووەو پاشان خۆی ون کردووە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون هەندرێن خەڵکی سلێمانییە و لە ماڵی برایەکی دەژیا لە هەولێر. دوای ئەوەی فێڵی لە چەند کچێکی سلێمانی کردووە، هاتووەتە هەولێر و لە ماڵی برایەکی ژیاوە لە هەولێر، تائێستا تەنیا دانی بە 3 فێڵ داناوە، تەنانەت ڕۆژێک دوای کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە لە ڕۆژی 2010/11/3، کچێک لە سلێمانییەوە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە پۆلیسی هەولێرەوە کردووەو گوتوویەتی، هەندرێن هەمان سیناریۆی لەگەڵ ئەویش کردووە. بەپێی قسەی سەرچاوەیەک ئەو کچانەی کە هەندرێن هەڵیخەڵەتاندوون هەموویان دەوڵەمەندبوون.

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، باسی چۆنیەتی ئاشکرابوونی فێڵەکانی ئەو گەنجەی کرد و گوتی سەرەتا کچە مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەددین چووەتە بنکەیەکی پۆلیس و سکاڵای لەسەر تۆمارکردووە "هەندرێن بەناوی خوازاراو خۆی بە کچان ناساندووە، بەناوی زەواجکردن 35 مسقاڵ زێڕ و 20 مسقاڵ زیو و لاپتۆپێکی جۆری HP لەو مامۆستایەی زانکۆ وەرگرتووە، پاشان خۆی لێ ونکردووە".

دوای بەدواداچوونی پۆلیس، ڕۆژی 2010/10/20 ئەو کوڕە دەستگیرکرا و دانی بەوەداناوە کە فێڵی لە سێ کچ کردووە و تائێستا تەنیا دوو کچ سکاڵایان لە دژی تۆمار کردووە، کە مامۆستاکەی زانکۆ و کچێکی فەرمانبەرە، کە زێڕ و پارەی لەویش وەرگرتووە. نەقیب ژیلەمۆ گوتی "کچە فەرمانبەرەکە نزیکەی 2 هەزار دۆلاری داوەتێ لەگەڵ بڕێک زێڕ، بەپێی دانپێدانانی هەندرێن فێڵی لە کچێکی دیکەش کردووە، بەڵام کچەکە کە ئەویش فەرمانبەر بووە ئامادە نەبووە پارەی بداتێ".

نەقیب ژیلەمۆ دەڵێت هەندرێن فێڵی لە کچی دیکەش کردووە، بەڵام هێشتا وردەکارییەکانی بە تەواوی نازانن، چونکە کچەکان لەبەر شەرم و نێوبانگی خۆیان ئامادە نین سکاڵا تۆمار بکەن "پۆلیس پەیوەندی بەو کچانەوە کردووە، بەڵام ئەوانە ئامادە نین سکاڵا تۆمار بکەن، هەندرێن بەناوی هاوسەرگیری ئەو فێڵانەی کردووە، تەنانەت خۆی بە کەسایەتییەکی گەورە پێیان ناساندووە".

ئێستا هەندرێن بەپێی مادەی 456ی یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە کە تایبەتە بە ساختەکاری، حوکمەکەی تەنیا زیندانیکردنە. دادوەر دەتوانێت بۆ 3 مانگ تاوەکو 5 ساڵ زیندانی بکات و دەبێ قەرەبووی زیانلێکەوتوانیش بداتەوە.

عەمید عەبدولخالق لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا لەڕۆژی 2010/11/2 باسی لە فێڵێکی دیکە کرد کە دوو پێشمەرگە بەناوی (س.ق.ئ) و (ل.ج.ئ)، شەوانە یەخەی ئەو عەرەبانەیان گرتووە کە بۆ کارکردن لەسەر شەقامەکان دەوەستن "بەناوی ئاسایش و پۆلیس ناسنامە و مۆبایلیان لێ وەرگرتوون و گوتوویانە بەیانی وەرنە ئاسایش دەتاندەینەوە، زیاتر لە 44 مۆبایلیان بەوجۆرە لەو عەرەبانە وەرگرتووە، عەرەبەکان کە بەیانی چوونەتە ئاسایش، ئاسایش بێ ئاگایی خۆی لەوە پیشانداوەو چونکە تائێستا کەس داوای شتی وای نەکردووە، دواتر هەردوو تۆمەتبارەکە دەستگیر کران".

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر باسی لە دوو دز کرد کە خەڵکی قەڵادزێن و لە عەنکاوە دزیان لە 9 ماڵ کردووەو ئێستا دەستگیر کراون. دزێکی دیکەش بەناوی ف.ع.ح 28ساڵ، لە گەڕەکی هەڤالان و بەختیاری و ئەندازیارانی هەولێر دزی کردووە، ئەویش 9دزی کردبوو، کەسێکی دیکە بەناوی ب.ح.ع کە پێشتر 9دزی کردبوو لە عەنکاوە، بەڵام بە کەفالەت ئازادکرابوو، دوای بەربوونی لە هەمان شارۆچکە 5دزی دیکەی کردبوو، عەمید عەبدولخالق گوتی "کەواتە 14دزی کردووە، ئەو سزاکەی توندتر دەبێت".

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بە گرتنی 3 کەسی دیکەدا، کە ئەندامانی خێزانی خۆیان کوشتووە لەوانەش یەکێکیان بەناوی فازڵ سەعید 48 ساڵ، کە ڕۆژی 2010/8/30 ژنی خۆی کوشتبوو لە گەڕەکی برایەتی هەولێر. هەروەها عومەر حوسێن 56ساڵ، کە ڕۆژی 2010/9/6 لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێر کوڕێکی خۆی کوشتبوو. ئەوەی دیکەش سەرهەنگ حەمید بوو کە ڕۆژی 2010/10/1 لە گوندی گردجوتیاری نزیک هەولێر دوو خوشک و برایەک و دایکی خۆی کوشت.

سەرهەنگ کە قوتابی پۆلی 12ی بنەڕەتی بوو، بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، 4 کەسی خێزانەکەی کوشت، عەمید عەبدولخالق گوتی "هەر سێ کوشتنەکە پەیوەندییان بە کێشەی ژنانەوە هەبوو".

عەشیرەت بەسەر حکومەتی دادا

بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵان لە سلێمانی:

# هەیبەتی پۆلیسیان شکاند

**ڕووداو-سلێمانی**

کاژێر 12ی شەوی 2010/11/5 لەنێو شاری سلێمانی، 30 چەکداری عەشیرەتێک، بەمەبەستی ڕفاندنی داڵدەدراوێکی خانەکە هەڵیانکوتایە سەر بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە گەڕەکی کارێزەوشک و دوای کەلەپچەکردنی هەر 12 پاسەوانەکەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، بەبێ دەستکەوتنی داڵدەدراوەکە ڕۆیشتن.

ئومێدە محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و منداڵان ئەو ڕووداوە پێش هەر شتێک بە شکاندنی هەیبەتی پۆلیس و حکومەت دەزانێ لەلایەن ئەو هێزە چەکدارە عەشایەرەوە و دەڵێ "دەرکەوت وڵاتی ئێمە هێشتا وڵاتێکی عەشایەرییە، هەرچەندە ئێمە وادەزانین ئەو دیاردەیە کۆتایی هاتووە، بەڵام کۆتایی نەهاتووە و لەم حاڵەتەدا دەردەکەوێت عەشایەر بەهێزە و خوێنوەرگرتن هەرماوە".

ئومێدە محەممەد، لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتی ئەو هێزەی هەلیکوتایە سەریان، لەیەکەم ڕۆژی هاتنی ئەو داڵدەدراوە بۆلای ئەوان چاودێری بەڕێوەبەرایەتییەکەیانیان کردووەو هەموو ڕێوشوێنێکی ئەو پەلامارەیان ئامادەکردووە "زۆر بێخەمانە لە 12ی شەودا هاتوون و ڕووپۆش بەدەموچاویانەوە نەبووە و ئامێری دەرگا شکاندیان پێبووە و کەلەپچەشیان پێبووە بۆ دەستی هەموو پۆلیس و پاسەوانەکان".

ئەو زیاتر لەو بارەیەوە زانیاریدا و گوتی، پەلاماردەران لەیەکەم پۆلیسی بنکەی ئێشکگرتنی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکەوە دەستیان پێکردووە "چوونەتە قوللەی حەرەسیاتی دەرەوە و دەمی پۆلیسەکەیان گرتووە و کەلەپچەیان کردووە و دواتر تەلەفۆنەکەیان بێ کارکردووەو چوونەتە ژوورەوە و هەموو پاسەوانەکانیان کەلەپچە کردووە کە ژمارەیان 12 کەس بووە".

وەک بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و منداڵان ئاشکرایکرد، ئەو 30 چەکدارە لەعەشیرەتی (شوانکارە)ن، کە ماوەیەک پێش ئێستا کوڕێکیان کوژراوە و ئەوانیش لە تۆڵەی کوڕەکەیاندا ویستوویانە کەسێک بەناوی (شەمێران) بکوژنەوە، کە تەمەنی 16ساڵە و لەبەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەوان داڵدەدراوە "زانیاریمان هەبوو کە بەدوای شەمێرانەوەن، بۆیە زۆرجار شەمێرانمان دەبردە جێگایەکی دیکە و ئەو شەوەش شەمێران لەوێ نەبوو".

هەر لەبارەی ئەو بەسەردانە عەشایرییە، مولازم ئاسۆ عومەر بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو ڕووداوە پەیوەندی بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییەوە نەک پۆلیس"، مولازم ئاسۆ گوتیشی "ئێمە وەک پۆلیس دەستمان بە لێکۆڵینەوەکانی خۆمان کردووە و هەوڵ بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانبارانە".

بەرپرسێکی ئەمنی پارێزگای سلێمانی پێیوایە کە پەلاماری ئەو چەکدارانە پێش هەموو شتێک مانای شکاندنی هەیبەت و نێوبانگی پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ دێت

> **شوانکارییەکان بەشی هەر 12 پاسەوانەکەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی ژنان و منداڵانی سلێمانی کەلەپچەیان پێ بوو**

"مانای نییە لە ناوجەرگەی سلێمانیدا 30 چەکدار هەڵکوتنە سەر بەڕێوەبەرایەتییەک"، هەروەها گوتیشی "ئەگەر بە زووترین کات دەستگیر نەکرێن و دادگایی نەکرێن، پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان متمانەیەکی ئەوتۆیان لای خەڵکی نامێنێ".

ئومێدە محەممەد دەڵێ، دوای ڕووداوەکە پۆلیس و ئاسایش و هێزەکانی فریاکەوتن گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە "دەبێ کاری جددی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو شوێنانە باشتر پارێزراو بن و پاسەوانی بکرێن". لەبارەی شەمێرانی داڵدەدراویشەوە گوتی "خۆ هێشتا دادوەر بڕیاری کۆتایی لەبارەوە نەداوە تا بزانین ئاخۆ ئەو کوڕە بکوژە یان نا".

سالی ڕابردوو 382 ئافرەت چوونەتە شێڵتەرەکان

# شێڵتەرەکانی ژنان بە سیستمێکی تازە ڕێکدەخرێنەوە



**نەجیبە محەممەد**
**ڕووداو-هەولێر**

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند سیستمێکی تازەیان داناوە بۆ ڕێکخستنی کاری شێڵتەرەکان، کە لە ساڵی ئایندەوە دەخرێتە پلانی وەزارەتەوە، ڕاشیگەیاند "بەپێی سیستمە تازەکە سەرجەم شێڵتەرەکان دەخرێنە ژێر چاودێری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی".

بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 40 ئافرەت پەنایان بۆ سەنتەری نەوا بردووە لە هەولێر کە شوێنی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراوە، لەدوو ساڵی ڕابردووشدا 303 ئافرەت چوونەتە هەمان سەنتەر. لە پارێزگای سلێمانیش ساڵی ڕابردوو، 149ئافرەت ڕوویان لە شێڵتەری تایبەتی بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان لە سلێمانی کردووە، بەڵام لە دهۆک لە ساڵی ڕابردوو 70ئافرەت و لە ساڵی پێشتریش 73 ئافرەت ڕوویان لە سەنتەری تایبەت بە داڵدەدانی ئافرەتان کردووە.

لە کوردستان 7 شێڵتەر و شوێنی داڵدەدانی ژنان هەن، کە دوو لەو شێڵتەرانە سەر بە ڕێکخراوەکانن ئەوانیش سەنتەری ئاسوودە کە هی ڕێکخراوەی ئاسوودەیە، لانەی ئارام کە سەر بە یەکێتی ژنانی کوردستانە و شێڵتەرێکیش سەر بە وەزارەتی ناوخۆیەو 4 شێڵتەریش سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین.

سەیوان ڕۆستەم، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان و سەرپەرشتیاری لانەی ئارام لە سلێمانی گوتی "پێمان باشە ئەو شێڵتەرانە بە هاوبەشی ڕێکخراوەکان و حکومەت سەرپەرشتی بکرێن و بەدواداچوونی کێشەکانیان بۆ بکرێ، چونکە ئامانجی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەدواداچوونی کێشەکانی ژنانە".

سەیوان پێیوایە ئەو شێڵتەرانەی کە هەن لە کوردستان کەمن و پێویستە شێڵتەری دیکە بکرێنەوە بەتایبەت لە شارە گەورەکان بەمەرجێک کەسی پسپۆڕی لێ دابنرێ کە بتوانن بە تەواوی لەلایەنی مرۆڤایەتییان بکۆڵنەوە، چونکە کێشەکانی ژنان زۆرن.

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی چەند وۆرک شۆپێکیان ئەنجامداوە بۆ دانانی سیستمێکی تازەو گونجاو بۆ ژیانی ژنە داڵدەدراوەکان و کاری شێڵتەرەکان.

کوردە عومەر، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ بە (ڕووداو)ی گوت "بەردەوام کۆبوونەوەو وۆرکشۆپ دەکرێ بۆ دانانی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ شێڵتەرەکان، لەو ماوەیە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و وەزیری دادو ڕۆشنبیری و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەرپرسی شێڵتەرە ئەهلییەکان کۆبووینەوە، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەشنووسێکی تایبەت لەو بارە ئامادە کردووە بۆ باشترکردنی ژیانی ئافرەتە داڵدەدراوەکان".

لە بەرنامەی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی ژناندا هاتووە کە چۆن بیناکە بنیات بنرێ و ئەو کەیسانەی وەریدەگرن چۆن بێت و ژیانی کەسەکان پارێزراو بێت و کادیری پسپۆڕ لە بواری دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاسایی لەشێڵتەرەکان دابنرێن، دروستکردنی وەرشەی پێویست و چۆنیەتی فێرکردنی کار و گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە.

کوردە عومەر دەڵێت "ئێمەش بەرنامەیەکمان لەبارەی شێڵتەرەکانەوە ئامادە کردووە، پێویست ناکات وەزارەتی ناوخۆ شێڵتەری بەردەوامی هەبێت، دەبێ هەمووی سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بن، پێشنیازمان کردووە چەند شێڵتەرێکی کاتی بکرێنەوە لەو ناوچانەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان تێیدا زۆرە، دوای 72 کاژێر ڕەوانەی شێڵتەرە هەمیشەییەکان بکرێ، بەڵام تائێستا بڕیار نەدراوە لە چەند شوێن شێڵتەری کاتی بکرێنەوە".

کوردە عومەر گوتیشی "ئەگەر لە شێڵتەرێک کارێکی ناڕەوا بەرانبەر بەژنەکانی ناو شێڵتەرەکان بکرێت ڕێگای دادگا دەگرینەبەر بۆ سەندنەوەی مافیان".

ڕۆژی 2010/8/10 وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی وۆرک شۆپێکی تایبەتی لەبارەی گفتوگۆکردن لەسەر ڕەشنووسی سیستمی سەنتەری داڵدەدانی ئافرەتان کرد بۆ بەڕێوەبردنی شێڵتەرەکان.

ئاسۆس نەجیب وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە سیستمێک و بەرنامەیەکی گونجاومان داناوە بۆ بەڕێوەبردنی سەنتەرەکان لە چوارچێوەی یاسایەک چونکە تاکو ئێستا هیچ سیستمێکی یەکگرتوو نییە بۆ ڕێکخستنی ژیانی ژنانە داڵدەدراوەکان لەشێڵتەرەکاندا، ئێمە پێش وۆرک شۆپەکە لیژنەی باڵامان پێکهێناوە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی شێڵتەرەکان، ئەوە زۆر گرنگە بتوانین شێڵتەرەکان بەشێوەیەک بگونجێنین و ژیانی ژنانە داڵدەدراوەکان بپارێزین و فێری کاریان بکەین و بیان گەڕێنینەوە ناو کۆمەڵگا".

وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پرۆپۆزەڵێکی ئامادەکردووە بۆ دروستکردنی سێ شێڵتەری گەورە لە هەرسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆک لەمبارەوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کۆبوونەتەوەو ئەویش بڕیاریداوە بیخاتە پلانی حکومەتەوە بۆ ساڵی ئایندە. وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی گوتی "ئەو سێ شێڵتەرە ئەگەر دروست بکرێن شوێنی کەسەکان بەپێی جۆری کێشەکە جیادەکرێنەوەو ئێمەش چاودێریان دەکەین".

لە ماوەی ڕابردوودا دوو سەنتەری تایبەت بە داڵدەدانی ئافرەتان، کەوتنە بەر لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانان و دەرکەوت پێشێلکاریان تێدا کراوە بەرامبەر ژنانی داڵدەدراو. سەبارەت بەو شێڵتەرە نا حکومیانە ئاسۆس نەجیب گوتی "ئەو شێڵتەرانەی کە سەر بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین لەژێر چاودێری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کار دەکەن و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی دژ بەژنان هەماهەنگیان دەبێت".

ئاسۆس نەجیب گوتیشی "بەپێی ئەو سیستمەی دامانناوە، کەیسەکان لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، ئەوانەی منداڵیان لەگەڵە جیایان دەکەینەوە لەو ژنانەی هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە و ئەوانەی بێ کەسن و شوێنی حەوانەوەیان نییە، بۆیان دابین دەکەین".

ئاسۆس نەجیب ئاماژەی بەوەدا کە کارەکانی ئەوان تەنیا کردنەوەی شێڵتەری تازە نابێ، بەڵکو هەوڵدەدەن ژنان زیاتر هۆشیار بکەنەوە "تیمێکی گەڕۆکمان دروستکردووە لە داهاتوودا سەردانی ئەو شوێنانە دەکات، کە شێڵتەریان لێ نییە، ئەو تیمە ژنان هۆشیار دەکاتەوە و مافیان پێ دەناسێنیت و هەر کێشەیەکیان هەبێت بۆیان چارەسەر دەکات".

لەلایەکی دیکەوە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی پێداچوونەوەیە بە پرۆژە یاسای قەدەخەکردنی توندوتیژی خێزانی، کە لە خولی ڕابردوودا لەلایەن حکومەتەوە دراوەتە پەرلەمان. د. ڕۆژان عەبدولقادر، بڕیاردەری لیژنەی یاسایی پەرلەمان گوتی "لیژنەکەمان پێداچوونەوە بۆ پرۆژە یاسای نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی دەکات تاوەکو لەڕووی یاساییەوە ڕێکی بخەین، پرۆژە یاساکە کەموکوڕی تێدایە هەندێک لە ماددەو بڕگەکانی دژی هەندێ یاسان کە لەپەرلەمانی کوردستان پەسەند کراون"، ناوبراو گوتیشی "دانیشتن لەگەڵ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی توندوتیژی و دادگاکان و مامۆستایانی زانکۆ دەکەین بۆ نەهێشتنی کەموکوڕی لە پرۆژە یاساکەداو گەیاندنی پرۆژەیەکی کامڵ بە هۆڵی پەرلەمان".

# کۆمەڵایەتی



## تەرمی پیرەمێردێک دەدۆزرێتەوە

**ڕووداو-پردێ**

ئێوارەی 2010/11/6 لە نزیک ناحیەی پردێ تەرمی پیاوێکی بە تەمەن دۆزرایەوە، کە 4مانگ و 9ڕۆژ بوو ونببوو. ئەو پیاوە کە ناوی جەوهەر قادر عەبدولڕەحمانە و تەمەنی 77ساڵ بوو، باوکی 3 کوڕ و 2 کچە. بە هۆی لە دەستدانی زاکیرەوە ون ببوو. هونەری کوڕی لەکاتی ناشتنی تەرمی باوکی بۆ (ڕووداو) گوتی "باوکم لەو ماوەیەدا هیچ سۆراخی نەبوو، بەردەوام لە دوای دەگەڕاین، لە کەندێک کەوتبوو، دیاربوو کەوتبووە خوارەوە، گۆچانەکەیشی لەسەرەوە بەجێ مابوو، پێشتر زۆرمان بردبووە لای پزیشک، چارەسەری نەبوو، چونکە خانەکانی مێشکی لەنێوچووبوون".

### لەناو زیندانی چاکسازی هەولێر

# مەروان بە تراکسوتەکەی خۆی خنکاند

**بارزان و سۆران**
**ڕووداو-کەڵەک**

مەروان ماوەی ساڵێک و سێ مانگ بوو لە زیندان بوو. ئەو بە 7 ساڵ حوکمدرابوو. بۆیە بەردەوام بیری لە بەڕێکردنی ئەو ڕۆژانە دەکردەوە تا وای لێهات خۆی بخنکێنێ. بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری، مەروان بە تراکسۆتەکەی بەری خۆی خنکاندووە. باوکی مەروان کە سکاڵای لە دژی کەس نییە، گوتی "نازانم کوڕەکەم بۆ خۆی خنکاندووە؟".

شەوی 2010/11/3، مەروان سلێمان ئیسماعیل، کە تەمەنی 22 ساڵ بوو، دانیشتووی گوندی ئاسکی کەلەکی سەر بە قەزای بەردەڕەشە، لەناو زیندانی چاکسازی گەورانی هەولێر (محەتە) خۆی خنکاند.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەدواداچوونیان بۆ خۆخنکاندنی مەروان کردووەو دەرکەوتووە کێشەکەی پەیوەندی بە زیندانەوە نەبووە "باری دەروونی تێکچووبوو، هەر بە جلوبەرگی خۆی، خۆی خنکاندووە". بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک لە پزیشکی دادوەری بۆ (ڕووداو)، مەروان بە تراکسۆتەکەی بەری خۆی خنکاندووەو "هیچ شوێنەواری لێدان بە جەستەیەوە دیار نەبووە".

مەروان 4 براو خوشکێکی هەیە. لە کەڵەک پرسەیان بۆ دانا. باوکی مەروان کە جامانەیەکی لەسەری ئاڵاندبوو، خەم بە ڕووخساریەوە دیاربوو، ئەو بەردەوام دەیگوت خوا مەروانی پێداو هەر خواش مەروانی بۆ لای خۆی بردەوە.

مەروان ساڵێک و سێ مانگ لەمەوبەر بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەستگیرکرا. باوکی نەیدەویست باسی هۆکاری گیرانەکەی بکات، چونکە دەڵێت "سوڵحمان کردووەو کێشەکە تەواوبووە". بەڵام کۆڤان کە هاوڕێیەکی مەروانە گوتی "مەروان کوڕێکی زۆر باشبوو، زیاتر حەزی لە کۆتر و کەروێشک بوو، لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گیرا، کە ئەوکات سەرخۆش بوو، پۆلیس بە سەرخۆشی گرتی و حوکمیاندا".

مەروان بەرگەی زیندانی نەگرت و خۆی خنکاند. سلێمان تائێستا نازانێ کوڕەکەی بۆچی خۆی خنکاندووە، هیچ سکاڵایەکیشی نییە "تائێستا لەگەڵ بەڕێوەبەری زیندانەکە قسەم نەکردووە، نازانم بۆچی خۆی خنکاند". باوکی مەروان دەڵێ لە هەولێر تەرمەکەیان وەرگرتەوە "تەرمەکەیمان لە پزیشکی دادوەری وەرگرتەوە. لەناو ساردکەرەوە بوو، کە هێنامانە دەرەوە دەستم لە ملی کرد و ماچم کرد".

سلێمان بەهۆی سەرقاڵییەوە ماوەی 20 ڕۆژ بوو سەردانی کوڕەکەی نەکردبوو لە زیندان، بەڵام مەروان هەموو هەفتەی جارێک دەیتوانی بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ ماڵەوەیان بکات "ئەگەر کێشەیشی هەبوبێت بە ئێمەی نەگوتووە، کوڕەکەم کەسێکی زۆر بە زەوق و دەم بە پێکەنین بوو، پێشتر ئاسایش بوو لە بازگەکانی هەولێر، من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە مۆڵەتی سێ مانگی لەزیندان وەربگرێ و بێتەوە ماڵ و ماوەیەک بمێنێتەوە".



کامەرانی براگەورەی مەروان، ئەویش هیچ بۆچوونێکی نییە لەسەر هۆی خۆکوشتنی مەروان.ئەو دەڵێت لەبەر پرسەکە نەیانتوانیوە بەدواداچوون بۆ خۆخنکاندنی بکەن، کامەران گوتی "نامانەوێ کێشە بۆ کەس دروست بکەین، داوامان لەسەر کەس نییە و کەسیش بە تۆمەتبار نازانین، چونکە برام بەخۆی خۆی خنکاندووە، کەس زوڵمی لێنەکردووە، پۆلیس لێی نەداوە".

کامەران خۆیشی بە وردی سەیری لاشەی براکەی کردووە، شوێنەواری لێدانی بەلاشەیەوە نەبینیوە "یەک پەنجەشی شوێنی لێدانی پێوە دیار نەبوو، هاوڕێکانی لە زیندان زۆر لەگەڵی باش بوون، دەیگوت هیچ کێشەم نییە، تەنیا کێشەم ئەوەیە زوو لێرە بێمە دەرەوە". لەگەڵ ئەو قسانەیش کامەران داوای لە بەڕێوەبەرایەتی زیندانەکە دەکرد، کە زیاتر ئاگاداری بەندییەکانی خۆیان بن و کەمتەرخەم نەبن لێیان تا تووشی ئەو جۆرە کارەساتانە نەبن "پێویستە چاودێری زیاتر دابنێن، ئەگینا دەیان کێشەی لەو جۆرەیان بۆ دروست دەبێت".



**تامان شاکر**

tamanshakir@yahoo.de

# تاوەکو خۆشەویستی تاوان بێ هەروا دەبێ

ئەمڕۆ هەموومان لەسەر خۆشەویستی لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێ و سزا دەدرێین، بەڵام لەسەر ڕق کەس سزامان ناداو هەموو هاوڕان لەگەڵمان. ئەوە بنچینەیەکی ڕەشبەختی و ژیان تاڵی مرۆڤە لەو جیهانەدا، بەتایبەتیش لە کوردستاندا، کە هێشتا خۆشەویستی تێیدا تاوانە.

لە کۆنەوە تا ئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆمان دەتوانین بڵێین پیاوان هەموو جۆرە ئازادییەکیان پێدراوە، ڕەنگە هەندێکیان نەزانن کێ ئەم ئازادیەی پێداون، کە لەنێو خێزان کۆمەڵگە هەندێک جار بەشێوەیەکی نێگەتیف بەکاریدێنن. ئەمەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی. لەسەرتاسەری دونیادا بەشێوەیەکی گشتی ژنان کار دژی توندوتیژی دەکەن، خەڵک لە دەرەنجامە خراپەکانی هۆشیار دەکەنەوە و داوای بە یاساییکردنی ماف و ئازادی خۆیان دەکەن و بە پیاوان دەڵێن بەسە چەوساندنەوەمان. لە بەرامبەریشدا گرووپێکی دیکە دژایەتی ئازادی ژن و مافەکانی دەکەن لەژێر پەردەی دین و دەسەڵات و داوو نەریتەکان. لەنێو ئەو گرووپەدا هەندێک ژنیش هەن کە خۆیان چەکدار کردووە بە فیکری سەلەفی و نایانەوێ کار بۆ ماف و ئازادییەکانی ژن بکەن و بگرە بەربەستیشن بۆی.

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە دایکە حەواو باوکە ئادەم دروستبووەو هەر بە نەوەکانی ئەوان بەردەوام دەبێت، لەیەکەی بچووک کە خێزانەوە تاوەکو یەکەیەکی گەورە کە کۆمەڵگەیە.

لە مادەی 1ی جاڕنامەی مافی مرۆڤدا هاتووە کە مرۆڤەکان لە ئەرک و مافدا یەکسانن و دەبێ بەکەرامەتەوە بژین و وەک برا لەگەڵ یەک هەڵسوکەوت بکەن. بەڵام لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی و دواکەوتووەکاندا، ئازادی بەشی هەموو کەسێک نییە و لە هەندێک کۆمەڵگەدا توندوتیژی دژ بە ژنان بووەتە پەڵەیەکی ڕەش بەنێوچەوانی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە سەرمایە مرۆییەکانی خۆیان ناپارێزن و لە ساڵێکدا ڕۆژێک بیر لەم کارەساتە دەکەنەوە. کە ئەویش 11/25ی هەموو ساڵێکە.

هۆکاری سەرەکی توندووتیژی ڕقە، ئەو ڕقەی مرۆڤەکان بەرامبەر بەیەک بەکاریدێنن. ئەوەش دەرەنجامی نەخوێندەواری و ناهۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەیە.

ئەو دروشمانەی تاوەکو ئەمڕۆ بەرزمان کردوونەتەوە نەیانتوانیوە کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی دروستبکەن، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە خاوەنی پاشخانێکی کولتووری و ڕۆشنبیری بەهێز نییە، نە دایک نە مامۆستا نەیانتوانیووە ئەو پاشخانە دروست بکەن.

کۆمەڵگەی ئێمە تەنها پێویستی بەچاکسازی سیاسی نییە وەک هەندێک بیری لێدەکەنەوە، بۆ ئەوەی هەموومان بەئاسوودەیی بژین. بەڵکو پێویستمان بە خوێندەواری و ڕۆشنبیری و دادپەروەری کۆمەڵایەتییە پێش هەموو چاکسازییەکی دیکە. بە تایبەتی بۆ ژنان، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوومان لە باوەشی دایکێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر پەروەردە ببێت، دایکێک منداڵەکانی واپەروەردە بکات، بتوانێ چاودێری ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیریان بکات، فێری کولتوورێکی جوانیان بکات، کە بزانن کچ و کوڕ هەردووکیان وەک یەک مرۆڤن و دەبێ هاوشان بن. ئەو دایکانە تەنها دەتوانن ببنە پەروەردەکار و نەوەیەکی نوێی میهرەبان خاڵی لە ڕق بەرهەم بێنن.

نەخوێندەوارەکانمان، ناهۆشیارەکانمان لە هەردوو ڕەگەز، بەرپرسیارن بەرامبەر دواکەوتنی کۆمەڵگەو زۆر بوونی توندوتیژی، چونکە بەشێکی زۆر لە پیاوان ڕۆڵی ژن فەرامۆش دەکەن، لە بیری دەکەن کە خۆیان دەبنە گەورەو کوێخای ماڵ. هەر ئەو پیاوانەش ڕەخنە لە دواکەوتنی کۆمەڵگە دەگرن و بەبێ ئەوەی کردارە چەوتەکانی خۆیان ببینن. لەڕاستیدا ئەوانە تاوانباری سەرەکین لە پەراوێزخستنی ڕۆڵی ژن. بەمەدەنیبوونی کۆمەڵگەش لەوەوە دەست پێدەکات خۆشەویستی لە تاوان دەربچێ و ڕەگەز لەجیاوازیکردن لەکار و ماف دەربچێ.

### ئەمساڵ لە ماوەی 45 ڕۆژدا لە سێ پەروەردە

# 1000 مامۆستا مۆڵەتی دایکایەتیان لەهەولێر وەرگرتووە

**بەرپرسێکی پەروەردەی هەولێر: مامۆستای وامان هەیە هەموو ساڵێک بەر لەوەی مۆڵەتەکەی تەواو ببێت منداڵێکی دیکە دەنێتەوە بەس بۆ ئەوەی وانە نەڵێتەوە**



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

تەنیا لە ڕقی ئەوەی بەڕێوەبەری پەروەردەکەی ڕەزامەندی نەنواندووە لەسەر گواستنەوەی ڕاژەکەی بۆ قوتابخانەیەکی نزیک شار، ماوەی دوو ساڵە، شەرمین منداڵ دەنێتەوەو تا لەو قوتابخانەی لێیدانراوە دەوام نەکات، ئەو کە ساڵی ڕابردوو بۆ منداڵی یەکەمی لە مۆڵەتی دایکایەتیدا بوو، ئەمساڵیش بۆ منداڵی دووەمی مۆڵەتی وەرگرتووە و دەڵێ "لێناگەڕێم سوود لەڕاژەکەم ببینن لەو قوتابخانەیە".

شەرمین، ناوی خوازراوی، مامۆستایەکی قوتابخانەیەکی بنەڕەتییە لە دەوروبەری شاری هەولێر، ساڵی ڕابردوو دوای تەواوکردنی ساڵەکانی مامۆستایەتی لەپەروەردەی سۆران ڕاژەکەی گواسترایەوە دەوروبەری هەولێر، بەڵام ئەو بە قوتابخانە ڕازی نییە کە لێی دانراوە، دەڵێ "کە گەڕامەوە سکپڕبووم، بەبێ لەبەرچاوگرتنی باری تەندروستیم لەدووری شار دایاننام، منیش بڕیارمداوە تاوەکو ساڵەکانی دەوروبەر تەواو دەبێ، منداڵ بنێمەوەو نەهێڵم سوود لە ڕاژەکەم ببینن".

بەپێی ئەو ئامارەی لە هەرسێ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکانی (ناوەندی هەولێر، خەبات، دەشتی هەولێر) دەست (ڕووداو) کەوتوون، لەدەستپێکی دەوامی ئەمساڵەوە تاوەکو 2010/10/15 نزیکەی 1000 مامۆستا مۆڵەتی دایکایەتیان وەرگرتووە. بەرپرسانی پەروەردە دەڵێن ئەم مۆڵەت وەرگرتنە "بۆشاییەکی زۆری لەنێو میلاکی قوتابخانەکان دروستکردووە".

پەروەردەی ناوەندی هەولێر لەم ئامارە پشکی شێری بەرکەوتووە، کە 429 مامۆستا (213 بنەڕەتی،216 ئامادەیی) مۆڵەتی دایکایەتیان وەرگرتووە، کە هەر مامۆستایەکیان 21 ڕۆژ بەر لەمنداڵبوون و 51 دوای لەدایکبوون مۆڵەتی پێدراوە، دوای ئەمەش بەفەرمی مۆڵەتی ساڵێکیان بەتەواوی مووچەکەیانەوە بۆ براوەتەوە.

عەباس محەممەد، بەرپرسی خۆیەتی و میلاک لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، ڕایگەیاند کێشەی پەروەردەی ناوەند لەوەدایە، سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی مۆڵەتی دایکایەتی کە لە پەروەردەکەدا هەیە، ساڵانە بەبیانووی ئەوەی مامۆستای پەروەردەکانی دیکەی بۆ ناوشار دەگەڕێنەوە هیچ مامۆستایەکی تازەی بۆ دانامەزرێ، گوتیشی "ئەمساڵ 27 قوتابخانەی تازە لەسنووری پەروەردەکەمان کراونەتەوە کە هەموویان پێویستیان بەمیلاکە، تەنیا 538 مامۆستامان لەپەروەردەکانەوە بۆ گەڕاوەتەوە، لەبەرامبەریشدا 429 مامۆستا مۆڵەتی دایکایەتیان وەرگرتووە، بۆیە بەردەوام کێشەی کەمی میلاکمان هەیە لەقوتابخانەکان".

بەرپرسی خۆیەتی و میلاک، گوتیشی "مامۆستای وامان هەیە 5 ساڵە لەسەر یەک مۆڵەتی دایکایەتی وەردەگرێ، هەموو ساڵێک بەر لەوەی مۆڵەتەکەی تەواو ببێت منداڵێکی دیکە دەنێتەوە بەس بۆ ئەوەی وانە نەڵێتەوە، بۆیە ساڵانە بەهۆی ئەو مۆڵەتە زۆرانە تووشی گرفتی کەمی میلاک دەبینەوە".

قوتابخانەی بروسکی بنەڕەتی، لەسنووری پەروەردەی هەولێر، یەکێکە لەو قوتابخانانەی کە ئێستا 6 مامۆستای لە مۆڵەتی دایکایەتیدان، ئەمەش کێشەی بۆ قوتابخانەکە دروستکردووە. مامۆستا کەوسەر خدر، یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوبراو دەڵێ "6 مامۆستامان لە مۆڵەتی دایکایەتییە 3 مامۆستای دیکەشمان سکیان پڕە بەردەوام مۆڵەتی حەسانەوە لەڕێگەی لێژنەی پزیشکی وەردەگرن، بۆیە لەدەستپێکی کردنەوەی قوتابخانەوە تائێستا قوتابیەکانی قۆناخی شەش بەهۆی وەرگرتنی مۆڵەتی دایکایەتی لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕ، وانەی بیرکاری و زانستەکانیان نەخوێندووە".

بەپێی ئامارەکان زۆربەی مۆڵەتی دایکایەتییەکان لە9/1 تا 10/15 وەردەگیرێن، لەبارەی هۆکاری زۆربوونی مۆڵەت لەو ماوەیەدا، یاریدەدەری قوتابخانەی بروسکی بنەڕەتی دەڵێ "کێبڕکێیەکی زۆر لەنێوان مامۆستایانی ئافرەت بۆ نانەوەی منداڵ لەقوتابخانەکان هەیە، مامۆستای واهەیە تەنیا بۆ ئەوەی مۆڵەتی دایکایەتی پێش مامۆستایەکی دیکە وەربگرێت هەوڵی سکپڕی دەدات، زۆربەشیان بە بەرنامە کاتی منداڵبوونیان دیاری دەکەن بۆ ئەوەی هەر کە دەوامی قوتابخانە دەستی پێکرد دوای چەند ڕۆژێک منداڵیان ببێت ئەو ساڵە هیچ دەوام نەکەن".

ئەو مامۆستایە پێیوایە، تاکە چارەسەر بۆ سنووردارکردنی مۆڵەتی دایکایەتی پێدانی مۆڵەتی دایکایەتییە بە نیوە مووچە، گوتیشی "دڵنیام ئەگەر مۆڵەتەکان بەنیوە مووچە بدرێن، ئەو مامۆستایانەی ئێستا لە مۆڵەتی دایکایەتین نیوەیان دەگەڕێنەوە قوتابخانە".

لە سنووری پەروەردەی خەباتیش ئێستا 256 مامۆستا (187 بنەڕەتی، 69 ئامادەیی) مۆڵەتی دایکایەتییان وەرگرتووە، لەکۆی ئەو 21 مامۆستایەی کە ئەمساڵ بۆ پەروەردەی ناوبراو دامەزرێندراون، 8 مامۆستایان مۆڵەتی دایکایەتیان وەرگرتووە.

بەکرکەریم، بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات، ڕایگەیاند یەکێک لەو بنەمایانەی کە بۆ دامەزراندنی مامۆستای نوێ لەپەروەردەکانی دەوروبەر پەیڕەو دەکرێت بنەمای خێزاندارییە بۆیە گرفتی هەرە گەورەی پەروەردەکانی دەوروبەر، زۆری مۆڵەتی دایکایەتییە، گوتیشی "زۆری مۆڵەتی دایکایەتی کاریگەری ڕاستەخۆی کردووەتە سەر کەمی میلاکی قوتابخانەکان و زیان گەیاندن بە پرۆسەی خوێندن".

بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات ئاماژەی بەوەشدا مامۆستای وایان هەیە لەدوای دامەزراندنییەوە سێ ساڵ لەسەریەک مۆڵەتی دایکایەتی وەرگرتووە یەک ڕۆژ دەوامی نەکردووە، گوتیشی "قوتابخانەمان هەیە لە کۆی 22 مامۆستا 11 مامۆستایان مۆڵەتی دایکایەتیان وەرگرتووە، ئێمەش ناتوانین ڕێگری لە مۆڵەتەکەی بکەین، چونکە بەڵگەنامەی لەدایکبوونی هێناوە مۆڵەتەکەشی یاسایی بووە".

بەهۆی زۆربوونی مۆڵەتەکان لەهەریەک لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر و فەرمانگەی تەندروستی هەولێر نووسراویان ئاراستەی نەخۆشخانەی لەدایکبوون و ئافرەتان کردووە بۆ ئەوەی بەئاسانی مۆڵەت نەدەنە ئەو مامۆستاو فەرمانبەرە سکپڕانەی کە نەخۆش نین تەنیا بۆ دەوام نەکردن داوای مۆڵەت دەکەن.

دکتۆرە جوان نزمی، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لەدایکبوون و ئافرەتان لە هەولێر، ئاشکرایکرد لەوەتەی دەوامی قوتابخانە دەستی پێکردووە بە لێشاو ڕۆژانە مامۆستا بۆ وەرگرتنی مۆڵەت سەردانیان دەکەن، گوتیشی "ڕۆژانە بەلایەنیکەم 10-20 مامۆستا بۆ مۆڵەت وەرگرتن سەردانمان دەکەن، مامۆستای واهەیە، بووەتە هاوڕێی بەرنامە 4 منداڵی هەیە یەک لەدوای یەک بوویەتی ئەم چوار ساڵەی هەر بەوەرگرتنی مۆڵەت بردووەتە سەر".

دکتۆرە جوان گوتیشی "مامۆستای وا هەیە سەرەتای سکپڕیەتی، هیچ نەخۆشییەکی نییە بەردەوام بەدوای وەرگرتنی مۆڵەتەوەیە، دەیەوێ نۆ مانگی سکپڕیەکەشی بە مۆڵەت وەرگرتن تەواو بکات، کاتێکیش لەپشکنین دەردەکەوێ هیچی نییە، پێمان دەڵێت دکتۆرە ڕێگەم دوورە ناتوانم دەوام بکەم، بۆیە دەمەوێ مۆڵەت وەربگرم".

### گۆڕستانەکان دەبنە جێژووان و شوێنی مەی خواردنەوە

# لە 10مانگی ڕابردوودا 4 کەس لەناو گۆڕستانەکانی هەولێر کوژراون

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

کوشتن و ڕابواردن و مەی خواردنەوە لەنێو هەندێک لە گۆڕستانەکانی کوردستان ئەنجامدەدرێ، بەهۆی نەبوونی پەرژین و پاسەوان. تەنیا ئەمساڵ لە هەولێر 4 کەس لەنێو گۆڕستانەکاندا کوژراون.

سەعید کە تەمەنی 49ساڵە، ماوەیەک بوو گومانی لە ژنەکەی هەبوو، بۆیە چاودێری دەکرد، تاوەکو ڕۆژی 2010/7/11، بینی ژنەکەی بە بیانووی نەخۆشخانە چووە دەرەوە، ئەویش بە دزییەوە بە دوای کەوت، تا گەیشتە گۆڕستانی کارگەی قیر لە نزیک هەولێر، سەعید کە ناوی خوازراوی ئەو بکوژەیە، ژنەکەی تەمەنی 41ساڵ بوو، ماوەیەک لەمەوبەر کوڕێکیان مردبوو، لەو گۆڕستانەیان شاردبووەوە کە ژنەکەی بەرەو ئەوێ بەڕێدەکەوت. سەعید کە دەبینێ ژنەکەی لەسەر گۆڕی کوڕەکەی کە بە دارو قەمیش دەورەدرابوو، لەگەڵ پیاوێک سێکس دەکات، ئەویش هەر لەوێ دەستبەجێ هەردووکی کوشتن، سەعید دوای خۆبەدەستەوەدانی بە پۆلیس دەیگوت "هیچ پەشیمان نیم لە کوشتنیان، چونکە بە چاوی خۆی بینیم لەنێو گۆڕستان ژنەکەم کاری ناشەرعی دەکرد".

گۆڕستانی کارگەی قیر لە زۆر لاوە شوورەی نییە، لە تەنیشتیشی بووەتە گۆڕەپانی ئەو شۆفێرە بارهەڵگرانەی کە لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە بار بەرەو هەولێر دێنن و شەوان لەوێ دەمێننەوە، بۆیە دەوری گۆڕستانەکە پڕە لە قوتووی مەی، گۆڕستانەکەش وەک ئاودەستخانە بەکاردێنن.

سەلمان عەلی، کە شۆفێرێکی خەڵکی حیللەیەو زۆرجار شەوان لە تەنیشت ئەو گۆڕستانە دەمێنێتەوە، بێزارە لەوەی دەبینێ هەندێک لە شۆفێرەکان شەوان لە گۆڕستانەکە مەی دەخۆنەوەو گوتی "لە هەموو شارەکانی دیکە گۆڕەپانی تایبەت بە ئۆتۆمبێلەکان دانراوە، ئەو مەشروبە بێزاری کردووین".

هەڵمەت فارس، 24 ساڵ، ماوەی هەشت ساڵە، لەگەڵ خوشک و دایکی لە گۆڕستانی کارگەی قیری هەولێر دەژیت، لەناو خانووێکە لە دەروازەی گۆڕستانەکە، ئەو دەڵێت لەبەر هەژاری ڕووی لەو گۆڕستانە کردووە. بەهۆی ژیانیشی لەوێ ئاگاداری ڕەوشی گۆڕستانەکەیە و دەڵێ "مەشروبخواردن و پیسایی کردن لەناو گۆڕستانەکە بووەتە دیاردە، زۆریش باسی ڕابواردنی ژن و پیاوان لێرە دەکرێ".

د. محەممەد شوانی مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەدین، ئاماژەی بەوەدا گۆڕستان لە کۆمەڵگەی کوردی بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکرێ، مەی لێ خواردنەوەو سێکسکردن تێیاندا زۆر نەشیاوە بەلای کۆمەڵگەی کوردستانییەوە "پیرۆزی گۆڕستان و کاری خراپ دژ بەیەکن، کردنی ئەو کارانە لە گۆڕستان بەڵگەی خەمنەخواردنی حکومەتە لە گۆڕستانەکان".

بەبڕوای د.محەممەد ئەوانەی مەشروب لەناو گۆڕستانەکان دەخۆن لەبەر ناهۆشیارییە، یان بە ئەنقەستەو بۆ دژایەتیکردنی داو ونەریتی کۆمەڵگەیە "بۆ سووککردنی ڕەمزە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانە، یان ئەو شوێنە بە ئارام دەزانن کە دوورە لە چاوی خەڵکی".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ژن و پیاوانەی لە گۆڕستانەکان کاری سێکسی دەکەن بە دەستدرێژی سێکسی دانانرێ، چونکە هەردووکیان بە حەزی خۆیان دەچن، بەڵام ئەگەر لەوە یاخود لە خواردنەوەی مەی لە گۆڕستاندا ئاگادار بکرێنەوە پۆلیس دەنێرن و دەستگیریان دەکەن، بەڵام گوتیشی "مەی خواردنەوە لە ناو گۆڕستانەکان کەم بووە، چونکە خەڵک لەسەر جادە دەیخواتەوە، لەبەر ئەوەی گۆڕستان شوێنێکی پیرۆزە، نابێ لەو شوێنە بخورێتەوە".

چوونی ئافرەتان بۆ گۆڕستانەکان بە بیانووی مردوو، د.محەممەد بە هۆکارێکی ئەو پەیوەندیانەی دادەنێ لەلایەن هەندێ ئافرەتەوە "ئەوە زەمینەی خۆشکردووە بۆ ئافرەتان و کوڕانیش کە شوێنی دیکەیان نییە، بۆیە پەنا بۆ ئەوێ دەبەن".

لەوەتەی هەڵمەت لەگۆڕستانی کارگەی قیرە، پێنج کەسی بینووە لەگۆڕستانەکە کوژراون (3 پیاو، 2 ژن). هەڵمەت هۆکاری ئەو تاوانانە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە شوێنەکە چۆڵەو دیواری نییە، بۆیە "ئەمنیەت لێرە نییە، شوورەی هەبێت 95 %ی کێشەکان ڕادەگرێ، ئەگەر یەک دەرگای هەبێت کەسێک ناتوانێ تاوانێکی لێ بکات و ڕزگاری بێت، بەڵام ئێرە هەمووی ڕێگەیە بۆ دەربازبوون، زۆرجار شەوان پۆلیس هاتوونەتە گۆڕستانەکەو تاوانباریان گرتووە".

بوونی شوورە لە گۆڕستانەکان بەبڕوای د.محەممەد زۆر پێویستە، تاوەکو لەڕووی دەروونی و ژینگەوە باشتربێت و بۆ پاراستن و خاوێنراگرتنی گۆڕستانەکە "ڕێکخستنی ئەو شوێنانە لەڕووی دیاریکردنی کاتی سەردان و، دابینکردنی شورەو پاسەوان، کارەساتی کوشتن و ڕووداوە ناخۆشەکان زۆر کەمدەکاتەوە، ئەو بەرەڵڵاییە ناهێڵێت".

ڕۆژی 2010/2/15 تەرمی دوو ئافرەت لە نێو ئۆتۆمبێلێک لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە هەولێر دۆزرانەوە. ئەو دوو ئافرەتە کە هەردووکیان تەمەنیان 20ساڵ دەبوو، لەناو یەک ئۆتۆمبێل کوژرابوون، بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس کوشتنی ئەو دوو ئافرەتە پەیوەندی بە کێشەی کۆمەڵایەتییەوە هەبوو.

ئەحمەد، کە کێڵی گۆڕ دەفرۆشێ و هاتووچۆی گۆڕستانەکان دەکات دەڵێت "ماوەیەکە هاتنی کچ و کوڕ بۆ گۆڕستانەکە زیادی کردووە، بە تایبەتی قوتابیانی زانکۆ دێنە گۆڕستان".

هەڵمەت زۆرجار گوێی لەوە دەبێت کە کاری سێکسی لەناو گۆڕستانەکە دەکرێ، جاری واهەبووە خەڵک بانگی کردووە کە شتێکی وا لەناو گۆڕستان دەکرێ، بەڵام هەڵمەت پاسەوان نییە هەتا ڕێگری بکات، بۆیە بێدەنگ بووە "ئێرە شوێنێکی گشتییە ناتوانی بە کچ و کوڕێک بڵێی چی دەکەی لێرە؟ ڕەنگە بڵێت ئەوە لە دیار مردووەکەمان دانیشتووین، خۆ ناشتوانی بڵێی ناسنامەی خۆت و مردووەکەم پێبدە، بزانم ئێوە چی یەکترن".

**کەسێک کە ماڵەکەی لەناو گۆڕستانە: ئێرە شوێنێکی گشتییە و ناتوانم بەکەس بڵێم ناسنامەی خۆت و مردووەکەت بێنە**

**کۆمەڵناس د.محەممەد شوانی: گۆڕستان لە کۆمەڵگەی کورددا جێگەی ڕێزە و ئەو کارانە تێیاندا بەڵگەی کەمتەرخەمی حکومەتە**

# پەرلەمانتارانی عێراق بۆ هەر خولەکێک 1000 دۆلار وەردەگرن

## ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی: دەبێ 40 ملیۆن دۆلار بگێڕنەوە



**ڕووداو- Daily Mail**

سیاسەتمەدارانی عێراق وەک ڕۆژنامەی Daily Mailی بەریتانی دەڵێ، بۆ هەر خولەکێک دەوامکردن زیاتر لە هەزار دۆلاریان دەستدەکەوێ، بەدرێژایی ئەمساڵیش هەر تەنیا نزیکەی 20 خولەک دەوامیان کردووە.

پەرلەمانتارانی عێراق مووچەی مانگانەیان 22 هەزار و 500 دۆلارە و لەخۆشترین و گرانترین هۆتێلی بەغداش دەمێننەوە.

ئەم خەرجی و خۆشگوزەرانییەی 325 پەرلەمانتارەکەی عێراق لەکاتێکدایە کە چاوەڕێ دەکرێ پاش تێپەڕبوونی 8 مانگ بەسەر هەڵبژاردنیدا، پەرلەمانی عێراق دووەم دانیشتنی خۆی لەڕۆژی پێنج شەممە سازبکات.

بەرزی ئەم مووچەیە نیگەرانییەکی زۆری لەنێو هاووڵاتیانی عێراقیدا دروستکردووە کە مووچەی زۆرینەیان بەشی بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانەیان ناکات.

لەعێراق، بەرزترین مووچەی مانگانەی فەرمانبەرێکی ئاسایی حکوومەت لە 600 دۆلار تێپەڕناکات، ئەوە لەکاتێکدا کە زۆرینەی هاووڵاتیان خزمەتگوزاری سادەی وەک کارەبا و ئاوی پاکیان نییە. کەچی مووچەی سیاسەتمەدارێک لە 10 هەزار دۆلار کەمتر نییە، واتە تەنیا 4،500 دۆلار کەمتر لە مووچەی ئەندامێکی پایەبەرزی کۆنگرێسی ئەمریکا.

پەرلەمانتاران سەرباری ئەو 10 هەزار دۆلارە، مانگانە بڕی 12،500 دۆلاریش بۆ خەرجی پاسەوانەکانیان و خەرجی تایبەتی خۆیان وەردەگرن کە بەگشتی دەگاتە 22،500 دۆلاری مانگانە.

ئەوان جگە لەم مووچەیە، بۆیان هەیە شەوانە بەخۆڕایی لەهۆتێلی ڕەشید بمێننەوە کە دەکەوێتە ناوچەی سەوزی شاری بەغدا، بێ ئەوەی هیچ دانیشتنێکی پەرلەمانیش هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێک چوونە دەرەوەیان هەبێت بۆ ناوخۆ یان دەرەوەی عێراق، ڕۆژانە 600 دۆلاریان هەیە. کاتێکیش خانەنشین دەکرێن، 80%ی مووچەکەیان وەک مووچەیەکی هەتایی بۆ دەبڕدرێتەوە و بۆ ماوەی 8 ساڵیش دەتوانن خۆیان و خێزانەکانیان هەمان ئەو پاسپۆرتە دیپلۆماسییە بەکاربێنن کە لەگەڵ گەیشتنیان بە پەرلەمان وەریدەگرن.

لە وتارێکی ڕۆژی هەینیدا، یەکێک لە وتاربێژانی شاری بەغدا داوای لە پەرلەمانتاران کرد کە مووچەکانی خۆیان کەم بکەنەوە. ئەحمەد سافی گوتی "ئەوە داواکارییەکی ڕەوایە کە داوا بکەی مووچەی ئەندام پەرلەمانەکان نەگاتە ئاستێکی خەیاڵی. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە و تائێستا نازانم بۆچی هەموو لایەک چاوپۆشیی لەم مەسەلەیە دەکەن".

جەلال محەممەد کە ژمێریارێکی خانەنشینی شاری بەسرەیە، ڕەخنە لە ئەندام پەرلەمانەکان دەگرێ و دەڵێ "لەجیاتی ئەوەی کار بکەن و کاروباری خەڵک بەڕێوەببەن، هەر پارە وەردەگرن بۆ ئەوەی پشووبدەن و گەشت بکەن. دەبێ ئەندام پەرلەمان تەنیا ئەو کاتە پارە وەربگرێ کە کارێکی باش بۆ وڵاتەکەی دەکات".

بەڵام پەرلەمانتارێکی سەر بە دەوڵەتی یاسا کە نووری مالیکی سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی دەکات، پێیوایە "ئەو مووچەیە زۆر نییە" و، دەڵێت کە ئەوان ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە کاتێک بەشداری لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا دەکەن "ئێمە لەنێو ماڵەکانی خۆمان و لەسەر شەقامەکان و هەتا لەنێو هۆڵی پەرلەمانیش، ڕووبەڕووی هێرشی تیرۆریستی دەبینەوە".

بەڵام ئەم بودجە خەیاڵییە کە بۆ مووچەی پەرلەمانتارانی عێراق تەرخاندەکرێ، تادێت لەنێو هاووڵاتیاندا تووڕەیی و بێزاریی زیاتر دەخاتەوە.

لەو چوارچێوەیەدا ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سکاڵانامەیەکدا داوایان لە ئەندامانی پەرلەمانی عێراق کردووە 40 ملیۆن دۆلار بگێڕنەوە کە لە مانگی حوزەیرانەوە تائێستا وەک مووچە وەریانگرتووە، لەکاتێکدا تەنیا 20 دەقیقە دەوامیان کردووە. دەڵێن بۆ ئەو مەبەستە سکاڵا لە دادگا تۆمار دەکەن.

ئەو ڕێکخراوانە لە بەیاننامەیەکدا کە بەناوی (دەستپێشخەریپاراستنیدەستوور)دەریانکردووە، دەڵێن مانگرتنێک لە نێوەڕاستی شاری بەغدا سازدەکەن، چونکە پاش تێپەڕبوونی هەشت مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی مانگی ئازاردا و پاش دەرچوونی بڕیاری دادگای فیدراڵی بە نادەستووری دانانی "دانیشتنی کراوەی پەرلەمان"، کەچی هێشتا دانیشتنی کراوە هەر بەردەوامە.

بەپێی ئامارەکان هەر پەرلەمانتارێک مانگانە 11 هەزار دۆلار وەک مووچە وەردەگرێت، جگە لە مووچەی پاسەوانیی 30 کەس کە دەکاتە 8 هەزار دۆلار، هەروەها 2600 دۆلاریش بۆ نیشتەجێبوون وەردەگرێ، ئەگەر لە دەرەوەی ناوچەی سەوز بێت. کە لەکۆی 325 ئەندامی پەرلەمان نزیکەی پەنجایان لەنێو ناوچەی سەوزدان. هەروەها پێشبینی دەکرێ کە پەرلەمان لە دانیشتنی یەکەمی پەرلەماندا بڕیاربدات بە دیاریکردنی 25 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بۆ ئەندامانی پەرلەمان.

ئەندامانی خولی پێشووی پەرلەمان، ئێستا 80%ی مووچەکەیان و پارەی 10 پاسەوانیشیان وەردەگرن. هەروەها ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی کە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان پێکهات، کە ژمارەیان 275 کەس بوو و ساڵێک ئەندامی بوون ئەوانیش 80%ی مووچەکەیان وەک خانەنشینی و پارەی 7 پاسەوانیش وەردەگرن.

---

## گوتی خزمی حوسنی موبارەکم



# برلسکۆنی لە داوی ڕۆبی ڕزگار نەبووە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

داواکاری گشتیی ئیتالیا، فەرماندەی پێشووی پۆلیسی شاری میلانۆی خستە ژێر لێپرسینەوە، سەبارەت بەوەی کە سەرۆک وەزیرانی وڵات (سیلیڤۆ برلسکۆنی)ی بە خراپ بەکار هێنانی دەسەڵاتەکەی تۆمەتبار کردووە. تۆمەتەکەش لەبارەی کچۆڵەیەکی هەرزەکارە، کە پاش ئەوەی سەرۆک وەزیران هاتە نێو کێشەکەی، لە بنکەی پۆلیس ئازاد کرا.

برلسکۆنی ئەوەی ڕەتکردەوە کە هیچ ڕەفتارێکی ناشیاوی لەگەڵ ئەو کچۆڵەیەدا کردبێ، کە ناوی (ڕۆبی)یە، برلسکۆنی سوورە لەسەر ئەوەی کە تەنیا بەزەیی بەو کچەدا هاتووەتەوە. بەڵام لەلایەن میدیاوە گوشاری زۆری لەسەرە، زۆر داوای ئەوەشی لێدەکرێ کە دەست لەکاربکێشێتەوە.

ئاژانسی دەنگوباسی ئیتالی، بڵاویکردەوە کە فنسنزۆ ئەندۆلفی فەرماندەی پێشووی پۆلیس لە میلانۆ بۆ ماوەی یەک کاژێر لەلایەن دادپرسی نێودار ئیلدا بۆکاسینی لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە. ئەندۆلفی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بنکەی پۆلیس "ئەرکی خۆی بەجێگەیاندووە" کاتێک بە تۆمەتی دزینی 3 هەزار یۆرۆ ڕۆبیی گرت، پاشان بە تەلەفۆنێکی نووسینگەی سەرۆک وەزیران ئازاد کرا.

میدیای ئیتالیا ئاشکرای کرد کە برلسکۆنی تەلەفۆنی بۆ بنکەی پۆلیس کردووەو داوای لێکردوون کچەکە ئازد بکەن، گوتووشیەتی کە خزمی سەرۆکی میسر، حوسنی موبارەکە.

ڕۆبی، کە دانیشتووی دوورگەی سقیلیەی ئیتاڵیایە و بە ڕەچەڵەک مەغریبییە و تەمەنی 17 ساڵە، لەکاتی گرتنەکەیدا گوتوویەتی کە ئەو برلسکۆنی دەناسێ و چووەتە ڤیللاکەشی بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگێکیدا، گوتیشی کە سەرۆک وەزیران "باوەشی پێدا کردووە" و، ئەو 7 هەزار یۆرۆیەشی بە دیاری داوەتێ.

برلسکۆنی دانی بەوەدانا کە خانمە یاریدەدەرێکی خۆی بۆ وەرگرتنەوەی ڕۆبی لە بنکەی پۆلیس ناردووە، گوتیشی "من پیاوێکم دڵم باشە، کەسێک کە پێویستی بە یارمەتی هەبێت بەو شێوەیە لەگەڵی دەجووڵێمەوە".

بەڵام سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆژنامەکانی کاتولیک ناڕەزاییان بەرامبەر بە ڕووداوەکە دەربڕی و وایان وەسفکرد، کە نەنگی و شەرمی بۆ سەرۆک وەزیران و بۆ وڵاتیش لێدەکەوێتەوە.

سەرۆکی پەرلەمان جیانفرانکۆ فینی گوتی کە برلسکۆنی "ئیتالیای خستووەتە هەڵوێستێکی ناجۆرەوە"، گوتیشی دەبێ برلسکۆنی "بڕوات" ئەگەر سەلما کە دەستی لە کاری پۆلیس وەرداوە.

ساڵی ڕابردوو ژنی برلسکۆنی سکاڵایەکی بۆ وەرگرتنی تەڵاق لەسەر تۆمارکرد و تۆمەتی "دۆستایەتیی کچانی ناکام"ی دایە پاڵ، دوای ئەوەی بەشداری لە ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی کچۆڵەیەکی تەمەن 18 ساڵاندا کردبوو. دوای ئەوەش ئافرەتێکی لەشفرۆش گوتی کە بڕە پارەیەکی وەرگرتووە بەرامبەر بە بەشداریکردنی لە ئاهەنگەکانی برلسکۆنیدا و لەگەڵیشیدا نووستووە.

هەرچەندە برلسکۆنی توانی ئەم جۆرە تەنگژانە تێپەڕێنێ، بەڵام ڕۆژنامەنووسان دەڵێن کە قەیرانی ئەمجارەی لە کاتێکدایە کە جەماوەری برلسکۆنی ڕوو لە پاشەکشێیە. هەروەها جیانفرانکۆ فینی هاوپەیمانیشی کە ئێستا لێی بووەتە دوژمنێکی سیاسی، ڕەنگە لەهەر چرکەیەکدا متمانەی پەرلەمان لە حکومەتەکەی برلسکۆنی بکێشێتەوە.

---

## قاعیدە نەفیرعام دژی کریستیانەکان ڕادەگەیێنێ

# لەدوای سەیدە نەجات..کۆچکردن



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ڕۆژی 2010/10/1 کە هێشتا خوێنی کارەساتەکە هەر بە قەد دیواری ناوەوەی کڵێسای (سەیدە نەجات)ەوە بوو، تەرمی قوربانییەکانیش بە نێو کورسییەکاندا پەرشوبڵاو بەلادا کەوتبوون، کریستیانانی عێراق تووشی هەژان و شڵەژانێکی دژوار ببوون، بە تایبەتی کە ئەو هێرشەی ڕێکخراوی قاعیدە کردیە سەر کڵێساکە، بە خراپترین هێرش بۆ سەر ئەوان دادەنرێ، کارەکەش لەوە تێدەپەڕێنێ کە هەر تەنیا زیانی سەر و ماڵ بێت و بەوان گەیشتبێ، بەڵکو ڕێژنەی گوللە و تەقینەوەی بۆمب، ئەم جارە ڕیشاڵێکی دیکەی پێکهاتەی هەمەڕەنگی عێراقی لەبەریەک هەڵوەشاند.

کریستیانەکانی عێراق لە کوردستان و عێراق بەغدا، بەپێی هەندێ ئامار ڕێژەی 3،5%ی تێکڕای دانیشتووانی عێراقیان پێکدەهێنا، بە گوتەی هەندێک سەرکردەی کریستیانیش، ئەوان بەر لە 2003 لەنێوان 800 هەزار تا 1،4 ملیۆن کەس دەبوون لە عێراقدا، بەڵام لە ئاکامی شاڵاوی توندوتیژی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، نیوەیان بەرەو دەرەوەی عێراق کۆچیان کرد و، بەشێکی زۆریان لە بەغدا و مووسڵەوە بەرەو شارەکانی کوردستان هاتن.

ڕوودی خالید، لاوێکی 16 ساڵانی کریستیانە، ماڵیان لە هەمان شەقامی کڵێسای سەیدە نەجاتە، دەڵێ "ئێستا بەشێکی گیانی خۆمان لەدەستدا، کەس نازانێ چی لەبارەی چارەنووسمانەوە بڵێت".

چەکدارانی قاعیدە کە خۆیان بە کڵێساکەدا کرد، بە قسەی شاهێد حاڵێک، سەرەتا ڕەبەن و قەشەکانی کڵێساکەیان کوشت، دواتر هەموو بارمتەکانیان، کە بەشی هەرە زۆریان ژن و منداڵ بوون، لە ژوورێکی بە لاوەی کڵێساکەدا بەندکرد، ماوە ماوەش لەگەڵ ڕێژنەی گوللە و شەڕە تەقەی نێوانی چەکدارانی قاعیدە و هێزە ئەمنییەکانی عێراق، یەکێک لە چەکدارەکان بە پشتێنی بۆمبڕێژەوە خۆی دەتەقاندەوە، ترس و سامناکییەکی دژوار باڵی بەسەر بارمتەکاندا کێشا، کە کەوتبوونە داوی چارەنووسێکی ڕەش و نادیارەوە. پاپا بەنەدێکتی شازدەهەمی پاپای ڤاتیکان ئەو هێرشەی بە "توندوتیژیی دڕندانە و کوێرانە" وەسف کرد. سامی کە یەکێکە لەوانەی لە کڵێساکە ڕزگاری بووە، گوتی ئەو چەکدارانەی هێرشیان کردە سەر کڵێساکە تەنیا یەک ئەرکیان هەبوو، "ئەوان هاتبوون تا بکوژن و بکوژن و بکوژن".

ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق ڕایگەیاند کە هەموو کریستیانەکان بوونەتە " ئامانجی ڕەوا بۆ موجاهیدەکان"، دوای ئەو ماوەیەی کە بۆ کڵێسای قیبتی لە میسر دایانابوو بۆ ئازادکردنی دوو ئافرەت، هەروەک سەنتەری ئەمریکی بۆ چاودێریکردنی ماڵپەڕە ئیسلامییەکان (سایت) بڵاویکردەوە.

دەوڵەتی ئیسلامی عێراق کە سەر بە قاعیدەیە، 48 کاژێری بۆ کڵێسای قیبتی لە میسر دانابوو، بۆ بەردانی ئەو دوو ئافرەتە قیبتییە کە بەپێی ئەو ڕێکخراوە بوونەتە ئیسلام، لەکاتی ڕاگەیاندنی بەرپرسیارێتی خۆی لە هێرشکردنە سەر کڵێسای سەیدە نەجات بە 10 خۆکوژەوە لە بەغدا.

بەیاننامەکەی ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق دەڵێ " ماوەکە تەواوبوو (...) لە ئەنجامی ئەوەشدا هەموو سەنتەر و ڕێکخراوو دەزگا و سەرکردە و هەموو کەسێکی مەسیحی بوونەتە ئامانجی ڕەوای موجاهیدەکان هەر کاتێک بتوانن بیانگەنێ".

بەرپرسانی ئەمنی دەڵێن هێزەکانی عێراق بۆیە هێرشیان کردە سەر کڵێساکە چونکە چەکدارانی قاعیدە کە ژمارەیان 10 کەس بوو، بەرنامەڕێژانە کەوتنە کوشتنی بارمتەکان، بەڵام هەندێک بەرپرسی وەزارەتی ناوخۆی عێراق و هەندێک لەو بارمتانەی ڕزگاریان بووە، دەڵێن، دوای ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق خۆیان کوتایە نێو کڵێساکە، دوو لە چەکدارەکان پشتێنە بۆمبڕێژەکانی خۆیان تەقاندەوە و 23 بارمتە کوژران.

جیهاد جابری بەرپرسێکی باڵا لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق گوتی "فەرمانمان بۆ هات کە بچینە نێو کڵێساکەوە، ئێمە چووین و ئەوانیش خۆیان تەقاندەوە و زۆر کەسیان کوشت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بەر لە هێرشەکەش زۆر خەڵکی سڤیلیان کوشتبوو". زۆر لەوانەی لەو هێرشە ڕزگاریان بوو دەڵێن، چەکدارەکان وەک شێت تەقەیان لە هەموو شتێک و بە هەموو لایەک و بەرەو ڕووی هێماکانی کڵێسا دەکرد. هەروەها دەڵێن کە هەندێکیان بە عەرەبییەکی وەک وڵاتانی دیکەی عەرەبی دەدوان نەک عێراقی.

ولیەم وەردە سەرۆکی (ڕێکخراوی حەمۆرابی) کە ڕێکخراوێکی کریستیانی تایبەت بە چاودێری مافەکانی مرۆڤە دەڵێ، ئەو هێرشە دەچێتە خانەی پلانێکەوە کە لەساڵی 2006ەوە پیادە دەکرێ " ئەوە لە چوارچێوەی پرۆژەی گۆڕینی دیموگرافیدایە، بەڵام نازانین مەوداکەی تا چەند بڕ دەکات". ئەو دەشپرسێ "چۆن دەکرێ بە ڕۆژ و بە بەرچاوی حکومەتەوە تیرۆریستان لە نێوەڕاستی شاری بەغدا خۆیان بە کڵێسایەکدا بکەن؟"، ئەو داوا لە لایەنی پەیوەندیداریش دەکات کە وردەکاری ئەو ڕووداوە ڕوونبکەنەوە .

قەشەیەکی کڵێسای سەیدە نەجات، کە نەبادا بکرێتە ئامانج، ناوی خۆی نەگوت، دەڵێ "کریستیانەکان کە ئەم خاکە نیشتیمانی سەرەکی ئەوان بوو بەر لە ئایین و ڕەگەزەکانی دیکە، ئێستا پێیاندەگوترێ کەمینە بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەیان لە ئاکامی کۆچی ئاسایی و بە زۆر کۆچ پێکردنیان بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو کە فراوانترینیان ئەوەی دوای 2003 بوو، ئێستاش لە نیشتیمانی دێرینی خۆیان لە بەغدا و مووسڵ و بەسرا هەر تەنیا 400 هەزار کریستیان ماون".

لویس ئیقلیمۆس جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی کەمینەکانی عێراق، کە یەکێکبوو لە بارمتەکانی نێو کڵێسای سەیدە نەجات، پێیوایە شاڵاوی دژ بە کریستیان "بە ڕوونی نەخشەی بۆ کێشراوە"، بەبێ ناو هێنان، هەندێک لایەنیشی تۆمەتبار کرد کە "هانی تاوانباران دەدەن بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە". ئیقلیمۆس ئاماژەشیدا، کە ئامانج لە کۆچ پێکردنی کریستیان و کەمینەکانی دیکە لە عێراق هەوڵێکی تایفەگەرییە کە هەندێک لایەنی دیاریکراو دەیکەن. گوتیشی ئەم کردەوەیە وادەکات کە گەلێک لە کریستیانەکان عێراق جێبهێڵن، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر مانەوە و گوتی "ئەم خاکە خاکی ئێمەیە و جێی ناهێڵین".

---

## بوش یاداشتەکانی بڵاودەکاتەوە

# کە بیر لە نەدۆزینەوەی چەکی کۆکوژ لە عێراق دەکەمەوە هێڵنجم دێتێ





**ڕووداو- ئاژانسەکان**

(خاڵی بڕیار) کتێبی بیرەوەرییەکانی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، جۆرج دەبلیو بوشە. ئەو کتێبە زۆر وردەکاری پەنهانی تێدایە سەبارەت بە ماوەی 8 ساڵ سەرۆکایەتیی ئەمریکا، هەر لە هێرشەکەی 11ی ئەیلوولی 2001ەوە تاوەکو ساڵانی شەڕی ئەفغانستان و عێراق، کە بە داڕووخانی ئابووری کۆتایی هات و بوش لەبارەیەوە دەڵێ "وا هەستم دەکرد کەشتیوانی پاپۆڕێکم کەوا لە نقومبووندایە".

بوش باسی چەندین هەڵەی سەردەمی سەرۆکایەتی خۆی دەکات، بەتایبەتی لە عێراق و شکستهێنان لە دۆزینەوەی چەکی کۆکوژ، هەرچەندە دەزگاکانی هەواڵگری پێداگرییان دەکرد کە عێراق ئەو چەکانەی حەشارداوە. بوش دەڵێت "کەس هێندەی من تووشی شۆک نەهات و تووڕە نەبوو، کاتێک ئەو چەکەمان نەدۆزییەوە، ئەوساش و ئێستاش کە بیری لێدەکەمەوە هێڵنجم دێت".

بوش لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ بیری لەوەشکردبووەوە کە هێرشبکاتە سەر پرۆژەی ئەتۆمی سوریا لەساڵی 2007 لەسەر داوایەکی ئیسرائیل، بەڵام لەبەرنەبوونی بەڵگەی تەواو و کاردانەوەکانی هێرشکردنە سەر وڵاتێکی خاوەن سەروەری بەبێ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە هێرشەکەی ئەنجامنەدا. هەروەها دەڵێ ئەویش ڕێگەی بە ئیسرائیل نەدابوو " سەرۆک وەزیری ئیسرائیل ئیهۆد ئۆلمەرت داوای هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی لە من نەکرد".

بوشی تەمەن 64 ساڵ، لەوەتای کۆشکی سپی بەجێهێشتووەو گەڕاوەتەوە تێکساس، لەبەر چاوان ون بووەو ڕای خۆی لەسەر هیچ بابەتێک نەداوە. بوش لەو کتێبەدا بەهیچ شێوەیەک باسی ئۆباما سەرۆکی دوای خۆی نەکردووە، هەرچەندە باراک ئۆباما هەر ئەمساڵ چەندین جار هێرشیکردە سەر سیاسەتە ئابوورییەکانی ئەو.

بوش ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە کە خۆی دەڵێت ساڵانێکە لەلایەن هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتەوە ئاراستەی دەکرێن، بەوەی گوایە ئەو پاشەکەوتەی لە بێل کلینتنەوە بۆی مابووەوە، هەمووی بەفیڕۆدا.

هاوکات لەبارەی گەڕاندنەوەی ئابووریی ئەمریکا بۆ ڕەوشی بەهێزی جارانی، ڕێنمایی دەداتە ئیدارەی ئێستای دیموکراتەکان. بڕیار وایە کتێبەکە لەم هەفتەیەدا بکەوێتە بازاڕەوە. هەرچەندە بڵاوکردنەوەی یاداشتەکانی هەوڵێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ باشکردنی وێنەی خۆی، بەڵام بوش وای دەبینێ کە حوکمدان لەسەر ماوەی حوکمڕانیی ئەو پێویستی بە دەیان ساڵە. لەوبارەوە دەڵێت "ئەو حوکمە لەبارەی ماوەی سەرۆکایەتیی منەوە هەرچییەک بێت، بەو ڕاستییە زۆر ئاسوودەم کە ئەوکات من لەژیاندا نەماوم تاوەکو بیبیستم".

بوش لە دەسپێکی کتێبەکەیدا بە ڕستەیەک لەبارەی مێژووی کەسایەتیی خۆیەوە ئاماژە بە ئالوودەبوونی بە کهوول دەکات و دەڵێ "پرسیارێکی ئاسان بوو: ئایا دوایین ڕۆژت بە بیر دێتەوە کە شەرابت تێدا نەخواردووەتەوە؟"، ئەمە وەک بەراییەک بۆ قسە کردن دەربارەی گرفتێکی کەسیی خۆی سەبارەت بە ئالوودەبوونی بە خواردنەوەی مەی لەسەردەمی گەنجێتیدا، بەرلەوەی "سەرلەنوێ لەدایک ببێتەوە" و پەیڕەوی ڕێنماییەکانی "ڕزگارکەر" بکات بەپێی ڕێنماییەکانی کڵێسای ئینجیلی، پاش ئەوەی تەمەنی گەیشتە 40 ساڵی.

هەرچەندە بوش سوور بوو لەسەر ئەوەی وازی لە خواردنەوە هێناوە و چیدی ئالوودەی مەی نییە، بەڵام ئەو پڕوپاگەندەیەی هەر بەدواوە بوو، کە پیاوی یەکەمی کۆشکی سپی لە پەتای دێرینی مەیخۆری ڕزگاری نەبووە.

بوش داکۆکی لە شەڕی دژ بە عێراق کرد کە خۆی سەرکردایەتیی کرد، نووسیویەتی کە لەنێوبردنی سەرۆکی عێراق سەدام حوسێن وایکرد جیهان ئارامتر و ئەمینتر بێت، هەروەها داخی خۆشی دەربڕی سەبارەت بە کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە چەند مانگی پاش چوونە عێراقەوە. بوش باسی ئەوەشدەکات کە بیری لەلادانی دیک چینی جێگری خۆی کردبووەوە، ئەویش بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی دەیانگوت، دیک چینی کۆشکی سپی هەڵدەسووڕێنێ. هەروەها لە پێناو ئەوەی "پیشانی بدەم کە من بەرپرسم".

بوش بە شێوەیەکی پڕ لە سۆزەوە باسی دیدارێکی ساڵی 2001ی خۆی لەگەڵ پاپای پێشووی ڤاتیکان یۆحەنا پۆڵسی دووەم دەکات، هەندێ ڕای خۆشی دەردەبڕێ کە نیشانەن بۆ ئەوەی کەسێکی ئاینپەروەر بووە.

مەریوان وریا قانیع، باس یەک ساڵ لە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات:

# ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بووە کۆپی هێزەکانی دیکە بەر لە هەموو شتێک جاڕی مردنی خۆی دەدات

بەشی یەکەم

هەموو تێکچوونێکی پەیوەندی نێوان هێزەکانی کوردستان دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی خراپ و مەترسیداری لێدەکەوێتەوە
مەریوان وریا قانیع، یەکێک لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری (ڕەهەند)، کە ئێستا لەچوارچێوەی ئەو پرۆژەیەدا وەک ڕەهەندییەکان دەناسرێن، لەدوای دروستبوونی گۆڕان وەک لیستێکی پەرلەمانی و بزووتنەوە یان ڕێکخراوێکی سیاسی، ڕەهەندییەکان بەلایەنگری ئەو بزووتنەوەیە دەبینرێن. لەو هەڤپەیڤینەدا کە زۆرتر تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی یەک ساڵەی ئەو بزووتنەوەیە، مەریوان وریا قانیع بە ئیمەیل وەڵامی پرسیارەکانی بەشێوەیەکی درێژ داوەتەوە:

**ڕووداو: ئێوە لەسەرەتای دەرکەوتنی لیستی گۆڕان گوتتان مەرج نییە ئەم دەنگە جیاوازە دوایین ڕزگارکەری دونیای ئێمەبێ، یان بتوانێ گۆڕانی گەورە بکات، ئێستا کە ساڵێک بەسەر بەشداری سیاسی و پەرلەمانی بزووتنەوەی گۆڕاندا تێپەڕیوە، پێتانوایە لەو یەک ساڵەدا گۆڕان چیکرد و دەبووایە چ بکات؟**

**مەریوان وریا قانیع:** هیچ هێزێک ناتوانێ ڕۆڵی دواهەمین فریادڕەس لە مێژووی هیچ میللەتێکدا ببینێ، نە لە دونیای ئێمەدا و نە لە دونیای دەرەوەی ئێمەدا. هەر هێزێکیش خۆی وەک دواهەمین ڕزگارکەر ناساند، خۆی بە خاوەنی ئێستا و ئایندە زانی، خۆی وا نیشاندا کە تەنها ئەو شایانی ئەوەیە وڵاتی بدرێتە دەست و ئەوانیتر ڕۆڵی برایەکی بچووک، یان ڕۆڵی هێزگەلێکی پلە دوو و پلە سێ ببینن، یاخود خۆی وەک هێزێکی موقەدەس وێناکرد و باقی کۆمەڵگەی وەک ڕەعیەتێکی دەست لەسەرسنگ بینی، ئەو هێزە نەک تەنها پێویستە گومانی هێجگار گەورەی لێبکەین، بەڵکو پێویستە ئەو عەقڵیەتی خۆ بە فریادڕەس زانینەی وەک مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە و ترسناک مامەڵە بکەین. لە مێژووشدا هەر وابووە هەر هێزێک خۆی بە فریادڕەس زانیبێت دواتر دونیایەکی پڕ لە کۆیلەی دروستکردووە. هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی بتوانێ شوێنی متمانەبێت دەبێ سنووری تواناکان و سنووری ئەگەرە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و فەرهەنگییەکانی خۆی بزانێت. ئەوەی تا ئەمڕۆ لە بزووتنەوەی گۆڕان دەرکەوتووە، لانیکەم ئەوەی من بینیومە و تێبینیم کردووە، ئەوەیە بەم ئاراستەیە کارینەکردووە، یان لانیکەم ئەمە ئاراستەی سەرەکی کارکردنیان نەبووە. گۆڕان بزووتنەوەیەکی تازەیە و هێشتا لەسەرەتاکانی کارکردنیدایە، ڕێگایەکی دووروودرێژی فێربوونی بەردەوامی لەپێشەوەیە. ئەوەی من تێبینیم کردبێ ئەم بزووتنەوەیە هەوڵێکی تەواو دەدات هەڵە و خراپەکارییەکانی پارتی و یەکێتی دووبارەنەکاتەوە. لەو مۆدێلەی دەسەڵات دووربکەوێتەوە کە ئەم دوو هێزە لە کوردستاندا سەروەریان کردووە. بەڵام بێگومان ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی بێ کێشە نییە، تائێستاش هەندێک ئاراستەی ڕادیکاڵ و توند و گرژی تێدایە کە بە ڕۆحێکی تووڕەوە کاردەکات، هەندێک ئاراستەی دیکەیشی تێدایە بڕێکی گەورە لەو عەقڵیەتە کۆنەی هەیە کە لەناو حیزبە سیاسییە باڵادەستەکانی کوردستاندا هەیە. بەڵام ئەم دوو نوقسانییە لە گرنگی بزووتنەوەکە وەک گشتێک کەمناکاتەوە، بزووتنەوەکە خۆشی لەم نوقسانییانە گەورەتر و گرنگترە. گۆڕان تا ئەم ساتەی ئێستامان شوناسی سەرەکی خۆی وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن، هێزێک کە نارازییە بەوەی هەیە و دروستکراوە، هێزێک کە دیدێکی دیکەی بۆ دەسەڵاتداریتی و ئیدارە و کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی هەیە، نیشانداوە. ئەوەی گۆڕان وەک ئۆپۆزیسیۆن بە خەڵکی نیشانداوە ئیرادەی گۆڕینی ئەو مۆدێلە باڵادەستەی دەسەڵاتە لە کوردستاندا، زۆربەی ئەو نوقسانیانەشی دەستنیشانکردووە کە دەبێت بگۆڕدرێن. ئەمەش جیاوازە لە خۆنیشاندان و خۆپێناسەکردن وەک فریادڕەس. ئەوەی من هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەم بزووتنەوەیەوە تا ئەمڕۆ وەک چاودێر و لێکۆڵەرەوەیەک تێبینیمکردووە، شتگەلێکە جیاواز لە عەقڵیەتی فریادڕەسی و خۆ بەڕزگارکەر زانین. بێگومان گۆڕان هەندێک گەنجی سیاسی تازەپێگەیشتووی هێناوەتە ناو فەزای سیاسی کوردییەوە، ئەمەش یەکێکە لە کارە هەرە باشەکانی ئەم بزووتنەوەیە، بەڵام هاوکات دەکرێت هەندێک قسە و باس و هەڵوێست و لێکدانەوەی هەندێک لەو کادرە گەنجانە وا لێکبدرێتەوە وەک ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە خۆی بە فریادڕەس بزانێت. وردبوونەوەی ڕاستەقینە لە شێوازی کارکردنی و هێڵە گشتییەکانی بیرکردنەوەی بزووتنەوەکە ئەم وێنەیە ناسەلمێنێ. خاڵێکی گرنگی دروستبوونی ئەم بزووتنەوەیە ئەوەیە وایکرد مانایەک بۆ سیاسەتکردن لە کوردستاندا بگەڕێتەوە، ئەو هاوکێشە سیاسییە قورس و داخراوانەی ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی دروستیانکردبوو نەمێنن و بشکێن. لەدوای 2009/7/25وە کایەیەکی سیاسی نوێ لە کوردستاندا دروستبوو، نەک تەنها گوتارێکی سیاسی نوێ دروستبوو کە دیدێکی تەواو جیاوازی بۆ مەسەلەی حیزبایەتی و حوکمکردن و چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە و، حیزب و کۆمەڵگە هێنایەکایەوە، بەڵکو هێزەکانی دیکەی دەرەوەی پارتی و یەکێتیش بەشێوەیەک ئەکتیڤکرد بتوانن لە دۆخی برابچووکی و گوێڕایەڵی بەردەوام ڕزگاریانبێت و بتوانن بەرگری لە دەنگ و ڕەنگ و جیاوازبوونی خۆیان بکەن. لە دوای 2009/7/25 سیستمی سیاسی لە کوردستاندا لە سیستمی "دوو حیزبی قائید"ەوە لە دوو ناوچەی کوردستاندا گۆڕا بۆ سیستمێکی فرە حیزبی کە تێیدا هەڵوێست و دید و تێگەیشتنی جیاواز بۆ چۆنیەتی حوکمکردن و بەڕێوەبردنی وڵات هاتەکایەوە. هەمووومان دەزانین لە کوردستاندا بۆشاییەکی سیاسی هێجگار گەورە هەبوو، خەڵکێکی زۆر لە شێوازی کارکردن و بەڕێوەبردن و دەسەڵاتداریتی یەکێتی و پارتی بێزار و وەڕسبوون (تا ئەمڕۆش هەر بێزار و وەڕسن). پارتی و یەکێتی مۆدێلێکیان لە دەسەڵاتداریتی لە وڵاتەکەدا دروستکرد، کە هەموو شتێکی بێمانا کردبوو، لەپێش هەموانیشەوە کاری سیاسی خۆی وەک پانتاییەکی گرنگ بۆ ململانێ و بەرخورد و تێگەیشتنی جیاواز، بۆ بوونی خەون و دید و دونیابینی جیاواز، بۆ بوونی پلان و مۆدێلی دەسەڵاتداریتی جیاواز، بۆ بوونی ململانێی سیاسی وەک یەکێک لە سیفەتە هەرە سەرەکییەکانی سیاسەت خۆی. پارتی و یەکێتی کوردستانیان هەم بەشێوەیەکی شاقوڵی و هەم بەشێوەیەکی ئاسۆیی لەنێوان خۆیاندا دابەشکردبوو، شاقوڵیانە دەسەڵاتی سیاسیان بەشکردبوو، ئاسۆیییانەش ناوچەکانی نفوز، چاوەڕوانی ئەوەشیان دەکرد هەموو کۆمەڵگەی کوردی ئەم دابەشکردنە ترسناکەیان تا هەتاهەتایە لێ قبووڵبکات. لە کوردستاندا پێداویستی گۆڕان لەهەموو ئاستێکدا پێداویستییەکی هەنووکەیی بوو (تا ئێستاش هەر هەنووکەییە)، بەڵام لە پێش هەمواندا کایەی سیاسی کوردستانی پێویستی بە گۆڕان و سەرلەنوێ دارشتنەوە هەبوو. ئەوەی ئەرکی یەکەمی گۆڕانی سیاسی بوو دەرچوون بوو لەو مۆنۆپۆلییە ترسناکەی پارتی و یەکێتی لەناو کایەی سیاسیدا پیادەیانکردبوو. من لە مێژە باوەڕم وایە کوردستان بە دۆخێک گەیشتووە گەر کایەی سیاسی تیایدا نەگۆڕا، گەر تێگەیشتنی هێزە سیاسییەکان بۆ سیاسەت و دەسەڵات و حیزب و بەڕێوەبردن نەگۆڕێت، گەر پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەناو کایەی سیاسیدا نەگۆڕێت، زەحمەتە گۆڕان لە مەوداکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕەمزیدا بکرێن، یان گەر بشکرێن، زەحمەتە مانایەکی ڕاستەقینەیان هەبێت. لە دوای ڕاپەڕینەوە دۆخێک لە کوردستاندا دروستکراوە وایکردووە گۆڕانی سیاسی سەرەتای هەموو گۆڕانەکانی دیکەبێت. سیاسەت لە کوردستان بووە بە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم هەر هەوڵ و توانایەکی گۆڕاندا گەر هاتوو تەسلیم بەو لۆژیکە سیاسییە باڵادەستە نەبێت کە لەئارادایە. سیاسەت وایکردووە هەموو گۆڕانێک لە کوردستاندا بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە گۆڕان و ئەگەری پیادەکردنی هەبێت، دەبێ سەرەتا خۆی بەسەر یەکێک لە تەوەرە سیاسییەکانی ناو کوردستاندا ساخبکاتەوە. ئەمەش ئەو تەڵەزگە مێژووییە گەورەیەیە کە سیاسەت لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا بۆ کۆمەڵگەی ئێمەی دروستکردووە. بۆیە ئەزموونی سیاسی کوردستان بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە هێزێکی ئۆپۆزیسۆن هەبوو بتوانێت نەک تەنها دیدێکی دیکە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و بۆ دەسەڵاتداریتی و بۆ شێوازی کارکردنی دەزگا گرنگەکانی وڵات پێشنیاز بکات، بەڵکو بتوانێت بڕێک لە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کەمبکاتەوە، ئەو دۆخی مۆنۆپۆلییە نەهێڵێت کە ئەم دوو هێزە سەروەریانکردبوو. لەپاڵ ئەمانەشدا بتوانێت ببێت بە ڕەقیب و چاودێر بەسەر ئەو مۆدێلی دەسەڵاتدارێتییەوە کە لەئارادایە. وابزانم گۆڕان لەماوەی ساڵی ڕابردوودا بڕێکی گرنگی لەم ئەرکانە بەجێهێناوە، سەرەتایەکی نوێ و فەزایەکی نوێ و کۆمەڵێک هاوکێشەی سیاسی نوێی هێناوەتە کایەوە. وەک وتم هەم ئەزموونی گۆڕان و هەم ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە لە کوردستاندا ئەزموونێکی نوێیە، ئەوەی نوێ نییە ئەو مۆدێلی دەسەڵاتەیە کە پارتی و یەکێتی دروستیانکردووە. مۆدێلێک هەموو ڕۆژێک لە شوێنێکەوە کەلێنی تێدەکەوێت و زیاتر ئاشکرادەبێت کە ئەگەری ژیان و مانەوەی لەم شێوەیەی ئێستایدا زۆر لاواز و زەحمەتە.

**ڕووداو: هەر لەو سەرەتایانەدا ڕای ئێوە وابوو کە لەسەر ئاستی شەقام ویستی گۆڕان لە بزووتنەوەی گۆڕان گەورەترە، ئێستا دوای دوو هەڵبژاردن، توانیان لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدا بن؟**

**مەریوان وریا قانیع:** من ئێستاش پێموایە ویستی گۆڕان لە کوردستاندا لە بزووتنەوەی گۆڕان گەورەترە. ئەمڕۆ زۆر هێزی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا خوازیاری گۆڕانن، بەڕادەیەک زەحمەتە ئەمڕۆ لە کوردستاندا خەڵکانێک بدۆزیتەوە ڕازیبن بەو مۆدێلی دەسەڵاتداریتی و بەڕێوەبردنەی لە کوردستاندا دروستکراوە. بەڵام هەموو ئەم خەڵکە ناڕازییانە لەدەوری بزووتنەوەی گۆڕان کۆنەبوونەتەوە. زۆر دەنگی ناڕازی و ڕەخنەیی و گۆڕانخواز هەیە لەدەرەوەی ڕیزەکانی بزووتنەوەی گۆڕاندان. تەنانەت لە ناو پارتی و یەکێتی خۆشیاندا، لە ناو هێزە ئیسلامییەکاندا، کەسان و گرووپ و دەستەی وان داوای گۆڕانکاری دەکەن و دەزانن ئەوەی لە کوردستاندا باڵادەستکراوە خراپ و ناڵەبار و زیانبەخشە. بەم مانایە ویستی گۆڕان لە کوردستاندا لە بزووتنەوەی گۆڕان گەورەترە، بەڵام لەهەمانکاتدا دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان ئەم ویستەی تیژتر و بەرجەستەتر و ئاشکراتر کرد. ئەمەش دیسانەوە خاڵێکی پۆزەتیڤە و بۆ دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەو بەشەی پرسیارەکەی ئێوە کە دەپرسێت ئایا بزووتنەوەی گۆڕان دوای هەڵبژاردن توانیویەتی لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەدا بێت، بە پرسیارێکی ڕاست نازانم، چونکە ئاشکرا نییە مەبەستتان لە کام بەرپرسیارێتییە. بزووتنەوەی گۆڕان هێزێک نییە دەسەڵاتی بەدەستەوەبێ، بەشێک نییە لەو حکومەتەی دروستکراوە تا بزانین داخۆ ئەو بەرنامەیەی هەیانبووە پیادەیانکردووە یان نا. لە ماوەی ئەم ساڵەشدا شتێکیان نەکردووە وابینیشاندابێت ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی نابەرپرسیارە، یان ئەوەدەربخات ئەوان شتێک دەڵێن و شتێکی تەواو جیاواز دەکەن. خیانەت لە بیر و بۆچوون و مژدە و خەونەکانیان دەکەن. ئەوان تا ئەم ساتە هێزێکی گرنگی ئۆپۆزیسیۆنن لە وڵاتێکدا هیچ کولتورێکی ئۆپۆزیسیۆنبوون و هیچ میکانیزمێکی ڕاستەقینەی لێپرسینەوەی دەسەڵات و هیچ دابەشکردن و لێک جیاکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی دەسەڵاتەکانی تێدا نییە. گۆڕان لە پەرلەمانێکدا کاردەکات کە دەسەڵاتی زۆر لە خوار لە دەسەڵاتی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتییەوەیە و ئەوەی تائێستاش بڕیار لەسەر مەسەلە سەرەکییەکانی وڵات دەدات ئەوان نەک پەرلەمانی کوردستان. بەبۆچوونی من ئەگەر گۆڕان بەرپرسیارێتییەکی لەسەرشانبێت ئەوا بەرپرسیارێتی تەسلیمنەبوونە بەم ئیرادە سیاسییەی یەکێتی و پارتی، بەم مۆدێلەی دروستیانکردووە، بەو کولتور و میکانیزمانەی دەسەڵاتداریتی کە لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا سەروەریانکردووە. پێموایە بەرپرسیارێتی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە لەوەدایە چیتر ڕۆڵی برابچووکی قبووڵنەکەن و لەو خراپ بەکارهێنانەی دەسەڵات و بردنی ماڵی گشتی و خراپ ئیدارەدانی وڵات بێدەنگ نەبن کە هەموومان هێڵە سەرەکی و گشتییەکانی دەبینین و دەناسین. بەرپرسیارێتی گۆڕان لەوەدایە چاویان نەنووقێنن لە دەرکەوتە ناشیرینەکانی ئەم مۆدێلە کە تێیدا نوخبەیەک بێ لێپرسینەوە وڵاتەکە وەک دەخیلەیەکی شەخسی بەکاردەهێنێ و مامەڵە دەکات، بێ هیچ بنەمایەکی مافپەروەرانە موڵک و ماڵێکی هێجگار زۆر و سەرجەم پۆستە ئیداری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی وڵات بەسەر ئەوانەدا دابەشدەکات کە فێری بێدەنگبوون و مکیاجکردنی ڕووخساری دەسەڵاتداران بوون. بەرپرسیارێتی یەکەمی ئەم بزووتنەوەیە لەوەدایە ئۆپۆزیسیۆنبوون بکاتە کردەیەکی سیاسی گرنگ، بیکاتە یەکێک لە پێداویستییە حەیاتی و سەرەکییەکانی ئەزموونی دەسەڵاتداریتی لە کوردستاندا، بیکاتە پێگەیەک بۆ بیر و بۆچوون و چارەسەری جیاواز لەوەی هێزە باڵادەستەکان نیشانیدەدەن. پێموایە لەو ئاستانەدا ئەم بزووتنەوەیە بەرپرسیارانە کاریکردووە، لانیکەم لە چوارچێوەی ئەو ئیمکانات و ئەگەرانەدا کە لە کوردستاندا هەن، هەوڵی ڕاستەقینەیان داوە. لەمەش بترازێت لەماوەی ئەم ساڵەدا ئەم بزووتنەوەیە هەوڵی گرنگیان داوە مەلەفە سەرەکییەکانی وڵاتەکە بوروژێنن. لەوانەش مەلەفی نەوت، مەلەفی بودجە، مەلەفی پارە و سەرچاوەی دارایی حیزب و مەلەفی میدیای ئازاد هتد. وروژاندنی ئەم مەلەفانە لەناو ئەو تاریکستانە ئیداری و مالییە گەورەیەدا کە دەسەڵاتدارانی کورد دروستیانکردووە کارێکی لەڕادەبەدەر گرنگە. ئێستاش لەمەسەلەی دروستکردنی لیژنەیەکی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنەکان هەڵوێستێکی گرنگ و ڕاستەقینەیان هەیە و کارێکی باشدەکەن ناهێڵن یان نایانەوێت دەزگایەکی گرنگی وا ببێتە درێژکراوەیەکی دیکەی پارتی و یەکێتی لە کوردستاندا. بەڵام ئایا ئەم بزووتنەوەیە چەندە لەم کارانەدا سەرکەوتووبوون، ئایا دەکرا کارەکانیان بەشێوەی باشتر و میهەنیتر بکەن، ئەمەیان وەک وتم مەسەلەیەکە پەیوەستە بە ئەزموون و خیبرەی کەمی ئەم هێزەوە وەک ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتەکەدا. ئەوەی گرنگە جەختی لێبکەین هەم گۆڕان وەک بزووتنەوە و هەم هێزەکانی دیکەی ناو ئۆپۆزیسیۆن لەبەردەم ئەزموونێکی سیاسی نوێدان، هەروەها پارتی و یەکێتیش وەک دوو هێزی دەسەڵاتدار کەوتوونەتە ناو دۆخێکی سیاسی تەواو نوێوە. ئەم دۆخە داوای ئەوە دەکات هەمووان فێرببن. کێشەکە لەوەدایە پارتی و یەکێتی تائێستا شتێکی وایان نیشاننەداوە بۆنی فێربوون و گۆڕانی لێبێت، ئەوان تائێستاش هێزگەلێکی ئۆپۆزیسۆنیان دەوێت بە لۆژیکی ئەوان بیربکاتەوە و وەک برابچووک ئەو مۆدێلە ناڕێک و سەقەت و ترسناکەی دەسەڵاتیان لێقبووڵبکات کە دروستیانکردووە. خاڵێکی دیکە کە ڕەنگە گرنگبێت لێرەدا هێمایەکی خێرای بۆ بکەم ئەو ڕووحیەتی بەرپرسیارێتییەیە کە ئەم بزووتنەوەیە لە مەسەلەی نانبڕاوەکان و لە دۆخی ئەو هەمووگوشارانەدا نیشانیدا کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا کرایە سەریان. ئۆپۆزیسیۆنێک کە ناکۆکییەکانی لەناو چوارچێوەی پەرلەمان و دەزگا سیاسییە ڕەسمییەکاندا هێشتەوە، نەیهێشت بپەڕنەوە بۆناو کۆمەڵگە و بگاتە ئاستی بەکارهێنانی توندوتیژی. بە کورتی من پێموایە ئەم بزووتنەوەیە لەماوەی ئەم ساڵەدا سەرەتایەکی باش و گرنگی بۆ ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆنبوون لە کوردستاندا دروستکردووە. بەڵام وەک وتم بێبەری نییە لە هەندێک دەنگی ڕادیکاڵ و کەم ئەزموون و تووڕە، کە هەندێکجار فەزایەکی گرژ لە کوردستاندا دروستدەکات. خاڵێک کە گرنگە لەبیرمان نەچێت کلیلی زۆر کێشە کە دروستدەبێت لە دەستی پارتی و یەکێتیدایە، نەک لە دەستی ئۆپۆزیسیۆندا کە کاری ئەوەیە مەسەلەکان بوروژێنێت و داوای چارەسەرکردنێکی ڕاستەقینەیان بکات. *دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، گوڕو تینێکی بە ژیانی سیاسی و حیزبی بەخشییەوە لە کوردستان، بەڵام دابەشبوونی جەماوەریی بەسەر پارتی و یەکێتی و ئیسلامییەکاندا وەک بیرکردنەوە نەگۆڕیوە یان زۆر نەگۆڕیوە.



> **بزووتنەوەی گۆڕان بزووتنەوەیەکی بێ کێشە نییە، تائێستاش هەندێک ئاراستەی ڕادیکاڵ و توند و گرژی تێدایە کە بە ڕۆحێکی تووڕەوە کاردەکات، هەندێک ئاراستەی دیکەیشی تێدایە بڕێکی گەورە لەو عەقڵیەتە کۆنەی هەیە کە لەناو حیزبە سیاسییە باڵادەستەکانی کوردستاندا هەیە**

**ڕووداو: ئایا لە ئەنجامدا بزووتنەوەی گۆڕان دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەو گۆڕانە و هاوپەیمانێتی سیاسی جیاواز لە داهاتوودا؟**

**مەریوان وریا قانیع:** پێموایە تێگەیشتنێکی هەڵە لە کوردستاندا هەیە بۆ مەسەلەی بوون و نەبوونی جەماوەر. با سەرەتا لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە کەس نازانێت جەماوەری ڕاستەقینەی پارتی و یەکێتی، وەک دوو هێزی باڵادەست لە کوردستاندا، چەندە. هۆی ئەم نەزانینەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەی تەزویرکردن و دەنگکڕین و ترساندن و هەڕەشەکردنەوە هەیە. ئێمە دەزانین پارتی و یەکێتی هەموو جیهازی ئیداری وڵاتەکەیان کردووە بە جیهازێکی حیزبی، پۆلیس و ئاسایش و سوپا و زۆربەی هەرە زۆری فەرمانگە و دامەزراوەکانی دیکەشیان بەتووندی بە حیزبەوە گرێداوە. دەستیان خستۆتە ناو زۆربەی هەرەزۆری ئۆرگان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هەموو هێزی خۆیان خستۆتەکار، (دەشخەنە کار)، بۆ ئەوەی کەسانی سەر بەخۆیان ئیدارەی ئەو ئۆرگانانە بکەن. هەموو کەسێکیش ئەو ڕاستییە سادەیە دەزانێت کەسێک سەر بەوان نەبێت، ئەگەری دامەزراندن و پێشکەوتنی لە وەزیفەدا هێجگار کەمە. جگە لەمانەش ئەم دوو حیزبە دەستیان بەسەر بڕێکی هێجگار گەورەی ئابووری وڵاتەکەدا گرتووە و بوونەتە دوو گەمەکەری ئابووری گەورە لە وڵاتدا، بەدەیان شێوەش دەستیان خستووەتە ناو بژێو و قوتی ڕۆژانەی خەڵکەوە. لەمڕووەوە ئەزموونی ئەم دوو حیزبە لە ئەزموونی بەعس و لە ئەزموونی حیزبە کۆمۆنیستەکانی دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات دەچێت. بەعس و چاوچیسکۆ و پارتی کۆمۆنیستی پۆڵەندی و هەنگاری چەندە جەماوەریان هەبوو ئەمانیش هەر ئەوەندەیان هەیە. بەبۆچوونی من ژمارەی ئەوانەی ناچارکراون بچنە ڕیزەکانی ئەم دوو هێزەوە، یان ڕیزی "ڕێکخراوە دیموکراتی"یەکانیانەوە، یان ژمارەی ئەوانەی بۆ پاراستنی مەسەلەحەتی تایبەتی خۆیان، یان لەبەر بژێو، نەک لەبەر قەناعەت و بیروباوەڕ، چوونەتە ڕیزەکانی ئەم دوو حیزبەوە ژمارەیەکی گەورەیە. من خۆم چەندان کەس دەناسم ئەوەی کردوونی بە ئەندامی ئەو دوو حیزبە مەسڵەحەتێکی ڕووتە و بەس، هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە پارتی و یەکێتی دوو حیزبن بەرنامە و دونیابینی و هەڵسوکەوتی سیاسیان خەڵکی لەدەوریان کۆکردبێتەوە. ئەو دەنگە زۆرەی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هێنای، نیشانیدایین چ نارەزاییەکی گەورە لەو وڵاتەدا بەرامبەر بە دەسەڵاتداریتی کوردی هەیە. نیشانیداین سەرەڕای ئەو هەموو میکانیزم و ئامرازی گوشار و ترساندن و ناچارکردن و کڕینەی کە هەیە، کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا هێزی ئەوەی هەیە بزووتنەوەی سیاسی نوێ دروستبکات و بە پارتی و یەکێتی بڵێ نا. دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان هێمایەکی گرنگی زیندووبوونی کۆمەڵگەیەکە دەسەڵاتدارەکانی لەهەوڵی ئەوەدابوون هەموو نوزەیەکی ڕەخنەیی لێبستێننەوە، بەڵام بۆیان نەکرا. لە دوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕانەوە چەندان نهێنی گەورەی ئەو دەسەڵاتدارێتییە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە دەرکەوتووە کە دەشێت کاریگەری بەرچاو بەجێبهێڵن لەسەر کەمبوونەوە و لاوازبوونی ئەوەی پارتی و یەکێتی بە جەماوەری خۆیانی دەزانن. بەهەرحاڵ ئەو خاڵەی دەمەوێت جەختی لێبکەم ئەوەیە کە ئەم مۆدێلە لە حیزبایەتی و ئەو مۆدێلە لە دروستکردن و هێشتنەوەی جەماوەر کە پارتی و یەکێتی کارییپێدەکەن، نەک تەنها لەهیچ شوێنێکی دونیادا نەیتوانیوە مۆدێلێکی سەرکەوتوویێت، بەڵکۆ هەمیشە بەشێکبووە لە مۆدێلێک لە دەسەڵات کە دیکتاتۆر و هێزە نادیموکراسی و تۆتالیتارییەکان کاریان پێکردووە. جەماوەی هیچ حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسیش جەماوەرێکی جێگیر و نەگۆڕ نییە، خەڵک بەبەردەوامی ڕا و بۆچوونەکانیان دەگۆڕێت، ئەو هێزە دەتوانێ خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە کە بەدەم داخوازی و چاوەڕوانی و خەونەکانیانەوە دەچێت. کە بەشێوەیەکی دادپەروەر مامەڵەی هەمووان دەکات، خەڵکی وڵات وەک هاووڵاتی خاوەن ماف و یەکسانی ئەو وڵاتە مامەڵە دەکات، نەک بە زۆر و بە گوشار بیانخزێنێتە ناو ڕیزەکانی خۆیەوە. بەڵام ئایا ئەو دۆخە سیاسییەی ئێستا لە کوردستاندا لە ئارادایە دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوپەیمانی تازە؟ ئەمەیان پرسیارێکە من ناتوانم وەڵامی بدەمەوە. ئەمە دەکەوێتە سەر مانۆڕ و تاکتیکی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ یەک و بەرامبەر بەیەک. ئەوەی بکرێت لێرەدا لەسەر ئەم خاڵە بیڵێم ئەوەیە کە ئەم دۆخە سیاسییە تازەیە لە کوردستاندا، لەڕووی سیاسییەوە، خۆشبەختانە دۆخێکی تەندروستە. چونکە هێما بۆ ئەوە دەکات ئەو مۆنۆپۆڵییە گەورەیەی کە جاران پارتی و یەکێتی لە سیاسەتی کوردیدا هەیانبوو ئێستا شکاوە، یان بەرەو شکان دەڕوات. دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆن کارێکی کردووە ئەگەری هاوپەیمانێتی سیاسی جیاواز لە هاوپەیمانێتی نێوان پارتی و یەکێتی لەئارادابێت. ئەمەش ئەگەرێکی زۆر پۆزەتیڤە و مایەی خۆشحاڵییە، چونکە جوڵە و دینامیکیەتێکی نوێ بە کایەی سیاسی کوردی دەدات و ڕزگاریدەکات لەو دابەشکردنە شاقوڵی و ئاسۆیییەی پێشتر باسمکرد.

**ڕووداو: بەپێی یاداشتەکانی کاتی خۆی باڵی ڕیفۆرم و دواتریش قسەکانی سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان، بەشێک لە کێشەیان لەگەڵ یەکێتی زانینی چەندێتی و چۆنیەتی خەرجکردنی پارە و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بوو لەنێوخۆی یەکێتی دا، سەرباری ڕەخنەگرتن لەوە لە ئاستی کوردستانیشدا. بزووتنەوەی گۆڕان کە تازە پارە وەردەگرێ لە دابەشکردنی دەسەڵاتی نێوخۆییدا بەئاشکرا جۆرە ململانێیەک دەبینرێ بەتایبەتی لەنێوان کۆنە سەرکردەکانی یەکێتی و هەندێ کادیری نوێیدا، پێتوایە ئەوە دەبێتە کێشەیەکی قووڵ لە داهاتوودا لەنێو بزووتنەوەی گۆڕاندا. بەکورتی ئایندەی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ پارە و دەسەڵاتی حیزبیی خۆیدا چۆن دەبینی؟**

**مەریوان وریا قانیع:** وەڵامدانەوەی بڕێکی زۆری ئەم پرسیارە نە لە توانای مندایە، نە پەیوەندی بە بواری کارکردنی منەوە هەیە. ئەوەی دەتوانم وەک کەسێک لەدەرەوەی چوارچێوە ڕەسمییەکانی بزووتنەوەکەدا بیڵێم ئەوەیە کە پارە و دەسەڵات دەشێت ڕۆڵی بینیبێت لە جیابوونەوەی بڕێک لە کەسانی سەر بە باڵە حیزبییەکەی ناو بزووتنەوەکەوە، بەڵام ئەمە ئەو خاڵە نییە کە شوناسی ئەم بزووتنەوەیەی دەستنیشاندەکات، ئەو خاڵەش نییە وایکرد ئەو جەماوەرە زۆرەی کوردستان لە دەوری ئەم بزووتنەوەیە کۆببێتەوە. ئەوەی شوناسی ئەم بزووتنەوەیە دروستکردووە بوونی دونیابینییەکی سیاسی و ئیداری جیاوازە هەم بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کوردستان و هەم بۆ چۆنیەتی دارشتنی پەیوەندی نێوان کوردستان و دونیای دەرەوە. ئەم بزووتنەوەیە دیدێکی تەواو جیاوازی هەیە بۆ پەیوەندی نێوان حیزب و حکومەت، حیزب و کۆمەڵگە، حیزب و بازاڕ، حیزب و سیستمی دادوەری، حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی. هاوشان بەودیدە پێداگرتن لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەگژاچوونەوەی گەندەڵی و بەگژاچوونەوەی هەژاری و بەگژاچوونەوەی پەراوێزخستنی بڕێکی زۆری شارە بچووکەکانی دەرەوەی شارە گەورەکانی کوردستان، کردنەوەی دەرگا لەبەردەم دروستبوونی کۆمەڵێک کادری سیاسی گەنجی ناحیزبی، بڕێکی گرنگی ئەو بەرنامەیە بوو کە ئەم بزووتنەوەیەی پێیچوە ناو ململانێی هەڵبژاردنەوە. ئەوەشی بۆ من وەک ڕۆشنبیرێک گرنگە ئەم دیدانەیە، ئەو دونیابینییە سیاسییەیە کە بزووتنەوەکە هەڵگریەتی، ئەو کێشانەیە کە بزووتنەوەکە وەک کێشەی ڕاستەقینەی وڵاتەکە دەیانناسێنێت و ئەو چارەسەرانەیە کە هێڵە گشتییەکانی پێشنیازکردوە. نەک ئەوەی ئایا ئەم بزووتنەوەیە چەند پارە وەردەگرێت و چۆن ئەو پارەیە خەرج دەکات، ئەمەیان کارێکە پەیوەندی بە دەزگای چاودێری داراییەوە هەیە. ئەو خاڵەش گوایە ئەم بزووتنەوەیە لە دابەشکردنی پارە و دەسەڵاتدا کێشەی ناوخۆیی بۆ دروستبووە و لەم ئاستەدا ململانێ کەوتووەتە ناو هەندێک لە ئەندامەکانیان، بە بۆچونی من شتێکی سەیر و چاوەڕوانەنەکراو نییە. ئەوانەی لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا کاردەکەن فریشتە نین، بەڵکو ئینسانن و هەموو ئەو حەز و ئارەزوو و تەماحانەیان هەیە کە ئینسانێکی ئاسایی هەیەتی. سیاسەتکردنیش لە ویست و چاوەڕوانی و تەماحی شەخسی دابڕاو نییە، ئەوەی گرنگە میکانیزمێکی دیار و بەرچاویان هەبێت بۆ لێپرسینەوە. سەرەڕای ئەمە ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو کێشانە کار لە دونیابینی و بەرنامە و چۆنیەتی کارکردنی بزووتنەوەکە نەکات، وانەکات بزووتنەوەکە ژیانێکی نهێنی پڕ ناشیرینی هەبێت و بە دونیای دەرەوەش وێنەی فریشتەیەک بفرۆشێت، وانەکات ئەوەی بزووتنەوەکە بەرگری لێدەکات کۆمەڵێک ئایدیا و بیرۆکەی جوانبن، بەڵام لە واقیعدا تەنها قسەی بۆش و بەتاڵ و خەڵەتێنەر بێت. ئەوەی گرنگە ئەو جۆرە کارانە وانەکات ئەمانیش وەک پارتی و یەکێتیان لێبێت، لەسەر هەمان مۆدێل بزووتنەوەکە ڕێکبخەن و بەهەمان عەقڵیەت و بۆ هەمان تەماح و بە هەمان تێگەیشتن بۆ دەسەڵاتداریتی، کاربکەن. گەر وایانلێهات هیچ هۆکارێک بۆ مانەوەیان نامێنێتەوە، گەر بوون بە کۆپی هێزەکانیتر، بەر لە هەمووشتێک جاڕی مردنی خۆیان لێدەدەن. بۆ هەر هێزێکی سیاسی ململانێی ناوەکی هێجگار پێویستە، بەڵام نابێت ئەو ململانێیە وابکات ئەو هێزە دونیابینی و بەرنامەکانی خۆی فەرامۆشبکات، یان تەنها بۆ خەڵەتاندنی خەڵک و بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لەسەر کاغەز بیاننووسێت و خۆی کاریانپێنەکات. کەس هێندەی پارتی و یەکێتی دەمی پڕ لە باسکردنی دیموکراسیەت و دادپەروەری و شەفافیەت و بەگژاچونەوەی گەندەڵی و مافپەروەری کۆمەڵایەتی و حوکمی یاسا نییە، بەڵام ئەوەی لای ئەم دوو هێزە نایدۆزینەوە هەموو ئەو شتانەن کە بەردەوام قسەی ناو میدیاکان و قسەی نووسراوی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیانە. گەر بزووتنەوەی گۆڕانیش کەوتە ناو هەمان هاوکێشەوە ئەوا بێگومان نەمانی باشترە. وەک پێشتریش وتم ئەم بزووتنەوەیە بێ کێشە نییە، یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەوەیە باڵێکی حیزبی تێدایە کە لەناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانییەوە هاتووە و لانیکەم بڕێک لەم باڵە، تائێستاش نەیتوانیوە خۆی لە کەلەپوور و عەقڵیەت و مۆدێلی کارکردنی یەکێتی ڕزگاربکات. بۆیە وەک چۆن ململانێی گۆڕان لەگەڵ سیستەمە سیاسییە باڵادەستەکەدا ململانێیەکی گرنگ و پێویستە، ئاواش ململانێکانی ناو هەناوی بزووتنەوەکە خۆشی ململانێیەکی گرنگە. تائێستاش دیارنییە کێشە و ململانێی نێوان دیدە جیاوازەکانی ناو ئەم بزووتنەوەیە چەند گەورەیە و بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات و چۆن چارەسەردەکرێن. ئەوەی گرنگە ئەم بزووتنەوەیە لە دەستینەدات ئەو دونیابینییە کە داوای دروستبوونی مۆدێلێکی نوێ لە حوکمڕانی و مۆدێلێکی نوێی ژیانی حیزبایەتی و مۆدێلێکی نوێی بەڕێوەبردنی دەزگا ئیدارییەکان و دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات. ئەوەی گرنگە باوەڕ و کاری ئەم بزووتنەوەیە بۆ پیادەکردنی ئەو بەرنامەیەی کە جیایان دەکاتەوە لە ئەزموونی حیزبایەتی و حوکمڕانی و دەسەڵاتداریتی پارتی و یەکێتی. بەڵام ئەوەی پێمانوابێت هەموو ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە پێویستە ئاکاری فریشتەیان هەبێت و حەز و ئارەزوو تەماحی شەخسییان نەبێت، هەروەها هەموویان بە ڕۆحی پەپوولەوە سیاسەت بکەن و سایکۆلۆژیا و عەقڵیەت و چاوەڕوانییەکانی خۆیان بەشێک نەبێت لە ئاکاری سیاسیان، ئەمە نیشانەیە کە نە لە ئینسان وەک تاکەکەس و نە لە سیاسەت وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی تایبەت تێگەیشتووین.

> **گۆڕان هەندێک گەنجی سیاسی تازەپێگەیشتووی هێناوەتە ناو فەزای سیاسی کوردییەوە، ئەمەش یەکێکە لە کارە هەرە باشەکانی ئەم بزووتنەوەیە، بەڵام هاوکات دەکرێت هەندێک قسە و باس و هەڵوێست و لێکدانەوەی هەندێک لەو کادرە گەنجانە وا لێکبدرێتەوە وەک ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە خۆی بە فریادڕەس بزانێت**

عەباسی بایز ئاغا :

# کەس ئاگاداری نەکردووم بچمە بەردەم دادگا

## بایی نیو ملیار دۆلار فیشەک و چەکی من لای ئەوانەیە کە ئێستا خۆپیشاندان لە دژی من دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

عەباس بایز باڵۆئاغا کۆنە موستەشاری فەوج لەسەردەمی ڕژێمی بەعس ڕایگەیاند کە تائێستا کەس ئاگاداری نەکردووە بچێتە بەردەم دادگای باڵای تاوانەکان لەبەغدا، گوتیشی "ئاگاداریش بکرێم وەڵامی نادەمەوە، چونکە من پەیوەندیم بە پارتی و حکومەتی کوردستانەوە هەیە".

هەفتەی ڕابردوو، د.مەجید حەمەدەمین وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشکرای کرد کە ئەو فەرمانی دەستگیرکردنەی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە بۆ 258 تۆمەتباری کوردی کەیسی ئەنفال لە 2010/8/11 دەرچووە، لەکۆتایی مانگی ئابی ڕابردوو گەیشتووەتە دەست وەزارەتەکەی ئەوان، سەرباری وەزارەتی ناوخۆ، سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

د.مەجید حەمەدەمین، ئاشکراشیکرد کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕۆژی 2010/10/25 نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت کردووە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی گرتنی ئەو 258 تۆمەتبارەو گوتی "وێنەمان لەو نووسراوە

## وەڵامی دادگای بەغدا نادەمەوە، بەڵام تەبلیغی حکومەتی خۆمان لەسەر سەرم دادەنێم

داوەتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ناوخۆ کە فەرمانی گرتنی ئەو تۆمەتبارانە دەبێ جێبەجێبکرێ".

هاوکات ڕاشیگەیاند کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانیش بەفەرمی ڕەزامەندییان لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانی دادگا داوەو گوتی "ئێمە ڕەزامەندی فەرمیی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانمان هەیە، لەگەڵ ئەو نووسراوەی لە وەزارەتەوە دەرمانکردووە، نوسخەمان لێ ناردووە بۆ هەموو فەرمانگە پەیوەندیدارەکان".

هەرچەندە فەرمانی دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال بەلیستێکی 423 کەسی لەساڵی 2007ەوە دەرچوو بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتبارێک دەستگیربکرێ، بەڵام دادگای باڵای تاوانەکان وەک ئامادەکارییەک بۆ دەستپێکردنی دادگای دووەمی ئەنفال ناوی 258 تۆمەتباری کوردی داوەتە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کە لەسەروەختی پرۆسەی ئەنفالدا موستەشار و ئامر مەفرەزەی تایبەت بوونەو، قوربانیانی ئەنفال سکاڵایان لەدژ هەیە یاخود ناویان لە بەڵگەنامەکانی هێرشەکانی ئەنفالدا هەیە.

عەباس بایز باڵۆئاغا، موستەشاری فەوجی 91، لەلیستی ئەو 258 ناوەدا 108ەمین ناوە کە پاش نزیکەی 3 مانگ لەدەرچوونی فەرمانی دادگا دەڵێت هیچ ئاگادارینامەیەکی لەهیچ لایەنێکەوە بەدەست نەگەیشتووە.

ڕۆژی 2010/10/21، ژمارەیەک لەدانیشتووانی ناحیەی سەنگەسەر خۆپیشاندانێکیان بۆ داواکردنی دادگاییکردنی عەباسی بایزئاغا سازکرد، بەڵام عەباس بایز کە لەماڵەکەی خۆی لەهەولێر قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، خۆپیشاندانەکەی بە "کێشەیەکی شەخسی"یەوە بەستەوە لەنێوان خۆی و ئاکۆی عەباسی مامەندئاغا. گوتی "ئەوانەی خۆپیشاندانیان کرد کەسانێکن خۆیان بەناحەزی ئێمە دەزانن و ناشوێرن خۆ لەئێمە بدەن، خەڵکیان کۆکردووەتەوە گوایە پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ پشدەر نەکراوە، دوایی 10 کەسیان بەکرێ گرتوون کە لافیتە دژی عەباس بایز بەرزبکەنەوە، گوایە خۆپێشاندان دژی منە. ئەوانە کاتی خۆی خزمەکانیان لەگەڵ من هاتنە دیوی ئێران و دوایی کە گەڕابوونەوە تەسلیمی حکومەتیان کردبوون، لەوە دەترسێن ڕۆژێک دەستم بڕواو حەقی خوێنی ئەوانەیان لێ بستێنم، ئەو ڕووداوە لە 1988ەوە تائێستا 22 ساڵ دەکات، منداڵێک کە ئەوکات لەسکی دایکی بووە، ئێستا تێیانگەیاندووە گوایە من باب و مام و برای ئەوم ئەنفال کردوون".

عەباس بایز، کە فەوجەکەی یەکێکبووە لە فەوجە دیارەکانی ڕژێم، لەساڵی 1988 بەفەوجەکەیەوە چووە ئێران و حکومەتی عێراق فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد.

عەباس بایز، هەر لەدرێژەی قسەکانیدا لەبارەی خۆپیشاندانەکەی سەنگەسەرەوە دەڵێ "بایی نیو ملیار دۆلار فیشەک و چەکی من لای ئەوانەیە کە ئێستا خۆپێشاندان لەدژی من دەکەن. ئەو چەکانەم داونەتێ کە بیپارێزن، ئێستا پێیانوایە بەو هەرا دروستکردنە من واز لەو شتانە دێنم. خۆ ئەو چەکانە منیش لێیان وەرنەگرمەوە، سبەی حیزبێک بێتە سەرحوکم لێیان قبووڵ ناکات و لێیان دەستێنێتەوە".

گوتیشی "ئێوە کە ڕۆژنامەنووسن، بچنە چوارقوڕنە و ڕانیە، بچنە سەنگەسەر و قەڵادزێ، بەڵام لە عەشیرەتی عەباسی مامەندئاغا نەبێ، چونکە ئاشکرایە کاک ئاکۆی عەباس ئاغا عەداوەتی لەگەڵ ڕاگەیاندووین، بچن لەو ناوچانە پرسیار لە خەڵک بکەن، ئەگەر لەسەدا یەک کەس گوتی عەباس بایز کار و کردەوەی خراپی هەبووە، بۆ هەموو شتێک ئامادەم. ئەو خەڵکە کە پەنادراون و کیمیاباران و ئەنفال نەکراون من پاراستوومن، زەمانی حیزبی بەعسیش کە ئاوی لەبەرد دەهێنا، لەو ناوچەیەی ئێمە حکومەت هەر نەبوو، بەهەزاران خەڵکی سلێمانی و کەرکوک کە لەخۆیان دەترسان هەموو لەلای من حەوابوونەوە. ئەو وەختە کە کرێی خانوو پێنج دینار بوو لە سەنگەسەر ژوورێک بە 30 دینار دەستنەدەکەوت ئەوەندە خەڵکی لێ کۆببوونەوە، حکومەتیش لەبەر من نەدەهات کەس بباتەوە. قائید فیرقە لەماڵی من میوان بوو، موتەخەلیف و هاریب چایان بۆ دادەنا".

عەباس بایزئاغا بەرگری لە موستەشارەکان دەکات و دەڵێت "تەنانەت ئەوانەشیان کە لە ڕاپەڕین شەڕیان لەگەڵ پێشمەرگە کردووە، ئەو فەزڵەیان هەیە کە خەڵکێکیان پاراستووە. هەریەک لەوانە چەند هەزار کەسێک کە لەگەڵی بوونە پاراستوونی. ئەو چەند هەزارە چەند خزم و کەسیان هەبووە پارێزراو بوونە". گوتیشی "ئەو موستەشارانە ئەگەر بچنە بەردەم دادگا قسەی خۆیان هەیە، ئەگەر دادگا قسە وەربگرێ".

عەباس بایزئاغا پێش ئەوەی لەساڵی 1986دا فەوج لەڕژێمی عێراق وەربگرێ، ئامر مەفرەزەی سەر بەدەزگای ئیستیخبارات بووەو خۆی دەڵێت "لەساڵی 1979 بەناچاری چوومە پاڵ حکومەت". لەوبارەوە گوتی "شۆڕشی کورد لە 1961 دەستپێکردووەو لە 1991 ڕاپەڕین کراوە، لەو 30 ساڵەدا کێ گوناهبارە با لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ. من لەساڵی 1979 بەناچاری چوومەتە پاڵ حکومەت. لە 61 تا دەگاتە 79 کێ گوناهی کردووە با موحاسەبەی بکەن، هەرکاتێک نۆرە گەیشتە من و بانگیان کردم دەچم قسەی خۆم دەکەم، ئەگەر قبووڵیان کرد باشە و قبووڵیشیان نەکرد چییان لەسەر ئەوان سەپاندووە با لەسەر منیشی بسەپێنن".

هەر لەدرێژەی ئەو قسانەدا بۆ (ڕووداو)، عەباس بایزئاغا پێداگری کرد کە ئەو لە خراپەکاریدا نەبووە و خەڵکی دالدەداوە. لە ئەنفالدا بەشدار نەبووەو بەرەو ئێران هەڵاتووە و لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە. بۆیە گوتی "من کابرایەکم وەک ئەو شۆڕشگێڕانە خۆم حساب دەکەم کە بەناو شۆڕشگێڕن. ئەگەر ئاوا حیسابم نەکەن زوڵمم لێدەکەن. ئەو حیزبانە بە بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و حیزبی سۆسیالیست هەرهەموویان من خزمەتم کردوون. ئەوە بۆ باسی خۆیان ناکەن کە تێکبەردەبوون لە قرناقەو پشتئاشان 200 کەسیان لێکدی دەکوشت؟ هەرکاتێک ئەوەی خۆیان باسکردو گوناهباران موحاسەبە کران کە کار گەیشتە ئێمە، هەر موستەشارێک گوتی ڕازی نیم مانای وایە پیاو نییە".


ئەو لەگەڵ ئەوە نییە تاوانباری و بێ تاوانی موستەشارەکان لە دادگا یەکلایی بکرێتەوە، دەڵێت "لەگەڵ ئەوەم وەکو کاک مەسعود و بەرەی کوردستانی کاتی خۆی فەرمانیان دەرکرد هەموویان عەفوو بن. چونکە ئەگەر وانەبێ خۆیان زەرەر دەکەن. چونکە گوناهی خۆیان لەوانەیە بەقەد گوناهی عەلی حەسەن مەجید بێت".

لەوەڵامی ئەوانەشدا کە دەڵێن لەو مەسەلەیەدا مافی شەخسی هەیە با بەرەی کوردستانیش لێبووردنی دەرکردبێ، گوتی "باشە حەقی شەخسی، فڵانەکەس کە کوژراوە یان ئەنفال بووە، ئێستا حکومەتی کوردستان مافی نەداوەتێ؟ مووچەی دەداتێ و زەوی و خانووی داوەتێ، ئێ باشە با سەرفی نەزەر بکات بۆئەوەی بەرژەوەندی کوردستانەکە تێکنەچێ. ئەگەر چاوپۆشی نەکەن هەمووان زەرەر دەکەن". ئەو بە پرسیاریشەوە گوتی "باشە ئەوە بۆچی ئەو مەعمەعەو بەزم و ڕەزمە هەر لە ناوچەی برادەرانی یەکێتی هەیەو لای پارتی نییە؟".

لەبارەی ئەوەش کە ئاخۆ ئەوەی دژی ئەو و قاسماغای کۆیە کرا دەستی کێی تێدایە، گوتی "دەستی خەڵکی دوژمنی یەکێتیی تێدایە، ڕەنگە دەستی هەندێ بەرپرسی خۆشیانی تێدابێ. هەندێک لەوانە کە خۆیان بەدڵسۆز دەزانن لە ئەنفالچی خراپتر بوون. فایلیان هەیە کە پیاوی بەعس بوون. ئەوانە دەیانەوێ بەهەر جۆرێک بووە ئەو هەڵڵایە دروستبێ بۆ ئەوەی خۆیان موحاسەبە نەکرێن. من پێموایە ئەگەر یەکێک بیەوێ پیسی ببڕێ، ئەگەر لەناو ماڵ و حاڵی خۆیەوە نەیبڕێ ناتوانێ. وەختێک ئەوانەی لەگەڵ خۆیان بوون و فایلدارن و ئێستا ئەندامی سەرکردایەتین، موحاسەبە کران ئەوجا بۆیان هەیە بڵێن موستەشار موحاسەبە دەکەین".

عەباس بایز باڵۆئاغا گوتیشی کە هیچ لایەنێک لە فەرمانەکەی دادگای باڵای تاوانەکان بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال ئاگاداری نەکردووەتەوە "ئاگادار نەکراوم، فەرمان بۆچی بۆ من بێت خۆ من هەو نیمە. من یەک جار جاش بووم، هەرکاتێک بۆ نۆ جار جاش هات با بۆ یەکجار جاشیش بێت. ئاگاداریش بکرێمەوە وەڵامی نادەمەوە. چونکە من پەیوەندیم بە پارتی و حکومەتی کوردستانەوە هەیە. هەرکاتێک لەلایەن حکومەتی خۆمانەوە هەر تەبلیغێکم بۆ بێت لەسەرسەرمی دادەنێم".

هەفتەی پێشوو، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ (ڕووداو) گوتی کە ئەگەر فەرمانی دادگا دەرهەق بەو 258 کەسە جێبەجێ نەکرێ و تۆمەتباران ڕادەستی دادگا نەکرێن، ئەوا دەست لەکاردەکێشێتەوە.



## کەی فایلدارەکانیان دادگاییکردن ئەوجا بۆیان هەیە بڵێن موستەشارەکانیش موحاسەبە دەکەین



کاوە ئەمین – سوێد
kawe35@hotmail.com

# خۆسووککردنیش سنووری هەیە

لە ژمارەی ڕابردووی (ڕووداو)دا، وتارێکم بەرچاوکەوت کە هەم ناونیشانەکەی و هەمیش ئەوەی کە بە خەتی قەڵەو ڕیکلامی بۆ کرابوو، نووسەری ئەم بابەتە، بیست کتێبی لە ئینگلیزیەوە کردووەتە کوردی، سەرنجیان ڕاکێشام. هێشتا شتەکەم نەخوێندبووە، لەبەر خۆمەوە دەمگوت، باشە چۆنە من ئەم ئیدوارد سەعیدەی کوردم نەناسیوە (بەبێ توانج لێدان ئەوە دەڵێم)، تائێستا دێرێکیم نەخوێندووەتەوە و نەدیوە. دەمگوت ئۆخەی ئەوە کوردێک لە ئەمریکا پەیدابووە و جێگەی ئیدوارد سەعیدی فەلەستینی گرتووەتەوە، بەڵام کاتێک وتارەکەم خوێندەوە، مامۆستا پەشێو وتەنی چ ببینم، تەراتێنە "تەراتێنی گۆڕهەڵکەنە و کەمتیاری کورد."

پلانی (B) ی گۆران سەباح، هەروەک خۆیشی لە نووسینەکەیدا دانی پێدادەنێ کە زۆر کەس پێیان منداڵانە دەبێ، بەتایبەتی لەسەر کێشەی کەرکوک. لەسەرەتاشیەوە باسی ئەوە دەکات کە گەلی کورد یەک چارەنووسی هەیە و دڵی جەنابیشیان گەرم دەبێ کاتێک گەریلایەکی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن ئێران و تورکیاوە شەهید دەبێت، بەڵام زۆری پێناچێت داوا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکات، کە هاوکاری دەوڵەتی تورکیا بکات لە لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا و دەستبەرداری کەرکوک ببن، بەڵکو ئەمە خوایە بەهاوکاری ئێران و تورکیا، ئەو سێ باژێرەی کوردستان سەربەخۆیی وەربگرێت، چونکە بارودۆخەکە وا دەخوازێت!

ئیدوارد سەعید هەر لەو ئەمریکایەی، گۆران سەباح، سەمیناری تێدا دەدات بۆ ئەفسەرانی بەشی زانکۆیەک، تەحەدای هەموو دنیای کرد و مێژووی هەموو ڕۆژهەڵاتناسانی دنیای خستە ژێر پرسیارەوە و بۆ ساتێکیش لەسەر یەک بست لە خاکی فەلەستینی سەوداو مامەڵەی نەکرد، کەچی ئێستا کۆلکە خوێندەوارێکی کورد دێت ئامۆژگاری سەرکردایەتی کورد دەکات کە خاک هیچ نییە و دنیا دنیای ئابوورییە، بەڵام لەو لاوە پێشنیازی ئەوە دەکات کە کەرکووک کە شادەماری نەک هەر ئابووری کوردستان بەڵکو عێراقیشە، هەراج بکرێت و کورد دەستبەرداری ببن.

یەکەم جارە کوردێک ببینم ئاوا ڕووقایمانە بە وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی خۆیەوە و بەبێ هیچ ترس و دڵەڕاوکەیەک جاڕی بەخشینی پارچەیەک لە کوردستان بدات و بەئاشکرا داوای شەڕی کورد و کورد بکات، وەک ستراتیجی نەتەوەیی بڵاوی بکاتەوە، ئەوەی کە گۆران سەباح دەیڵێت، بەرەی تورکمانیش نەیوێراوە ئاوا بە ئاشکرا بیدرکێنێ. من تەنها گلەییم لە ڕۆژنامەی (ڕووداو)ە کە چۆن ڕێگە دەدەن نووسینێکی ئاوا بڵاو بکەنەوە، کە تەنها بۆ تەنەکەی خۆڵی کۆمپیوتەر چاکە. خۆشیەکەی لەوەدایە گۆران سەباح، گوایە ئەم فەرمایشتانەی بۆیە کردوونەتە سەر کاخەز، تاوەکو ویژدانی خۆی ئاسوودە بکات و هاوکاری بارزانی بکات؟ دەبێ هۆی چی بێ کەوا لەم پلانەی دواکەوتووەوە و تازە بەبیریدا هاتووە، تۆ بڵێی "ئەفسەرانی" ئەمریکی ئامۆژگاریان نەکرێت و ختووکەی ویژدانیان نەدابێت؟

لە کتێبێکدا کە ئێستا ناوەکەیم لەبیر نییە، خوێندوومەتەوە کە ئەگەر هەڵە نەبم، خالید ئاغای حیسامی، بەسەردان دێتە یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا، کاتێک لەگەڵ کوردێکدا، بەبەردەم باڵاخانەیەکی بەرزدا تێدەپەڕن، کوردەکە بە خالید ئاغا دەڵێت، مامۆستا ئێمەی کورد بە سەد ساڵی دیکەیش باڵاخانەی وامان بۆ دروست ناکرێت! خالید ئاغایش نایکاتە نامەردی و دەڵێت، وەڵا خۆ ڕاست دەکەی، کورد هەتا "کەری" وەکو تۆی تێدا بێت حەتەمن شتی وای بۆ سازنابێت!

بەڕاستی منیش دەڵێم، مادام کورد نووسەری وەک گۆران سەباحی تێدا هەڵدەکەوێت، کە بەو ڕووخسارە گەنجەیەوە فریای وەرگێرانی بیست کتێب کەوتبێ، ئێ خۆ ئەگەر وابێت، خۆیشی چوار پێنج کتێبی هەر لە پاڵیشەوە بێت نووسیوە، دوای ئەو هەموو مەعریفەیە ئەو پلانە بخاتە بەردەم بارزانی، سووکایەتی بەو هەموو خوێنەوە بکات کە وەک خۆی دەڵێت هیچیشمان بە هیچ نەکردووە، ئەوا فارس وتەنی حاڵمان (بەدە)!

# کەسوکاری ئەنفالکراوەکان چاوەڕوانی هەڵوێستێکی ئاوا مەردانەن

بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە دیمانەیەکی تایبەتدا لە ڕۆژنامەی (ڕووداو) لە ژمارە (136)ی ڕۆژی 2010/11/1 دا، هەڵوێستێکی پڕبەدڵی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی دەربڕیوە، هەرواش چاوەڕواندەکرا وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لەبارەی بەدادگا گەیاندنی تاوانبارانی کەیسی ئەنفال لەهەموو لایەنێکی پەیوەندیدار زیاتر بە تەنگ داخوازیەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوەبێ.

ئێمە لە کۆمەڵەی داکۆکیکار لەمافی قوربانیان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان هەڵوێستی بەڕێز د مەجید حەمەدەمین، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بەرز دەنرخێنین. جەختدەکەینەوە کەمپەینی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان کە لە 2010/10/24 بە پاڵپشتی 42 کۆمەڵەو ڕێکخراوی مەدەنی و سەدان کەس لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە ناحیەی ڕزگاری ڕاگەیێندرا، بەردەوام دەبێت تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵاتی جێبەجێکار لە هەرێمی کوردستاندا، تاوانباران ڕادەستی دادگا دەکات.

**کۆمەڵەی داکۆکیکار لە مافی قوربانیان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان**

# خوێنی حەڵاڵ و حەرام بە بەڵگەوە لەبەردەم دادگا



**عەدالەت عومەر ساڵح**

گومانی ناوێت کە موستەشار و سەرۆک جاشەکان هاوکاری سەرەکی سوپای بەعس بوون لە ڕاپێچکردنی هەزاران بێتاوانی کورد بەرەو چاڵەکانی مەرگ. جاشەکان ئەرک و فەرمانێکی ترسناکیان گرتبووە ئەستۆ، هەر لە پاراستنی کاروانی سوپای بەعس و پێشکەوتنیان بەرەو گوندەکان تا پێدانی هەواڵ و زانیاری و پشکنینی هەموو کون و کەلەبەرێک بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی ئەوان بە تاوانبار، پێشمەرگە و بەکرێگیراویان دەزانین.

جاشەکان گوندە چۆڵکراوەکانیان پێش ئەوەی بسووتێندرێن و لەگەڵ خاکدا یەکسان بکرێن، بێ بەزەییانە تاڵان دەکردن، ئەوان ڕۆژان شۆڕشگێر بوون ئەمڕۆش هەر شۆڕشگێڕن!. ئەو جاشانە هەزاران کچی کوردیان پێشکەشی سوپای بەعس و مەرگ کرد.

لە هەفتەنامەی ڕووداو ژمارە (135)دا کامەران عەباس بایزئاغا دەڵێت "هەر کەسێک بەڵگەی لەسەر باوکم و برایم ئاغا هەبێت کە بەشداریی ئەنفالیان کردووە خوێنی ئێمەیان لێ حەڵاڵ بێت". بۆیە بەپێویستم زانی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە بخەینە بەردەست تا بزانین پابەندی قسەی خۆیانن، یان بەهەڕەشەو چاوسوورکردنەوە وەک موستەشاری فەوجی (96)، خالید مەحمود غەوارە ناسراو بە (خالیدی خولە سوور) نامەیەکی هەڕەشەئامێز دەنێرن، وەک ئەوەی بۆ نووسەر و چالاکڤانی بواری ئەنفال دەرسیم دیبەگەیی هاوڕێمان نێردراوە.

عەباس بایز ئاغا، بەپێی بەڵگەنامە و بڵاوکراوە فەرمییەکانی سەردەمی بەعس، موستەشاری فەوجی 91 بووەو تاوەکو مانگی 8\1988 بەشداری لە هێرشەکانی ئەنفالدا کردووە. فەوجی 91ی عەباس بایز باوڵۆ ئاغا، بەشداریی لە شاڵاوەکانی ئەنفالی (1، 2، 5، 7،6)دا کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە شاڵاوەکانی ئەنفالی یەک و دوو، ڕۆژنامەی (الثورة – ژمارە 6536 لە 17\4\1988، یەکشەممە لەلاپەڕە 1 و 11) وەک هەواڵێکی سەرەکی باسی لە سەرکەوتنی عەمەلیاتی ئەنفالی 1و2 دەکات، کە 77 سەرۆک جاش و موستەشاری کورد "ڕۆڵی قارەمانانەیان هەبووە لە لەنێوبردنی بەکرێگیراو و خائینەکاندا"، وەک ڕۆژنامەکە نووسیویەتی. لە لیستی ناوی موستەشارە بەشدارەکاندا ناوی عەباسی بایزئاغا ژمارە 53یە.

عەباس بایز باوڵۆئاغا، کە فەوجەکەی لە ساڵی 1986 دامەزراند، پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە 9ی سەر بە ئیستخباراتی قەڵادزێی هەبووە.

عەباس بایز لە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) ڕۆژی 27\10\2010 دا دەڵێت لە 1986 لە ڕیزی پێشمەرگەدا بووەو وێنەیەکیشی لەگەڵدا بڵاوکردووەتەوە. بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکان ئەو تا کۆتاییەکانی ساڵی 1988 هەر لە خزمەتی بەعسدابووە و ئەو وێنەیەش لەساڵی 1989دا گیراوە، ئەوەتا لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)ی سەردەمی بەعس ژمارە (957 لە 14\3\1988 ل9) عەباس بایز باڵۆ موستەشاری فەوجی 91 پیرۆزبایی جەژنەکانی ئادارو نەورۆزی بۆ "سەرۆکی فەرماندە سەدام حوسێن" ناردووەو خۆشەویستی و وەفاداری خۆی و جاشەکانی ژێردەستی بۆ دووپاتکردووەتەوە. لە چاوپێکەوتنەکەی (هاوڵاتی)دا عەباس بایز ئاغا دەڵێت "کاتێک عەلی حەسەن مەجید بۆ شاڵاوی ئەنفال کۆبوونەوەی بە موستەشارەکان کرد، من نەمکرد و بەم هۆیەش زیندانیکرام". بەپێی بەڵگەنامەکان ئەو کۆبوونەوەیەی ئەو باسیدەکات لە مانگی 8ی ساڵی 1988 بووە کە عەلی حەسەن مەجید کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆک جاشەکان کردووە بۆ دەستپێکردنی ئەنفالی کۆتایی (خاتمە الانفال) لە بادینان. واتە پاش شاڵاوەکانی ئەنفالی (1و2و3و4و5و6و7) کە هەموویان تێیدا بەشدارییان کردووە. لەپاش ئەو کۆبوونەوەیە عەباس بایز بە وتەی خۆی بەو هۆیانەی لە چاوپێکەوتنەکەدا باسیکردووە بۆ ماوەی مانگێگ زیندانی کراوەو لە 3\9\1988 بەهەوڵی سوڵتان هاشم لە زیندان ئازاد کراوەو دواتر بەرەو ئێران ڕایانکردووە. ڕێک پاش 3 ڕۆژ لە ڕۆیشتنی عەباس بایز بەرەو ئێران عەمەلیاتی ئەنفال کۆتایی هات و لە 6\9\1988 لێبووردنی گشتی لە لایەن حکومەتی بەعس ڕاگەیێندرا، لە کاتێکدا موستەشاری فەوجی 91 دەڵێت "کاتێک لە زیندان هاتمەوە دەرەوە، ئەنفالی پێشمەرگە دەستپێکرد و من نەمکرد".

موستەشارەکان، مێژوو بە بەڵگەوە شاهیدە کە ئێوە چەند خیانەتکاربوون بەرامبەر بە نەتەوە بندەستەکەتان و بەڵگەنامەکانیش لای زۆر لە چالاکڤانانی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردستان پارێزراون، بۆیە باشترە ڕاستییەکان وەک خۆیان بگوترێن نەوەک بە مەبەستی خۆدەربازکردن بشێوێنرێن. ئەوەش باش بزانن دادگا بە بەڵگەوە عەدالەت جێبەجێ دەکات، ئێوەی موستەشارەکان، ڕاستە بەر لێبووردنی بەرەی کوردستانی لەساڵی 1991 کەوتن، بەڵام هەرگیز بەر لێبووردنی خەڵکی قوربانی و زیانلێکەوتوو ناکەون، باشترین کاریش ئەوەیە واز لە زمانی هەڕەشە و بێ حورمەتی کە لە حیزبی بەعس وەک میرات بۆتان ماوەتەوە بهێنن، چونکە لە بیرمان نەچووە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لەپاش ڕاگەیاندنی نووری مالیکی بۆ ناونووسکردنی جاشی دووبارە (سەحوە) زۆر لە موستەشارەکان خۆیان ناونووس کردەوە.

*** چالاکڤان بۆ بەدواداچوونی ئەنفال و بێ سەروشوێنەکانی کوردستان**

کێشەی کۆلیژی کشتوکاڵ بە جنێودان بە قوتابییەکی کۆلیژەکە کۆتایی هات

# ڕاگری کۆلیژی کشتوکاڵ بڕیاری یەکخستنی تاقیکردنەوەکانی هەڵوەشاندەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارێکی ڕاگریەتی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، نارەزایی و 3 ڕۆژ مانگرتنی قوتابیانی لێکەوتەوە، سەرەنجام دوای جێنودان بە قوتابیەکی نارازی لەلایەن یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژەوە، بڕیارەکە ڕاگیرا.

ڕۆژی 2010/11/2 ئەنجوومەنی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، بە تێکڕای دەنگ بڕیاریدا سیستەمی تاقیکردنەوەکان بگۆڕێت و هەردوو تاقیکردنەوەی کرداری و تیۆری بکاتە یەک، بەڵام قوتابیان دژی بڕیارەکە وەستانەوەو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مانیانگرت.

سۆران زەنون، یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی کشتوکاڵ بۆ کاروباری کارگێری، بڕیارەکەی بە "بڕیارێکی تەندروست" دانا و گوتی "بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا، کە پێیدەگوترێ (دڵنیایی جۆری)، لەکاتی پێدانی بڕوانامە بە قوتابیان نمرەی هەردوو تاقیکردنەوەی کرداری و تیۆری بەیەک نمرە دەنووسرێت، بۆیە ئێمە وەک ئەنجوومەنی کۆلێژ گوتمان مادام ئەنجامی هەردوو تاقیکردنەوەکە بەیەک نمرە هەژمار دەکرێ پێویست ناکات قوتابی دوو تاقیکردنەوەی لێ ئەنجامبدات، بۆیە بەباشمان زانی تاقیکردنەوەکان بکەینە یەک، ئەمەش لەقازانجی قوتابیاندابوو، بەڵام قوتابیان بە هەڵە لە بڕیارەکە گەیشتوون".

دوای ئەو کێشەیە ڕاگرایەتی کۆلیژ لەگەڵ قوتابیانی کۆلیژ دادەنیشێ تا بڕیارەکەیان بۆ ڕوونبکاتەوە، بەڵام وەک مامۆستا سۆران گوتی "دواجار کە لەگەڵ قوتابیانی بەشی خاک و ئاو دانیشتین، چەند قوتابییەک بۆ تێکدانی دانیشتنەکە دەستیانکرد بە دەنگە دەنگ، دواتر قوتابیەک، بەناوی سەنگەر، کە نوێنەری قوتابیانی قۆناخی چواری بەشەکە بوو، هەڵسایەوەو زۆر بەشێواوێکی ناشرین قسەی کرد و پەنجەی لەڕاگر بەرزکردەوە، ڕاگریش تووڕەبوو و پێیگوتن ئەمە بڕیاری ئەنجوومەنەو ڕەتکردنەوەی نییە، دواتر تەواوی قوتابیەکان هۆڵەکەیان بەجێهشت".

عومەر محەممەد، قوتابی قۆناخی سێیەم لە بەشی خاک و ئاو لەکۆلێژی کشتوکاڵ، کە یەکێکە لەو قوتابیانەی هۆڵەکەی بەجێهێشت، گوتی "قسەکانی سەنگەر ناشیاو نەبوون، ئەو تەنیا داوایکرد بڕیارەکە گۆڕانکاری تێدابکرێت، بەڵام ڕاگری کۆلێژ تووڕەبوو، بەدەست لە مێزەکەی بەردەمیدا و گوتی گۆڕانکاری نییە، پاشانیش یاریدەدەری ڕاگر لەبەردەم دەیان قوتابی بەسەنگەری گوت تۆ (خوێڕی) ئەمەش قسەیەکی شیاو نەبوو نەدەبوو بیکات".

یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی کشتوکاڵ بۆ کاوروباری کارگێڕی، ڕەتینەکردەوە کە جنێوی بەو قوتابییە دابێ، بەڵام گوتی بەهۆی هەڵچوونەوە بووە "سەنگەر کێشەکەی گەورەکرد و وایکرد قوتابیان هۆڵەکە بەجێبێڵن، لەدوای قوتابیان هاتمە دەرەوەو بەسەنگەرم گوت تۆ نوێنەری قوتابیانی نابێ بەم شێوازە قسە لەگەڵ ڕاگری کۆلێژەکەت بکەی و پەنجەی لێ بەرزبکەیەوە، ئەویش بێمنەتانە ئەمجارە دووبارە پەنجەی لەمن بەرزکردوە، منیش هەڵچووم و لە دەمم دەرچوو و پێمگوت بڕۆ دەرێ خوێڕی".

بەڵام سەنگەر ئەحمەد، ڕەتیکردەوە کە ئەو هۆکاری تێکدانی کۆبوونەوەکە بووبێت و پەنجەی لە ڕاگر بەرز کردبێتەوەو گوتی "من تەنیا پێمگوتن پێویستە پێداچوونەوە بە بڕیارەکەدا بکرێت، بەڵام ڕاگر تووڕەبوو، بەشێوەیەکی ناشیرین پێیگوتم دانیشە، دواتر جێگری ڕاگر لەبەردەم قوتابیان بەمنی گوت خوێڕی، بۆیە ئەگەر داوای لێبووردن نەکات، ئێمە هەڵوێستی دیکەمان دەبێت".

سۆران زەنون، یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی کشتوکاڵ بۆ کاوروباری کارگێڕی، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە داوای لێبووردن بکات بەمەرجێک، سەنگەر بێت داوای لێبووردن لەڕاگر و ئەنجوومەنی کۆلێژ بکات، بەڵام سەنگەر ئەوە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت "دەنگی من دەنگی 400 قوتابییە، بۆیە تاوەکو ئەوان ڕازی نەبن من ئامادەنیم داوای لێبووردن بکەم".

د.سەردار یاسین، ڕاگری کۆلێژی کشتوکاڵ سەبارەت بە کێشەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە دەتوانین بەپشت بەستن بەیاساکانی کۆلێژ ئەو قوتابیەو تەواوی قوتابیەکانی دیکە کە دەستیان هەبوو لە گەورەکردنی کێشەکەدا سزا بدەین، ئەو قوتابیانە بێ ڕێزیان بەرامبەر بەکۆبوونەوەکە کردووە".

سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکەش ناوبراو گوتی "لەبەر ئەوەی تازە ئەم پۆستەم وەرگرتووەو دەزانم قوتابیان بەهۆی ناتێگەیشتنیان لە بڕیارەکە ئەم هەڵوێستەیان وەرگرتووە، بۆیە بەباشم زانی تاوەکو کێشەکە لەوە زیاتر گەورە نەبێ پێشێوی نەکەوێتە ناو کۆلێژ، بڕیارەکە هەڵبوەشێنمەوە، سزای قوتابیەکانیش نەدەم".

## هەمەجۆر



### رۆزبێ مۆڵەتی کۆنسێرتی لە سنە وەرگرت

**رووداو- سنە**

گۆرانیبێژی لاوی شـاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردسـتان، رۆزبێ، دوای ئەوەی بە یەکەم ئەلبوومی گۆرانی خۆی بەناوی (کۆچ) ناسرا، بەنیازە کۆنسێرتێکی دوو رۆژی لە سنە سازبکات. روزبێ لە 11-2010/11/12 کۆنسێرتێکی گۆرانی لە هۆڵی فەروەردینی شاری سنە ساز دەکات و مۆڵەتی یاسایی بۆ سازکردنی ئەو کۆنسێرتە وەرگرتووە.



# هەورامی بە فەیلی تۆماریکرد

**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ عادل هەورامی کە ئێستا خەریکی بەرهەمهێنانی ئەلبومێکی تازەی گۆرانییە، بۆ یەکەمجار بە شـێوەزاری کوردیی فەیلی گۆرانی دەڵێت.

عـادل هەورامـی لەبـارەی بەرهەمهێنانی ئەلبوومـە تازەکەیەوە بە (رووداو)ی راگەیانـد "ئەو ئەلبوومە تازەیە بە شـێوازێکی زۆر تازە کارم بۆ کردووە، هەوڵمداوە شێوازێکی تازە بهێنمە نێـو گۆرانییەکانم، خـۆم زۆر قەناعەتم بەو کارەی ئەمجارەیـە". هەورامی دەڵێ لەڕووی تێکست و ئاوازەوە هەوڵیداوە کاری زۆر تازە بکات، کە بەگشتی لە 7 گۆرانی پێکهاتووەو تۆمارکردنیان تەواوبووە. هەورامی گوتیشـی "هەوڵمداوە گۆرانی بە شێوەزاری بادینی بڵێم، بەڵام چونکە هەسـتم کـردووە حەقی خۆی پێنـادەم وازم لێهێناوە، بـەڵام لە ئەلبوومە تازەکەمدا بەشـێوەزاری فەیلی گۆرانییەکم تۆمار کردووە".



# کۆمپانیایەکی سەقزی دەیەوێ بورجەکانی نیۆیۆرک دروست بکاتەوە

**رووداو- سەقز**

کۆمپانیاکانی بیناسازیی سەقز بە نێوی (چل چەمە) کە تائێستا سەدان پرۆژەی گەورە و باڵاخانەی گرنگی لەشـارەکانی کوردستان و ئێران و عێراق دروستکردووە، نموونەیەکی بیناسـازی بۆ سـەرلەنوێ درووسـتکردنەوەی ناوەنـدی بازرگانیی جیهانی لە نیۆیۆرک، رەوانەی ئەمریکا کردووە.

لەم پرۆژەدا کە وێنەیەک لێـی دەسـت (رووداو) کەوتـووە، هاتـووە کـە باڵەخانەی ناوەندی بازرگانی جیهانی لەسەر زەویەک بە رووبـەری 376 هەزار مەتر چوارگۆشـە و لـە 100 نهۆمدا بە بـەرزی 505 مەتر دروستدەکرێتەوە و 10 نهۆمیشی لەژێر زەویدا بۆ ساز دەکرێ، هەروەها 3 هۆڵی گـەورە بـە رووبەری 15 هـەزار مەتری چوارگۆشە لە تەنیشتی دروستدەکرێن.

کۆمپانیای بیناسـازیی (چل چەمە) سـاڵی 1968 لەلایـەن بنەماڵـەی ئەمینییەوە لە شـاری سەقز دامەزراوە و ئێسـتا بە یەکێک لە کۆمپانیا گەورە و بەنێوبانگەکانی ئێـران دەژمێردرێت. گرنگترین کارەکانی بریتییە لە دروستکردنی بورجی تاران، مۆزەخانەی کیش، شێروان پاڵاس لەسلێمانی، شارەوانی سـلێمانی، هۆتێلی پێنج ئەستێرەی شـاری جوان لە سلێمانی، کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی بەهاران لەشارەکانی سنە و سلێمانی.



# هێمن پەڕی یادەکانی تەواوکرد

**رووداو- هەولێر**

بە هاوکاری و بەشداری ستافێکی پرۆفیشناڵی کلیپسازی، هێمن حوسێن نوێترین گۆرانی خۆی کلیپکرد.

گۆرانـی (پـەڕی یـادەکان) کە یەکێکە لە گۆرانییەکانی دوا ئەلبوومی هێمن حوسێن، کە تێکستی (ئەکرەم ئەمین)ـەو خۆی ئـاوازی بۆ داناوە و کاری میوزیکی بۆ کردووە، لە ستۆدیۆ میلۆدی شـاری هەولێر تۆمارکراوە، کلیپ کرا.

لەوبـارەوە هێمـن حوسـێن بە (رووداو)ی راگەیاند "بە بەشـداری ستافێکی پرۆفیشناڵ و لەدەرهێنانی هاوکار فەرهاد کلیپم بۆ گۆرانی (پەڕی یادەکان) کرد، کە ئەم کلیپە ئێسـتا ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە".

هێمن حوسێن دوا ئەلبوومی خۆی بەنێوی (دوا شـەو) بڵاوکردەوە کە تێیدا گۆرانییەکی عەلی مەردانیشـی گوتووەتەوە.

# کچێکی 10 ساڵی منداڵی دەبێت



**رووداو- ئاژانسەکان**

کچێکی تەمەن 10 ساڵ لە ئیسپانیا دوای ئەوەی منداڵێکی بوو، بووە بچووکترین دایک لە جیهاندا.

بەپێی سـەرچاوەکانی هەواڵی ئیسـپانیا، ئێستا تەندروستی منداڵەکەو دایکەکە زۆر باشە، هەروەها کێشی منداڵە لەدایکبووەکە 2.9 کیلۆگرامە.

بەپێی قسەی دایک و باوکی ئەو کچە بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا بەرێوەبەرانی کتێبی گینس، سەردانی ئەو بکەن و ناوی لە کتێبەکەدا تۆمار بکەن.



ئەنجلینا جولی بە خەڵکی بۆسنیا دەڵێ:

# بە هەڵە لێم تێمەگەن

**رووداو-AFP**

هەفتەی رابردوو ئەنجلینا جۆلی ئەکتەری نێوداری ئەمریکی چووە شـاری سەرایڤۆی پایتەختی بۆسنیا، بەمەبەستی دروستکردنی یەکەم فیلم لە بارەی شەڕە خوێناوییەکەی ئەو ناوچەیە لە سـاڵانیی نەوەدەکان و ئەم بەرهەمەش، یەکەمین بەرهەمی ئەنجلینایە کە بەخۆی دەرهێنانی بۆ دەکات. قوربانیانی ئەو شـەڕە، نیگـەران بوون بـەوەی کە بەسـەرهاتە تاڵەکانیـان دەکرێتە فیلم و یەکێک لەو قوربانیانە گوتی" ئەوان ناتوانن بەسەرهاتی ئێمە بکەنە فیلم".

ئەنجامدانی ئەم فیلمە مشتومڕێکی زۆری لەنێو کۆمەڵگەی سـربیدا دروستکردووە، بەوەی کە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە دەیانەوێ پارە و نێوبانـگ لەرێگەی نەهامەتییەکانی خەڵکی وڵاتەکە بەدەست بخەن. چەند رۆژێک دەنگۆی ئـەوە بڵاوکرایەوە کـە وەزارەتی رۆشنبیری بۆسنیا ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیەی راگرتووە، بەڵام وتەبێژی ئەو کۆمپانیایەی کە سەرپەرشتی ئەو بەرهەم دەکات، رایگەیاند کە ئەو راپۆرتانە دوورن لەڕاستییەوە.

ئەنجلینا جولی بە نامەیـەک، هەوڵیدا قوربانیانی ئەو کارەسـاتە خوێناوییە دڵنیا بکاتـەوە کە فیلمەکە رێز لـە نەهامەتی و قوربانیدانی ئەوان دەگرێ و هیچ شتێکی تێدا نییە پێچەوانەی راسـتی بێت، یاخود دژی ئـەوان بێت. لەوبارەیەوە جولی لەنامەکەیدا نووسـیویەتی" دەمەوێ دڵنیاتان بکەمەوە کە مەبەسـتی راسـتەقینەی من هەمیشە ئەوەبووە کـە بەرهەمێکم هەبێت دەربارەی ئەم بەسـەرهاتە تاڵەی ئێـوە و رێزیش لە قوربانیانی وڵاتەکەتان بگرم".

لەدرێـژەی نامەکەیـدا، جولـی دەڵێ" هیوادارم ئـەم نامەیەش، هەموو هەڵەکانی راسـت کردبێتەوە کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی زانیـاری نادروسـت لەنێـو میدیاکانەوە، دروستبووە".



# من شاجوانی مەغریبم و چوومە عێراق

**رووداو-ایلاف**

ئیمان ئەلبانی و ئیمان شاکر لەسەر شاجوانی مەغریب بەشەڕ دێن.

ئیمان ئەلبانی کە لە پێشبڕکێی شاجوانیدا لە ساڵی 2005 بە شاجوانی مەغریب هەڵبژێردرا، دەڵێ " لەوکاتەوە پێشبڕکێی شـاجوانی مەغریب نەکراوەو من تاجەکەم نەداوەتە کەس، بۆیە ئیمان شاکر راست ناکات کە ئەو بووەتە شاجوان".

بەڵام ئیمان شـاکر دەڵێ ئەو لە پێشـبڕکێی شاجوانی مەغریب کە لە ساڵی 2007 لە پاریس سازکرا، لەنێو 60 کچە مەغریبیدا بە شاجوان هەڵبژێردرا " تاجەکەم لە کەس وەرنەگرت ، چونکە کە لە کۆمپانیای ئامادەکاری پێشبڕکێیەکەم پرسی ، گوتیان ئەوە جاری یەکەمە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی مەغریب سازدەکرێ، ئەوەی لە مەغریب کرابوو چەند قۆناخێکی ئەو پێشبڕکێیە بوو". هەروەها گوتیشی سـاڵی دواتر تاجەکەی دا کچێکی دیکە کە بە شاجوان هەڵبژێردرا و ئەویش بە جوانترین نمایشکاری عەرەب هەڵبژێردرا. هەروەها گوتیشی دەرهێنەرەکان بانگی ناکەن بۆ فیلمەکانیان لەبەرئەوە بەوشێوەیە رێکلام بۆخۆی دەکات.

ئیمان شاکر گوتی ئەو بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی خێرخوازی چووە عێراق " باشە ئەگەر ئیمان ئەلبانی شـاجوان بووە کوا کارە خێرخوازیەکانی".

ئیمان شاکر

ئیمان ئەلبانی

# مندالە مەلەوانەکان متمانەیان بە خۆیە

**رووداو- ئاژانسەکان**

لێکۆڵـەرە ئوسـترالیـیەکان رایانگەیاند راهێنانی منداڵان لەسـەر مەلەکـردن هۆکارێکی سـەرەکییە بۆ بەرەوپێشـبردنی تواناکانی ئەو منداڵە.

لێکۆڵەرەکان لە زانکۆی کوینزلاندی ئوسـترالیا توێژینەوەیان لەسەر 10 هەزار منداڵی تەمەن 5 ساڵی کردووەو دەرکەوتـووە مەلەکـردن یارمەتی گەشـەکردنی جەسـتە و مێشکی منـداڵ دەدات.



پرۆفیسۆر رۆبین جۆرگنسـۆن کـە مامۆسـتایە لەو زانکۆیە رایگەیاند "ئەو منداڵانەی مەلە دەکەن زیاتر متمانە بەخۆبوونیان لەلا دروسـتدەبێ بە بەراورد لەگەڵ ئەو منداڵانەی مەلە ناکەن".

هەروەها گوتیشـی لێکۆڵەرەکان چاودێری فێربوونی مەلەوانی دەکەن لـە 60 قوتابخانە لە ئوسـترالیا و ئەنجامەکان بـەراورد دەکەن لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانـی پێشـوودا. ئـەم توێژینەوەیە بەگەورەترین توێژینەوە دادەنـرێ لـە مـاوەی 30 سـاڵی رابردوودا.



# مەی لە هیرۆیین بەزیانترە

**رووداو- ئاژانسەکان**

بەڕێوەبەری پێشووی نووسینگەی مادە هۆشبەرەکانی بەریتانیا رایگەیاند زیانەکانی خواردنەوەی مەی بەهەموو جۆرەکانییـەوە زیاترە لە زیانە زۆرەکانی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەری وەک هیرۆین و کراک.

پرۆفیسـۆر دیڤـد نـات بەڕێوەبەری پێشـووی نووسینگەی مادە هۆشـبەرەکانی بەریتانیا رایگەیاند لەدوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەرکەوتووە مادەی هیرۆیین، کە بە یەکێک لە مەترسیدارترین جۆری مادەی هۆشبەر دادەنرێت لە جیهاندا. خواردنـەوەی مەی هەمان زیانی هیرۆینی هەیە بەهۆی ئەوەی ئەو نەخۆشـیانەی بەهۆی خواردنەوەی مەی تووشـی مرۆڤ دەبن، سێ ئەوەندەی ئەو نەخۆشـیانەن کە بەهۆی خواردنی مادەی هێرۆیین تووشی مرۆڤ دێن.



## بەختی رووداو

ayarfalak@hotmail.com

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

با گوتە و مامەڵەتان بە شێویەکی هێمنانەبێت، ئەو قسانە مەکەن کە کەسانێک دڵتەنگ دەکات. بۆ ئەوانەتان کە بە نیازی سەفەرن، کاتێکی گونجاوە. هەمـوو هێـز و توانـات لـەکارەکان بەکاربێنە و سەرکەوتن مسۆگەر بکە. خۆشەویستەکەت پێویستی بە گرنگیپێدانە، دەتوانی ئەگەر کەمیش بێت کاتی بۆ تەرخان بکەی.

### گا
Apr 20–May 20

ئەگەر دەتەوێ کارێکت سەرکەوتووبێت پێویستە بەهەموو توانات هەوڵی بۆ بدەی، کە گرفتێکت بۆ دێتە پێشەوە شارەزایی و دانایی خۆت بەهاناتەوە دێت. ئەو دەرفەتانە لە دەسـت مەدە کە لە ژیاندا زۆر بەکەمی دووبارە دەبنەوە. هەستێکی بەهێزتان دەبـێ بۆ خوێندنەوەی ناخـی بەرامبەرەکانتان و دانانی کاریگەری لەسەریان.

### جمک
May 21–Jun 21

بەکتوپـڕی هەندێک هاوڕێی نوێ دەناسـن، هێمنی خۆتان بپارێزن، لە کاتێکدا بەرامبەرەکانتان بە تووندی رووبەڕووتان دەبنـەوە. لەو کارانە دووربکەنەوە کە کێشە یان گرفتیان بەدواوەیە. کارە وەسـتاوەکان پاش چەند هەوڵێک بەگەڕ بدەنەوە یان کاری نوێ دەکەن، پێویستە زۆر بە باشی ئەرکەکانتان راپەڕێنن.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

لەهەمـوو کاتێـک زیاتـر پێویسـتیتان بە خۆشەویسـتییە و ، ئارامیتان پێدەبەخشـێت. سـەرقاڵی کارەکانی ماڵ و خێزان دەبن ، چەند گرفتێکیش لە ماڵ چارەسەر دەکەن. کاتی ئەوە هاتـووە بیرۆکەکانی ناو مێشـکت بخەیە بواری جێبەجێکردنـەوە و رێککەوتن لەگەڵ دەزگایەک یان دامەزراوەیەکی گەورە بکەن.

### شێر
Jul 23-Aug 22

کەمێـک بێزار دەبن بەهـۆی گۆڕانکاری لە هەڵوێستی کەسێکی نزیکتان، لەو کاتانەی خۆتان بەخوێندنەوە یان گەشـتێک سـەرقاڵ دەکەن ئاسودە دەبن . کەمێک گوشاری خۆشەویستیتان لەسـەر دەبێت، بەڵام وەک پێویست هاوکاریتان ناکەن. دەسـتبەکار دەبـن لەپرۆژەیەکی نوێ و بەرپرسیارێتیتان زیاد دەکات.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

ئەگەر زۆر پێویسـت بێت، قەرز مەکەن یان پارە بە کرێ وەرمەگرن . هەموو بیرکردنەوە و بیرۆکەکانت بنووسەوە بۆ ئەوەی لەم قەیرانەدا پرۆژە باشـەکانت لەیاد نەچێت. پێویسـتیت بەلایەنە جوانکارییەکان نییە، بەڵکو پڕکردنەوەی پێویستییەکان بکەنە دەسپێک.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

رەنگە خراپ تێگەیشـتن لـە بابەتێک تەواو سەرقاڵت بکات. کارێکی ئاسایی بەلاتانەوە گەورە دەبێت و سـەرنجتان رادەکێشـێ . نازانن لە کام خاڵەوە دەست بە کارەکانتان بکەن، گرنگ کارەکان نیـن بەڵکو گرنگ دەسـتپێکردنە چونکە هەموو ئەنجامەکان دەبن بەیەک.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

ئەگـەر گونجا گەشـت بکە، دڵـی خۆت بۆ بەرامبەرەکـەت بکـەوە. مەهێڵە کـەس بێزارت بکات بەبێ هۆیەکی دیاریکراو، سـەبر و خۆڕاگری بەشـێوەیەکی باش چارەسـەری کێشـەکانتان دەکات. هێزێکی باشتان هەیە بۆ پاراستنی شوێن و کەسـایەتیتان و کاریگەری دەخەنە سـەر دڵی هاوسۆز و خۆشەویستەکانتان .

### کەوان
Nov 22–Dec 21

هەتا کاتـی رێککەوتنـەکان درێژ بکرێتەوە لەقازانجتی ئێوە دەبێت، خۆتان لە ڕاڕایی دەربێنن و بڕیارێک بدەن بۆ ئەوەی فرسەتە باشەکانی ئەم ماوەیە لەدەست نەدەن. لەبارەی خۆشەویستییەوە لەژێر گوشـاردا دەمێننەوە. وا باشە تەنها پشت بەتوانای خۆتان ببەستن، کاتێکی باش نییە بۆ داواکردنی هاوکاری.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

هەسـتکردنت بە ئاسـوودەیی بەهۆی ئەو هەواڵانەیە لە ئاواتەکانتان نزیک دەکاتەوە. کەسێک سـەرنجتان رادەکێشێ ، سـوود لە تواناکانی وەردەگرن. سەرقاڵی پەیوەندییەکان دەبن، ئەو بەڵێنانەی پێتان دەدرێن فەرامۆشـیان مەکەن. کارەکان بەناتەواوی جێمەهێڵـن دەنا دەبێ لە سەرەتاوە دەستپێبکەنەوە.

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

بە تەواوی ئاگاداری خۆتان بن لە هەڵسوکەوت و گوتەکانتان بـۆ ئەوەی دواتر داوای لێبووردن نەکـەن. دەتوانی بڕوا بە کەسـێک بکەی کە رێگەکان و پێشنیازەکانی دەوڵەمەند کردووی. پێویستە هێمنی خۆتان لە کار و لەگەڵ دەوروبەر بپارێزن. لەو بابەتانەش دوور بکەونەوە کە گرفت یان کێشەیان لێدەکەوێتەوە.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

ئەگەر هەنگاوەکانت ئامادەکردووە مەترسـە لەدەسپێکی سـەرەتا، کارەکانتان بەباشترین شێوە و لە کاتی دیاریکراو تەواو بکەن. کارێکی زۆر گرنگت بۆ پێشنیاز دەکرێ، مەترسە چونکە توانات هەیە. هەوڵبدە لەبیروڕاکانتدا تاکڕەو نەبی و گوێ لە رێنماییەکانی کەسانی دیکە بگرە.

**بەگشتی:**

**ڕاڕایی تووشمان دەبێ و بڕیارەکان دوادەکەون**

ئەم ماوەیە هەموو شتەکان دوا دەکەون و زیاتر چاوەڕوانی دەکەین. چەند کاتێک هەیە هەسـت بە ڕاڕایی دەکەین، بـەڵام زۆرینەی خەڵکان وەک ئێمەن ، بۆیە کارەکان هەموویان دوا دەکەون و کەس نابێتە خاوەنی بڕیارێکی گرنگ. لەبارەی خۆشەویسـتییەوە باشە لە ژێر گوشار دەرچین ، بەڵام هێشتا کاتی باشتر هەیە لە هەفتەی داهاتووەوە دەست پێدەکات. بیرکردنەکانمـان تووشـی رەشـبینی دەبێ. وا باشـە بیر لەو شتانە بکەینەوە کە ئاسـوودەمان دەکەن، نەک ئەو شتانەی بە بیرکردنەوە چارەسەر نابن. کارکردن دەبێ بە رێککەوتن بێت و هەموو ئەگەرەکان لێک بدەینەوە، بڕیاری تاکڕەوانە سەرکەوتوو نابێت.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# بەڵایە

هەمـوو رۆژێک ئەو راسـتییە سـاکارە دووبارە دەبێتـەوە کە دەڵـێ: عەرەبی بـاش و عەرەبی خراپ نییە، عـەرەب دوو جۆرن، خراپ و خراپتر.

شـیعە، لە زمانـی عەلییەوە، بە نـەوەی جنۆکەمـان دەزانن. سـوننە، هەمیشـە وەک مـووی لووت سـەرنجیان داوین و لە هیچ ئان و زەمانێکدا بە برا بچووکیش رایاننەگرتووین. سیفەتێکی عەرەب کە زۆربەمان دیومانە ئەمەیە: کە ژێردەسـتە و پشت شـکاو بێت، خاتـر ئەڵڵا و خاتـر ئەڵلایەتی و دەسـت و پێت مـاچ دەکات، کە تۆزقاڵیک دەسـتی رۆیشت، ملت دەپەڕێنێ.

گەورەترین درۆزنە ئەوەی دەڵێ سیستەمی حوکم خراپن، لەهەموو میللەتێکدا باش و خراپ هەیە. خۆ کەس لە خوا عەلیمتر نییە، ئەگەر ئەو قسـە قۆڕە، تروسـکاییەک راستی تێدابووایە، خوا قورئانی بە عارەبی دانەدەبەزاند بەڵکو تۆزێک عاقڵ بن، خوا بە بێ عەقڵ وەسفی کـردوون، سـەیر نییە کـورد بە براگەورە تەماشایان بکات؟ ئەوان لە هەر شوێنێک بن وێرانی دەکەن، سەیر نییە رێگەیان پێبدەین نیوەی کوردستان بکرن؟

دووعایـەک ئەگـەر رەوا بێت کـورد بیکات ئەوەیـە بڵێ خوایە لـە بـەڵای عـەرەب لاماندەیت، عەرەب هەر بۆ ئێمە نا، لە هەموو دونیا بەڵان. پاریس بە پاریسـی خۆی، هـەر ئەوەنـدە جوانە تا تووشی جەزائیرییەک دەبی. ئێوە یەمەنیتان دیون؟ ئەگەر لەسـەر یەک زەوی نەبوویانایە سـوێندم دەخوار ئەوانە هەر بەشـەر نین. ناشـێ هەنـدێ ناشـی، خەڵکی عەرەبستانی سعوودیە بە بەشەری ئاسـایی تێبگەن؟ ئێوە سەرنجی ئەو ریشپانە دشداشە کوڵ و عەقڵ کوڵ و کەڵلـە پووتانەتان داون؟ دەزانن لە سعودیە، بانک بە لایەنی کەمەوە دوو نهۆمن، یەکێک بۆ ژن و یەکێـک بۆ پیاو؟ دەزانن ژن بێ مەحرەم، نەک هەر سەفەر، بەڵکو بۆی نییە سواری تەکسیش بێت؟ دەزانن زۆرتریـن ژمارەی قووندەر لە جەزیـرەی عەرەبیـدا وان لە شاری جەددە؟

ئێوە هەندێ عەرەبی عیراقیتان دیـون چەند قەبیح و رووخسـار تیرۆریسـتن؟. عەرەبـی عێراق، هاوزەمـان یەک نـاوی بۆ مەڕ و بزن و ژنەکانی هەیە، بە هەموویان دەڵێ: حەلالـی. عەرەبی کاولی، ئەوانـەن سێکسفرۆشـی بـە ژن و کـچ و خوشـکەکانیان دەکەن. هۆتۆ و توتسـی لە چاو عەرەبدا مرۆڤدۆسـتن. کـەس خەڵکی بە درێل نەکوشـتووە، عەرەب نەبێ، کەس سیکۆتینی یابانی لە قوونی نەیارەکانی نەکردووە تا ناوسکیان دەتەقێ عەرەب نەبێ. لە ئەمەریکادا کە وڵاتی تاوانی سەیر و سەمەرە و بـە قەولی هەندێ عەرەب لانەی کوفرە، ئەگەر پیاوکوژێک، مرۆڤێ لەت و پەت بکات بیست ساڵ باس دەکرێ. لـە عێراقدا، کـە گوایە لانەی ئیمان و خودا ناسـینە، رۆژ نییە دەیان مرۆڤ، بە درەندەترین شێواز، هەنجن هەنجن نەکرێن. ئا ئەمەیە ئەو عەرەبەی، لە سـایەی حکوومەتی کوردسـتاندا، گەڕەک نەما دە ماڵی لێنەکرن.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# ئاگربەستی PKK رەنگە تەرازووی هێز لەناو تورکیادا بگۆڕێت

هاوکات لەگەڵ کۆتاییهاتنی وادەی ئاگربەسـتی یەکلایەنـەی PKK لـە 31ی تشـرینی یەکەمـی رابردوو، تەقینەوەی بۆمبێک لە مەیدانی تەقسیمی ئیستەنبوڵ، سەرەتا ئەو لێکدانەوەیەی درووستکرد کە ئەمە پەیامی کۆتایی ئاگربەسـتە بۆ حکومەتی تورکیـا لەلایەن PKKوە. ئەمـە لەکاتێکدا بوو کە چەنـد رۆژێک بەر لەو کردەوەیە، موراد قەرەیلان لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ رۆژنامەی (رادیکاڵ)ی تورکیدا گوتبووی کە ئەوان ئیتر هیـچ کردەوەیەک ئەنجام نـادەن کە بزانن خەڵکی سـیڤیل دەبنە قوربانی و بەجۆرێک پەشیمانی لەو کردەوانە دەربڕیبوو کە لە رابردوودا خەڵکی سیڤیل تێیدا ببوونە قوربانی.

جارێ بەر لەوەی بچینە سـەر رووداوەکەی 31ی مانگ، دەمەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ رووداوێکی دیکەی هاوشێوە رابکێشم کە ئەویش تەقینەوەی بۆمبێک بوو بە مینی باسێک لە شرناخ، کە ئەو رووداوەش رێک هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی ئاگربەسـتی یەکلایەنەی PKK کە بەبۆنەی رەمەزان و ریفراندۆمی دەستووری رایانگەیاندبـوو و لـەو رۆژەدا کۆتایـی پێدەهات، لـەوێ PKK تۆمەتبارکرا، بەڵام PKK رایگەیاند کە ئەوە کاری ئەوان نەبووە و وەئەسـتۆی نەگرت. لە رووداوەکەی 31ی تشرینی یەکەمدا، هەر زوو PKK بێبەریبوونـی خۆی راگەیاند و حکومەت و دەوڵەتی تورکیش پەلەیان نەکرد لە تاوانبارکردنی PKK بەم رووداوە .بەڵام دواتر و دوای ئاشکرابوونی ناسنامەی ئەنجامـدەری کردەوەکـەی تەقسـیم، TAK واتە (هەڵۆکانی ئازادیی کوردسـتان)، کە دەستەیەکی زەبروەشینی ناوخۆی تورکیایە و لەدوای 2003ەوە لەلایەن PKKوە بۆ ئۆپەراسـیۆنی نێوخۆیی لەنێو شـارە گەورەکاندا پێکهێندراوە، بەرپرسیارێتی ئەو رووداوەی وەئەستۆ گرت و رایگەیاند" ئەوان پابەند نین بە ئاگربەستەوە".

هەر دوای ئەوە PKK لـە بەیاننامەیەکدا وێڕای پرۆتێسـتکردنی ئەو کردەوەیە، داوای لە TAK کرد چالاکییەکانی بوەسـتێنێت و بەربەسـت لەبەردەم هەوڵەکانی PKK بۆ ئاشتی درووست نەکات.

TAK گرووپێکی بچووکە و تائێسـتا تەنها دوو کردەوەی دیکەی لە ئەستۆ گرتوون کە هەردووکیانی لە حوزەیران و تەمموزی ساڵی 2005 ئەنجامداون و لەوە بترازێ هیچ چالاکی ئەوتۆی نییە کە شـایەنی باس بێت، یانیش ئەوەتا پێشـتر هەندێ کردەوەی ئەنجامداوە و PKK وەئەسـتۆی گرتووە، بۆیە ناوی ئەوان نەهاتـووە، بەڵام پێدەچێ ئـەم گرووپە لە کۆنترۆڵـی PKK دەرچووبێت و ئەوەش رەنگبێ لە درێژ ماوەدا سەرئێشە بۆ PKK دروست بکات.

تـورک کە هەمیشـە بـە گومانەوە لـە نیازی PKK دەڕوانـن، بەشـێکیان پێیانوایـە کە PKK خـۆی رۆڵی پۆلیسـی باش دەبینـێ و TAK یش پۆلیسـە خراپەکەیە، ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە راست بێت، ئەوا حکومەتی تورکیش پۆلیسـە باشەکەیە و سـوپای تورکیـاش پۆلیسـە خراپەکەیە! بەڵام لەڕاسـتیدا مەسەلەکە بۆلیسـی باش و خراپ نییە و PKK ئەگەر بیەوێ چالاکی بنوێنێ پێویسـتی بە گرووپێکـی وەک تاک نییە، بگـرە PKK زیرەکانە مامەڵـە لەگەڵ واقیعی ئێسـتای تورکیادا دەکات.

PKK باش دەزانێـت لە ماوەی ئەو حەوت مانگەی کە تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشـتی لە تورکیا لە بەردەمدایـە کە لە 12ی حوزەیرانی 2011دا بەڕێوە دەچێت، حکومەتی تورکیا توانای هاوێشـتنی هیچ هەنگاوێکی نییە و وەرزی زسـتانیش لە پێشـە و PKK هەر لە بنەڕەتدا لـەو وەرزەدا چالاکییەکانی خۆی کـەم دەکاتەوە، بەڵام کردیە منەت بەسـەر AKP وەو بەم کارەی چاوەڕوانی گشتی و ناوخۆیی تورکیای بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی حکومەت زیاتر کرد.

ئێسـتا گەورەترین رکابەری PKK و BTP لە باکووری کوردستان پارتی موحافەزەکاری AKPی ئەردۆغانە کە توانیویەتـی لە ناو کورددا پتر لە 70 کورسـی بەدەستبێنێ، ئەمە مایەی ترسێکی گەورەیە چونکە تائێسـتا هیـچ حیزبێکی چەپ یان راسـت نەیتوانیوە ئـاوا بزووتنەوەی کوردی شکسـت بدات. بۆیە PKK بیری لە ستراتیژێکی نـوێ کردووەتەوە و ئەویش ئەوەیە کە بیانوو بۆ کەس نەهێڵێتەوە، بەڵام دڵنیاشە لەوەی کە AKP هیچی پێناکرێت بۆ چارەسـەری. بەردەوامبوونی شەڕی نێوان PKK و تورکیا خزمەتێکی باشی بە AKP کردووە و بەشێکی زۆری دەنگدەری تورکی راسـترەو لەو سۆنگەیەوە دەنگیان بە AKPداوە، بەڵام پێدەچـێ ئەمجـارە PKK نەبێتە یەکێک لە کەرەسـتەکانی دەنگ کۆکردنـەوەی AKP و هێدی هێدی خەڵکی کوردستانیش متمانەیان بە درووشمە ریفۆرمییەکانی AKP نەمێنێت لەبارەی کـوردەوە. چونکە سـاڵێکە پرۆسـەی کرانەوە دەسـتی پێکراوە، بەڵام تەنها هەر قسەکردنە و هیچـی دیکەی تێدا نییە. زۆر برادەری نزیکی من لە تورکیا کە پێشـتر ناکۆکییـان هەبوو لەگەڵ سیاسەتی BDP و هاوڕابوون لەگەڵ AKP ئێستا بۆچوونیان گۆڕاوە و پێیانوایە ئەو پارتە راستگۆ نییە.

لەلایەکی دیکەشـەوە حیزبی CHP کە ئێستا کوردێکی دێرسمی سەرۆکایەتی دەکات و خەریکە هەندێک گۆڕانکاری ریشـەیی لە سیاسـەتەکانی خۆیدا بەرامبەر کورد و مەسەلەی موحافەزەکاری لـە تورکیـادا ئەنجام بـدات، جەمـاوەری لە هەڵکشاندایە .بۆیە چاوەڕێدەکرێ ئەم ئاگربەستەی PKK بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری بخاتە سەر گۆڕینـی تەرازووی هێـز لە ناوخـۆی تورکیادا و کاریگەرییەکـی گەورەشـی بەسـەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووەوە هەبێت.



هێمن عەبدوڵڵا
هۆڵەندا
hemen@live.nl

# کوردیزانین کلیلەکەیە

لە چەند ساڵی ئایندەدا دیاردەی نیشتەجێبوونی خەڵکی بێگانە لە باشووری کوردستان و کڕینی ماڵ و موڵک تێیدا دەبێتە دیاردەیەکی هەستپێکراوتر. ئەوەش یەکێکە لە دەرهاویشـتەکانی خواسـتی هاوشـێوەی دوبەی بوون و گەشەپێدانی ئابووری وڵات کە کاربەدەسـتانی کوردسـتان بانگەشەی بـۆ دەکەن. وا پێویسـت دەکات لە کوردسـتاندا سیاسـەتێکی گونجاو بەرامبـەر کۆچبەران پیادە بکرێ کە نەهێڵێ سەرەداوەکان لەدەست حوکمڕانیی خۆماڵی دەرچن.

هەندێک لە هاونیشتمانمان بە نیگەرانییەوە لەو هەڵمەتە دەڕوانن کـە بێگانەکان بۆ کڕینی پارچە زەوی لە شـارە گەورەکانی باشـووری کوردستان دەسـتیان پێکردووە. دۆسـتێک بە نیگەرانییەوە پێمدەڵێ: "رۆژێک دادێت لە وڵاتی خۆماندا دەبینە میوان". ئەم قسەیە زۆر لە قسەی ئەو ئەوروپاییانە دەچێت کە لە هاتنـی کۆچبەری وەک ئێمەومانان بۆ وڵاتەکانیـان نیگەرانن. ئەوان لەو دەسـەڵاتە دەترسـن کە یاسا لە وڵاتەکانیاندا بە ئێمەی داوە. زۆرتریش لە خراپ بەکارهێنانی ئەو دەسـەڵاتانە دەترسن کە یاساکانی ئەو وڵاتانە دەماندەنێ. واتە دەترسن لەوەی کە ئەوەی باووباپیرانیان ساڵەهای سـاڵ ئارەقەیان بۆ رشـت تا بنیادیان نا، ئێمەی "ئەوروپاییـە تازەکان" بـە کونفەیەکونێک بەبای بدەین. قسـەی ئەو دۆسـتەم وەک ئەوە وایە کە بڵێـت: "کوردسـتانییە تازەکانیـش هەمان بەزم بەو کوردسـتانە ئازاد و ئاوەدانە دەکەن کە وەک تەلارێکی خنجیلانە وایە لەسەر ئێسک و پرووسکی ئەویندارەکانی بونیادنرابێ."

نایشارمەوە بەشـێک لەو نیگەرانییانە لەجێی خۆیانـدان. چونکـە چەنـدە پێویسـتمان بـە بیرکردنەوەیە تا دە نموونەی تەعریب و تەفریس و تەتریککردنی ناوچەکانی کوردستانمان لە مێژووی نوێدا وەبیر بێتەوە؟ بەڵام دەشکرێ کەمێک بڕوامان بەوە هەبێت کە هەمیشـە مێژوو خـۆی دووبارە ناکاتەوە. ئەگەر جاران بێکەسیی کورد کارئاسانی بۆ گۆڕینی دیمۆگرافـی خاکەکەی کردبێت، ئەوە ئێسـتا، لەسـایەی حکومەتی خۆماڵیدا، ئەگەر حکومەتی خۆمان بۆخۆی کارئاسانیی بۆ نەکات، ئەوە ئاسان نابێت.

حکومەتـە ئەوروپاییەکان لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەمەوە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێگانەیـان هێنایـە وڵاتەکانیان تـا هاوکارییان بکەن لـە پاککردنەوەی خاپوورکارییەکانی جەنگ و سـەرلەنوێ بودنیادنانەوەیـدا. ئـەوکات ئەو حکومەتانە هیچ بەرنامەیەکیان بۆ گونجاندنی ئەو بێگانانە لە کۆمەڵگە نوێیەکانیاندا نەبوو. بۆیەش ئێسـتا، پاش نزیکەی نیو سـەدە لە هاتنی ئەو بێگانانە، کە ئێستا بوونەتە "ئەوروپاییە تازەکان" و پاش سەرهەڵدانی کێشـەی کۆمەڵایەتی گەورە لـەو وڵاتانەدا، بیـر لە دانانـی بەرنامەی تۆکمە دەکرێتەوە بۆ گونجاندنیان. دەکرێ کوردستانیش لـە دانانی بەرنامەی گونجاندنـی کۆچبەرانیدا لە هەڵەکانی ئەوروپاییان شـت فێـر بێت و لەکاتی خۆیدا بکەوێتە خۆی بۆئەوەی کۆچبەرەکانی لەگەڵ جڤاکی کوردیدا بگونجێنێ.

من کـە هاتم بۆ هۆڵەندا، بەر لە هەر شـتێک دەستم کرد بە فێربوونی ئەو زمانەی لە نیشتمانی دووەممدا قسـەی پێدەکرێ. چونکـە دەمزانی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا زانینی زمان، کلیلە بۆ بوون بە هاووڵاتییەکی بەکەڵکی ئەو کۆمەڵگەیە. پێموایە لە کوردسـتانیش پرسـیارەکە ئەوەیـە کە: کام کۆچبەر، کە لە وڵاتی ئێمەدا دەژیت، ئامادەیە ببێتە هاووڵاتییەکی بەکەڵک لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا؟

دەکرێ حکومەتی کوردسـتان سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کۆچبەران لەسەر بنەمای ئەو پرسیارە دابڕێژێ. واتە سـادەترین مەرجی نیشتەجێبوون لە کوردسـتاندا ئـەوە بێت کە کەسـەکە زمانی کـوردی بزانـێ. ئەوەش هـەم لـە بەرژەوەندی خەڵکـی کوردسـتاندایە و هەم لـە بەرژەوەندی کۆچبەرەکەیشـدایە. هەڵبـەت گرنگـە هاتنـی عارەبەکان بۆ کوردستان بە دیاردەیەکی جیاواز لە هاتنی کۆچبەرانی بیانی سـەیری بکرێت. ئەویش وەک ئەنجامدانی جیاکاری رەگەزی نا، بەڵکو وەک هەوڵێک بۆ خۆپاراسـتن لـە دووبارەنەبوونەوەی شـاڵاوێک کە وایکرد ئەمڕۆ بگەینە ئەو راددەیەی دەست لە کوردستانیبوونی کەرکووک بشۆین!



عەدنان عوسمان*

# کارتەکانی گۆڕان

گـۆڕان بڕیاریدا لە فیدراسـیۆنی فراکسـیۆنە کوردستانییەکان (کە لە پێنج فراکسیۆن پێکهاتووە) بکشـێتەوە. ئەم هەڵوێسـتەی گۆڕان هەر لایەنەو بەشـێوەیەک لێکدانەوەی بۆ دەکات. ئەوانەی هەر لەسـەرەتاوە لەگەڵ بوونی یەک لیسـتی کوردیدا بوون لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، ئێستا هەر ئەوانن ئەو کشـانەوەیە بە زەرەری کـورد دەزانن. دیارە لێرەو لەوێش کەسانێک هەن لە روانگەی دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ پرسـەکانی کورد لە بەغداو گۆڕان، بەهەمان شـێوە لەم هەنگاوە نیگەرانن و پێیانوایە هـەم کورد و هەمیش خودی گـۆڕان زەرەرمەندی سەرەکین لەم هەنگاوەدا.

ئـەم نیگەرانی و رەخنانـە جێگەی نرخاندنن. زۆریان لە پەرۆشی و خەمخۆریەوە دێن. هەندێکیشی لە بێئاگایی. بەهەر حاڵ ئەمە مەسەلەیەکی سیاسی هەسـتیارەو دەکرێ روانگەی جیاواز و تێگەشتنی جۆراوجۆری لێبکەوێتەوە.

پێموایە بۆ ئەوەی بتوانین هەموو ئەو چوارچێوانە لە وتارێکی کورتدا لەبەرچاو بگرین، پێویسـتە بە کورتی سەیری رەوتی چوونە پێشەوەی ئەم بەناو کارتە بکەین.

یەکەم: بزووتنەوەی گۆڕان پێشـتر بڕیاریدابوو بە لیسـتی جیاواز، بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتەوە بڕواتە هەڵبژاردنەکانی 2010/3/7، هەرواشیکرد. لە کوردسـتان و عێراقدا بوونی لیست و بەرنامەی جیـاواز بەمانای رەخنـەو تێبینی دێت لەسـەر کارنامەی چەند سـاڵەی دوو حیزبی فەرمانڕەوای کوردسـتان. بۆ ئێمە سـەرتاپای ئـەو کارنامەیە پڕاوپڕە لە کەموکوڕی و شایانی رەخنەی تووندە. بەکورتی پێمانوایە ئەو دوو حیزبە تەنها حیزبایەتیان کردووە نەک کوردایەتی و لە دەوری بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان خولاونەتەوە.

دووەم: کـە گـۆڕان بـە لیسـت و بەرنامەی جیاواز بووە خاوەنی 8 کورسـی، هەقوابوو تەنها لەسەر بەرنامەیەکی گشـتی کە هەموو لیستەکان لەسـەری کۆدەبنەوەو تێیدا سەرخەتی داواکارییە نیشـتمانیەکانی کوردسـتان لـە خۆدەگرێـت، کۆببێتەوە، نەوەک دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ دوو لیسـتی رکابەری خۆیدا لە کوردستان. بەڵام بەهەرحاڵ کە ئەو ئیئتلافەش دروستکرا ئیتر نابێ ئەوە بە نرخی سڕینەوەی جیاوازییەکان و توانەوە لەنێو یەک مەنجەڵدا بێت.

سێیەم: چ بزووتنەوەکەو چ فراکسیۆنی بەغداش هەر لەسـەرەتادا بەرەی بەغدا و کوردسـتانیان بەیەکـەوە بەسـتبووەوە، ئەوەش بەشـێکە لە عەقڵیەتی کارکردن و تێگەشـتنی گۆڕان. پرسە نیشتمانییەکانمان لەبەغدا لەگەڵ پرسی دیموکراتی و ئـازادی و مافەکانی هاووڵاتیـان و دامەزراندنی حکومەتێکـی هاوچـەرخ و بێلایەنکـردن و بەنیشتمانیکردنی داوودەزگا ئیداری و چەکداری و ئەمنییەکان، بەشێکی دانەبڕوان لەیەکتر و ناکرێ و نابێ لەژێر هیچ بیانوویەکدا لەیەکتر جودابکرێنەوە. هەربۆیـەش لەپێناو بەهێزکردنی بـەرەی بەغدا، هاوکارانمـان پرۆژەیـەک کـە تائاسـتێک خاڵە بنەڕەتییەکانی چاکسـازی لە کوردستان دەخاتە سەر رێڕەوی دروستی خۆی، پێشکەشکرد و ئەوەش کرا بە مەرجی کارکردن لەو هاوپەیمانییەدا.

چوارەم: بـە هێنانە ئاراوەی پرۆژەی ناتەواوی کۆمسـیۆنی هەڵبژاردن لە کوردسـتاندا و هەوڵی سـەپاندنی ئـەو پرۆژەیە بێ هیـچ گوێدانێک بە ویستی لایەنەکانی دیکە بەتایبەت لە مەسەلەیەکی وا گرنگ و چارەنووسـسازدا، دیسان حیکمەت لە بەشـداری و مانەوە لەو هاوپەیمانییەی خستە ژێر پرسیارەوە.

پێنجـەم: ئـەو مەسـەلەیە لای ئێمـە کارت نییە. بۆیە هەر قسـەیەک لەسەر زوو یان درەنگ بەکارهێنانی، سـووتانی یان ئێکسـپایەربوونی، دوورە لە ویسـت و تێگەیشتنی ئێمە. ئەگەر لای هەر کەسـێک ئەم پرسـە کارت بێت لای ئێمەی گۆڕانخوازان قەناعەت و ئیرادەیە، نە بەشـێکە لە رێککەوتنی ژێر بەژێر لەسەر سوودبینین لە کێکی دەسـەڵات لە بەغـدا و نە لـە ئیمتیازاتی ئێرە. باشـترین نمونەش بۆ ئەمـە ئەوەیە کە ئێمە ئەم دەرچوونەمان لەپێناو دوو مەسەلەی گرنگ بوو کە ئەویش پرسی چاکسازی کە بەشێکی سەرەکییە لە کارنامەی گۆڕان و مەسەلەی کۆمسیۆن.

هەڵبژاردنـی سـاتەوەختی پێشـاندانی ئەم ئیرادەیـەی گۆڕان هـاوکات نەبـوو لەگەڵ هیچ مەسـەلەیەکی چارەنووسساز کە پەیوەند بێت بە کوردەوە بۆ ئەوەی هەندێک لە نەیارانمان باس لە گوتاری یەکڕیزی کـورد بکەن و تۆمەتی تێکدانی بەناو ئەو یەکڕیزیەمان بخەنە ئەستۆ. نە هاوکاتیش بوو لەگەڵ هیچ مەسەلەیەکی ناوخۆ جگە لەو دوو پرسـەی سـەرەوە کە ئاماژەمان پێکرد. پێموایە ئێستاش سـەرباری هەموو ئەو باس و خواسانەی یەکڕیزی کورد، هەموو کارنامەی لایەنەکان هاتووەتە سـەر دانانەوەی بەڕێز تاڵەبانی بەسەرۆک کۆمار. واتە دانانی ئەو بەڕێزە نەوەک بەدەستهێنانی ئەو پۆستە بۆ کورد، چونکە پۆستەکە بەم شێوەیەی ئێسـتاو بێ هیچ گۆڕانکاریەک هیچ سوودێکی بۆ کورد نابێت.

ئەم بەناو کارتە بەشـێکە لـە قەناعەتەکان و تێڕوانینەکانـی گۆڕان، نە گوشـارە نە موزایەدە، بۆیە بە دڵنیاییەوە بە گوێرەی چوونە پێشـەوەی مەسـەلەکان دەکـرێ چەندین جـاری دیکەش بەکاربهێنرێ، چونکە قەت ناسووتێت!.

***سـەرۆکی فراکسـیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان**



فەلەکەدین کاکەیی

# کورد پاکانەی لە داگیرکەرانی دەوێ

داگیرکەر: مەبەستم باس لە واژەی (داگیرکەر)ە، بەدرێژایـی مێژوو، گـەلان یان داگیرکـەر بوونە، یا داگیرکـراو. داگیرکردنـی خاکی کوردسـتان، واتە نیشتمان و ماڵ و حاڵی کورد، بەتەمەنترین داستانی درێژی داگیرکرانی مێژووییە.

حکومەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی سـاڵی 2003 هاتنـە عێـراق و بەخۆیـان، لەلایـەن ئەنجوومەنی ئاسایشـی نێودەوڵەتییـەوە بڕیاریـان وەرگرت کە داگیرکەری عێراقی دوای رژێمی بەعسـی عەرەبین. کەواتە زاراوەی (داگیرکاری) زاراوەیەکی نێودەوڵەتی سیاسی و یاسایی و ئەخلاقییە!

خەڵکی باشـووری یەمەن بە حکومەتی ئێستای یەمەن (سـەنعا) دەڵێن داگیرکەر و داوای رزگاربوون لە (سـەنعا) و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی باشـووری یەمـەن دەکەن کە سـاڵی 1994 لەلایەن حکومەتی عەلی عەبدوڵڵا سـاڵحەوە (واتە سـەنعای پایتەخت) قووتدراو هەڵوەشایەوە.

خۆ خەڵکی باشـوور و باکووری یەمەن ، هەموو عـەرەب و موسـڵمان و دانیشـتووی هەمان خاک و ئـاو و هەواو مێژوون، بەڵام جیاوازی و خۆپەرسـتی و ناوچەگەریی حکومەتی باکووری یەمەن (سـەنعا) هێنـدە سـتەم و زۆرداریی دژ بە خەڵکی باشـوور (عەدەن) کردووە کە ئەمان ناچاربوونە باکوورییەکان بە داگیرکەر بزانن!

کورد، هەموو قسـە نەستەقەکانی جوان نین. لە یەکێکیدا دەڵێ: "ئەو دەسـتەی ناتوانی بیبڕیتەوە، ماچی بکە!". واتە: دەسـتی ئەو زۆردارە ماچ بکە کە هەمیشە بەسـەرتدا زاڵ بووە! یان دەڵێ: "لە چاری ناچاری بەمێردی دایکی دەڵێ (...)!".

کوردیش، زەمانـە فێری کردووە بە داگیرکەرانی بڵێ : برا، دۆسـت، هاوپەیمان و خزم..! خۆشـمان برەومـان بەو کەلتـوورە داوەو، جەنگی ناوخۆییمان بووە لەسـەر ئەوەی کامەمان برای نزیکتر و دۆستی دێرینتر و هاوپەیمانی گەرموگوڕی ئەم داگیرکەر یان ئەوەی دیکەین!

**

کورد هەمیشە پاکانەی لە داگیرکەرانی ویستووە و داوای لێبووردنی کردووە لەبەر خەتایەک کە لەدەستی دەرنەچووە، لەکاتێکدا دەبێ داوای لێبووردن لەخۆی بکات بەرامبەر ئەو خەتایانەی لەخۆی کردووە.

لە عێراق، کورد برای عەرەب بووە، هەمیشـەش هەوڵیداوە لەهەر کەسـێک عێراقیتر و دڵسـۆزتر بێ بۆ ئەم وڵاتە. ئەگـەر عێراقیش کەوتە قەیرانی سیاسـی، وەک فەشەلهێنانی حکومەتەکانی، ئەوە کورد ماوە.. تاوەکو کوردیش بمێنێ، ئەو حکومەتی عێراق هەر جاوێدانە!

لـە ئێران، کـورد دەبێ لە فـارس و ئازەری و عـەرەب و خەڵکی دیکە ئێرانیتربێت.لە سـووریاش هەروەهـا. خۆ مێژووی نزیکی رۆژهەڵاتی ناڤین دەڵێ کە کوردی سـووریا، چ لەناو شـاری دیمەشق یان لە جزیرە، یەکەمین توێژی دانیشـتووی سوریا بوون کە بەگژ دەسەڵاتی فەرەنسـیدا چوون و یەکەمین ئاڵای "سەربەخۆیی دەوڵەتی سـوریا" لە جزیرەو قامیشلو بەدەست و بازووی کورد شەکایەوە!

لە تورکیاش کورد، دەیان ساڵە تێدەکۆشێ تاوەکو بڵێ : (هەم!).. هێشتا ئەوەشیان پێ رەوا نەبینیوە.

هاوسـۆزێکی نزیکم لێی پرسیم: ئەوە چییە داوای دۆستایەتی کورد و تورک دەکەی؟!

گوتم: براله! بەڵکو لەمەدا سـەربکەوم؟ چونکە سـاڵانێکە برایەتی کورد و عەرەبم ویستووە، هیچمان بە هیچ نەکرد. سـاڵانێکیش دۆستایەتی و خزمایەتی ئێرانیمـان کرد، بێ هودە بوو. ئێسـتا و ئێسـتاش هـەر بەخۆمـان دەیڵێینەوە. ئەوەتا ئـەم بەختەش تاقیدەکەمەوە، بەڵکو تورک بە دەنگ دۆستایەتیمانەوە بێن! ئەم وتارەش هەر لەبۆنەیەکی وەهادا دەنووسم.

سەرەتای ئەم مانگە، PKK جارێکی دیکە یەکلایەنە درێژەی بە ئاگربەسـت دایەوە کە تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو (حوزەیرانی2011) بەردەوام دەبێ.

دوای چەندین بڕیاری یەکلایەنەی ئاوها، ئێسـتاو ئێسـتاش حکومەتـی تورکیـا وەڵامـی پۆزەتیڤی نەداوەتـەوە، نەیگوتـووە: ئێ، باشـە! ئەوە منیش ئاگربەست رادەگەیێنم!

خۆ دەبێ ئاگربەسـت بۆ ئەوەی سوود بەخش بێ دوولایەنـە بێت، نەک یەکلایەنـە! بەڵام ئەوە بەختی کوردە کە دەبێ هەر ئەو دەستپێشـخەری ئاشتی و، پەیمانی برایەتی و دۆستایەتی بێت.

***

لەسـاڵی 25ی کۆچییەوە، (واتە 1406 ساڵ لەمەوبەر) کە ئێستا1431ی کۆچییە (یان مشەختی بەشـێوەزاری کرمانجی)، کورد لە گشت هەرێم و ناوچەکان بەڕووی داگیرکەراندا راپەڕیوەو شـەڕی داگیرکـەری رەنگاوڕەنگ و زمان و کولتووری جیا جیای کردووە تا دەگاتە داگیرکەرە رۆژئاواییەکان (واتە! بەرگری لە گشت خەڵکی رۆژهەڵات کردووە، نە بەس خۆی!). وەلێ، هەمیشە ناچار بووە داوای لێبووردن و پاکانە لە داگیرکەران بکات!

خـودی داوای برایی و هاوکاری و ئاشـتی لە دەسەڵاتدارانی داگیرکەر بەمانای پاکانەخوازییە...! پاکانە لەچـی؟! پاکانە لە خەبات و بەرخۆدان و قوربانییەکانی! وەکو بڵێـی خەتایەکی گەورەی کـردووە ئەگەر قوربانی زیـادی دابێت و تۆزێک شەرافەتی ئینسانی خۆی پاراستبێ!

****

نازانم ئایا رێگەی دیکەمان بەدەسـتەوە ماوە تاوەکو رژێمـەکان و میللەتە دەسـەڵاتدارەکانی ئەم دەڤەرە بـڕواو متمانە بە کورد بێنن کە ئێمە خەڵکانێکی ئاشتیخواز و خێرخواز و خاکپەروەر و بە کەرامەت و شەرافەتین؟

ئایـا رێگەیەکـی دیکە هەیە تـا داگیرکەران رازی بکەیـن کە دەمانەوێ ئەوانیش لە تەک ئێمە بژین؟!

ئەگەر سیاسەتمەدارەکانی ئەمڕۆی کوردستان لـەم چەنـد بیرۆکەیە زویـر و بێزار بـن، ئەوە پێیاندەڵێم: نا، خوشـک و برایانی سیاسەتخوان! ئێوە سـارد مەبنەوە. ئێوەش تـا دەتوانن داوای ئاشتی و ئارامی و هاوکاری بکەن لەتەک پاراستنی شـەرافەتی ئینسـانیماندا. مەبەسـتم ئەوە نییە دەسـت لە هەموو کار و سیاسـەتێک هەڵبگرن و روو بکەنە چیاکان. ئەمە دەردی ئێستامان دەرمان ناکات. بەڵکو تا رێگە هەبێ، باشـترە بەئاشـتی و هێمنی و لەسـەرخۆ بۆ ئامانجەکان بچین. گەر هەموو دەرگاکانیش هاتنە بەسـتن، ئەوە شتێکی دیکەیە!

مەبەسـتم کولتووری کوردەواریمانە، کە خراپ فێربووینە کە خراپ فێربووین هەمیشە ئێمە داوای پاکانە لـە "رابردوو" دەکەین و داوای ئاشـتی و برایەتی دەکەین!

خـۆ ئەمڕۆ رێگەی دیکـەش هەیە بۆ ئەوەی بەدەنگـی بەرز بدوێیـن و هیچ نەبێ بە قسـەو جووڵانەوەی ئاشتیخوازانە، وەک مانگرتنی گشتی و خۆنواندن و خۆپێشاندان و، دانیشتنی نەتەوەیی گشـتی لەدەوری یەک ، تا پێکەوە باسـی دەردو کولـی خۆمان بکەین!.. خـۆ دەری ئەم رێگایانە دانەخراون، یان خوانەخواسـتە خۆشمان بەرامبەر یەکتر، بەگیانی خۆزلزانی و خۆزانایی و پڕوپووچی لەو چەشـنەیە، ناتۆڕین! وابزانـم چاکترین رێگە ئەوەیە رێز لە یەکتـر بنێین و، ئازادیی دەربڕینی یەکدی بپارێزین و، خواست و ئیرادەی نەتەوەکان رەهـا بکەین. تاوەکو خۆمان رێزی یەکدی نەگرین چاوەڕوان نەبین دەسەڵاتدارانی هەرێمەکان رێزمان لێبنێن. هێشـتا لەو پەتایە چاکنەبووینەتەوە کە هەندێکمـان بەچاوی سـووک تەماشـای یەکتر دەکەین، بەڵام بەچاوی گران داگیرکەران دەبینین.

ئەمما دەربارەی رێبازی برایی و دۆسـتایەتی و هاوکاریـی نێوان کورد و گەلانـی دیکەی دەڤەری رۆژهەڵات و دنیا، ئەوە دەیڵێمەوە کە هاوکاری نێوان گشت گەلان پێویسـتیی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووریشـە. خۆ ئەگەر کوردستان سەربەخۆیی تەواویشی وەرگرت ئەوە دەبێ پشتیوانی دۆستایەتی و هاوکاری گەلانـی دیکەی ناوچەکە بمێنێ، بەڵام مەبەسـتم لە پەرەگرافەکانی پێشوو ئەوەیە کە بە هەڵە تێگەیشتووین. وادەزانین بێدەنگی لەبەرامبەر سـتەم و داگیـرکاری و چەوسـانەوە بەمانـای دۆستایەتی و برایەتی نێوان گەلانە.

نەخێر!سەرکەوتووترین دۆستایەتی و هاوکاری ئـەو پەیوەندییەیە کـە لەنێوان گەلانـی ئازاد و سـەربەخۆ پێکدێت، چونکـە زۆردار و زۆرلێکراو هەرگیز نابنە دۆست و هاوکار!

واتە مەرجی پتەوی دۆسـتایەتی و برایەتی و هاوکای ئەوەیە کە هەردوولا، یان هەموو لایەنەکان، یەکسان و ئازاد و سەربەخۆبن.



wanwilgenburg@gmail.com
ولادیمیر ڤان ویلخنبێرخ

کۆماریخوازەکانی ئەمریکا و سیاسەتێکی هەڵە بەرامبەر ئیسلام

# مێژووی ئیسلامی و کریستیانی هێندەی یەکتر توندوتیژی تێدایە

هەرچەنـــدە کۆمەڵگەی کوردی لە ئەمریکا کۆمەڵگەیەکی بچووکە، بەڵام لەو ماوەیەی دواییدا ئەوانیش تێبینییان کردووە کە ئەو گەنگەشانەی لەو وڵاتەدا سەبارەت بە ئیسلام دەکرێن، خەریکە لەوەی ئەوروپا دەچن. لە ئەمریکاش لەلایەکەوە هەڕەشەی سووتاندنی قورئان دەکرێ و لەلایەکی دیکەوە سەرۆک ئۆباما بەوە "تۆمەتبار" دەکرێ کە موسوڵمانە و هەڵمەتێکی گەورەش بۆ بە تیرۆریست ناساندنی ئاییینی ئیسلام لەگۆڕێدایە.

لە ئەوروپا بەهۆی هەبوونی کۆچبەرێکی زۆری موســڵمانەوە، ماوەیەکی درێژترە کە گفتوگۆ دەربارەی ئیســلام و پێگەی ئیســلام لە کۆمەڵگــە ئەوروپاییەکاندا لەگۆڕێیە. لەژێــر کاریگەری جووڵانەوە دژە کۆچبەرییەکاندا دیمەنێک لە ئیســلام خولقێندراوە کە دیمەنی ئاییینێکی توندوتیژ و دژ لەگەڵ بنەما دیموکراســییەکانە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە ئەگەر ســەیری مێژووی ئیسلامی و کریســتیانی بکەین، دەبینین هەردووکیان هەر هێندەی یەکتر توندوتیژییان بەخۆیانەوە بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوروپاییەکان کولتووری کریســـتیانییەکەی خۆیان بە بەشــێک لە مێژووی توندوتیژی نازانن، کەچی کولتووری ئیسلامی وەک کولتوورێکی توندوتیژ دەناسێنن.

لەکاتــی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاشــدا خەریکبوو گفتوگۆکان بە هەمان ئاراســتەدا بڕۆن. بەتایبەتیش کۆماریخوازەکان دەیانویســت ئەو کارە بکەن. بەپێی لێکۆڵینەوەکان کۆماریخوازەکانی ئەمریکا ڕۆڵی هەرە مەزنیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی نەرێنی دژی ئیسلام و موسوڵمانان. هەندێک لەوانە تا ئەو ڕاددەیە دەڕۆن کە وا لە خەڵک بگەیێنن سەرۆک ئۆباما دەیەوێ شەریعەتی ئیسلام بکاتە بنەما بۆ دانانی یاسا تازەکانی ئەمریکا، هەروەهــا زۆر لە کۆماریخوازەکانیش دژی کردنەوەی مزگەوتێک بوون لە نیویۆرک کە لە شوێنی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری ڕێکخراوی قاعیدە نزیکبوو. ئەوەش شتێکی سەیر نییــە، کاتێک بزانین کەناڵی تەلەڤزیۆنیی (فۆکس نیوز) بــەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئیســلام وەک ئاییینی تیرۆر بناسێنێ. تەنانەت یەکێک لە پێشکەشکارانی کەناڵەکە گوتی: "موسوڵمانەکان بەرپرسیارن لە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر". هەندێک لە ئەندامە کۆماریخوازەکانی کۆنگرێســی ئەمریکاش هەمان ڕایان هەیــە و ڕۆژبەڕۆژ توندتر دەبن بەرامبەر ئیسلام.

بەرپرسی دۆسیەی دژەتیرۆر لە حکومەتی ئەمریکا (Daniel Benjamin)لە سەردانێکی هۆڵەندادا دەیگوت بەشێکی زۆر کەمی ئەمریکاییەکان جیاوازی دەکەن لەنێوان ئیسلام و تیرۆریزمدا. ئەو پێیوابوو ئەو بەشــە کەمە دەنگیان کەمێک بەرزە، بۆیە وا هەستدەکرێ زۆرن "ئەگینا خەڵکێکی کەم ماوە کە وا بیر بکاتەوە."

بۆنموونە سەیری سیاسەتڤانی کۆماریخواز نیوتۆن لێرۆی بکە و بەراوردی بکە لەگەڵ ئەدۆڵف هیتلەری ناشناڵ سۆسیالیستدا. یاخود پاڵێوراوی پێشووی سەرۆکایەتی کۆمار، ســارا پاڵین، کە داکۆکی لە قەشەیەک دەکرد کە بەئاشکرا لەسەر تەلەڤزیۆن گوتبووی: "ئاییینی ئیسلام بەمانای هەڵگرتنی ڕق لە جولەکە و لە کریستیانەکانە، ئیسلام واتە کوشتن. ئامانجی ئەو ئاییینەش دەســت گرتنە بەســەر جیهاندا". ئەو قەشەیە لەلایەن وەزارەتی بەرگری ئەمریکاوە ڕێگەی پێنەدرا بەشــداری بکات لە ئێــوارە خوانێکی وەزارەتەکەدا. پالینیش ئەم بڕیارەی بە ناڕاست دەزانی.

هەرچەندە ڕێکخراوی قاعیدە لە ئامانجەکەیدا کە کەمکردنەوەی هەژموونی ڕۆژئاواییەکانە لە وڵاتانی ئیسلامیدا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام لە ڕۆژئاوا توانیویەتی ڕەوشێکی ئاڵۆز و گوماناوی درووست بکات. ئەوەش لەکاتێکدایە کە دەستتێوەردانی ڕۆژئاواییەکان لە وڵاتانی ئیسلامیدا هەر زۆرتر دەبێت. وەک بڵێی قاعیدە و حکومەتە ڕۆژئاواییەکان هاوکاری یەکدی بکەن لەو گەمەیەدا.

حکومەتی جۆرج بوش هەمیشە جیاوازیی دادەنا لەنێوان ئیسلام و ڕێکخراوی قاعیدەدا. بەڵام پێدەچێ کۆماریخوازەکان لەدوای بوونیان بە ئۆپۆزیسیۆن لە ئەمریکادا زۆرتر خۆیان ڕادیکاڵانــە دەرخەن. ئــەوەش ڕەنگە هۆکاری دەنگدانی زۆر لە کوردانی ئەمریکا بێت بە دیموکراتیخوازەکان. هەرچەندە لەماوەی ڕابردوودا کۆماریخوازەکان پشتیوانی کورد بوون لە شەڕی دژی سەددام حوسێندا، بەڵام بەو هەڵوێستەی دژی ئیسلام گرتوویانەتە بەر، وا دەکەن کە کوردەکانی ئەمریکا بیر لە دەنگدان پێیان نەکەنەوە.






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# پلانی (لامەلفەلا) *

ڕووداوی ژمــارە 136 نووســینێکی کاک (گۆران ســەباح)ی بە ناوی (پلان B)یەوە بڵاوکردووەتەوە و تێیدا وەک واعیزێک ڕێپیشــاندەری دەکات کە چۆن سەرۆکی هەرێمی کوردســتان دەستبەرداری هەندێ لــە کەرامەتی کورد و خاکی کــورد بێ بەرانبەر ئەو مانەوە نیوەچڵەی کە بــەرەو نەمان گلۆر بووەتەوە، وەک ئەوەی کورد هەتا ئێســتا لــە تەنازولکردن و چاوماتکردنــدا بەرانبەر داگیرکــەر و بکوژی کورد چ قسوورێکی هەبووبێ. کاک مەسعوود بارزانی، وەک ســەرۆکی هەرێمی کوردستان و پێگەکەی بە قەدەر هەموو کورد بەرپرســیارە بەرانبەر مافەکانی کورد و خاکەکەی و چارەنووســی نەتەوەیی کورد. ئەگەر بە گوێــرەی ئەو (پلان بی)یەی کاک گۆران بکات، ئیتر کورد دەکاتە تەیرێکی مەعقوول و لەوەشــدا پشکی شێری دەبێ! ئایا ڕێگەی تێدەچێ ئەو بەرپرسیارەتییە مێژووییە لە ئەستۆ بگرێ و بە ناوی کوردەوە دەست لە کەرکووک هەڵگرێت؟ ئەگەر ئەو پرسیارە ئاراستەی من بکرێ دەڵێم: ئەگەر بە گوێرەی پلان بی و بۆچوونی ڕاوێژکارەکانی خۆی بکا، کە هەڵبژاردەن، بەڵێ دەستی لێ هەڵدەگرێ و ئەولاتریش، بەڵام ئەگەر ڕاســت بێ و بە ڕێبــازی باوکی بێ، نا.. هەرگیز! لەڕاســتیدا، یان دەســتبەردان لە کەرکوک هەڵە و خیانەتە یان هەڵوێستی مەلا مســتەفا بەرانبەر کەرکووک کە لە سنووری پلانەکــەی کاک گۆراندا جێگەی نییە، هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی بووە، کە دەســتی لە کەرکووک هەڵنەگرتووە. ئێستاش کورد شانازی بەو هەڵوێستەوە دەکات.

ئــەو پلانە ـ کــە پیلانــە ـ دووکەڵێکە لەهەندێ بۆچوونی هەبووەوە دێت، بــەڵام ڕاگەیاندنی هەندێ هەڵوێست مەزەندەکە دەخاتە ســنووری گومانەوە. کاک گۆران پێیوایە دۆستایەتی کورد لەگەڵ دەوڵەتە ئیقلیمییەکاندا بە دەستی کوردە و ئەگەر دۆستایەتیان بکات ئەوان لە خوایان دەوێ! بەڵام وایە؟! کێشــەی کــورد و داگیرکەران لەوەدا چــڕ دەبێتەوە کە ئەوان کوردیان وەک کۆیلە دەوێ و کوردیش بە هەموو شتێک ڕازییە کۆیلایەتی نەبێ و باسی ئازادی کۆیلەش لەگەڵ کۆیلەداردا دەکرێ نەک کۆیلە، مەگەر بایی یاخیبوون و ناڕازیبوون. ئێستا هەموو باشووری کوردستان بووەتە ویلایەتێکــی تورکیا و کاریگەری باشــوور لە ســەر ئابووری تورکیا دەخرێتە حیســابەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە شەرمەوە باسی کورد دەکەن یا نایکەن.

بەشــێکی پلانەکەی کاک گۆران دەستبەردانە لە کەرکووک، بەڵام ئەو مەڕ و بزنانەی لە ناو کەرکووکدا هەن و پێشــمەرگایەتی و جاشــایەتی و فایلدارێتی و قارەمانێتــی و هەرچی کــوردی ناوچەکانی دیکە کردوویانە، ئەوانیش کردوویانە، جێیان لە پیلانەکەدا نییە و دیار نییە دەفرۆشــرێن یا ســەردەبڕدرێن یان دەبنە بابەتی کارای هاوکێشــەیەکی شــەیتانچن بۆ خواردنی میوەی خیانەتکاری بەهەشت، کە دەکرا بەر لە ئەنفال ئەو میوە خیانەتکارییە ژەهر کەن.

من دەزانم لە بنەڕەتدا دەســت لە کەرکووک بەرداوە و بەر لە پەیدابوونی ئەو دووکەڵە ئاگرەکەی خۆشکراوە، بەڵام کەس جورئەتی نەکردووە ڕاشــکاوانە باســی بکا، بۆیە بەر لە باســکردنی لە لای خۆمەوە دەســتوودامانی کەرکووکییــەکان کەوتووم خەمی خۆیــان بخۆن. ئاخر بەشــی ئەوە دەزانم لێکدانەوەی وا چارەنووسی کوردی بــەم ڕۆژە گەیاندووە و هەمیشــە ئەم ئیمارەتە کوردییە لەکاتی دەستدرێژیکردندا بۆ ســەر ئیمارەتێکی دیکەی کوردی، کرێبووە تا نۆرەی خۆشی هاتووە و ئەوجا ئەوی دیکە خۆی بە خاوەنی نەکردووە. پاشــای کۆرە جێگەی شانازییە، بەڵام لەسەر ئەو قەسابخانەیەی بۆ ئێزدیەکانی بەرپا کرد، هــی ئەوەیە ڕۆحیانەت و مێژووەکەی بدرێنە دادگا و ڕۆژێکیش دێ (وەعزەدرانی سوڵتان) کارێک بکەن سەرانی ئەمڕۆی کورد بدرێنە دادگا. جا بەهۆی لەدەستدانی کەرکووکەوە بێت یان بەهۆی فایلی شاراوەیانەوە بێ یان بەهۆی بەشی دووەمی پلان بیەکەی کاک گۆرانەوە بێ کە بە ئاشکرا بانگەشە بۆ جاشایەتی دەکا و دەڵێ: دەکرێ سەرکردایەتی کورد پلان بی بگرێتە بەر کە هاوکاریکردنی تورکیایە دژی پەکەکە.

ئێمــە مێژوویەکمــان لەگەڵ جاشــایەتیدا هەیە و ئەوەندەمان جاشــایەتی کردووە، پیشــەکەمان ڕەزیل کردووە کەچی هەمیشە پاداشتمان ڕیسوایی و تێکشکان و دەســتخەڕۆیی بووە و دووژمن هیچ حیســابێکی بۆ خوێنی جاشایەتیمان نەکردووە. باسی کام جاشایەتی بکەیــن؟! کوا بەرهەمی خیانەتکاریمان و کوا ئەنجامی دڵسۆزیمان بۆ مەولاکانمان کە لەڕاستیدا خاوەنمانن!

ئایا ڕاستە وەک لە پلان بیدا هاتووە "ژیرانەترین بڕیار ئەوەیە کورد دەست لە کەرکووک هەڵگرێت"؟ ئەدی ئەو کوردانەی کەرکووک چی لێ دەکەیت؟! وەک جووەکانی سایەی لەشکری ئەڵمانیای هیتلەر گازکوژیان دەکەیت یــان وەک بەعس ئۆردووگای زۆرەملێیان بۆ دەکەیتەوە یان بۆ چارەنووسی خۆیان لێیاندەگەڕێی؟!

هەرگیز لە دوای مەلا مستەفاوە بەشی ئەوە باوەڕم بە هیچ ســەرکردەیەکی کورد نەبووە بە جیدی کار بۆ کەرکــووک بکا و بەڵگەی متمانەم بەو و بێ متمانەییم بەوانیتر لە زۆر زۆرترە، ئەگەر کاک مەســعوود بارزانی یان هەر کەسێکی سەرکردایەتی سیاسی گوێ لە پیلانی دوژمنکردی وا بگرێ بێ متمانەییەکەم دەبێتە بەشێک لە پەیامی هەق لە بواری نەتەوایەتیدا!

بەرانبــەر ئەو پیلانە دەڵێم: دەبێ کەرکووکوییەکان ئاگاداری چارەنووســی خۆیان بن. لــە دوای ڕووخانی ســەددامەوە پتر لە پەنجا کــورد تەنها لە ئەهلی هەق کوژراون، ئەگەر ئەنفالی لێ دەرکەین، بەعس بە هەموو دڕندەیی خۆیەوە و بەدرێژایی سەردەمی دەسەڵاتی خۆی ئەوەندەی ئەم چەند ساڵەی دوایی کوردی نەکوشتووە. پیلانی دەســتبەردان لە کەرکووک لە ئارادایە و دەبێ کەرکووکییەکان بە پشتبەستن بە خۆیان فریای خۆیان بکەون، دەنا لەو دەمەوە فرۆشراون کە پەرلەمانی عێراق تەرەکی و مــاددەی 140ی بۆ خۆڵەچاوکردن دەردا و ئەم پلانە پیلانەش لە خۆوە نییە و دۆڕاندنی کەرکووک لە ئانوساتدایە.

ئەمــڕۆ تەعریبکردنــی کەرکــووک لەوپەڕیدایە و سیاسەتمەدارانی کورد تا ئاســتی بە بەردبوون کڕن! جەلــەولا و ســەعدیە و خورماتوو شــوێنانی دیکەی سنووری ئاڵووێری ساختەکارانەی ماددەی 140 خەریکە کوردیان تێدا نامێنێ کەچی سەرانی کورد بە "سەهوو" لێکی دەدەنەوە! کەرکووک بووەتە "ئیســماعیل" و بۆ ڕازیکردنی خــوای "ئیبراهیم"ەکانی کورد کە لە عارەبە تەعریبچییەکان پێکدێ سەردەبڕدرێ!

نەخێر، نا بۆ پلانی پیلانی خیانەتکاری بە هەردوو بەشــە جاشایەتییەکەیەوە و نا بۆ ئەو دووکەڵە و نا بۆ ئاگرەکەشی!

---

* (لا) لــە ئەلفوبێی هیجای عارەبیــدا بە دواپیت دادەنرێ و بە (للامەلفــەلا ـ لام ئەلیف لا) دەگوترێت و وەسســەلامیش بە دوایدا دێ. دیــارە لام و ئەلف لە ئەلفوبێیەکەدا هەن، بەڵام ئەم (لا)یەش بە دوای (ی)دا دێ.



دەیڤد ڕۆمانۆ *

# گۆڕان: لێکردنەوەی لوتت دەموچاوت ناشیرین دەکات

لەسەرەتادا ویستم، لە وتاری ئەم هەفتەیەمدا بە سیاسەتی دەرەوەی کوردســتانی عێراق هەڵبدەم. ئەگەر تەماشای مێژووی کورد بکەین، سەرسوڕهێنەر دەردەکەوێ کە لە ساڵی 2003وە کوردەکانی عێراق بەســەرکەوتوویی بەرەیەکی یەکگرتوویان نیشانی جیهان داوە. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان جیاوازییەکانی خۆیان خستە لاوە بۆ یەکخســتنەوەی زۆرینــەی لایەنەکانی دوو ئیدارە کوردییەکەی هەرێمی کوردســتان، هەروەها نووسینگەکانی نوێنەرایەتیان لە وڵاتان یەکخست و بە یەک لیســت چوونە هەڵبژاردنی عێراق. وڵاتانی دراوســێ، ئەمریکییەکان، ئەوروپییەکان، ڕووسیا، چین و لەهەمووشیان گرنگتر، بەغدا، تەنیا گوێی لە یەک دەنگی یەکگرتووی کوردی دەبوو، کە نیگەرانی و ئامانجەکانی کوردی دەردەبڕی.

دەرئەنجامەکەشی بەئاشکرادیارە کە پۆزەتیڤانەیە: بەپێی دەســتوور ئۆتۆنۆمی کــوردی لەنێو عێراقدا هەیە، کۆبوونەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پایەتەختەکانی جیهان لە ئاستە بەرزەکاندا، زۆری کاری وەبەرهێنان لە کوردســتان، حسابکردن بۆ بەرژەوەندییە کوردییەکان لەبەغدا و لەهەمووشــی گرنگتر ڕەنگە ئەو سەقامگیرییە بێت کە لەنێو ســنووری ئیــدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

بــەڵام لەناوخــۆدا، بەشــداریکردنی هەڵبژاردن بەیەک لیست، هەندێ کێشــەی دروستکرد. بوونی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان کە پارتی و یەکێتین لە یەک لیستدا، تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی کوردستانیشــدا، بژارەی دیموکراسیانەی لە بەردەم دەنگدەراندا ســنوردارکردبوو. بەڵام خۆشبەختانە، ئۆپۆزیســیۆنێکی زیاتر و تەندروستتر لە دوو پارتە ئیســلامییەکە کە بریتین لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵەی ئیسلامی لە ماوەی نزیکەی دوو ساڵی ڕابردوودا دروست بوو کە بزووتنەوەی گۆڕان بوو. ئەم پارتە بچووکانە بەپەرۆشەوە بەدوای ئەرکە سیاسییەکانی ئۆپۆزیســیۆندا دەڕۆن، کە ئەوانەش بریتین لە: داواکردنی حکوومەت بۆ بەرپرسیارێتی، کۆتایی هێنان بەگەندەڵی و بەڕێوەبردنێکی گشتی گونجاو بۆ هەموو کوردستان.

بەڵام کاتێک دێتە ســەر حسابی سیاســەتی دەرەوە و بەرژەوەندی نیشــتمانی، دەبێ سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنی بخرێتە لاوە. بەو گیانەشەوە، گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵەی ئیسلامی چوونە پاڵ هاوپەیمانی کوردســتانی، بەمەبەستی پێکهێنانــی بلۆکێکــی کوردســتانی یەکگرتــوو، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی ئازاری ڕابردوو. هەرچەندە بەئەدەبانە نییە کە زۆر بە ئاشکرا بیڵێی، بەڵام سیاســەتی دەرەوەی کوردی عێراق، سیاسەتەکانیشی لەگەڵ بەغدادا دەگرێتەوە.

بلۆکی کــوردی بەهۆی یەکبوونی ڕای گشــتی کوردستان لەبارەی کۆمەڵێک بەرژەوەندی نیشتمانی، دروســتبوو، کە ئەو بەرژەوەندیانــەش بریتین لە: چارەسەرکردنی مەسەلەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان (ماددەی 140ی دەستووری عێراقی)، یاسای نەوت و گاز و مووچەی هێزی پێشــمەرگە. مانگی ئازاری ڕابردوو کاتێک قسەم لەگەڵ سەرکردەکانی هەردوو پارتەکە، پارتــی و گۆڕان کرد، ئــەوان هەموویان دڵنیایان کردمەوە کــە هەموویان پێکەوە هەوڵ بۆ بەدەســتهێنانی بەرژەوەندییەکان دەدەن و بەیەک دەنگیش کاردەکەن.

بەڵام هەینی ڕابردوو، بزووتنەوەی گۆڕان لەبلۆکی کوردستانی کشایەوە، بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ پارتی و یەکێتی لەســەر ئەگەری گۆڕانکاری لە یاســای هەڵبژاردنەکانی کوردســتاندا. قازانجی جیابوونەوەی گۆڕان بەهۆی یاسای هەڵبژاردنەوە، چەندە زۆر بێت، هیچ نییــە جگە لە بڕینی لوتت کە دەموچاویشــت ناشــیرین دەکات. سەرکردەی بەرپرســیار ناکۆکی ناوخۆیی ناهێنێتە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوە. بۆ ئەوەی یەکسان بین بەرامبەر بەهەردوولا. بەرپرسیارێتی پارتــی و یەکێتیش بوو کە هەوڵبدەن شــتێکی لەم جۆرە ڕوونەدات و پێویســتبوو جۆرە سازشــێکیان بکردایە لە بەرامبەر گۆڕاندا لەسەر مەسەلەی یاسای دەســتەی هەڵبژاردنەکان. بــەو هیوایەی کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان گەورەیی خۆیان پیشانبدەن و بەزووترین کات ئەم ناکۆکییە چارەسەر بکەن.

بەڵام پشکی شــێری خەتابارییەکەی ئەم درزەی ئێســتا لە بەرەی یەکگرتووی کوردســتانی عێراقدا دروستبووە، دەخرێتە ئەستۆی سەرکردایەتی گۆڕان. لەســەرەتاوە گۆڕان بەهۆی هەڕەشــەی کشانەوە لە بلۆکی کوردستانی، بەرژەوەندی نیشتمانی کوردستانی کردبووە بارمتەی خۆی. کشانەوە لەو بلۆکە تەنیا یەک مانا دەبەخشــێ، ئەویش گۆڕان ئامادەیە بچێتە پاڵ هەر هاوپەیمانییەک کە پارتە کوردستانییەکانی دیکە قبوڵی ناکەن. ڕەنگە گۆڕان بچێتە نێو حکومەتێکی عێراقــەوە، کە ئامادەبێ داواکارییە ســەرەکییەکانی کوردی جێبەجێ بکات، لەکاتێکدا پارتە کوردییەکانی دیکە ڕازی نەبن بچنە نێو ئەو حکومەتەوە، بەهۆی ئەوەی لەنێو حکوومەتی نوێ دا، ئەوەندە پۆســتی گرنگیان پێنادرێ، بــەڵام زۆر زەحمەتە حکومەتی نــوێ لەبەرامبەر ئەو 8 کورسییە کەمــەی گۆڕان، لەڕووی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد، ئەوەندە ببەخشــێت. ئەوەی ئەگەری زیاترە لەدەرئەنجامی ئەم کارە، ئەوەیە کە ئێستا گــۆڕان ڕایگەیاندووە ئامادەیە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی کوردستان بخاتەلاوەو بچێتە پاڵ هاوپەیمانییەکی عێراقی کە گوێ بەبەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی کورد نادات.

ئێستا کــە ســەرکردەکانی گۆڕان بــۆ دواجار هەڕەشەکەیان بردەسەر، وادیارە پارتە کوردییەکانی دیکە کــە یەکگرتــوو و کۆمەڵیشــیان لەگەڵدایە، سیحرەکەی خۆیان ئەنجامدا. بلۆکی کوردستان هێشتا 50 کورســی هەیە، بێ 8 کورسیەکەی گۆڕانیش هەر لەپێگەی پارسەنگی دروستکردنی حکومەتدا ماوەتەوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی عێراق، لەبەرئەوە لووتەکە دەکرێت لە هەر شوێنێک بکەوێتە خوارەوە، بەڵام دەمووچاوەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

***دەیڤد ڕۆمانۆ، پرۆفیسۆری سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســتە لە زانکۆی ویلایەتی مزووری لــە ئەمریکا و نووسەری کتێبی (بزووتنەوەی نەتەوەی کورد) لە ساڵی 2006. ئەم وتارەی بە تایبەت بۆ (ڕووداو) نووسیوە**



عیزەت نەجمەدین قادر *

# ئایا پارتی لە پایزدا بەرگی بەهار دەپۆشێ؟

لەبنەڕەتدا فەلســەفەی بەســتنی کۆنگرە بۆ گۆڕانکاری و چاکسازییە، جا بۆیە دەبێ کۆنگرەی ئەمجارەی پارتی ئامانج و مەبەستی خۆی بپێکێ، ئەگەر ئەو قســانەی لەلایەن سەرکردایەتی پارتی کراون بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پەیڕەو پرۆگرام و مۆدێرنیزەکرنی پارتی و هێنانی کادیری بە توانا و دڵســۆز و، لادانی کادیرە بێ توانا و گەندەڵەکان، کە بەشێکی زۆریان بوونەتە هۆی ئەو کێشانەی کە پارتی لە ڕابردوو و ئێستا دووچاریان بووە، هەرکات لەم کۆنگرەیەدا توانرا ئەوە بێننەدی بە دڵنیاییەوە کۆنگرەیەکی نەوعی دەبێت، بەدەر لەوە بەستنی کۆنگرە سوودی نابێ.

زۆر لــە کادیــرەکان لە ســەرەوە بۆخوارەوە ئەرکــی پارتایەتی و نەتەوەیی و ڕێبازی بارزانیان لــە بیرکــردووەو خەریکی وەرگرتنــی تەندەر و خۆدەوڵەمەندکردنــن، لەکاتێکدا کــە خەڵکانی دڵســۆز و خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و پێشمەرگە دێرینەکان، لە باروودۆخێکی خراپدا دەژین، کە بەڕاستی هەموو ئەم کارانە کاریگەریان هەبــووەو دەبێ بۆ ســەر پێگەی جەمــاوەری و ڕێکخستنی پارتی لە داهاتوودا، بەشێکی زۆری سەرکردایەتی لە کۆنگرە تاوەکو کۆنگرەیەکی دیکە نایێنە ناو جەماوەر، کاتێکیش پرۆسەی هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە دەســتدەکەن بــە بەڵێنی گەورە گەورە و دەعوەتکاری و دابەشکردنی پارەو پێدانی پۆست بە کەسانێکی ناموستەحەق. هەر بۆ شایەتی ئەم بابەتە وتەیەکی سەرۆک بارزانی بیر دەخەمەوە کە لــە کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیراندا لە پێش هەڵبژاردنی ساڵی 2005 گوتی ئەگەر من لە جیاتی ئــەو خەڵکانە بم کە هەفتەیەک یان چەند ڕۆژێک پێش هەڵبژاردن ســەردانم بکەن و شتم پێبدەن بەخوا دەنگتان پێنادەم، کادیر پێویســتە هەموو کات لە خۆشی و ناخۆشیدا لە ناو جەماوەربن.

لــە هەڵبژاردنەکانــدا ئاســتی جەمــاوەری پارتــی ڕووی لەکەمــی کــردووە، ئایــا بەپلەی یەکەم ســەرکردایەتی پارتی لێی بەرپرس نییە؟ بەدڵنیاییــەوە ئەندامانی ســەرکردایەتی پارتی بەرپرسیارێتی یەکەم هەڵدەگرن.

پارتی لــە زۆربــەی کۆنگرەکانیــدا جەخت لەوەدەکاتەوە کە دەبــێ گۆڕانکاری بکرێ، بەڵام بەداخــەوە دەم و چــاوەکان هەمــان دەموچاوی جاران، لەو گۆڕانکاریانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەنجامدراون لە مەکتەبــە ناوەندی و لق و ناوچە و ڕێکخراوەکان، زۆر لە خەڵکانی بەرژەوەندخوازو هەلپەرست پلەیان پێدراوە.

لە زۆر شــوێن دەنگی ڕەخنەگرتن لەبەرامبەر بەشێک لە بەرپرسانی پارتیمان بەرزبووەوە، بەڵام بەداخەوە زۆر لەو کەســانەی گلەیی و گازندەیان هەبوو، لە کۆنفرانســەکانی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگــرەدا جارێکی دیکــە ئەو بەرپرســانەیان دەرچووانــدەوە بۆ کۆنگرە، بــەڵام ئەوەی گرنگە ئەمە لە کۆنگرەدا دووبارە نەبێتەوە. لە کۆنگرەی 12دا بەشــێک لە کادیران ڕەخنەیان لە هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی هەبوو، خودی سەرۆک بارزانی ئەوکات ڕاشکاوانە گوتی: ئەو کەسانەی کە لێیان ڕازی نین دەنگیان پێمەدەنەوە.

بۆیــە نابێ چیتر غەدر لــە ویژدانی خۆمان و خوێنی شــەهیدان و ڕێبازی بارزانــی بکەین، با کۆنگرەی 13 بکەینە کۆنگرەیەکی نەوعی.

پارتی حیزبێکە نەک لە ســەر ئاستی هەرێمی کوردســـتان بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی حسابی بۆ دەکرێــت، بەتایبەت ئەمریــکا و وڵاتانی ئەورووپی و عەرەبــی و هەرێمــی، بەڵام بەخــوا بەئومێدی ئەم ئەندامانــەی پێشــووی ســەرکردایەتی، دەبێ زۆربەی ئاواتەکانمان بە خاک بسپێرین.

زۆرجار قســە لەسەر ئەوە دەکرێ، کە ئایا مانەوەی مەسعود بارزانی بە ســەرۆکی پارتی پێویستە یان نا، مــن دەڵێم بۆ ئێســتاو دواڕۆژی میللەتی کورد و گەلی کوردستان ســەرۆک بارزانی زۆر پێویستە، هەروەها بۆ پارتیش. ئەگەر سیاسەتی حەکیمانەی بەڕێزیان نەبووایە تووشــی زۆر کێشــەی گەورە دەبووین. ئێستاش زۆر کێشــەی گەورەمان ماون، پێویســتیمان بە سیاسەتی حەکیمانەی بەڕێزیانە بۆ چارەسەرکردنیان.

بەر لە بەستنی کۆنگرە زۆر قسەو باس دێنەگۆڕێ، یەکێک لەو پرسانەش گەڕانەوەی جەوهەر نامیق سالمە، من وەک کادیرێکی پارتی ســەد لەســەد لەگەڵ ئەوەم کاک جەوهەر بگەڕێتەوە بۆ ناو ســەرکردایەتی پارتی، چونکە بۆ هەموو سەردەمێک دەستدەدات و سەرکردەی وەک کاک جەوهەریش لەناو پارتی نمونەیان زۆر کەمە، چونکــە دوای نەمانی کاک جەوهەر بۆشــاییەکی زۆر گەورەی تەنزیمی دروســتبووە لەناو پارتی کە خەڵێکی زۆر بێ مستەوا بە میزاجی شەخسی پلەیان پێدراوە، کە زەرەریان زیاتر بووە لە قازانج بۆ پارتی.

بە بۆچوونی من بەڕێزانی ئێســتای ســەرکردایەتی پارتیمان 40%یان شیاون بۆ سەرکردایەتی پارتی، بۆیە دەکرێ لە کۆنگرە ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری دابمەزرێندرێ بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانەی دیکە لەم ئەنجوومەنەدا سوود لە ئەزموون و شارەزاییان وەربگیردرێ. بەڵام لەهەمانکاتدا سەیرم پێدێت کە خەڵکانێک بەنیازن خۆیان بپاڵێون بۆ سەرکردایەتی کە بەهیچ شێوەیەک توانای وەرگرتنی ئەو پۆست و بەرپرسیاریەتیەیان نییە. چونکە خەڵکی ئاست نزم و بەرژەوەندخوازن و ڕابردوویێکی نادیار و تەنانەت گوماناویشــیان هەبووە. بۆیە دەبێ دەرگای خۆپاڵاوتن سنوردار بکرێت و ئەو کەسانە نەتوانن وا بەئاسانی بگەنە سەرکردایەتی و پارتی بەرەو ماڵوێرانی نەبەن.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەو لیژنەیەی بۆ گۆڕینی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی و داڕشتنەوەی دەستنیشان کراوە وەک پێویســتییەکی سەردەمی و نەتەوەیی و نیشتیمانیانە، گۆڕانــکار واقیعی و کردەیی بــکات، بەجۆرێک هەموو ئەو سەرنج و تێبینی و ڕەخنەنانەی کە ڕۆژانە هەبوون لەناو ڕێکخستنەکان و جەماوەری پارتی، لە سەر کاری پارتایەتی لەبەر چاوبگیرێن.

***کادیری پارتی و قوتابی دوا قۆناغی خوێندنی باڵا لە قانونی جینائی لە ڕووسیا**



# ئینزیبات دەستی لە سوێد بەرنابێ

**لێزان**
**رووداو – سوێد**

گۆرانیبێـژ گۆران ئینزیـبـات ماوەیەکە کوردستـانی بەجێهێشتووەو ئێستا لەسوێدە.

گۆران ئینزبات کە ماوەیەکە چووەتە سـوێد، رایگەیاند کە مەبەسـتی لەو سەردانەی بۆ سـوێد گەشتوگوزارە و هەمیش بـۆ ئامادەکارییە بـۆ بەرهەمهێنانی ئەلبوومە تازەکەی. هەروەهـا لە وەڵامی ئەوەیدا کە دەمێنێتەوە یان دەگەڕێتەوە کوردسـتان گوتی "لەڕاستیدا خۆشم نازانم دەمێنمەوە یان دەگەڕێمەوە. ئەگەر لەدەرەوەی وڵات بمێنمەوە هەر لە سـوێد دەبم، لەبەر کاری هونەری".



# ئەویش بەتەمای هۆڵەندایە

**نەجمەددین نێروەیی**
**رووداو– زاخۆ**

گەنجێکی دانیشتووی شاری هەولێر 400 جۆر گوڵ لە هۆڵەنداوە دێنێتە کوردسـتان و دەڵێت ئەگەر ئەو گوڵانە لەگەڵ کەشـوهەوای کوردستان بگونجێن کوردستان بە گوڵ دەکاتە هۆڵەندای دووەم.

هەڵگورد توانا، کە دانیشـتووی شـاری هەولێرە، هەفتەی رابردوو پتر لـە 400 جۆر گوڵـی هۆڵەندی لە رێگـەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە هێنایە هەرێمی کوردسـتان. هەڵگورد بە (رووداو)ی گوت "ئەو گوڵانەم بۆ نموونە هێناون، ئەگەر لەگەڵ سروشتی کوردستان گونجان و نەفەوتان ئەوا کوردسـتان بە گوڵ چاندن دەکەمە هۆڵەندای دووەم". هەڵگورد گوتیشـی "ئەو گوڵانە پێشانی وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو دەدەم ئەگـەر رازیبوون گوڵەکان بێنم، هەموو جۆرە گوڵێکی هۆڵەندی دێنمە کوردستان".



# ئەڤین هەینی لە فیناڵە

**رووداو – هەولێر**

ماوەیەکە دەنگۆی جۆراو جۆر لەسـەر ئەڤین ئاسۆی پێشکێشـکاری نێوداری کەنـاڵ 4 بڵاودەکرێنەوە، کە جاری واهەیە دەنگۆیەکیان دەگەنە ئەوەی کە کوژراوە.

سـەرچاوەیەک لە کەناڵ 4 بـە (رووداو)ی راگەیاند "ئەڤین ئاسۆ ئێسـتا لەگەڵ ئارامۆی بەڕێوەبەری کەناڵەکـەدا خەریکـی ئامادەکارین بـۆ بەرنامە تازەکانـی کەناڵ 4 و، لـەوەرزی تازەدا ئەڤینیش بەرنامەیەکی سـەرنج راکێشی کۆمەڵایەتی دەبێت".

هەروەها هەمان سـەرچاوە رایگەیاند کە "شـەوی هەینی ئەڤین ئاسـۆ ماوەی پێنج دەقیقە لە فیناڵی (تۆنمونەی)ی پێشـبڕکێی منداڵە گۆرانیبێژەکاندا دەردەکەوێ".

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
دیزاینەران : بەختیار مستەفا ـ هونەر مەرجان

Rûdaw
Rudaw readers know more

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانیسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێرـ بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net

## پەڵە دواکەوت و جوتیاران مەترسیان لێ نیشت

# کەشناسی : ئەمساڵ باران لە ساڵی رابردوو زیاتر دەبارێ

**تایبەت بە رووداو**

دارا حەسەن فەرەج، بەڕێوەبەری کەشناسی سلێمانی دواکەوتنی باران بارینی گەڕاندەوە بۆ ئەو شەپۆلەی کە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتووەتەوەو هەرێمی کوردستان پشکی شێری لەو شەپۆلە بەرکەوتووە. بەڵام گوتی "هەرچەندە باران بارین دواکەوتووە، بەڵام پێشبینی دەکرێ ئەمساڵ ئەگەر باران زیاتر نەبێت کەمتر نەبێت لە ساڵی رابردوو".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کەشناسـی سلێمانی، لە ساڵی رابردوو لە نێوەڕاستی مانگی 10 تا ئەو کاتانە رێژەی باران بارین لە سەرجەم شاروشـارۆچکەکانی کوردستان 112 ملم بووە، بەڵام ئەمساڵ لە 10 ملم رەتینەکردووە.

بەڕێوەبەری کەشناسی سـلێمانی ئاماژەی بەوەدا، کە لەچەند رۆژی داهاتوودا شـەپۆلێکی سەرما کوردستان دەگرێتەوە کە پلەکانی گەرما لە چاو رۆژانی دیکە زیاتـر دادەبەزێ، بە هۆی هەمان شەپۆل ئەگەری دروستبوونی هەور هەیە،



کە ببێتە هۆی باران بارین. دارا فەرەج، گوتیشی "کەمی شێ کە ئەمسـاڵ هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، ئەگەری بە بیابانبوون لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات".

نەزیر ئەسـعەد، بەڕێوەبەری ئاوی ژێرزەوی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، رێژەی ستانداردی باران بارین بە 400 ملم سێجا دیاریکراوە، بەڵام بارینی ئـەو رێژەیەش هیچ کاریگەری لەسـەر بەرزبوونـەوەی ئاوی ژێـرزەوی نابێ، چونکە لە چەند سـاڵی رابردوودا بەهـۆی کەمی ئاو، ژمارەیەکـی زۆر بیری ئاو لێدران، کە خەزێنەی ئاوی ژێرزەوی زۆر کەمیکردەوە، بەڵام مەترسی بە بیابان بوون کەمدەکاتەوە.

بەپێی قسەی جوتیارانی هەولێر باران بارین لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئاسایی لە 10/15ی هەموو سـاڵێک دەست پێدەکات بۆ گەنـم و جۆ کردن دەبـێ تاوەکو 11/15 پەڵە بدات، لەبەر دواکەوتنی باران، جوتیاران مەترسی کەمی بەرهەمیان لێ نیشتووە.

## لەترسی شەڕی زاخۆیی و نێروەییان

# (رێکا ستێرا) رادەکاتە هەولێر

**رووداو–دهۆک**

بەهـۆی کێبڕکێیەکی توند لـە بەرنامەی (رێکا سـتێران) لە ڤین تیڤی، لەنێوان هەردوو هونەرمەند عەبدوڵڵا زاخۆیـی و کارزان نێروەیـی، ژمارەیەک چەکـداری لایەنگری ئەو دوو هونەرمەند ویسـتیان بچنە سەر کەناڵی ڤین تیڤی، بۆیە ئیدارەی کەناڵەکە بەرنامەکەی راگرت و بەنیازە بیگوازێتەوە هەولێر.

عەبدوڵڵا زاخۆیی، کە یەکێکبوو لە ئەسـتێرەکانی ئەو بەرنامەیە گوتی بەهۆی ئەو هەستیارییەی لەنێوان هەندێـک لە خەڵکـی زاخۆ و دهۆکدا دروسـتبوو، بەرنامەی (رێکا سـتێرا)، کە لە کەناڵی ڤین تیڤی وەسـتا. گوتی " کێبڕکێییەکی توند لەنێوان ئێمە و نێروەییان دروستبوو. SMSی زاخۆییەکان پیشان نەدەدران، بۆیە زاخۆییەکان ئەوەیان قبوڵ نەکرد و بەم شێوەیە بەرنامەکە وەستا".

شـەعبان سلێمان، سـەرۆکی لیژنەی دادوەری لە بەرنامەی (رێکا ستێرا)، ئەوەی پشتڕاسـتکردەوە کە لەو بەرنامەیەدا کێشـە لەنیوان زاخۆییەکان و نێرەوییەکاندا دروستبوو، چونکە رکابـەری لەنێـوان عەبدولـلا زاخۆیـی، کارزان نێروەیـی بوو. شـەعبان گوتیشـی "لە قۆناخی پێـش کۆتاییـدا، 4 ئەسـتێرە سـەرکەوتن، ئەوی پێنجـەم بڕیاربوو لـە رێگەی SMS هەڵبـبژێردرێ، بەڵام لە شـەوی کۆتایی کێبرکێیەکی زۆر لەنێـوان عەبدوڵڵا زاخۆیـی و کارزان نێروەیی دا دروسـتبوو، هەر لەو شـەوەدا دەیـان ترومبێلی عەشیرەتی نێروەییان بە چەکەوە هاتنە سەر بارەگای تەلەڤزیۆنی ڤین، پاشان بە رێگەی تەلەفون وەک ڤین تیڤی زانیمان لە زاخۆش دەیان ترومبێل بە چەکەوە بۆ دهۆک بەرێکەوتوون، بەڵام ئاسایش و پۆلیس لە زاخۆ رێگەیان پێنەدان بێنە دهۆک بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت، هەر یەکسەر بەڕێوەبەرانی کەناڵی ڤین بڕیاریاندا هەردووکیان، عەبدوڵڵا و کارزان بۆ قۆناغی دیکە سـەربکەون". بەڵام کەسـێکی نزیکی کارزان نێروەیی گوتی "ئێمە نەچووبووین هێرشبکەینە سەر تەلەڤزیـۆن، چووبووین لە مافی خۆمان بپێچینەوە. ئێمە 2 دەفتەر دۆلارمان بە SMSخەرجکرد بۆ ئەوەی کارزان سەربکەوێ، ئێمە سەرکەوتین. کەچی دوایی هەردووکیان بەسەرکەوتوو دانران، ئێمەش پێمانگوتن مادام پارەی ئێمە بێنن".

کاوین جیهاد، بەرپرسی راگەیاندنی ڤین پرودێکشن بە (رووداو)ی راگەیاند کە بە نیازن جارێکی دیکە دەسـت بەو بەرنامەیە بکەنەوە" بەڵام ئێسـتا کار لەسـەر ئـەوە دەکەین کە ستۆدیۆی باش و پێشکەوتوو لە هەولێر دروسـت بکەین، بەرنامەکە لە هەولێر دروست بکەین، نەک لە دهۆک".



« 10

# قەرەج داوا دەکەن هەر لە جێوە دەریبێنن



**نەجمەددین نێروەیی**
**رووداو–دهۆک**

قەرەجەکانی دانیشـتووی پارێزگای دهۆک لە بەیاننامەیەکدا کە ئاراسـتەی پەرلەمانـی کوردسـتانیان کـردووە، داوادەکـەن مافی ئەوەیـان پێبدرێ لەو شـوێنەی لێـی دادەنیشـن رەگەزنامە دەربێنن.

حکومەتی پێشـووی عێراق لە ساڵی 1963بڕیارێکـی تایبەتـی بەسـەر قەرەجەکاندا سـەپاند، کـە بۆیان نییە جگە لە پایتەخت لە هیچ شـوێنی دیکە لە عێـراق رەگەزنامە دەربێنـن و هەر قەرەجێک بیویستایە رەگەزنامە دەربێنێ دەبووایە بچێتە بەغدا، ئێستاش ئەوانەی لە هەرێمی کوردسـتانن ناچـارن بێنە هەولێر رەگەزنامە دەربێنن.

یونس تاهیـر پیرۆ، کە بەرپرسـی سەنتەری رۆشنبیری ئالۆکانە و نوێنەری قەرەجەکانی پارێـزگای دهۆکە دەڵێت "هەرکاتێـک داوای رەگەزنامـە بکەین یەکسـەر دەماننێرنە هەولێر، ئەو بڕیارە ئێستنساییە لەسـەر کەس نەماوە تەنیا لەسـەر ئێمە نەبێ، بۆیـە داوا دەکەین لەسەر ئێمەش نەمێنێ".

زەکیە ساڵح، بەرپرسی نووسینگەی پەرلەمانی کوردسـتان لە شاری دهۆک لەبارەی ئەو داواکارییەی قەرەجان گوتی "تائێسـتا بەیاننامەکەمـان نەبینیووە لەبەرئـەوەی ئێمە لەهەولێـر خەریکی کۆبوونـەی پەرلەمانیـن، هـەر کاتێک بەیاننامەکەمـان بۆ هـات دەیگەیێنینە پەرلەمانی کوردستان".




# فیستیڤاڵی کولتووری گەلان دهۆکیان لە بیرچوو



**رووداو–سلێمانی، هەولێر**

لە فیسـتیڤاڵی کەلتووری گـەلان کە لە رۆژی 2010/11/2 لەشاری کەلار سـازدرا، گەورەترین کێشـەی میوانانـی بەشدار، نەبوونی شـوێنی خەوتن و مانەوەی شـەوان بوو. سەرپەرشتیارانی فیسـتیڤاڵەکە ناچـار بەشـێکی زۆر لەمیوانـە بیانییەکانیان دەگەڕاندەوە بۆ شارەکانی سلێمانی و دەربەندیخان.

عەباس عەبدولڕەزاق، بەڕێوەبەری رۆشـنبیری پارێزگای سلێمانی دەربارەی فیستیڤاڵەکە دەڵێ، "چاودێرە بیانییەکان کە داوەتکرابوون، گەواهی دەدەن لەسەر باش بەڕێوەچوونی بەرنامەی فێستیڤاڵەکە". بەڵام نەیشاردەوە کەموکوڕیان هەبـووە "یەکەم ساڵی کارکردنمان بوو، بۆیە کەموکوڕی لەسیستمی کارکردنماندا هەبوو، شـوێنی مانـەوەی میوانمان نەبوو لە کەلار". دەربارەی زۆری بەشداریی پێکردنی گرووپە کوردییەکان لەو فیستیڤاڵەدا، عەبدولڕەزاق گوتـی "ئەو هەمـوو گرووپە پێویسـت نەبوون، چونکە زۆربەی نمایش و هەڵپەڕکێکان لەیەکترەوە نزیکبوون". لە رێوەڕەسمی هاتنە ناوەوەی گرووپی گەلان، سلێمانی وەک گرووپێکی جیاواز و هاوشانی گرووپی وڵاتان لەدوای بەرازیل و پۆلیڤییەکان خۆی نمایشـکرد، عەباس عەبدولڕەزاق لەو بارەوە گوتی "هەولێریش داوەتکرابوو تا وەک گرووپ بەشـداری بکەن، بەڵام نەهاتبوون، کەموکوڕیەکمان ئەوەبوو شاری دهۆکمان بانگێشت نەکردبوو".

دوای فیسـتیڤاڵی گەرمیان، کـە گرووپی 14 وڵات بەشـداریان تێدا کردبوو، ئەو گرووپانە رۆژی 2010/11/7 لە پارکی شـانەدەری شاری هەولێر چالاکییەکانیان‌نمایشکرد.

# منداڵ هەڵبێنە و مۆڵەت بەدەستبێنە

**رووداو–هەولێر**

ئەمساڵ لەماوەی 45 رۆژی دەستپێکردنەوەی دەوامی قوتابخانەوە تائێستا زیاتر لە 1000 مامۆستای ژن لە سنووری هەرسێ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر، دەشتی هەولێر و خەبات، مۆڵەتی دایکایەتییان وەرگرتووە. بەرپرسانی پەروەردەش دەڵێن ئەو مۆڵەتە بێ مامۆستای کردوون.

عەبـاس محەممەد، بەرپرسـی خۆیەتی و میلاک لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، دەڵێ "مامۆستای وامان هەیە، هەموو سـاڵێک بەر لـەوەی مۆڵەتەکەی تـەواو ببێت منداڵێکی دیکە دەنێتەوە بەس بۆ ئەوەی وانە نەڵێتەوە".شەرمین، ناوی خوازراوی، مامۆستایەکی قوتابخانەیەکی بنەڕەتییە لە دەوروبەری شاری هەولێر، ساڵی رابردوو دوای تەواوکردنی ساڵەکانی مامۆستایەتی لەپەروەردەی سۆران راژەکەی گواستراییەوە دەوروبەری هەولێر، بەڵام ئەو بو قوتابخانە رازی نییە کە لێی دانراوە، دەڵێ "کە گەڕامەوە سکپڕبووم، بەبێ لەبەرچاوگرتنی باری تەندروسـتیم لـەدووری شـار دایاننام، منیش بڕیارمداوە تاوەکو ساڵەکانی دەوروبەر تەواو دەبێ، منداڵ بنێمەوەو نەهێڵم سوود لە راژەکەم ببینن".دکتۆرە جوان نزمی، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لەدایکبوون و ئافرەتان لە هەولێر، ئاشـکرایکرد لەوەتەی دەوامی قوتابخانە دەستی پێکردووە بە لێشاو رۆژانە مامۆستا بۆ وەرگرتنی مۆڵەت سەردانیان دەکەن، گوتیشی "رۆژانە 10–20 مامۆستا بۆ مۆڵەت وەرگرتن سەردانمان دەکەن، مامۆسـتای واهەیە، بووەتە هاوڕێی بەرنامە 4 منداڵی هەیە یەک لەدوای یەک بوویەتی ئەم چوار ساڵەی هەر بەوەرگرتنی مۆڵەت بردووەتە سەر".

« 13

# دووشەممە دەکەینە یەکشەم

بەهۆی ئەوەی رۆژی سێ شەممە جەژنی قوربانـە، (رووداو) ژمارەی داهاتوو، لەجیاتی رۆژی دووشەممە، رۆژێک پێشتر، واتە رۆژی یەکشەممە دەردەچێ.

**رووداو**